# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە نۆ - ١٩٩٤

لەم ژمارەیەدا:

- دووەمین نەفرەتی کۆلۆنیالکردنی کوردستان .
- کورتە باسێک دەربارەی ستروکتووری کۆمەڵی کورد .

دۆسیەی ئافرەت:

- مافە ونەکانی رەگەزی (مێ)ی فڕێدانی بۆ دەرەوەی مێژوو .
- چەند سەرنجێک دەربارەی کەسایەتی ژن و پیاوی کورد .
- ئاغا و کۆیلە .

هەواڵنامەی کتێب

# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه - ژماره نۆ - ١٩٩٤

سەرنووسەر: ڕەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم


ناونیشان:-

RaBûN
Box 25161
750 25 Uppsala
Sweden



ژمارەی پۆستگیرۆ: 9211995-7

ISSN 1102-4372

# دەروازە

هێزەکانی ئێران بەپشتگیری ڕەمای واشنتۆن و لەندەن، لەچوار لاوە بەرەو ئازەربێجان و کوردستان هەڵکشان. لەلای قەزوین و زنجاندا هێزێك پێکهاتبوو لە پێنج هەزار سەربازو لەلای تیکان تەپە هۆشیاریش هێزی دووەم ئەویش پێنج هەزار سەربازو بەلای ڕەشت و پەهلەویشدا هێزی سێیەم دوو هەزار سەربازو هەرچی هێزی دوایی بوو کە بریتی بوو لە چواردە هەزار سەرباز بەرەو سەقزو بانە بەڕێکەوتن. نیوەی زیتری ئەم هێزانە بەرەو ناوچە کوردەواری یەکان هەڵکشان، کە (١٠٤) تۆپ و (٥٥) تانك و ژمارەیەك فڕۆکە پاڵپشتی دەکردن.

هێزەکانی ئێران دەرهەق ئازەرو کوردەکان تاوانی دڕندانەیان کرد، هەروەك ئەوەی هێندێك سەرچاوەی باوەڕ پێکراو دەڵێن ژمارەی ئەو دیموکراتانەی لەو ڕۆژە ڕەشانەدا کوژران زیتر لە (١٥) هەزار کەس بوون و ژمارەیەکی لەوە زیتریش زیندانی کران. پاش دادگایی کردنێکی نهێنی و رووکەش لە سپێدەی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٧ قازی موحەمەدو برایەکەی سەدری قازی پارلەمانتێری ئێران و ئامۆزایەکەی سەیفی قازی لە سێدارە دران. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە «گۆڤاری سەردەمانی نوێ» باسیکردووە، بەکرێگیراوانی واشنتۆن و لەندەن بەبێهوودەییەوە ویستوویانە قازی موحەمەد بۆلای خۆیان رابکێشن، کە ئەمە وای کرد سێ مانگان زیتر فەرمانی لە سێدارەدانی خۆیی و براکەی دوابخرێ.

قازی موحەمەد جوامێرانە ڕووبەڕووی مەرگ بۆوە، دوای چەند ساڵان کۆلۆنێل ئەمیر پەرویز، کە شایەدی ساتەکانی لەسێدارەدانی بوو، دەنووسێ و دەڵێ: قازی موحەمەد نەیهێشت چاوەکانی ببەستنەوەو لەدوا ووتەکانیدا پێ ی لەسەر ئەوە داگرت تا لەسەر خەبات بەردەوامبن و بانگی برایەکانی دەدا تا «باوەڕ بەحکومەتی ئێران نەکەن».

لە کتێبی

«چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران».

د. کمال مەزهەر ئەحمەد. ١٩٨٥، ل: ٢٦٢ وەرگیراوە.

# بابەتەکان

کورد وکەش و هەوای بەرودوای ڕێکەوتنامەی
فەلەستین-ئیسرائیل ........................ ٥ ئاسۆ کەریم

## باس و لێکۆڵینەوە

* دووەمین نەفرەتی کۆلۆنیالکردنی کوردستان .................. ١٠ ڕەفیق سابیر
* کورتە باسێک دەربارەی سترەکتوری کۆمەڵی کورد ...... ١٥ موحسین ئەحمەد عومەر
* پەیوەندیە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان لە کوردستانی
خوارووادا........................................ ٢٠ نەجات عەبدوڵلا
* مەرگی کولتوور و کەسێتی کورد ............................ ٣٠ ئاریان عومەر
* پەیمانی لۆزان و تراژیدیای چارەنووسی گەلی کورد .............. ٣٨ هاوڕێ عەلی پوور
* کورد و ئالای کوردستان ........................................ ٥١ هیوا کاردۆیی
* جیهان و شێتی ئەزەلی: دەریچەیەک بەسەر شیعری
کوردستانی عێراقدا .............................. ٦١ سەید عەلی ساڵحی

## دۆسیەی ئافرەت

* مافەونەکانی ڕەگەزی (مێ)ی فەریدراو بۆ دەرەوەی مێژوو ...... ٧١ کەژاڵ ئەحمەد
* چەند سەرنجێک دەربارەی کەسایەتی ژن و پیاوی کورد ......... ٨٤ نەزەند بەگی خانی
* ئاغا و کۆیلە ................................................ ٩٣ نەوال سەعداوی

## دەکومێنت

* جەردە ژن ناشیرینەکان ...................................... ١٠٤ فەرهاد پیرباڵ
کردوویە بە کوردی
* کوردستان لە سەردەمی سەدام حوسێن دا ...................... ١١٠ پیتەر وو. گابریت

# کورد و کەش وهەوای بەرودوای ڕێکەوتنامەی فەلەستین ـ ئیسرائیل

ئاسۆ کەریم

ئەمڕۆ ، زۆر هەرێم و دەڤەری دنیا بە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشەوە ، هەرا و کێشەی سنوور و تێکهەڵچوون و شەڕەدووکەی ئەتنیکی ـ نەتەوەیی ـ مەزهەبی‌یان تێدایە . سەرچاوە و ماکی ئەو هەرا و کێشانە هەر چیەك بێ ، ئەوا بەم یان بەو ڕادەیە لە بازنەی هەرێمایەتی دەچنە دەرێ و کەش و هەوای دەولی گرژ و دژ دەکەن و وەك کێشەی سیاسی بەرۆکی کۆمەڵگای نێودەولەتی دەگرن و چارەسەر دەخوازن . . . دەبێ ئەمەش بگوترێ کە زۆربەی ئەو کێشانە ، زادەی ئەمڕۆ و تازە بابەت نین ، بەڵکە ڕەگئاژۆن و مێژوویێکیان هەیە . زۆریان بۆ سەردەمی شەڕی سارد و پێش ئەمیش دەگەڕێنەوە و زۆر هەڵچوون و داچوونیان بە سەردا هاتووە . هەندیکیشیان بە نەمانی شەڕی سارد و لێکهەڵوەشانی بلۆکی ڕۆژهەڵات ، پاش ماوەیەك خەفەکران ، تەقیونەوە . . هەروا لە سایەی سیستەمی ئیستای جیهاندا ، ئومێدی ئەوەش پەیدابووە کە بەم یان بەو شێوەیە ، ڕیگاچارە بۆ ئەو کێشە و تێکهەڵچوونانە بدۆزرێتەوە . ڕەنگە ئەم ئومێدەش زێتر لەوەوە هاتبێ کە بە عەمەلی هەندێ کێشەی وەك ( کۆمارەکانی بەلتیق ، ئەریتریا . . ) چارە کران و قسە و باس لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ ، دێموکراسی هێشتا هەر گەرمە . لە ڕاستی ئەو هومێد پەیداکردنە بە سیستەمی نۆیی جیهان ، نیگەرانی سەبارەت بە ئایندە و پارێزبوون لە ڕەوش هەڵسوڕێنەرانی ئەم سیستەمە ، کەم ناکاتەوە . . ئەم باری سەرنجە ، بەو مانایە نیە کە هەول و کۆشش بەخت نەکراوە و بەخت ناکرێ یان لایەنی بەرپرس و دامودەزگای نێو دەوڵەتی مشورێکیان بۆ نەخواردوون . . بە هەر حاڵ ، دەبێ ئەو ڕاستیە بزاندرێ کە هەر کێشە و هەرایەکی هەرێمایەتی ، بەرفرمانی زۆر هۆکار و بەرژەوەندی جوداو ناتەبایە . . دیارە لەو تێکچڕژان و هەنگامەی بەرژەوەند و بەرژەوەندکاریدا ، نەك هەر دۆزینەوەی ڕیگاچارە بۆ زۆر کێشە ئاسان نیە ، بەڵکە دانە بەرباس و خستنە سەرمێزی لێدوانیش ئاستەمە . دیارە ئەمەش تەبیعیە ، چونکە هەر لایەك لە «موقع» ی خۆیەوە سەبارەت بەم یان بەو کێشەیە ،تیرِوانینی خۆی نیشان دەدا و هەڵویستی عەمەلی وەردەگرێ . . کەواتە هەندێ بەرژەوەندتێکدەکەنەوە و هەندێکێش پێچەوانەی یەکتر . . ئەمەش هۆکارێکی مانەوە و پتر ئاڵۆزبوونی زۆر کێشەی هەرێمایەتیە تەنانەت لە هەلومەرجی ئیستای دنیاشدا ، کە گورانکاری جیدی بە سەرداهاتووە !

لە سەرێکی دیکەشەوە ، ئەوەی لەبەرچاوە و هەستی پێدەکرێ لایەنە ڕاستە و خۆکانی ململانە لەهەر کێشە و هەرایەکی هەرێمایەتیدا ، وزە و توانای زۆر و

زەبەندیان لەبەرچووە و تەواو شەکەت بوون و زۆر دەرفەتی پێشکەوتنیان لەدەست داوە، ئەگەر کە ش و هەوای لە یەکتر حاڵیبوون و بەرژەوەندی یەکتر ڕەچاوکردن بێتە گۆڕێ و جێگەی زەبر و زەنگ و زمانی شەڕ بگرێتەوە، ڕەنگە چارەی واقیعی بۆ زۆر کێشە بدۆزێتەوە..

بەپێی ئەم بۆچوونە، ڕێکەوتننامەی ١٣ی ئەیلوولی نێوان ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و حکومەتی ئیسرائیل، ناوەڕۆکی هەرچی بێ و لە پراکتیکدا چی لێبکەوێتەوە، ئەوا دەسپێکی شێوەیەکی تازەی لێکحاڵیبوون و پێوەندیە کە هەم ئاسۆ لە بەردەم خاوکردنەوەی کێشەی عارەب - ئیسرائیل دا هەرا و تر دەکا و هەم کارتێکردنیش بەسەر تیکڕای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ.. پاشان دێینەوە سەر ئەم کارتێکردنە سەبارەت بە کورد.

وەك تا ئێستا تەجرەبە نیشانی داوە لە چوار ڕێگاوە، کێشە و تێکهەڵچوونی هەرێمایەتی، وەك دەڵێن (حەلْ و فەسلْ) کراون:

«١» تەرەفێك لە تەرەفی ململانە تێبشکێ و بەمەرج و داخوازی و بەرژەوەندی لایەنەکەی تر قایل ببێ و کێشەکە ببڕێتەوە یان بەدوابخرێ. کێشەی کوێت - عێراق کە لە ئاکامی شەڕی دووەمی کەنداودا، چارەکرا، لەم چەشنەیە و هەرچەندە سروشتێکی جیهانیشی بەخۆوە گرتبوو لە کێشەیەکی هەرێمایەتی تا ڕادەیەك ترازابوو..

«٢» یان ئەوەتا سروشتی تەرەفێکی ململانە بگۆڕێ و ڕێگە بۆ ساغکردنەوەی. کێشەکە بەرێ و شوێنی دیموکراتی خۆش ببێ. وەك ساغبوونەوەی کێشەی سەربەخۆیی کۆمارەکانی بەلتیق و ئەریتریا.

«٣» یان هیچ کام لە تەرەفی ململانە شتێکی ئەوتۆی پێ لەگەڵ تەرەفی‌تردا نەکرێ و توانای درێژەپێدانی ململانەیان نەمابێ یان بێ هودەیی زەبروزەنگ و شەڕ و شۆڕیان بۆ دەرکەوتبێ و بەخۆداهاتبنەوە و بەناچاری پەنایان بۆ دانوستان و بەیەکەوە هەڵکردن بردبێ.. جا دانوستانەکە ڕاستە و خۆ و بێ چاودێربێ، یان بەسەرپەرشتی و ئاگالێبوونی تەرەفی سێیەم. ئەم ڕێگاچارەیە باوەگۆی سیستەمی ئێستای دنیا دەداتەوە، بەڵام درێژە دەکێشێ و چارەسەری نیوەچڵ و هەنگاو بە هەنگاو و بەپارێزی لێ دەکەوێتەوە. بەواتایەکی تر کێشەکە بنەبڕ ناکرێ و هۆکاری سەرلەنوێ تەقینەوە، لەبەین ناچن. ڕێکەوتننامەی ئەم دواییەی فەلەستین وئیسرائیل لەم چەشنە بە حساب دێ.

«٤» چەند وڵاتیکی بڕیاربەدەستی دەوڵی، یان کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی شەرعیەت و بڕیارێکی دەوڵی، دەخاڵەت لە کێشەیەکدا بکەن و بەناوی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لایەنە تێکهەڵچووەکان لێك بکەنەوە و ناوچەی ئارام دروست بکەن. تا ڕادەیەك ئەم پرنسیپە پاش شەڕی دووەمی کەنداو هاتۆتە گۆڕێ و چی تر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و میللەتان و دیموکراسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بە ڕەسمی ناسراودا، مەسەلەیەکی نێوخۆ نیە کە بۆ هیچ لایەنێك نەبێ دەخاڵەتی تێ بکا! دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ دانانی

ناوچەی ئارامی سەروو خەتی پلە ٣٦ لە کوردستانی خوارووودا لەلایەن هاوپەیمانانەوە، نموونەی ئەم چەشنە ڕیگاچارەیە. هەرچەندە دیسان ئەم ڕیگاچارەیەش وەختییە، ڕادیکاڵ نیە و ماکی هەڕەشە و سەرهەڵدانەوەی توند و تیژی لەبەین نابا، بەڵام هەر بە قازانجی گەلانی بن دەست و کەم توانا تەواو دەبێ..

ئەگەر دیقەت لە هەر چوار حاڵەتدا بکرێ، دوو فاکتەر لە یەکلاکردنەوەدا، دەور دەبینێ: هۆکاری جیهانی کە جیو- سیاسی و جیوستراتیژی هەر کام لەزلهێزانی دنیا، مۆری خۆی بە کێشە و هەرای هەریمایەتیەوە دەنێ و کار لە شێوە و چەندوچونی ساغکردنەوەیان دەکا. لەم سەرەتاگەوە دەبێ ئێمەی کورد بە وردی ئاگامان لە ستراتیژ و سیاسەت گۆڕین و هەڵویستی عەمەلی زلهێزان بێ و تەفاعول و «تضارب»ی بەرژەوەندە دەولیەکان سەبارەت بە دۆز و کێشەی خۆمان لیکبکەینەوە و دژی تەوژم مەلە نەکەین.

دووەم ئەوەیە کە بۆخۆمان بایی چەندین؟ چمان پێ دەکرێ؟ چمان لە باردا هەیە و چ بەرنامە و خیتابی سیاسیمان هەیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئاسان نیە و دەبێ لە لەروانگەی هەست کردن بە لێپرسراوێتی و خەباتی نیشتمانیەوە، وەڵام بدرێتەوە، ئەمەیش زێتر دەکەوێتەوە ئەستۆی حزب و لایەنە سیاسیە سەرەکی و بە نفوزەکانی کوردستان. لەم فاکتەرەدا حساب بۆ جێ و ڕێی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دەکرێ چ بەسەریەکەوە چ لە هەر پارچەیەك بە تەنیا چەند وەك بزاڤێکی خەباتگێر دژی لکاندنی بە زۆرەملێ، دژی پارچەبوونی کوردستان، دژی پاشکۆیی و دواکەوتوویی لە مەیداندا قورسایی هەیە، چ بەرنامە و ستراتیژێکی پێیە چ حەلّ و فەسڵێك بۆ کێشە و دۆزی کوردستان دادەنێ، چ ڕێ و شوینێکی تیکوشان لە هەر دوو ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەدا پەیرەودەکا، چەند خۆی ڕیکخستووە، چەند لە نیۆخویدا کۆك و تەبایە، چەند کەلك لە مەودای نەتەوەیی و قولایی جوگرافی وەردەگرێ و چۆن باوەگۆی سەردەم دەداتەوە. لە ڕاستیدا ئەم دوو فاکتەرە، هەریەکەیان کار لەوی تردەکا.. هەقە کورد خۆی بۆ ئەم قوناخە ئامادە بکا. بەستنی کونگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی پێداویستێکی مێژوویی ئەوتۆیە کە چیتر بەدرەنگ داخستن هەڵناگرێ، چونکە ئەو هەل و مەرج و کەشوهەوایەی دوای ڕێکەوتنامەی فەلەستینی - ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا دێتەکایەوە لە چەند ڕوویکی لە قازانجی ئێمەیە چونکە،

«أ» ڕەنگە عارەب (بە حکومات و حزب و دەزگای سیاسی و ڕای گشتیەوە) لێرە بە دواوە، واقیعینانەتر، مەنتیقی تر بەری خۆیان بدەنە کێشە و دۆزی گەلی کوردستان و چیتر خەباتی ئێمە بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە مافی چارەنووس جاهەر شێوەیەك بە خۆوە بگرێ، بە دژی نەتەوەی عارەب و بەرژەوەندەکانی لە قەڵەم نەدەن و دەردی ماموستا کامەران قەرەداخی گوتنی بە «ئیسرائیلی دووەم» ئاوزەدمان نەکەن.

«ب» هاوبەند لەگەڵ برگەی سەرەوە، تەجرەبەی فیدرالی کوردستانی باشوور لەلایەن نیوەندی عارەبەوە، بە دوژمن نەزاندرێ و وەك هۆکارێکی دابەش کردنی «خاکی عیراق» چاوی لێ نەکرێ. بەمەش مەودا لە بەردەم بزاوتی سیاسی و دیپلۆماتیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا خۆشتردەبێ و دەشێ کەڵك لە هەموو دەرفەت و هۆکارێك وەربگرێ و لە هەموو دەرگایەك بدا و بە پێودانگی خەڵکی تر نەجوڵێتەوە و لە هەمان کاتدا هەولدانەکانیشی بە «کرێگرتەیی» لە قەڵەم نەدرێ.

«ج» ئەو رێکەوتننامەیە، بەرێ لەبن پێی رژێمی عێراق راکێشا، دەرفەتی خۆهەڵکێشانی بە درۆی کەمتر دەبێتەوە کە گوایا عێراق بە «معارك» ی نەتەوەی عارەبەوە دژی ئیسرائیل سەرگەرمە رژێم تا سەر پێی ناکرێ دوژمنی وەهمی بۆ گەلانی عێراق دروست بکا و دەرفەتی مانۆرکردنی تەنگ دەبێتەوە.

«د» سەرگەرتنی رێکەوتنامەکە، خۆی لە خۆیدا، شوێنەواری پۆزەتیڤی لەسەر ئەو وڵاتانە دادەنێ کە کوردستانیان پێوە لکاوە تاکە بیرێك لە حاڵی خۆیان و کێشەی کورد بکەنەوە.

«ه» بە بڕوای خۆم لێرە بەدواوە، دۆزی کوردستان زێتر سەرنج رادەکێشێ و لە ئاستی دەوڵیدا پتر خۆدەسپێنی و دێتە پێشەوە، ئەم راستیانەش یارمەتی ئەو هاتنە پێشەوەیە دەدەن:

- کێشەی کوردستان، کێشەیەکی نێوخۆی هەر چوار دەوڵەتی (عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا) نیە و بەس، بەڵکە کێشەیەکی هەرێمایەتیە و رەگورێشەی بۆ دوای دووەمین دابەشکردنەوەی کوردستان، دەگەرێتەوە و لە پەیماننامەی سیڤەر و لۆزانەوە، مۆرکێکی هەرێمایەتی وەرگرتووە و رەنگە جارێکی تر بکەوێتەوە ناو فایل و سەرمێز.
- کێشەی گەلێکی ۲۰ ملیۆنیە، هۆکاری دیموگرافی بۆ خۆی قورسایی کێشەکە زێتردەکا.
- شوێنی جوگرافی و ستراتیژیکی کوردستان وەك لەمپەری نیوان سێ شارستانیی عارەب و فارس و تورك و نێزیکە ئەوروپا.
- کێشەیەکی رەوا و دیموکراتیك لە دوورِ ناوچەیەکی بێ ماف و بێ دیموکراسیدا، کێشەیەك کە لە تەك بەڵگەنامە و دوکیومێنتە داتپیانراو و پێرە و لێکرادەکانی دەوڵیدا رێك و گونجاوە.
- کێشەکەمان کەم و زۆر تەماسی لەتەك بەرژەوەندە دەوڵیەکاندا هەیە.
- بوونی چەند بزاڤیکی رزگاریخوازی لە پارچەکانی کوردستاندا و کەم و زۆر وەك فاکت خۆیان سەپاندووە و سەرنجی رای گشتی دەوڵیان راکێشاوە.
- لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە وەك ئەمری واقیع، خۆی سەپاندووە و چەندیش خۆ بە دیموکراسیەوە بگرێ، ئەوا هێندی تر سەرنج رادەکێشێ و ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەمە بەروونی لەو وتارانەدا دەرکەوت کە نوینەرە بیانیەکانی ئەمریکایی و

ئالمانی لە کونگرەی پارتیدا جەختیان لەسەر دەکرد .
هەقە ، ویڕای ئالۆزی دۆز و کێشەکەمان و تێکچڕژانی مەودای ئیقلیمی و جیو- سیاسی کوردستان ، تێکرای بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان ، کەلك لەکەش و هەوای دوای ڕێکەوتنامەکە وەربگرن و بزاوتێکی دیپلوماتیکی - سیاسی لەسەر ئاستی ناوچەکە و دنیا دەست پێبکەن و یەك تیروانینی هەمە گیر سەبارەت بە کێشەی کورد گەلاڵە بکەن و واقیعینانە لەتەك چارەسەری جیا جیا و دەسکەوتی تازە رەفتاربکەن و بیکەنە پردەبازێك بۆ گەیشتن بە دوا ئامانجی نەتەوەکەمان کە رزگاری و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی نەتەوەییە ، هەروا دەرسێکی تری ئەو ڕیکەوتنامەیەی فەلەستین - ئیسرائیل ئەوەیە کە دەبێ ئێمەی کورد تەبا و تەفاق و یەکگرتووبین و لە هەر دانوستانیکدا ، لە هەر حەلْ و فەسڵێکدا لێ نەگەرێین ، ریزەکانمان درزیان تێ بکەوێ و زیان بە یەکێتی نەتەوەیی و هاوچارەنووسیمان بگەیەنێ و هەیبەتمان لە ناو دۆست و دوژمن دا کەم بکاتەوە!

□

# دووەمین نەفرەتی کۆلۆنیالکردنی کوردستان

د . ڕەفیق سابیر

ئاخۆ ڕەوایە وڵاتێکی کۆلۆنیالیکراو ناسنامەی بە کۆلۆنیالبوونی خۆی لە ماهیەتی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکەیەوە وەربگرێت ؟!

ئایا تەنیا ئەو کاتە دەکرێ وڵاتێکی ژێردەستە بەکۆلۆنیا دابنرێت کە داگیرکەرەکەی دەوڵەتێکی سەرمایەداریی ، ئیمپریالیستی ئەورووپایی بێت ؟ یان سەپاندنی دیاردەی کۆلۆنیالیزم ، لەهەر لایەنێکەوە بێت ، خۆی ماهییەتی کۆلۆنیالکردن دیاری دەکات ؟

ئەگەر ناوەڕۆکی کۆلۆنیالیزم بریتی بێت لەوەی کە وڵاتێك دەستبەسەر وڵاتێکی تردا بگرێت و بەزەبری هێزو دەسەڵاتی دەوڵەت ڕژێمی سیاسی و سیستمی ئابووری و کولتووری خۆی بەسەردا بسەپێنێ و پرۆسەی دادۆشین و تاڵان و دۆزینەوەی بازاڕ بەڕێوەبەرێت ، ئەوا جۆری ، یان ناسنامەی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکە حاڵەتێکی نیسبی بەخۆ دەگرێت ، کۆلۆنیالیستان ئەگەر مووزەردو چاوشین و سپی پێستی ئەورووپایی بن ، یان پرچ ڕەش و ئەسمەرو لیچ شۆڕی ئاسیایی بن شتێك لە جەوهەری کۆلۆنیالیزم و لە هەقیقەتی وڵاتە کۆلۆنیاکراوەکەو لە واقیعی بەکۆیلە بوونی گەلەکەی ناگۆڕێت ؛ مەگەر ئەوە نەبێت کە وەك - مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی دەڵێ - کۆلۆنیالیزمی دراوسێی لاتی وەك تورك و عەرەب و فارس ( بەحوکمی دواکەوتوویی و شڕە خۆرییان ) خراپترین شێوەی کۆلۆنیالیزمن .

کۆلۆنیالیزم ، لە هەر سەردەم و وڵاتێکدا بێت ، جگە لە کۆیلایەتی و ویرانکردن و تاڵان و کوشتن و بڕین ، شتێکی تر نییە . ئەو کارەساتە مادی و ڕۆحییانەی کۆلۆنیالیستان بۆ کۆلۆنیالکراوانی دەنێنەوە نەفرەتێکی مێژووییە ، یان هەوڵدانێکە بۆ تێکدانی ڕەوتی مێژوو .

بەڵام ئاخۆ لە بەرامبەر ئەم تاوان و نەفرەتەدا نەتەوە کۆلۆنیالیستەکە خۆی دووچاری چ جۆرە نەفرەتێك دێت ؟! ئەو لە بەرامبەری تاوانەکانیدا چ جۆرە باجێك دەدات ؟!

لێرەدا هەول دەدەم ، زۆر بەکورتی سەرنجی ئەم لایەنە تاریك و شاردراوە دیاردەی کۆلۆنیالیزم بدەم ، کە بەدووەمین نەفرەتی کۆلۆنیالیزمی ناودەبەم ؛ بەوپێیەی یەکەمین نەفرەت بەر خودی وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکە دەکەوێت .

-1-

## میکانیزمی کۆلۆنیالیزم بەهۆی پرۆسیسی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی

تیرۆرو دیکتاتۆری و ئیستیبداد رادەگیرێت. ئەم پرۆسێسە، لای گەلە ژێردەستەکە، کاردانەوە، یان دیاردەی دژ بەخۆی دروست دەکات، یاخود پرۆسێسی داکۆکی و بەرهەمهێنانەوەی داکۆکی دەخولقێنێ. ئەم دوو پرۆسێسە پێك ناکۆك و دژ بەیەکە جەوهەری ناکۆکی هەردوو جەمسەرە دژەکە پێك دێنن. پەرەگرتن و توونـد بوونی هەر یەکێکیان دەشێ گەشە بەوی تریان بدات. لەهەمان کاتدا ئەم دوو پرۆسێسە پێك ناکۆکە، بەدرێژایی دەیان و رەنگە سەدان ساڵ، کەسایەتی و خەسڵەتی هەردوو نەتەوە داگیرکەرو داگیرکراوەکە، کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیالکراوەکە دیاری دەکەن.

پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم بچووکترین دەرفەت بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناهێڵێتەوە، چونکە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دیاردەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردن دەسڕنەوە. کەچی زەبروزەنگ و تیرۆرو ئیستیبداد زەمینەی بەردەوام بوونی کۆلۆنیالیزم دەستەبەر دەکەن.

ئاشکرایە میتۆدی دیکتاتۆری و زەبروزەنگ و ئیستیبداد لە بنەڕەتدا لە دژی گەلە ژێر دەستە کۆلۆنیالکراوەکە دێنە بەرهەم، بەڵام ئەم دیاردەو میتۆدانە شمشێری دوو سەرن هەر هێندە هاتنە بەرهەم و بوونە هەقیقەتێکی بابەتی و رەوایی بوونی خۆیان بەدەست هێنا، ئیتر جڵەو ناکرێن و لە سنووری گەلە کۆلۆنیالکراوەکەدا نامێننەوەو بەتەنیا لە دژی ئەو پەیڕەو ناکرێن. بەڵکو وەك بەرهەم و میتۆدی حکومڕانی، تەواوی وڵاتی میترۆپۆڵیش دەگرنەوەو نەتەوە داگیرکەرەکەیش بەئاگری زەبروزەنگ و تیرۆر دەسوتێت. دەوڵەتی داگیرکەر ناتوانێ تاسەر سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا پەیڕەو بکات لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکە دڕندانەو لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکە شارستانییانەو دیموکراتانە بجووڵێتەوە.

کام وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوین (جگە لە سودان کەلەوێش کێشەی نەتەوەیی هەیە) هێندەی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) رژێمی دیکتاتۆری، تیرۆریستی و فاشییان بەخۆیانەوە دیوە؟! ئەگەر بەناوی پاراستن گوایا یەکپارچەیی خاکی وڵات و بەبەهانەی ڕێگرتن لە جوداخوازی نەبوایە چۆن ئەم دەوڵەتانە دەیانتوانی ئاوا رەهایانەو بێ بەربەست پەنا بۆ میتۆدی زەبروزەنگ و داپلۆسین و ئیستیبداد بەرن؟! ئەگەر پرۆسێسی کۆلۆنیالکردنی کوردستان نەبوایە کام مەسەلەی تر دەیتوانی پاکانە بۆ مێژووی حەفتا ساڵەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێناوەی تیرۆرو داپلۆسین و ئیستیبدادو رەشەکوژی ئەم وڵاتانە بکات؟! ئەگەر بەناوی ژێردەستەکردنی نەتەوەی کوردەوە نەبوایە، کام نەتەوە مەگەر مێگەل بێت، ئامادەبوو ئەو هەموو ستەم و دڕندایەتیە لە رژێمە ناسیۆنالەکەی خۆی قبوڵ بکات؟! لە کاتێکدا هەمان رژێم بەنێوی شەڕ لە دژی جوداخوازی و بەنێوی پاراستنی یەکپارچەیی ساختەی خاکی وڵاتەوە هەزاران و دەیان هەزار لە رۆڵەکانیشی بەکوشت دەدات؟!

-2-

پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە لەوەدا دەدۆزینەوە کە: نەتەوەیێك کاتێك وڵاتێکی تر داگیرو کۆلۆنیال دەکات. ئەوا لە پرۆسێسی کۆلۆنیالکردندا ئازادی خۆی لەدەست دەدات و بێ ئاگایانە رووبەرووی جۆرەها شێواندنی کولتووری و سایکۆلۆژی و روحی دەبێتەوە. گیانی مەزنخوازی و شۆفێنیستی و رەگەزپەرستی بە ئەندازەیێك لەلای پەرەدەگرن کە دەبنە بەشێك لە کەسایەتی و سایکۆژیای نەتەوەیی و داب و نەریتی. بە واتایەکی تر ئەوان کولتوورو مێژووی داپلۆسین و مەزنخوازی و شۆفینیزم دێننەوە بەرهەم.

نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانی دنیا لەوانە (تورك و عەرەب و فارس) سەرەوەریی مێژوویی و شانازی نەتەوەیی خۆیان لە مێژووی داگیرکەرانەی خۆیانەوە وەردەگرن. چونکە ئەم مێژووە، بەدرێژایی دەیان و سەدان ساڵ، بنەمای کەسایەتی و کولتوورو ژیانە روحییەکەی ئەوانی دارشتووە. ئەوان نەك هەر بەسووکی بۆ گەلانی ژێر دەستیی دوێنێ و ئەمرۆیان دەروانن بەڵکو خۆیان بەسەرداری گەلانی ترو بەسەرداری مێژوو دەزانن!!

ئەوان، دەکرێ بگوترێ، نەتەوەیەیێکی نەخۆشن، چونکە چێژ لە کۆیلە کردنی خەڵکی ترو لە وێرانکردنی ژیانی مادیی و روحی گەلانی تر وەردەگرن.

ئاخۆ ئەم هەموو درندایەتییە کەم وێنەیەی کەسانی هەر سێ نەتەوە داگیرکەرەکەی کوردستان بەرامبەر بە ئێمە پیادەی دەکەن کارێکی رێکەوتە؟ ئاخۆ ئەنجامی درندەیی ئەم یان ئەو رژێمی سیاسی ئەم وڵاتانەیە؟! یاخود بەشێکە لە کولتوورو داب و نەریت و مۆراڵی نەتەوەی داگیرکەرو کۆلۆنیالیست؟! ئاخۆ کام نەتەوەی کۆلۆنیالیست، لەکام وڵاتی دنیادا، لەوان باشتری کردووە؟! ئەمە رەفتاری کۆلۆنیالیستانە، کە لایان هێندە رەسەنە وەك غەریزەی لێهاتووە.

وەك چۆن ئێمە دوای رزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم پێویستمان بەدەیان ساڵ هەیە تا شوێنەواری کۆلۆنیالیزم لە کەلتوورو کەسایەتی و داب و نەریتی نەتەوەییمان بسرینەوەو، باوەڕ بەوە بێنین کە ئێمەش هیچمان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە، ئەوا نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانیش، دوای لوتشکان و شار بەدەرکردنیان، پێویستیان بەدەیان ساڵ (رەنگە سەدان ساڵ) هەیە تا لەپەتای لووتبەرزی نەتەوەیی و شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی دەرباز بن و باوەڕ بەوە بێنن کە ئەوان هێچیان لە نەتەوەکانی تر زیاتر نییە. هەر ئێمەشین لەم پەتای شۆڤینیزم و رەگەزپەرستی و لەم نەفرەتیەیان دەرباز دەکەین.

-3-

سیستمی کۆلۆنیالیستی لە بنەڕەتدا پشت بەهێز (القوة ـ power) دەبەستێت. هێز ئەو هۆکار بگرە ئامانجەیە، کە بەهۆیەوە میکانیزمی کۆلۆنیالیزم بەڕێوە

دەچێت ، بۆیە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی هێز . . . گردبوون و گردبوونەوەی هێز گەرەنتی بەردەوام بوونی سیستمی کۆلۆنیالیستین .

لێرەدا هێز لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆکار ( وەسیلە ) بێت بۆ خۆپاراستن ، بەڵکو دەبێتە هۆکاریکیش بۆ پەلامارو سەرکوتکردن . یان بەواتایەکی تر هێز ، خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەهایکی رەها ( مطلق absulut ) . . دەبێتە ئامانج . کاتێکیش هێز دەبێتە ئامانج ، ئەوا ناوەرۆکە ئاساییەکەی خۆی لەدەست دەدات و بەرهەمهێنانەوەو گردبوونەوە ( تراكم )ی هێز سروشتێکی رەها بەخۆی دەگرێت .

بەڵام هێز کاتێك لە میتۆدی خۆپاراستنەوە دەبێتە میتۆدی پەلاماردانکاتێك لە هۆکاراوە دەبێتە ئامانج ، ئەوا وەك هەر شمەکێکی تر کەڵەکە دەبێت . . لەسنووری خۆی زیاتر دەبێت ، سەرەنجام بارگرانییێکی دژیو بۆ بەرهەمهێنەرەکەی خۆی دروست دەکات . بۆیە ( دیسان وەك هەر شمەکێکی تر ) پێویستی بەناردنە دەرەوە ( تصدیر - Export ) هەیە .

بەرای من کۆلۆنیالکردنی دەیان ساڵەی کوردستان بوونە هۆی کەڵەکەبوونی دەیان ساڵەی هێز لەلای دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی تورکیا ، ئیران ، عیراق و سوریا . درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان ئەو دەوڵەتانەی بەرەو کەڵەکە بوونی بێ سنووری هێزو بەرەو هێز برد .

دەشێ لێرەوە کەڵەکەبوونی هێزو ناردنە دەرەوەی هێز واتا رەفتاری شەرفرۆشانەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان بخوێنینەوە :

- تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ هێزی هێندە لەخۆی زیاد بوو بەرەو قوبرسی ناردوو تا ئێستایش داگیری کردووە .

- سوریا ، لەبەر هەمان هۆکار . رەنگە لەبەر هۆکاری رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلیش . لە ساڵی ١٩٧٦ لوبنانی داگیرکردو تا ئێستایش لێی نەکشاوەتەوە .

- ئێران لە کۆتایی حەفتاکاندا سێ دوورگەی کەنداوی فارسی داگیر کردو ، ئەمرۆیش ، ئەگەر چی رژێمە سیاسیەکەی لەمێژە گۆڕدراوە . کەچی بۆتە شەرفرۆشترین وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوین ؟

- عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ هێزە لەخۆ زیادەکەی بەشەڕ فرۆشتن بەئێران و دواتریش بە داگیرکردنی کوێت خەرج کرد .

ئاخۆ بەدرێژایی بەلای کەمی ئەم چارەکە سەدەی دوایی کام دەوڵەتی رۆژهەڵاتی نێوین ( جگە لە ئیسرائیل کە لەحاڵەتی خۆپاراستندابووە ) هێندەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دیاردەی ناردنە دەرەوەی هێز - واتا شەڕ فرۆشتن - ی پێوە دیاربووە .

ئەم تایبەتمەندییەی ناردنە دەرەوەی هێزو ، ئەم گیانی شەڕخوازییەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی تورکیا ، ئێران ، عێراق و سوریا ئەگەر لە کۆلۆنیالکردنی کوردستانەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت ، ئاخۆ لەکوێوە هاتوون ؟

بەڵام مەترسی کەڵەکە بوونی هێزو بەرهەمهێنانەوەو ناردنە دەرەوەی هێز تەنیا مەترسی بۆ گەلی کوردستان نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا هەڕەشە لە چارەنووسی خودی نەتەوە کۆلۆنیالیستەکەیش دەکات، چونکە بەهۆیەوە دوچاری شەڕ دەبێت. ئەمەیش باجێکی ترە کە نەتەوەی داگیرکەرو کۆلۆنیالیست دەبێ بیدات و بەهۆیەوە لە ئاشتی و ئاسایش بێ بەری بێت.

لەهەمان کاتدا ئەم مەسەلەیە هەڕەشەیەکی راستەخۆ لە ئاشتی و ئارامی ناوچەکەو جیهان دەکات.

-4-

کەواتا وەك چۆن رزگارکردنی کوردستان لە کۆلۆنیالیزم بەقازانجی نەتەوەی کوردە، بەهەمان شێوە بەقازانجی نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی کوردستان و بگرە بە قازانجی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەیشە. چونکە:

١. رزگاربوونی کوردستان بەهانەی مانەوەی دیکتاتۆری و تیرۆرو ئیستبدادو فاشیزم لەو وڵاتانی ئێران و تورکیاو عێراق و سوریادا ناهێڵێت و دەرەتانی سەدهەڵدانی پرۆسێسی دیموکراسی دەرەخسێنێ.

٢. نەتەوە داگیرکەرەکان لەپەتاو نەخۆشی لوتبەرزی نەتەوەیی و شۆفینیزم و رەگەزپەرستی دەرباز دەبن و باوەڕ دێنن کە هیچ نەتەوەیەك لەنەتەوەیەکی زیاترو مەزنتر نییە.

٣. ئاشتی ناوچەکە، کە بەهۆی کەڵەکە بوونی هێزەوە لە مەترسیدایە دەپارێزرێت.

بزافی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، کاتێك نەتەوەی کورد لە نەفرەتی کۆلۆنیالیزم ئازاد دەکات ئەوا لە هەمان کاتدا نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانیش لە دووەمین نەفرەتی کۆلۆنیالیزم دەرباز دەکات.

دەشێ ئەمەیش دووەمین ئەرکی سەختی نەتەوەکەمان و بزافە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکەی بێت کاتێك لە پرۆسێسی خۆ رزگارکردندا، ئازادی و ئینسانییەت بۆ داگیرکەران دەگێڕنەوە!!

# کورتە باسێک دەربارەی ستڕەکتوری کۆمەڵی کورد

موحسین ئەحمەد عومەر
پاریس- ١٩٩٣

لێکۆڵینەوە لە ستڕەکتوری کۆمەڵی کورد کارێکی ئەمەندە سەختە بێ دارشتنی ئاخاوتنێکی DISCOURS سۆسیۆلۆژی ئاسان نیە بچینە ناو کونو کەلەبەرەکانی، یاخود وێنەیەکی ڕاستەقینەو پڕ پێشکەش بکەین.

بەراورد کردنی کۆمەڵی کورد بە یەکێکی دیکە یان خۆرئاوا بێگومان دەمانخاتە ناو تەمو مژێك لە قازانجی ئەم مەبەستەی ئێمە نیە. تەنیا ئەوەندە نەبێت ستڕەکتوری کۆمەڵگەکانی دیکە لە کاتی بەراوردکردن لە رووی چەمك و پێکهاتوویان وەك مێتۆدێك یارمەتی ئەوەمان دەدات باشتر کۆمەڵی کورد بناسینو قووڵتر بینەوە. شێوەو کارێکتەرەکانیان چاکتر بناسین. بۆ نموونە: مەسەلەی چینێکی وەك بۆرژوازی یان پرۆلیتاری وەك جەوهەرو پێکهاتوو لە نێوان کۆمەڵی کوردو خۆرئاوا جیاوازیەکی زۆری هەیە.

بۆیە ناسینی ستڕەکتوری کۆمەڵی کوردو شارەزا بوون دەربارەی سایکۆلۆژیەتی سەر بەم ستراکتورە لەرێگای پێشکەش کردنی وێنەیەکی ڕاستەقینە دەربارەی پێکهاتووی، پێش هەموو شتێك وامان لێ دەکات لە کۆمەڵێك دیاردەی ژیاری گرینگ کە پەیوەستن بە ژیانی کورد خۆی بگەینو خەوشەکانیان دەست نیشان بکەین. ئەم دیاردە ژیارییانەش بە پلەی یەکەم: پرۆسەی رامیاری، یان ئەو ئاخاوتنە رامیارییەیە کە ئەمڕۆ لە تەواوی کوردستان فراژووی سەندوە. دووەم: مەسەلەی بیری نەتەوە (ناسیۆن)یە. سێیەم: پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیو گەشە سەندنی کۆمەڵایەتییە. جا شیکردنەوەی ئەم خاڵانە لێرە شوێنیان نابێتەوە، دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی لابەلای بۆ بکرێ. ئەوەی لێرە گرینگەو شایانی پەنجەنووما کردنە مەسەلەی ستڕەکتورەکەیە.

بێگومان کۆمەڵی کورد خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەمان پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئابووریی خۆرهەڵاتدا دەژییێت کە زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا یان ئەورووپا.

ئێستاش پەیوەندییە خێڵەکییەکان زۆر بە ئاسانی لە کۆمەڵی کورد دەدۆزرێتەوە. ئەگەر وەك ستڕەکتور تێك چووبێتو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت ئەوا وەك ئەخلاقو کەلتور ماوەتەوە. ئەم پەیوەندییە خێڵەکیانە لە دێهاتەکان لەناو هەمان شێوەو جۆری سادەیی خۆیان پاراستووە. ئەگەر ستەمکاری (ئیستبداد- Dispotisme) لە پەیوەندی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕ کەم بووبێتەوە کە

خۆی شێوە پەیوەندییەکی دەستەڵاتەکانە لە خۆرهەڵات بریتیە لە پەیوەندییەکی کوێرانەی ناهاوتاو نایەکسان دوور لە هەموو مەرجێکی دیموکراسی . ( هەر بۆیە پەیرەوکردنی دیموکراسی لە پرۆسەی رامیاری لە تەواوی مێژووی خۆرهەڵات کارێکی ئەستەم بووە . ) ئەوا گۆرانە شارستانیەکانیش وەك پێویست گەشەیان نەکردووە .

لە دێهات لەسەر ئاستی سترەکتوری کۆمەڵایەتی کە خۆی شێوەیەکە لە ستەمکاری کشتووکاڵی پەیوەندی نێوان ئاغاو رەنجدەر هەمیشە ناهاوتاو ناعەدالەت بووە . تا رادەیەك ئەمرۆ ئەم پەیوەندییە بەم چەشنە نەماوەتەوە ، شێوەیەکی دیکەی وەرگرتووە : لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری‌و فراوان بوونی شار

گوندەکانیش دیاردەو رووخسارەکانی شاری تێ کەوتووە بەلام بە چەشنێکی تەسك‌و سووك ، یان ژیانی دێهاتەکان شێوە ستەمکارەکەی جارانی نەماوە . ئاغا ئاغای جاران نیەو جووتیارو رەنجدەریش هەمان ئەوانەی پێشوونین . ئاغاکان پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ جووتیاران تەسك بۆتەوە . بە کورتی پەیوەندی‌و دەستەڵاتە کۆنە ستەمکارەکەی جاران نەماوە . ئاغا بە چەشنێك دەوڵەمەندترە لە جووتیارەکە ، جووتیارەکەش پێویستی بژێوی‌و ئابووری لەسەر ئاغاکان نەماوە . پەیوەندییە سایکۆ-رۆشنبیریەکەی ژیانی دێهاتیش بە هەمان چەشن گۆرانی تێ کەوتووە . ریشە کۆنەکەی لە ئەخلاق‌و سایکۆلۆژی خەڵکەکە ماوە . ئاغا هەر ئاغایە ئەگەر لە شاریش بێت . واتە پەیوەندییە ستەمکاریەکە ئەگەرچی لە شێوە کۆنەکەی بنچینەیەکی قووڵی هەیە بەلام لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی هەر ماوەتەوە . ئەم پەیوەندییەش لە کۆمەڵێك دیاردە خۆیان دەنوێنن : وەکو نەبوونی دیموکراسی لە پەیوەندی ژن‌و پیاو . بوونی ئەخلاق‌و دەروونێکی توورە . مانەوەی کۆمەڵگەی کورد بە باوکسالاری ، بوونی بیری نێرو دەسەڵات و ئیرادەی نێر .

نە ئاغای کورد نە رەنجدەریش سیفەتی دەرەبەگو ( عبید )ی ئەورووپیان نیە . پێش هەموو شتێك ئاغا لە کۆمەڵی کورد نەزان بووەو نەزانە . جووتیارو رەنجدەریش لەو نەزان‌و نەزانتر . رووخسارێکی کولتووری چیە پاڵپشتیان نیەو نەشیان کردۆتە پاڵپشتی خۆیان . هەموو رووخسارێکی کولتووریش لە ژیانی دێهات هەبووبێت دەگەرێتەوە بۆ بیری گەلەکی ( Conscience Collective ) وەك بوونی فۆلکلۆرێکی بەرین . بێجگە لەمە هەر رووخسارێکی کولتووری کە هەیان بێت لە هەردوولا بریتیە لە ئەخلاق‌و کولتووره ئاینییەکە . ئەمەش لەلای ئاغاکان فۆرمێکی ئایدیۆلۆژی‌و دەسەڵاتێکی ستەمکاری وەرگرتووەو بۆتە هێزێکی بە راستەقانی گەراندنی بیری ئاغایەتی ، لەلای رەنجدەریش بۆتە هیوایەکی تاریك‌و چەکێکی چەواشەکەر . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە مەلاکان‌و پیاوە ئاینیەکان لە کوردستان هەمیشە لەپاڵ ئاغاکان بوونەو لە هەمان کاتیش هەوڵی بەخوایی کردنی دەستەڵاتی ئاغایان داوە .

بەڵام دەربارەی پەیوەندییەکانی ژیاری لە شار سترەکتوری کۆمەڵایەتی شێوەکارێکی دیکەی فراوانتری هەیە. جارێ دەربارەی مەسەلەی چینەکان هەروەکو چۆن چینەکان لە ئەوروپا دیارو ئاشکرایە، لە کۆمەڵی کورد دابەش کردنەکە بەم چەشنە نیە یاخود بەم شێوەیە ئاشکرا نیە. بەڵکو لەبەر ئاڵۆزی لێکدانەوە لەمەی ئەوروپا زیاتر هەڵدەگرێ. بە هەمان شێوەش مەودا سایکۆلۆژیو کولتووریەکانی پاڵ چینەکان لە کۆمەڵی کورد وەك لە ئەوروپا ئاڵۆزترە.

لە خۆرئاوا بە ئاسانی چینەکان پۆلین دەکرێنو لێك جیادەکرێنەوە. لە هەمان کاتیش رووخسارە کولتوورییەکانیشیان بە ئاسانی دەست نیشان دەکرێن، وەك بۆرژوا ـــ شۆڕشو کولتووری بۆرژوا....

بەڵام لە کۆمەڵی کورد پەیوەندییەکان ئەم هەڵکەوتەیان نیە. بۆرژوازی ئەوروپی هەر لە سەرەتاوە وەك دەستەڵاتو یاساو هێزێکی ئابووری پتەو هاتۆتە پێشەوە. زایندەی بیری ناسیۆن (نەتەوە)و نیشتمان پەروەر بووە. شۆڕشی کردووەو (بڕوانە شۆڕشی فەرەنسیو شۆڕشی وڵاتەکانی دیکەی خۆرئاوا..). لە هەمان کات رووناکبیرو دژی هەموو بیرێکی نێگەتیفو چەواشەکەر بووە. گشت ناوەندو هێزە کولتووریەکان زادەی بیری بۆرژوازین. ئێمە لە کۆمەڵی کورد بەرانبەر بە بۆرژوازی خۆرئاوا کە خاوەن سەرمایەیەکی ئابووری بێت دەشێ دەوڵەمەندەکان دابنێین. بەڵام ئایە ئەمە هاوتای چینی بۆرژوازی ئەوروپین؟ نەخێر. ئایە دەوڵەمەندەکانی کوردستان دەستیان هەیە لە بەرین کردنو پاراستنی بیری نەتەوەیی کوردو کوردستان؟ نەخێر. ئایە دەوڵەمەندەکان نیشتمان پەروەرن؟ نەخێر. ئایە دەوڵەمەندەکان دامەزرێنەری هیچ ناوەندو بزووتنەوەیەکی کولتووری یان رامیارین؟ نەخێر. بێگومان هەمان حسێب بۆ ئاغای کوردیش دەکرێت، کە گەلێ لە رووناکبیرانی کورد بەناوی فیۆداڵ ناویان دەبەن کە دیارە گشتیان لەم گۆشە نیگایەوە سەرچیغ چوونە. چونکە تا ئێستا ئێمە ئاغامان نەبووە، کە لەگەڵ هەمان دەستەڵاتیش (واتە دەستەڵاتی ئاغایەتی) رووناکبیریش بووبێت. کە دیارە فیۆداڵی خۆرئاوا وابووە. ئێمە ئاغامان نەبووە هەمان شێوەی فیۆداڵی ئەوروپی هەبوو بێتو دامەزرێنەری دانشگایەك بووبێت یان دامەزرێنەری سیستەمێکی دارایی نەتەوایەتی بووبێت. راستە هەندێك پێك چوون لەنێوان بەگو میرە کوردەکانو فیۆداڵی ئەوروپی هەبووە، وەك بوونی کۆشكو رەعیە. بەڵام ئەمەی کورد بە ئاسانیو بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی نەکردووە. هۆکاریش لەپاڵ ئەم گەشە نەکردنە زۆرە وەك: سروشتو کارێکتەری ئیسلامی، کارێکتەری شاخاوی کورد. کزی بازرگانی. جەنگو هێرشە کاولکەرەکان: وەك هێرشی مەغۆلەکانو تورکەکانو ...هتد.

کە دەڵێم ئاغای کورد بە فیۆداڵی ئەوروپی ناچێتو هەمان کارێکتەری نیە. با خوێنەر لێم بەخەوش نەگرێ. بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بڵێم کۆمەڵی ئێمە

گەلیك خاسیەتی تایبەتی‌و کاریکتەری دەروونی خۆی هەیە. تەواو جیاوازە لەمەی خۆرئاوا. بەهیچ شیوەیەکیش ئەورووپا ناکەمە بنچینەیەك بۆ بیرکردنەوەم.

ئەم خاسیەتە تایبەتیانەی کورد لەسەر چەمکی ستەمکاری رەنگ رشت بوونە. هەر لەبەر ئەمەشە پرۆسەی ژیانی رامیاری‌و کولتووری بە کزی گەشە دەکەن. ئەمەش کاریکتەری تەواوی کۆمەڵە موسڵمانەکانی خۆرهەڵاتە. ( رەنگە هەندێ خاسیەتی لە سەدا سەدی خۆی هەبیت بەرانبەر بەمانەش ..). جا بۆ زیاتر ناسینی کوردو دۆزینەوەی خاسیەتەکانی: لە کامە ماڵی دەوڵەمەندی کورد، یان خۆرهەڵات پیانۆیەك هەیە. لەکاتیکدا دەوڵەمەندی خۆرئاوا ( واتە بۆرژوا لە راستیدا ..) خاوەنی یان دامەزرینەری دەیان ناوەندی کولتووری‌و بزووتنەوەی فیکری‌و رامیاری بوونە. تەك هەر ئەمە بەڵکو شۆرشیشی کردووەو دەوڵەتیشی دامەزراندووە. پەرەپیدەری بیری نەتەوەو دامەزرینەری سیستەمی لیبرالی‌و دژی هەموو ئایدیۆلۆژیایەك بووەو دژی ئایینیش بووە.

بە پیچەوانەوە دەوڵەمەندی کورد کە هەندێ رووناکبیری کورد بێ وردبوونەوە ناویان لێ دەنین بۆرژوا لە هیزیکی چەواشەکەر زیتر نین. لە هەمان کاتیش گەردیك نیشتمانپەروەری چییە نیانە. هەموو سەرمایەیەکیان لەپیناوی تاکە کەسی خۆیانە. ( بۆ نموونە: لەپاڵ ئەم ئاوهەوا رامیارییەی ئەمرۆ لە کوردستانی عیراق لەبارە، سەرەرای بوونی حکومەتی هەریمی کوردستان دەوڵەمەندەکان لەجیاتی ئەوەی بە سەرمایەکانیان پشتگیری گیانی بە گیانی ئەم حکومەتە بکەن کەچی بەرژەوەندی خۆیان تێیدا نابیننەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ رژیمی هەرە فاشی بەغدا ناپچرینن، بیگومان ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە گەشە نەکردنی پرۆسەی نەتەوەوە هەیە لە ناو کورد....) کەواتە ئەو تویژو چینەی کە هەمان کاریکتەری بۆرژوای خۆرئاوای هەیە لە ناو کۆمەڵی کورد بریتی لە: رووناکبیرو دەستە رووناکبیرەکانی تر. Intelectuele وەك: قوتابی‌و مامۆستایان‌و ئەفسەرەکان‌و فەرمانبەرەکان. ( دەتوانین بڵێین پیشمەرگە واتە سەربازی کورد ). بەڵام ئەمانەش لەبەر ئەوەی سەر بەهیچ هیزو سەرمایەیەکی چالاك‌و بزوینەرو گۆران داهینەر نین. یان خاوەن ئەو دەستەڵاتە رامیاریە نین پشت ئەستووربن بە سەرمایەیەکی جیهانی تاکو بتوانن هەمان رۆڵی بۆرژوای ئەورووپیان هەبیت لە گەشەپیدانی پرۆسە ژیارییەکانی کۆمەڵی کورد، ناوەندەکانی دەستەڵات بکەنە ماتۆریکی شارستانی لە هەموو حەڵەتەکان سوودیان بۆ خزمەتی نەتەوەو کۆمەڵ بگەرینەوە. بە کورتی بۆرژوازی کورد ئاڵای نەتەوایەتی لە دەستە بەڵام برسیەتی. بە برسیەتیش مرۆڤ ناتوانێ بیر بکاتەوە.

کە سەیری گۆرانە رامیارییەکان دەکەین لە خۆرهەڵات، ئەوەی تا ئەمرۆ ئەنجام دراون، هەر لە کودەتا سەربازیەکان تا یاخی بوونە میللیەکان‌و بزووتنەوە کولتووریەکان دەگەرینەوە بۆ ئەم دەستەو تویژە رووناکبیرە.

ئەگەر لە مێژووی کورد بکۆڵینەوە رەنگە هەندێ حاڵەتی دەگمەنو تایبەت بدۆزینەوە لەو کاریکتەرە دیارەمان نزیك بخاتەوە کە پەیوەندی شارستانیی خۆرئاوا پێیدا رۆیشتووە وەك بوونی هەندێ خێزانو خانوادەی دەوڵەمەندو نیشتمان پەروەری کورد وەك : بەدرخانیەکان ، بابانیەکان ، میرەکانی سۆرانو رۆژەکی ، ئەمرۆش بارزانیەکان . لە مەرە کۆنیش وەك حەسنەویەکانو شەددادیەکانو مەروانیەکان ...... کە ئەمانە دوایی لە پەیوەندیان لەگەڵ میترۆپۆڵەکانی ئەوکاتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناکۆك بوونەو دواتریش بە جەنگی سەلجووقیەکان و هێرشی تورکە مەغۆڵەکان لەناوچوونو درێژەیان بە خۆیان نەدا .

ئێمە ئەم دیاردانەمان هەن ، پێچەوانەشمان هەیە . لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کورد قەت نەبۆتە ناوەندێکی کولتووریو ئابووریی بەهێز پەیوەندییە شارستانیەکان بە چەشنێکی بەربلاو بە شێوەیەکی سروشتی گەورە نەبوونە . هەمیشە لە هەر سەردەمێکدا پچڕانێکی ژیاری نیگەتیفی گرینگ هەبووە ، ئەمەش هەردەم نشووستی لەگەڵ خۆی هێناوە . چینو توێژەکانی تری کۆمەڵی کورد لە شار بریتین لە رەشو رووت ، یاخود داهات کەمەکان . ئەمانەش لە هەمان حاڵەتی دەوڵەمەندەکاندا دەژین . بەڵام بێ سەرمایەو هێزی ئابوورین . سەرەڕای کوێرەوەریو نەداری کە دیارە گەلێك گەورەیە هەموو پەیامو هیوای خۆیان لە چینو توێژە رووناکبیرەکاندا دەدۆزنەوە . چونکە لە بنەڕەتدا ئەمانە شاگەشکەن بە رووناکبیرانو حەز لە گۆڕان دەکەنو بە ئاسانیش بە رووناکبیرەکان دێنە کۆڕی هەموو خەباتێك . ئەم کاریکتەرەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ نەداری دەروونیو ئابوورییان .

بەڵام دەربارەی پرۆلیتاریا چ شێوەکارێکی هەیە ، ئەمەیان لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێ . ئەوەی بە پلەی یەکەم لە حاڵەتی وادا دڵنیایی لەسەر دەکرێ مەسەلەی هۆشیارییەکەیە . لێرە هەمان ئەو لێکدانەوەی بۆ بۆرژوامان کرد بۆ ئەمانەش راستە . چونکە مەسەلەی پرۆلیتاریاو ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم دیاردەیەکە لە سەدا سەد ئەوروپیە . هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نیە . تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەوەیە بیری مارکسیزمو کۆمۆنیزم ، وەك ئایدیۆلۆژیایەکی پێشکەوتنخواز لەناو کورد کراوەتە داردەستێکی سیاسی دژ بە ستەمکاری . بێگومان لە تەواوی جیهانی سێیەم ئەم ئایدیۆلۆژیایە بە هەمان شێوە وەرگیراوە . چونکە ئەوانەی تا ئێستا وەك یاساش پێیگەیشتوون ( وەك ڤێتنام ) نەیانتوانیوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەیان دروست بکەن . جا مەسەلەی بوونی پرۆلیتاریا بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە هۆشیارییەکەوە هەیە . ئایە لەناو کورد هۆشیاری پرۆلیتاریا هەیە ؟ بێگومان من دەڵێم نەخێر . چونکە بوونی چەند کارگەیەك بەڵگەی ئەوە نادەن کۆمەڵی کورد خاوەنی چینێکی پرۆلیتاریو هۆشیارییەکی لەم جۆرەیە .

# پەیوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان لە کوردستانی خوارووودا

## «کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم»

نەجات عەبدوللا

### دەروازە :.

کوردستان وەك وولاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتووی شاخاوی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەو سەرووبەندەی دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و زۆر لەپێش ئەوەشدا پێوەندی نیمچە دەرەبەگایەتی بوو و سیستەمی دەرەبەگایەتی لە دوا قۆناغی هەڵوەشاندنەوە و داتەپین دابوو، چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی تا ناخی ئێسك روچۆبووە نێو جەستەی جووتێرانی هەژار و رەش و رووت و، رۆژ تا ئێوارە رەنجێك کە دەیانکێشا و ماندووبوونێك کە ئەوان بە درێژایی ساڵ دەیاندا تەنیا بەشی ژیانێکی کولەمەرگی مەمرە و مەژی دەکرد. لەولای دیکەش چینی دەرەبەگ (دەگەڵ دەزگا ئایینییە مفتەخۆرەکان بەهەموو شێوەیەکی جیا جیا) وەك مشەخۆر لەسەر خوێنی جووتێران و زەحمەتکێشانی گوند و ئاواییەکان دەژیان و رۆژ بە رۆژ نیری ستەم و چەوساندنەوەیان هەروا زێتر و توندتر دەکرد. پەیوەندییەکانی دەربەگایەتی لە رووی سترەکتۆری ئابووری - کۆمەلایەتییەوە گەیشتبووە نێو سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووری وولاتی کوردواری و بەتەواوی باڵیان بەسەر هەموو لایەکی کوردستانداکێشابوو. جووتێرانی رەش و رووت بەشێوەیەکی زۆر توند بە دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی ئاغا پابەند بوون و دەبوا بەبێ ئەملا و ئەولا کرنۆشی بۆ بەرن و لەدوای برۆن. دەکرێ بڵێن کەوا سروشتی شاخاوی وولاتی کوردەواری و کەمی رێگاکانی هاتووچۆ و گەیاندن و دوورە دەستییان لەیەکتر یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کەوایان کرد هێزەکانی بەرهەمهێنان نەتوانن وەك پێویست گەشە بستێنن، بۆیە دەبینین وولاتی کوردەواری لە رووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە لە شارەسەنعەتیەکانی دیکەی ئەو وولاتانەی کە پێوەی بەندە زۆر دواکەوتووترە و گەشەی سسترە «رێزە شاخەکان کە دۆڵ و دەشتە بە پیتەکان دەبڕن رێگایان لەوە گرتبوو کە میللەتەکە ببێتە خاوەنی ژیانێکی ئابووری یەکگرتوویی پتەو و لە هەمان کات دا لەوەرگا بە پیتە ئەلپیەکان لە رۆژانی زۆر دێرینەوە هانی کوردەکانی دەدا رووبکەنە مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و ببێتە پیشەی زۆربەی دانیشتووە کوردەکان»«١» لەلایەکی دیکەوە کوردستان بە درێژایی مێژوو شانۆی

داگیرکردن و گۆڕەپانی بەیەکدادان و جەنگ بووە دەگەڵ هێزە داگیرکەرەکان و داگیرکەرە لە مرۆڤ بەدەرەکان هەمیشە چاویان لە کوردستان بڕیوە. جا بێگومان ئەو هێرش و پەلاماردان و شەڕانە کۆسپێکی گەورەبوون لە بەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێن و وایان لێکرد کە نەتوانن وەك پێویست گەشەبکەن. دواتر کوردستان هەمیشە لە ژێر چەکمە و پۆستاڵی داگیرکەراندا بووە ئەگەر ناوە ناوە نەبووبێ سەری ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە (ساڵی ٥٥٠ ی پێش زایین سیرۆسی ئیمپراتۆری ئەخمینیەکان توانی شانشینی میدیا داگیربکا و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی، دوای ئەوە نۆرەی ئەسکەندەری گەورە هات کە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی رووخاند و ساڵی ٣٣٠ ی پێش زایین کوردستان کەوتە بندەستی فەرمانڕەوایی یۆنانییەکان، لە هەردوو سەدەی یەکەم و دووەمی پێش زایین ئەرمەنەکان کوردستانیان داگیرکردو تا سەدەی سێیەمی زایینی ئەمجارە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیای گەورە کوردستانی داگیرکرد تا ساڵانی داگیرکردنی ئیسلام واتە ساڵی ٦٤٠ ی زایینی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان کوردستانیان داگیرکردبوو)«٢». ئەو جارە نۆرەی ئەوەهات کە مەگۆل و تورکمانەکان وڵاتی کوردەواری داگیر و تاڵان بکەن، بەو پێیە هەر لە ساڵی (١٢٥٨) ی ز یەوە تا ساڵی (١٥٠٩) ی ز کوردستان لەژێر چڕنووکی (مەگۆل و تورکمانەتەتەرەکان) دابوو، هۆلاکۆ خانی لە تیرەی مرۆبەدەری مەگۆلی لە ساڵی (١٢٥٢) ی.ز. بۆ داگیرکردنی رۆژئاوای ئاسیانێردرابوو وەکو خۆی دەڵێ فەرمانی هەوەڵی ئەو بۆ «دەست بەسەرداگرتنی دزی و جەردەیی کوردەکان بوو»«٣». «کوردەکان لێی هاتنەدەنگ و هەر تەنیا لەبەرانبەر قەڵای هەولێر کوردەکان (٢٠) بیست هەزار مەگۆلیان کوشت»«٤». «دوایی هەر لەسەدەی شانزەیەم و دوای شەڕی گەورەی چالدێران (١٥١٤) کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دابەش کراو نیزیکی سێبەشی کوردستان بەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەشێکیشی وەبەر سەفەوییەکان کەوت»«٥». تا شەڕی یەکەمی جیهانی کوردستان نیزیکی (٤٠٠) چوارسەد ساڵی رەبەق لەژێر ستەم و ئازار و جەزرەبەی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دابوو. دوای ئەوە بە سنوورێکی دەستکرد بۆ چوار پارچەی جیا جیا دابەشیان کرد. کە لەوبڕوایە دانیم هیچ وڵات و خاك و میللەتێك ئەوەندەی گەلی کورد تووشی داگیرکەری هەمە چەشنە و هێرش و تاڵاوی دوژمنان بووبێ هەر لە بەرەبەیانی مێژوو تائێستاکە، بێگومان ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە ئەم هەموو تاڵان و وێرانکارییە کۆسپێکی هەرە گەورەبوون لە بەردەم گەشەئەستاندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵی کوردەواری و تێك و پێك دانی سترەکتۆری ئابووری. کۆمەڵایەتی کوردەوارییان وا لێکردووە کە گەشەی سروشتی و مێژوویی وڵاتی کوردەواری یەخەگیری زۆر وەستان و راگیربوون و لەرێ لادان بووبێ، کە ئاشکرا ئەنجامەکەی بەسەر سەرجەم لایەنی ژیانی ئابووری. کۆمەڵایەتی سیاسی کوردەوە دیارە.

## سیستەمی مولکدارێتی زەوی لە کوردستانی خوارووودا :-

سیستەمی زەوی و زار و مولکداریتی زەوی و بەکارهێنانی لە کوردستانی خوارووودا نیشانێکی جیاکەرەوەی هەبوو . سەرچاوە و بەراوەکان بە ئاسایی مولکایەتی تایبەتی بوون ، هەروەها هێندێك بەراو هەبوون کە هی دەوڵەتی بوون ، بۆ نموونە لە شاری هەولێر دوو بەراوهەبوون کە ساڵانە بەکرێ دەدران و کێ پارەی زۆرتری بدایە هی ئەوبوون ، یەکێك لە رووبارە زۆر بچووکەکان ساڵی ١٩٢٠ لە مەزاتێك دا بایی (١٢) دوانزە هەزار رۆبل بوو کە زیتر لە (١٠٠) پاوەندی ئەستەرلینی‌یە . ئەو پارەیە بە گوێرەی هێزی کرینی ئەو سەردەمە دیارە پارەیەکی زۆر و زەوەندەیە .1

بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی زەوی و زار لە کوردستانی خوارووو بۆ سێ‌بەش دابەش کرابوون :-

١- تاپۆ : بەدەست خاوەن زەویدارە گەورەکان بوون .

٢- تەحریر : کە بە گوێرەی هەقی بەکاربردن بوو ، ئەم چەشنە بە پلەی هەوەڵ لە ناوچە چیایی‌یە دوورەکان دا هەبوو .

٣- زەوی سونیە : هەمرو ئەو زەوی‌یە سونیانە دوای شۆرشی تورکەلاوەکان بوون بە مولکیەی دەوڵەتی . بێگومان سیستەمی زەوی و زار زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوون کە باسکران«٦» .

چەوساندنەوەی جووتێران لە ئاوایی‌یەکانی کوردستانی خوارووودا دوو شێوەی سەرەکی بەخۆوە گرتبوو :-

یەکەم : ناچارکردنی جووتێران کە لە هەر هەوتوویەك دا چەند رۆژێکی دیاری کراو لە زەوی و زاری ئاغا و دەرەبەگەکان کاری بکەن ، کە ئەمەیان بێگاریان پێدەوت و دەبووایە جووتێران بە خوت و خۆرایی گەلەجووت و گەلەدرەو و قورکاری و ئاودێری ... و هەمرو چەشنە کار و بارێکی دیکە بۆ ئاغاکانیان بکەن .

دووهەم : دەبوو جووتێران بەشێکی بەرووبوومی زەوی و زاری خۆیان کە بە سەد شەکەتی و رەنج کێشان و دەردەسەری بەرهەمیان دەهێنا ، بەشێکی ئەو بەرووبوومە وەکو سەرانە بە ئاغاکان بدەن کە ئەمە دەرەبەگایەتی خێڵەکی بوو(الاقطاع العشائري) .

سیستەمی دەرەبەگایەتی لە وولاتی کوردەواری بریتی بوو لە دابەش‌کردنی پارچە زەوی بچووك بچووك بەسەر جووتێران کە دەبوو بە ئامراز و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی خۆیان بەرهەمی بهێنن و قازانجەکەشی وەکو زێدەبایی surplus value بۆ گیرفانی ئاغا و دەرەبەگەکان بوو و جووتێرەکانیش جگە لە نانەسکی و کۆڵەمەرگی و دواکەوتوویی و هەژاری چی‌دیکەیان قازانج نەبوو . لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌دا چەشنێکی نوێی دەرەبەگایەتی

هەبوو کە ئەویش دەرەبەگایەتی سەربازی بوو ، بەوەی دەوڵەت زەوی و زارێکی زۆر و زەوەندی دەدا بە سەرکردە و ڕێبەرەکانی سوپا ، بەو چەشنە هەقی وەکاربردنی زەوی و زار تا ساڵی ١٨٥٨ کە لەو ساڵە یاسای زەوی دەرچوو ، زەوی و زارەکان هەر بەدەست سەرکردە سوپاییەکانەوەبوو . دوای ئەو یاسایە رادەیەك بۆ وەکاربردنی زەوی و موڵکدارێتی زەوی دانران و موڵکیەی زەوی و زار بوونە هی دەوڵەت و دەوڵەت دەیتوانی بەهەر چەشن و بۆ هەریەکێك بێ مافی وەکاربردنی زەوییەکەی پێبدات . بەڵام لەبەر لاوازی و باری کارگێری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەبەر سەرقاڵی بە داگیرکردنی وولاتانی دیکەوە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی وانەبوو تا ساڵی ١٨٦٩ و لەسەردەمی ویلایەتی مەدحەت پاشا جێ بەجێ کراون و مەدحەت پاشا چەند هەنگاوێکی نا کە گرینگترینیان ئەوە بوو زەوی و زاری میری ( تاپۆ ) بکرێن و بەچەند بەشی کەم کەم و سووك بەسەر ئەوانەی زەوییان دەوێ دابەش بکرێن«٨» .

لە دوای شەری قرم دا لە ساڵی ١٨٥٢ کۆمەڵێك ڕێکخستن و یاسای نوێ لەلایەن دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ چاککردنی باری وولات کران کە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر کۆمەڵی عوسمانی دا هەبوو ، یەك لەوانە یاسای زەوی ( تاپۆ ) ( ١٢٧٤ ) کۆچی . ( ١٨٥٨ ) ی زایینی بوو ، بەشێوەیەك کەمەبەست لە یاسای زەوی ( تاپۆ ) خۆ ڕزگارکردن بوو بەشێوەیەکی یەکجارەکی لە پاشماوەکانی سیستەمی ئیلتیزام و دەرەبەگایەتی سەربازی و چاکترکردنی وەزعی جووتیران بەوەی پارچە زەوییەکی پێ بدەن کە بتوانن پێی بژی . بەڵام کاتێك یاسایەکە خرایە چوارچێوەی جێ بەجێ کردن ئەنجامەکەی بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەروان دەکرا شکایەوە ، جووتیرانی هەژار نەیاندەتوانی بایی نرخی زەوییەکە بژمێرن ، بەوە موڵتەزیمەکان کە پارە و ئەزموونێکی زۆریان هەبوو چەند ڕووبەری فراوانی زەوی و زاریان بە نێوی خۆیان کرد و جووتیرەکانیش لەلای ئەو خاوەن زەوییە گەورانە تەنها دەبوون بە کرێگرتە و هەروەها شێخەکانی هۆزەکانیش زەوی و زاریان بە نێوی خۆیان دەکرد و ئەوانیش بوون بەخاوەن زەوی و ئەندامانی هۆزەکانیش لەلای ئەوان دەبوون بە کرێکار«٩» .

دەسەڵاتکارانی ئەمپراتۆریەتی عوسمانی دەیانووسیت بەهەر شێوەیەك بێت دەست بەسەر عەشیرەتە کوردەکاندا بکێشن و وەبندەستیان بخەن و نیشتەجێیان بکەن تا بتوانن بە ئاسانی باج و سەرانەیان لێ بستێنن و بیان ڕووتێننەوە و بە ئاسانی بازرگانی دەگەڵ دەرەوە بکەن نەخوازەش کە خاکی کوردستان لە دەوڵەمەندی و پیت و فەڕدا هاتاوی زۆر کەم بووە ، بۆیە دەبینین کە تورکەکان هەر لە ساڵی ( ١٨٦١ ) وە سیاسەتی نیشتەجێ کردنی هۆزەکانیان پیادەکرد . مەدحەت پاشای والی عوسمانی ساڵی ١٨٦٩ یاسای تاپۆی هێنایە گۆڕێ کە بە گوێرەی ئەم یاسایە زەوییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی یاسایی دەفرۆشران . بێگومان عوسمانییەکان نیازیان لەمەدا تێك و پێك شکاندنی سیستەمی هۆزەکان و نیشتەجێ کردن و لاوازکردنیان بوو لەلایەکەوە و لەلای دیکە

هاندانیان بوو بۆ ئەوەی کشت و کاڵ بکەن و پارێزگاری بازرگانی بکەن دەگەڵ دەرەوەدا«١٠». دیارە ئێمە ئەگەر سەیری سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەین لە کوردستانی خوارووودا دەبینین کە تورکەکان هەر لە ساڵی ١٨٦١ دا سیاسەتی نیشتەجێ کردنی هۆزەکانیان پیادەکردبوو، کەچی دەبینین لە ساڵی ١٨٦٩ وە دەستیان کرد بە یاسای (تاپۆ) و فرۆشتنی زەوی و زاری میری، بێگومان لەو ساڵەدا بوو کەناڵی سوێس کرایەوە بە شێوەیەك کە بازارەکانی جیهانی هەرچی زێترە داوای بەروبوومی کشتوکاڵی وڵاتی میسۆپۆتامیایان «ئێراقی ئێستا» دەکرد نەخوازەش کوردستان کە سەرچاوەیەکی بە پیت و فەڕبوون بۆ ئەوسای سەرمایەداری رۆژئاوایی نەخوازەش بۆ بەریتانیا، ئەوەندە بەسە کە بڵێین «وڵاتی» میسۆپۆتامیا (کۆگای گەنم و جۆی هەموو بەرایی ئاسیا بووە) دیارە وەك لەمە و لالێی دەدوێین بەشی هەرە زۆری کشتوکاڵی وڵاتی میسۆپۆتامیا «ئێراقی ئێستا» بە تەنیا هەر لەسەر خاکی کشتوکاڵی کوردستان بووە. هەر بۆیەش دەبینین کە عوسمانی‌یەکان دەستەبەری نیشتەجێ کردنی هۆزەکان و پاراستنی ئاسایش و رێگا و بان و گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی‌یان دەویست و هەر لەم پێودانەش بوو یاسای تاپۆیان پیادەکرد، چونکە ئەگەر هۆزەکان نیشتەجێ بن ئەوا دەبێ بە ئاسانی باج و سەرانە بە دەوڵەت بدەن. هەرچی ئەو زەوی و زارانە بوو کە بە قەواڵەنامەیەکی هەروا ئاسایی درابوونە پیاو ماقووڵ و شێخەکان دووبارە پێیان فرۆشرانەوە بەوە جووتیێران لە روبەرێکی نوێ و گەورەی زەوی و زار بێ بەشکران. کاتێك کە شێخەکان بە هۆی وەبن دەست خستنی قەواڵەنامەکانی تاپۆ دوو دڵ دەبوون لە کرینی زەوی ئەو کاتە زەوی‌یەکە بە هۆی چەند بەشێکی بچووك و سادە دەفرۆشران، هەرچی زەوی و زارەکانی دەوڵەتی بوون کە هیچ کەسێك و هۆزێك وەکاریان نەدەهێنا، ئەوا پیاو ماقووڵەکانی شارەکان بە کرێیان دەگرت و بەو چەشنە زۆربەی زەوی و زارەکان ئەو کەسانە سوودیان لێ دەبینی کە زۆر لە زەوی و جووتیێری دوور بوون و لە شارەکان دادەنیشتن. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گرۆیەکی نوێی خاوەن زەوی کشتوکاڵی پەیدابن و چینە زەویدارە گەورەکانی پێشوو بە هێز تر بکەن و جوتیێرانی گوندەکان و هۆزەکان لە هەقی سروشتی و کۆنی خۆیان بێبەریبکەن، تا وای لێهات بەرە بەرە پێوەندی زیندوو و سیستەم و پێوەندی‌یەکانی سیستەم و پێوەندی‌یەکانی هۆزایەتی تێك و پێك شکاند و پەیوەندی‌یەکانی پەتریاریکی لاواز بوون و حکومەت بە ئاسانی وەڵامی یاخی بوون و بەرخۆدانی شێخە دەرەبەگەکانی دەدایەوە و لێرەدا پێوەندی نێوان ئاغا و جووتیێرەکانی عەشرەتەکان بوو بە پێوەندی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە، شێخ بوو بە دەرەبەگ و کەسانی عەشرەتەکانیش بوون بە جووتیێر و شوانکارە، بۆ نموونە ئەو زەوی و زارانەی کە سەرۆك هۆزی جافەکان هەیانبوو دەیان هەزار دەسیانە بوون (دەسیانە یەکەیەکی رووسی‌یە بۆ پێوانی رووبەری زەوی، دەکاتە ١,٠٩ هەکتار) زەوی و زارەکانی ئیسماعیل

بەگیش کە لە دوایی‌دا بەریتانیا دەستی بەسەرداگرت ( ۱۷۰۰ ) هەزار و حەوسەد کرێکاری کشتوکاڵی تێدا دەژیا و بڕیاریش وابوو کە ( ٦٠٠ ) شەش سەد کەسی تریشی تیا نیشتەجێ بکات . دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری کشتوکاڵی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە و توندکردنەوەی چەوساندنەوەی جووتیاران و زەحمەتکێشانی ئاواییەکان بوون بەهۆی ئەوەی کە جووتیاران سەربەخۆیی ئابووری و دواتر سەربەخۆیی کەسایەتی خۆیان لەدەست بدەن« ۱۱ » . وەك ل . ن . کەتەلۆڤی رۆژهەڵات ناسی رووس گوتەنی : ( ئەو هۆزانەی کە لەکوردستانی خواروو نیشتەجێ بوون ، بوون بە رێکخەری چینایەتی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی دەرەبەگەکان ) .« ۱۲ » کەتەلۆڤ نموونەی هۆزی هەماوەند دینێتەوە کەچۆن ئاغاکان جووتیرەکان دەچەوسێننەوەو قەڵاو قوللەو کۆشك و باڵاخانەیان هەیەو ئاغایەکانی جاف ( ٤٠٠٠ ) چوار هەزار جەنگاوەریان هەیە . موڵکیەتی دەرەبەگایەتی و شێوەکانی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی لەنێو ئێزیدیەکانی چیای شەنگالدا هەبووەو سەرکردەکانیان هەردوو مەڵبەندی ئایینی و دونیایی‌یان لەبن دەستدا بوو ، جووتیارانەی رەش و رووتیان پێ دەچەوساندەوە . زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستانی خواروو تا سەرتای شەڕی یەکەمی جیهانیش سەربەخۆی‌یەکی نیسبیان هەبووە بەتایبەتی ناوچە چیاییە دوورە دەستەکان تا وای لێ هات دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانی بەئاغا گەورەکان دەنا بۆ رێکخستنی هۆزەکان و گوندو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و مووچەیان لە دەوڵەت وەردەگرت . دەرەبەگە گەورەکان بەتەواوی مافی دەسەڵاتداریان هەبوو لە ناوچەکانی خۆیاندا بۆ نموونە شێخ شەمسەدین هەموو توتنی ناوچەکەی بۆ خۆی ( قۆرخ ـ احتکار ) کردبوو سەرانی ئامێدی بازرگانی مازوویان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو ، هەرچی سەروەت و سامانی ئەو ناوچانە بوو لە ژێر دەسەڵاتی ئاغاکان بوو . سەرۆك هۆزەکانی هاوسنووری ئێرانیش پێوەندییەکی سەربەخۆیان دەگەڵ حکومەتی ئێران دا هەبوو و نوێنەری خۆیان دەناردە تاران کەئەمە بەڵگەی لاوازی و دەسەڵات کزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو لەو ناوچانەدا .« ۱۳ » هەرچی لە سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیا بوو هیچ گۆڕانکاری یەك بەسەر سیستماتیکی زەوی و زاردا نەهاتوو کارکردن هەر بەگوێرەی یاسای زەوی و زاری عوسمانی یەکان بوو ، لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە لەهەندێك ناوچەدا بەیاننامەی تایبەتیان بڵاو دەکردەوە بەوەی کە شێخی عەشیرەتەکان زەوی و زاری جووتیرەکانی هۆزەکان وەکار بێنن و بەنێوی خۆیانەوە تۆماری بکەن ، کەئەمە هێندەی تر کۆڵەگەی دەرەبەگایەتی توندتر کردو زیاتر جووتیرانی تووشی ماڵوێرانی کرد . هەروەها هێزەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا دەرەبەگایەتیەکی نوێ یان دروست کرد بەوەی کە ئەو سەرەك هۆزانەی سەر بەداگیرکەران و کاسە لێسی ئینگلیزو دەسکەلای نفوزی سیاسی داگیرکەران بوون رێگەیان پێدەدرا لەسەر حیسابی جووتیران رووبەری زەوی و زارەکانیان فراوانتر بکەن .« ١٤ »

* شێوەکانی موڵکانەی زەوی وزار لە کوردستانی خوارووودا :
موڵکانە ـ RENT : بریتی یە لە بەکرێدانی زەوی یە بەراوەکان یان دێمی یەکان بەیەکێك یان چەند کەسێك بەرامبەر بە وەرگرتنی بەشێك یا چەند بەشێك لەبەرهەم بەشێوەی شمەك یا پارە«١٥»، موڵکانە لەهەموو کۆمەڵگا دەرەبەگییەکان سێ چەشنی سەرەکی هەبووە :.

١ـ موڵکانەی کارکردن : جووتیێر لێرەدا زەوی لە خاوەن زەوی یەکە بەکرێ دەگرێت بۆ چاندنی و لەبەرامبەری ئەوەدا جووتیێر بیگار بۆ خاوەن زەوی یەکە دەکات بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە لەسەری رێك دەکەون (لە هەموو شوێنێکی کوردستان موڵکانەی کار دەبینرێ و شێوەی هەرە بڵاوی ئەو موڵکانەش بێگاری یە، کە دەبێت جووتیێر هەموو چەشنە کاروبارێکی کشت وکاڵی و قورکاری بۆ خاوەن موڵکەکە بکات).«١٦»

٢ـ موڵکانەی بە شت وەمەك : بریتی یە لە بەکرێ گرتنی پارچە زەوی یەك لەلایەن جووتیێرانەوە بۆ چاندن و لەمەدا خاوەن زەوی یەکە بەشێکی بەرهەمەکە بۆ خۆی دەبات، ئەم چەشنە موڵکانەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەموو کوردستان دەبینرێت و موڵکانەی بەشت و مەك دەبێتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی ناکۆکی یە چینایەتی یەکان لەلادێیەکانداو وەك کارل مارکس دەڵێت : «جیاوازی لە وەزعی ئابووری بەرهەمهێنەراندا راستەوخۆ زیاتر دەکا»«١٧».

٣ـ موڵکانەی نەختینە : لەم جۆرەیان جووتیێرەکە پارچە زەوی یەك بەکرێ دەگرێت لەخاوەنەکەی بەمەبەستی چاندنی بەرامبەر بە برێك لەو پارەیەی کەلەسەری رێککەوتوون.«١٨» موڵکانەی نەختینە تایبەتی سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی پێوەندی یەکانی دەرەبەگایەتی و سەرەتای سەرهەڵدانی پێوەندی یەکانی نێوان کارو سەرمایەیەو وەك تەواوکاری هەردوو موڵکانەی کارکردن و بەشتومەك خۆ دەنوێنێ.

شێوەکانی چەوساندنەوەی موڵکانەی زەوی و زار لە کوردستانی خوارووودا لەگەڵ ناوچەکانی دیکە جیاوازی هەبوو، ئەو کرێکارە کشت وکاڵیەی کە زەوی و زاری لە کولاکەکان بەکرێ دەگرت دەبوو دەیەکی بەرهەمەکەی بۆ میری و دەیەکی تری بۆ خاوەن زەوی یەکە وەگیر بهێنێ ئەمە لەناوچە چیانشینەکاندا وابوو، جا ئەگەر خاوەن زەوی یەکە بنە تۆو ئاژەڵی کارکردنی بەکرێکارە کشتوکاڵیە کرێگرتەکە بدایە ئەوا دەبوو کرێکارەکان دوو هێندە یان سێ هێندە زێتر لەوە لەبەروبوومەکانیان بەخاوەن زەوی یەکە بدەن. ئاغا دەرەبەگەکان بەزۆری کرێکارە کشتوکاڵی یەکانیان بەکرێ دەگرت و کرێیان پێ دەدان، حەمە ئاغای گەورەی شاری کۆیە بۆ هەر کرێکارێکی کشتوکاڵی خۆی مووچەیەکی مانگانەی ٨٨ پاوەن گەنم، ٢،٥ پاوەن رۆن و کەمێك خوێ و چەردەیەك پارەی کەمی دەدانێ بۆ ئەو کرێکارانەی کە ئاغا بەخێوی نەدەکردن، هەرچی ئەو کرێکارانەش بوو کە ئاغا بەخێوی دەکردن تەنها بەنانەسکی دەژیان و بەس و دوایی تەواوبوونی کارەکەش جل وبەرگێکی نوێ و کەمێك

پارەی کەمی دەدانێ .«١٩» لەکوردستاندا شێوەیەکی دیکەی مولکانەی تایبەتی هەبوو کە نیوەکاری و قەرزدانەوە بوو بەکارکردن ، جا ئەگەر زەوی یەکە هی ئاغا بوایەو ئامرازەکانی کشت وکاڵیش هی جووتیارەکە بوونایە ئەوا هەردووکیان بەگوێرەی ئەم سیستەمە بنە تۆیان دەداو بەرهەمەکەش بەیەکسانی دابەش دەکراو دەبوو لەمەدا جووتیاری نیوەکار پەیین بۆ کێڵگەی ئاغا ببا و بەروبوومەکە بگەیەنێتەوە ماڵی ئاغا ، بەڵام ئەگەر جووتیارەکە هیچ ئامرازێکی نەبووایە ئەوا دەبوو یەك لەسێ ی بەروبوومەکە بباو هەڵ و مەرج و باری ژیانی جووتیارەکە لێرەدا هیچێکی حاڵی لە مافی کۆیلەکان کەمتر نەبوو ، کارل مارکس دەڵێت : «لەلایەکەوە ئەو کەسەی داوای سێ یەك دەکات توانای خۆی یان توانای یەکێکی تر بەکاردەهێنێ و خۆی دەکات بەخاوەن بەش و بەشێك بۆ خۆی دەبات نەك لەبەر ئەوەی کرێکارەو رەنجی داوە بەڵکو لەبەر ئەوەی خاوەنی بەشێکی کارکردنەکەیە واتە خۆشی دەبێتە سەرمایەدارێك ، لەلایەکی تریشەوە خاوەن زەوی داوای بەشی خۆی دەکات نەك لەبەر ئەوەی خاوەن زەوی یە بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کەسەیە قەرزی داوە واتە سەرمایەی داوە»« ٢٠ » . لەساڵانی قات و قڕی دا دەبوایە ئاغا جووتیارەکان بژیەنێ تا لەساڵانی بەپیت و فەڕدا زیاتر بیانچەوسێنێتەوە .« ٢١ »

هەڵ و مەرجی باری ژیانی جووتیاران لەئەنجامی هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی هەوەڵ پێوەندی یەکانی نێوان کارو سەرمایەو تێکەڵ بوونی کوردستان بەبازاڕی سەرمایەداری لەدوا باری بەربادی و خراپی بوون ، سووخۆرەکان زێتر رووچووبوونە نێو هەناوی جووتیارانی رەش و رووت ، بۆ نموونە ئەحمەد پاشا کە یەکێك بوو لە سووخۆرەکان و زێتر لە ( پەنجا هەزار ) پاوەنی ئەستەرلینی سەرمایە بوو ساڵانە ( ٣ ، ٢٣% )ی قازانجی لێوەدەست دەکەوت و جووتیارەکانیش ناچار دەبوون پارەی بەقەرز لێوەربگرن تا مەڕو ماڵات و بنە تۆی پێ بکڕن ، جا ئەگەر دوای ئەوە پارەیان نەبووایە قەرزەکەی پێ بدەنەوە ئەبوو یا زەوی یەکەی بۆ بفرۆشن یا لەبەرانبەری پارەکەدا بەوی بفرۆشن ، بەم چەشنە سووخۆرەکان بووبوون بەخاوەن زەوی و زاری گەورەو جووتیارەکانی سوو وەرگریش وەك کۆیلە بۆ ئەوان کاریان دەکرد .« ٢٢ »

ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای ئەوە بوون بەهەژاریەکی لەڕادەبەدەری جووتیاران و وەدیارکەوتنی پێوەندیەکانی سەرمایەداری لە ئاواییەکاندا کەبوون بەهۆی جیاوازی یەکی سەختی کۆمەڵایەتی بۆ جووتیارەکان و شوانکارەکان ، ئەو جووتیارانەی کە هیچ زەوی و زارێکیان نەبوو و ئەو شوانکارانەی مەڕو ماڵاتیان نەبوو ناچار دەبوون بۆ شارەکان رەو بکەن و دەبوون بەکرێکاری کرێگرتەو بەکرێیەکی کەم و هەقدەستێکی هەرزان و ژیانێکی کولەمەرگی و مەمرەو مەژی کاربکەن . جووتیارانی کشت وکاڵی لە ئاواییەکاندا گەورەترین هێزبوون لە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کوردستاندا ، جا ئەگەر چی ئاغاو

دەرەبەگەکان یان شێخ و پایەدارە ئایینی یەکان بەهۆی مەڵبەندی ئابووری و کۆمەلایەتی یان جڵەوی دەسەلاتی ئەم جولانەوانەیان لە بندەست بووبێ، ئەوا هەرگیز ناشێت بەهیچ شێوەیەك سروشتی ئازادیخوازی و رزگاریخوازی و دیموکراتیکی لەم جولانەوانە دابماڵرێت، کە هێزی سەرەکی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کورد هەر هەمووی، سووتەمەنی و ئاوری خەبات و بڵێسەی مەشخەڵی شۆڕش هەر تەنها پرۆلیتاریای کشتوکاڵی ئاواییەکان بوون.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:-


١- د . جەلیلی جەلیل : ڕاپەرینی کوردەکان سالی ١٨٨٠ ، وەرگێڕانی لە رووسی یەوە : د . کاوێس قەفتان ، بغداد ، ١٩٨٧ ، لا :١٧ .
٢- د . شاكر خصباك : الكرد والمسألة الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص٢١
٣- احمد فوزي : خناجر وجبال قاسم والاكراد ، بيروت ، ١٩٦٢ ، ص٢٦
٤- هەمان سەرچاوە لا :٢٦
٥- هەمان سەرچاوە لا :٢٥
٦- ا.م . منتشا شفيلي : العراق في سنوات الانتداب البريطاني : ترجمة د . هاشم صالح التكريتي ، بغداد ، ١٩٧٨ ص٦٨-٦٩
٧- ل . سێگاڵ : کورتەباسێکی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ ، نەجات عەبدوڵڵا کردویە بەکوردی ( دەستنووس ) لا :٢٥
٨- أنور صبري و اسعد الخالدي : تجربة الاصلاح الزراعي في العراق ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص٢٩
٩- د . عبدالعزيز سليمان النوار : تاريخ العراق الحديث ، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص٥٢-٥٣
١٠- د . عزيز الحاج : القضية الكردية في العشرينات ، بيروت ، ط٢ ، ١٩٨٥ ، ص٧٠
١١- هەمان سەرچاوە ، لا :٧٤
١٢- ل . ن . كوتلوڤ : ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق ، ترجمة د . عبدالواحد كرم ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ص٥٣
١٣- سەرچاوەی ژمارە ١٠ ، لا :٧٥
١٤- سەرچاوەی ژمارە ٨ ، لا :٣٠
١٥- د . محمد فاضل قفطان : رژێمە ئابوریەکان و کۆمەڵگای تەکنۆلۆژی نوێ ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٨٥ ، لا :٨٥
١٦- د . ئەورەحمانی قاسملو : کوردستان و کورد ، وەرگێڕانی : عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، چاپی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ ، لا :١٨٠
١٧- د . عبدالرحمن قاسملو : كردستان والاكراد ، بيروت ، ١٩٦٧ ، ص١٩١

۱۸. هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٥ ، لا :٨٦
۱۹. هەمان سەرچاوەی ژمارە ٦ ، لا :٦٩
۲۰. د . جەلیلی جەلیل : کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، وەرگێڕانی د . کاوێس قەفتان ، بغداد ١٩٨٧ ، لا :٦٢
۲۱. هەمان سەرچاوەی ژمارە ٦ ، لا :٦٩
۲۲. هەمان سەرچاوە ، لا :٧١

# مەرگی کولتورو کەسێتی کورد

ئاریان عومەر

پاشکۆبوون ـ تبعیة ـ لەزۆر تێزو بیرو هۆش و کەسێتی و کەلتورو سیاسەت . . .هتد . کوردیدا هەیە . کەجێ ی سەرسوڕمان و تێرامان و لێکدانەوەیە ، پا بەست بوون پەیوەندی گردن ، رەت کردنەوە ، لێکدانەوە . . . ئەمانە هەمووی تام و چێژی ئەو پاشکۆبوونە دەگرن ، کە بەراستی ئەمانەش خۆی لەخۆی دا جێ ی ترس و نامۆ بوونە لەنێو کەسایەتی یەکان و کولتورو کۆمەڵ دا . من پاشکۆییم بۆ ساتێکە یان قۆناغێکە . کەسی بەرامبەریشم پاشکۆیی بۆ ساتێکی تره یان بۆ قۆناغێکی تره ، کەلێرەدا هەرگیز پابەست بوون لەنێو من و کەسی بەرامبەرم رووئادات . داخرانێکە رازی نابێت ببێتە کەسی وەرگر ، خۆی لەم کەسێتی یەدا بەسووك و ریسوا دێتە پێش چاو . دەبێت ئەمیان شت پێشکەش بکات . دەبێت ئەم قوربانی بدات . کۆمەڵی کوردەواری بەدەر نی یە لەو کۆمەڵگایە ، کەبەتەواوی نایەوێت وەرگربێت بەڵکو قوربانی دەدات ، کۆمەڵگایەکی داخراوە . ئەم داخرانەشی لەبەرامبەر بیرو هۆش و سەردەمی لەکار کەوتووی باو باپیران و مێژووی دێرین و نەریتی تراددیسیۆن و . . .هتد . کەبەتەواوی جێ و شوێنی خۆی لەخەفە بوونی کۆمەڵایەتی داگرتووە . رەنگە بەخرۆشاندنێك ئەو ساتە لەکارکەوتووە بگەرێتەوە سەر هەستو هۆش و هێستریایەکی کۆمەڵایەتیش بەرئەنجام بدات ، لە کوشتن و برین و شەڕانگێری و سێکس . . .هتد .داخرانە ، بەرامبەر لێکدانەوەکانی خۆی چ بەرامبەر جیهان و چ بەرامبەر بەخۆی . داخرانە ، لە فیودالیزمی کوردی دا . کە ئەمانەش لەگەڵ ئەو ترادسیۆنە کۆمەڵایەتی یە خەفە کراوە «کبت» . رووداني گۆڕان بەرئەنجام ناگەیەنن . گۆڕانکاری و شۆڕش لەلای ئێمە ئەو شۆڕشە نی یە لە کتێب و سیمینارو بیرو بۆچوونی شۆڕشگێری و مارکسی دان . . . . . نەخێر ، چوونکە بە پراکتیك کردنی ئەم شۆڕشە چەند تیئۆرو چەند فاکتەرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە پشتەوەن . ئەمانەش لە کۆمەڵگای کوردەواری دانین . شۆڕشەکانی ئێمە هیچ گۆڕنکاری لە بونیادی ئابووری و دروونـــــــی و کەسایەتی دا ناکەن . هەمووی ئاواتخوازی «نەستیەن» ساتەکانی پێش شۆڕش دەکەن ، هەست دەکەن بە گوناه و پەشیمانی و بێز لێ کردنەوە لەو پێش کەوتنە کاتی یە ، ناتوانن هەڵگری ئاڵای بەردەوامی بن تاسەر ، ئایا ئەمانە بۆچی نابنە بەردەوامی و گۆڕان لە کەسایەتی دا ، ئایا ئەگەر واش نەبێت ئەو شۆڕشە سەردەکەوێ وەك رایش دەڵێت : «شۆڕش لە بونیادەوە ئایدۆلۆژیە سەرخانەکەی دا سەرناکەوێت ئەگەر کارنەکاتە سەر خودەکان و گۆڕانکاریان

تێیدا ئەنجام نەدات». ئەوەی راستی بێت ئەم پرسیارە خۆی لە مەودای پرۆسە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی کورد دەدات. ئەگەر سەیری پرۆسەی یەکبوون و یەکالآبوونی تیئۆرو پراکتیك بکەین ئەوا لەلای کورد دوو تایەکن کە مەحاڵە بەتەواوی یەکتری بگرنەوە. تیئور، زۆرتر پەیتابوون و پابەست بوونی خۆی بەبیرو هۆش و کەلتورو یۆتۆپیای کەسایەتی یەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لەخۆوە دروست نابێت بەڵکو فاکتەری گەورەمەن بۆ دروست بوونی تیئور، هەر لەکەسایەتی یەوە تاوەکو کۆمەڵایەتی و ئابووری، هۆکارن بۆ چۆنیەتی و چەندێتی ئەم تیئۆرە.

بەڵام پراکتیك، خۆی لەخۆی دا ئەو بارە گونجاوە دەخولقێنێ تێیدا ئاستی تیئور لە کۆمەڵگادا دەبێتە رابەر یان بونیاد، یەکبوونی ئەم دوو بوارە لەکۆمەڵگای کوردەواری دا نی یە. لەم کۆمەڵگایەدا جگە لەهۆکاری دەرەکی کەبوونەتە هۆی ئەم لێك دابڕانە، هۆکاری ناوەکی سەربەخۆی «کۆمەڵگاکە» هەیە کەهیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. دەرکەوتنی پاشکۆیی پابەستە بەو قۆناغ و پرۆسە کۆمەڵایەتی یانەی ئەو شوێنگەیەوە، کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاستی قۆناغێکی سەرەتایی یەو بەرهەمەکانیشی میتۆلۆژیاو ترادسیۆنە. ئەم بەرهەمانەشی بەدەر نابن لەنێو من و سروشت کە ئەو (من)ە بێ هێزو بێ توانایە پانتای خۆی لە سروشتدا دەدۆزێتەوە. دواجاریش بێ هێزیەکەی لەوەشدا دەبێت ناتوانێت لەسروشت تێبپەڕێت. وە لەو پەیوەندی یەی خویان دا دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئێمە سەیری قۆناغەکانی منداڵی بکەین ئەوا پاشکۆییێك هەیە کە ئەو پاشکۆییە خۆی بەخێزان و دایك و باوك دەبەستێتەوە، من نامەوێت باس لە گرێ ی ئۆدیب و گرێ ی لە پیاوەتی کەوتن بکەم. بەڵکو هەوڵ دەدەم ئەو بونیادە پاشکۆییە نەستی یە کوردیە بدۆزمەوە، ئەو خۆ هەڵواسینە لەمنداڵەوە بۆ خێزان. کەلێنێك لە ئەقڵی منداڵەکە دیاری دەکات ئەویش پابەست بوونە. لەویشەوە بۆ کەسەکان و رابەرەکان و دامەزراوەکان و ئاینزاکان،،،هتد. رووئەدات. کە بەتەواوی خۆی دەبێتە خێزان یان سروشت، ئەگەر تێپەڕاندنیش روونەدات ئەوا یەکالآبوونی ئەم پەیەوەندی یە سەرەتایی یە رادەگوێزرێتە کۆمەڵگا. لێرەدا ئەو پاشکۆبوونە بەرامبەر کۆمەڵگا بەرەنجام دەبێت. کاتێك بیر لە داپچڕاندن دەکەینەوە لەنێو خێزان و من و - من و سروشت - ئەوا نامۆ بوونێکی ناوەکی و کەسێتی چاوەڕێمان دەکات. کە ئەویش گەڕانەوە بەدوای نموونەیەکی تر. یان منێکی باڵای تر. لە ساتێك دا من لە نموونەی باڵای یەکەم رزگاری بوو بوو. بەڵام بۆ نموونەیەکی باڵای تر دەگەڕێت.

بۆ نموونە «لە گوتارێك بەنێوی - چیاکان ووڵاتەکەمن - نوسینی: سەمەندسیابەند، ئامادەکردنی - لاس.» پەیەوەندی نێو کوردو شاخەکان، وەك پەیوەندی دایکی وایە، «کە دەڵێت: پەیوەندی نێو کوردو چیاکان وەك هی

جوتیارێك و کێلگەکەی وایە، کە هیچیان بەبێ ئەوی تریان مانای نی یە» ئەم تێزە زۆر نزیکە لە کەسایەتی کوردی یەوە. کە بەتەواوی پابەست بوو بە فیودالیزم و ئەفسانەیی کورد وەدەردەخات. ئایا ئەو پەیوەندی یەی هیچ مانایەك بە بونیادی دەروونی و قۆناغی کۆمەڵایەتی کورد نابەخشێ؟ بێ گومان مانای گەورە دەبەخشن، زۆر لێکدانەوەی جیاوازیش بەگژی یەکتری دا دەکات. ئەگەر بەشێوەیەکی سایکۆئەنترۆپۆلۆژی سەیری ئەم تەڵەزگە کوردی یە بکەین ئەوا بریار دەدەین کەهێشتا کورد پابەستە بەسروشتەوە، بەڵام پابەست بوونێك کە نامۆیە بەو پابەست بوونە. مەبەستم تەنها لەست نی یە، بەڵکو مەبەستم لەو تایبەتمەندیانەی لەنێو من و سروشتی کوردی دا هەن، بە واتایەکی تر مێژووی کورد خۆی و ئەفسانەو ترادسیۆنی خۆی، کەتێك هەڵرژانێکە بەشێوەیەکی پاشکۆیی کە ئەگەر میتۆلۆژیای دراوسێکانی نەبێت ناتوانین تایبەتمەندی یەکەی خۆی بدۆزیتەوە.

ئەگەر پرسیارێك بکەین کە بۆ باسەکە پێویست دەکات، ئەویش جیاوازی چی یە لەنێو بەسروشت بوونی من، لە کۆمەڵگای سەرەتایی و بەسروشت بوونی من لە کۆمەڵگای ئێستامان دا؟

ئەو جیاوازی یە لەسەر ئاستی بە سروشت بوونی من، دەگەرێتەوە بۆ کات و شوێن و هۆکاری ناوەکی و دەرەکی ئەو کۆمەڵگایە. ئەگەر سەیری کۆمەڵی سەرەتایی بکەین کە ترادسیۆن و بیرۆکەی میتۆلۆژیا بونیادە دەروونی و ئیش پێ کردنیەکانی یەتی. ئەوا هێزێك دەدۆزینەوە کە خودی ئەو ساتە لە خودی ئەم ساتە جیادەکاتەوە. کە لە منی ئەم ساتەی کۆمەڵی کوردی دا نی یە ئەویش نەرجسیەتی منە لەپشت هەموو کارەکانی یەوە وەك فرۆید دەڵێت «مرۆڤی سەرەتایی دڵنیاییەکی لە رادە بەدەری تێپەراوی بەتوانای ئارەزووەکانی مەیە»ل١١١، الطوطم والتابو، نووسینی: سیغموند فرۆید. وەرگێرانی - جورج طرابیشي» نموونەی ئەفسانەیش هەن بۆ ئیش پێ کردنی ئەم جۆرە دڵنیابوون و توانایەی لەمنی سەر بە سروشتی سەرەتایی. وەك دەستگیربوونی کەسی بەرامبەر بەهۆی ناوەکەیەوە یان بەهۆی شتێك لە تایبەتمەندی یەکانی کەسەکەوە. منی نەرجسی کوردی لەم ئەفسانەو بیرۆکە سەرەتایی یە بەدەر نەبووە، بەڵام بەهۆی نەتوانین و پابەست نەبوونی ئایینە سەربەخۆیەکانی کورد «وەك زەردەشت و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و باجوان و عەلەوی و هەقەو... .هتد» کە ئەمانە هەمووی ئایینی کوردەوارین یان لەناوچەکانی کورد سەریان هەڵداوە. کەچی هیچیان بەتەواوی نەیانتوانی سەقامگیر بن لەبیرو هۆشی کوردیدا. ئینجا ئەو گواستنەوە رووبدات لە خودی نەرجسی بۆ دینی خۆیان یان پابەست بوونی خوایی... تەنها دینێك نەبێت ئەویش شێوەیەکی کۆلۆنیالی بەسەر زۆربەی بیرۆکەو ئایینەکانی کوردی دا زاڵ بوو، ئەویش ئایینی ئیسلامە. کە ئەمیش نەیتوانیوە بەتەواوی منی سەر بەسروشت رزگار بکات و بیخاتە سەر ئاینزای خۆی کە بەدەربێت لە سروشت. ئەویش هۆکاری

گەورەمەن بۆ ئەم ناکام بوونە؟

ئایینی ئیسلام وەك ئەفسانەکانی خوایی لە کردەی پیاوچاکان و رابەرەکاندا دەبینێ. «کە ئەمانەش بوونیان هەبوو نەوەکو فریشتە بن و نە بینراوبن» ئەوان نوێنەری خوان لەسەر زەوی، ئەگەر ئەوانیش هەڵەیان کرد ئەوا خوا نەیکردوە، بەڵکو پیاوچاك و رابەرەکان کردوویانە ئەمەش هەمان بیرۆکەی ئەفسانەکانی رۆژهەلاتە وەك ئایینی مانی کە خوایان گیانی پیرۆز لەپشت رووەك و بن گیانەکاندا دەبینێ، یان لەئیزیدیەکاندا تاوسی مەلەك هەیە، فریشتەیەکە و راستەوخۆ کاروباری جیهان دەبات بەڕێوە. بە جیاوازیەك کە ئەم جیاوازیەش زیاتر پابەست بوونەکە گەورەتر دەکات بەسروشتەوە. ئەویش خوا لەلای میتۆلۆژیای کوردیدا بە تەواوی «ئەنترۆپۆمۆرفیستی‌یە ـ Antropomoroph ـ واتە لەشێوەی مرۆڤە. «کەبەتەواوی لە کردەی خوا لەلای ئیسلام لەم شێوەیە دایە کەنموونەی بالأیان بەشێوەیەکی بەرجەستە هەیە لەسەر زەوی» وە نەبەتەواوی نەبینراوە. بەڵکو وەك جەمال نەبەز دەڵێت: خوا لە میتولۆژیای کوردا ـ ئۆمنی پریزەنتە ـ Omnipresent ـ واتە لە هەموو شوێنێکدا هەیە. «لە کورتەی کتێبی ـ لێکسیوکۆنی میتۆلۆژیای کوردی ـ نوسینی: د. جەمال نەبەز ـ وەرگێراوە». کە ئەمەش دوو راستی گەورە دەسەپێنن. ئەویش ـ خوا بەرپرسیار نی یە لەو هەڵەو خراپەکاری یەی کە لەبەڕێوەبردنی کورد دا دەیکات. وە دووەمیشیان ئەوەیە کە مرۆڤی کورد لە کاروبارو پێویستی‌یەکانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ روو لە خوا نانێن بەڵکو روو لە یاوەرو فریشتەکان و شێخەکان . . . دەنێن. بۆ نموونە کە جەمال نەبەز نموونەش دەهێنێتەوە بۆ ئەوە ( روو دەکەنە شێخ هادی و سوڵتانی ساق و تاوسێ مەلەك و حاجی کاك ئەحمەدو مەولانا خالیدو شێخ عبدالقادری گەیلانی «غەوس» . . . .هتد. وەیا لەلای عەرەبەکانیش روو لە شێخ جونێدو حەسەنو البصري «٦٤٢ـ٧٢٨» حەلاج ـ کەلە ١٠٢٢دا لە بەغداد لەدار دراو سوتێنراو خۆڵەکەشیان فڕێ دایە دجلەوە. ئەمانەش یەك راستی گەورەدەسەپێنن کە، لەلای کورد منی سەر بەسروشت لە کۆمەڵگای ئێستەو سەرەتایی‌مان دا هەریەك منە. بەلأم بەجیاوازیەك ئەویش منی سەر بەسروشتی سەرەتایمان. چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کەلە پێشتر لە تێزەکەی فرویددا دیاریمان کرد ئەویش: مرۆڤی سەرەتایی دڵنیاییەکی لە رادە بەدەرو تێپەڕاوی بەتواناو ئارەزووەکانی خۆی هەیە). کەئەمەش لەلای منی سەربە سروشتی ئێستاکەمان دا بوونی نی یە. چونکە ئەو ئارەزووانە نەخراونەتە ئیش کردنێکی راستەوخۆ بەڵکو چوونەتە ئەودیو ئارەزووە تازەو وەرگێراوەکانی ئەم سەردەمەمان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە رەتیان کردووەتەوە یان کۆتایی پێ هاتووە. نەخێر، بەڵکو لە بارگرتنی رێگەیەکی ترە یان بزربوونێکی ترە یان نامۆ بوونێکی ترە بۆ دەستکەوتنی ئەو ئارەزووە سەرەتایی‌یانەی کە لە هەردووبارەکەدا منی سەر بەسروشتی سەرەتایی و ئێستامان هەر هەمان منە. کە سروشت رەت ناکاتەوە. بەڵکو من

سروشتەو سروشتیش منە. ئایا هۆکاری ئەم بنبەست بوونە گەورە دەروونی یە چین لەسەر کوردو بۆچی تاکو ئێستا ئەو یاخی بوونەی بەرەنجام نەداوە؟ مەبەستم زیادکردنی هۆکاری ئەم تەڵەزگەیەیە. ئایا هۆکاری ئابوریش چۆن خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا ئەم بنبەست بوونە چی لە منی کورد دەکات؟ ئەمانەو پرسیاری تریش خۆی دەخاتە بەردەممان. کە پێویستیەك دروست دەكات. ناتوانین خۆمانی لێ گێل بکەین کە لێرەوە باسی ئەو چەند پێویستی‌یە دەکەم، ئەویش بوونی دەوڵەتە. چۆن دەکەوێتەوەو چی لە ئەقڵی کوردی دەخاتەوە؟ لێرەدا پێویستە چەند راستیەك لە بونیادی ماددی دەوڵەتدا دیاری بکەم و ئەو هۆکارە بەردەوامیەی کە پەیوەندی ژیاری تاکەکان دیاری دەکات و پەیوەندی ئیش و ژیان لە شوێنێکی دیاریکراو و پێویستی‌یەکانی تاکی یەك بەرامبەر بە تاکی دوو کە دەبنە هۆی بەردەوامی و دروست بوونی چوارچێوەیەك کە خۆی لە دەوڵەتدا دەبینێت. پێویستە چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ بەردەوام بوونی ژیانی تاکەکان، کەئەمەش هۆیەکە بۆ دروست بوونی سیاسەتی دەوڵەتی و ئیتنیکی، وە ئینجا دانانی مانای بوونی دەوڵەت خۆی لە رێکخراوو دامەزرێنەوەکانی «مؤسسة» سەر بەدەوڵەت خۆی دەنوێنێ و بەردەوام دەبێت. کاتێ سەیری کوردستان دەکەین ئەوا بەگشتی چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. کە ئەمەش خاڵی لەدایك بوونی دەوڵەتەو دواجار بەرێوەبردنی نەتەوایەتی، بەڵام بەهۆی ئەو دابەش کردنەی کە کۆلۆنیالیەکان بەسەریان داهێناوە. ئەوا ئەم پرۆسەیە بەرئەنجام ناگەیەنێ. لەلایەکی تریشەوە بڵاوی دانیشتوان و شوێنگەی جوگرافی کوردستان بوونەتە هۆی نەتوانینی سەقامگیربوونی ئەو چوارچێوەیە کە ئەمەش لە بوونیادی دانانی دەوڵەتی دراوسێ یدا بۆتە هۆی لەخۆ گرتنی تەرزێکی پاشکۆبوونی ئەو وڵاتە دراوسێ یانەو مانەوەی ئەم پاشکۆبوونە خۆی لەخۆیدا رەگ و ریشەیەکی دوورو درێژی هەیە. نەك هەر بە داگیر کردنی کۆلونیالی ئەم رەگ و ریشەیەی پاشکۆبوون دیاری بکرێت. بەلکو هۆکاری تریش هەن وەك ئایین زا «مەزهەب» کەئەم پاشکۆبوونە هەر لە دەست بەسەراگرتنی دەوڵەتی ئیسلامی یەوە دەستی پێ کردووە. پاشکۆبوونی فارس بۆ رزگاربوون لەعەرەب پاشکۆبوونی تورك بۆرزگار بوون لە فارس پشکۆبوونی عەرەب بۆ رزگاربوون لەوانەی تر. ئەم دەوڵەتانەش هەموویان دەوڵەتی ئیسلامی بوون. زۆر بەڵگە هەن بۆ ئەمجۆرە پاشکۆ بوونە ئێستاش لە پانتایی سسیاسی و شۆرشی کوردیدا ئەم جۆرە پاشکۆ بوونە دەبینرێ و بەردەوامە. وە خاڵێکی گرینگی تریش باس دەکەین بۆ سەقامگیربوونی دەوڵەت ئەویش دامەزراوەکانە ـ مؤسسات ـ. ئەمەش بۆ بەسەرکردنەوەی رێکخستنی هەموو کەسانی سەربەو چوارچێوەیە، راستە زۆر جار دامەزراوەی وا هەن کە تەنها لە پێناوی خاوەنداریتی تایبەتی دان. بەڵام پێویستی ئەم دامەزراوانە لەوە دایە کە خاڵێکن بۆ پڕکردنەوەی لایەنەکانی دەوڵەت. یان بڵاوبوونەوە دەوڵەت وەك هێزێك. کە ئەم رێکخراوانەش شێوەیەك

لە شێوەکانی رامیاری و بەڕێوەبردن و ئیدارەیەکی زۆر گەورەو گران دەکەن ؟

ئەگەر سەیری دامەزراوەکان وەك قەوارەیەك بەکەین کە زۆر لە چالاکی یەکان لەناو کۆمەڵێك یا کۆمەڵگایەك دەگێڕن لێرەدا دامەزراوەکان گەشەو نەشونمای ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسای و ئیداری سوپایی بەهێزو . . . ئەمانە هەمووی بوونی دیوانی ـ الدیوانیة ـ دەسەپێنن . کە پڕاوپڕ ئەوە دەزگایەکی رێکخستن و پارێزگاری دەوڵەتە . پێویستە ئەوە بزانری کەتەنها هۆکارەکانی بەرهەمهێنان کارناکەنە سەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەس . بەڵکو رێگاکانی ئیداریش بەشدارن لەم گۆڕانەدا. کە ئەمەش دەچێتە ریزی گەشەو پێشکەوتنی چوارچێوەی سیاسی یەوە . بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەوڵەت بکەین باسی ئەو بیرو رایە جیاوازانەش بکەین کە چۆن ئەم دیاردەیە لێك دەدەنەوە ئەوا هەریەکە بەجۆرێ لێکی دەداتەوە . ئەگەر سەیری مارکسیەکان بکەین دەبینین بەگشتی دەوڵەت و نەتەوایەتی دەبەنەوە بۆ گەشەکردنی بۆرژوازی . وە واش تێدەگەین کە یەکبوونی پرۆلیتاریا لە رێگای شۆڕشەوە دەچێتە جێگەی دەوڵەتی نەتەوایەتی یەوە ـ یان ئەگەر سەیری دۆرکهایم بکەین ئەوا خاڵی گەشەکردنی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکردنی کار ( تقسیم العمل ) . ئەگەر سەیری ماکس ڤیبر کەئەمیش لە تێڕوانینێکی ترەوە دەڕوانێتە دەوڵەت و دیوان دەڵێت ( پێشکەوتنی شێوەکانی « نوێ » کۆمەڵ بوون ، لە هەموو مەوداکاندا « وەك دەوڵەت و کلێساو سوپا ، حزب ، بنچینەکانی ئابوری و کۆبونەوەی مافەکانی کۆمەڵە ، دامەزراوەکان و . . . . هتد » بە شێوەیەکی ئاسان لەگەڵ گەشەکردنی دیوانی و پێشکەوتنی بەردەوامی دا یەك دەگرنەوە : لە دایك بوونی ئیدارەی دیوانی ، بەشێوەیەکی نزیك ، تۆوی دەوڵەتی رۆژئاوای نوێیە ) ل١٩ ، سوسولوجیا الدولة ، نوسینی : بوتران بادی و بیاربیرنیوم ، ترجمة . جرزف عبداللەو جورج ابی صالح . راستە ڤیبر بوونی ئابوری لەپشت هەموو شتەکانەوە دەبینێت ، بەڵام وەك لەم تێزەشدا دیارە بوونی لایەنەکەی تریش رەت ناکاتەوە . کە ئەویش هۆکاری سیاسی و ئیداری یە « دیوانی » . سەقامگیربوون و بەکاربوونی ئەمجۆرە سیاسەتە کە لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت دان بەپێ ی قۆناغ و مێژووی چوارچێوەیەك دەبەسترێتەوە ، دەرکەوتنی چینی سێ یەمیش کە بەتەواوی ئیداری یەو سەرقاڵی تایبەتمەندێتی بەڕێوەبردن و رێکخستن و دابەشکردنی ئیش و سەقامگیربوونی دەوڵەت و سەقامگیربوونی دامەزراوەکان و پێویستی یە ئیداری و ئابوری یەکانە ئەو چینەش بەچینی تەکنۆکراتی ناسراوە . کە بەتەواوی سەقامگیری دەوڵەت و دابەشکردنی کار دەسەپێنن کە دۆرکهایم بەخاڵی سەرەکی دانا بۆ دەرکەوتنی دەوڵەت .

لێرەدا رێڕەوی ئەمەش بە چەند وشەیەك باس دەکەم ، دەرکەوتنی چوارچێوەیەك و گەشە کردنی ئەم چوارچێوەیەش بۆ دەوڵەت و نەتەوە . واتە لەپێشدا چوارچێوە هەبووە ئینجا بەهۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باس کران پابەست بوونی ناو چوارچێوەکە دروست بووەو دەوڵەتی دروست کردوە . . کە

ئەمەش بەرهەمێکی گەورەی دەروونی لەناو کەسسیتی دا دروست دەکات ئەویش سەربەخۆیی یە. ئەم ئەقلانی بوونە سیاسی و دەولەتی یە کەخۆی وەك قەوارەیەك لەکۆمەڵگایەکی «وەك رۆژئاوا» دەردەخات بەتەواوی لایسێتی (علمانی) دەولەت دەردەخات لەچاو تیژو بۆچوونەکانی ئایین دا. کەبەتەواوی دەسەلاتی سیاسی لە دەسەلاتی ئایینی جیا کردۆتەوە. لەپێشتردا هەندێك هۆکارو خاڵمان بۆ چۆنیەتی رووداني ئەم پرۆسەیە شی کردەوە کە چۆن لایسێتی لە دەسەلاتدا رووی داوە. وەك گەشەکردنی ئابوری و گەشەکردنی سیاسەتی سەر بە چوارچێوە. وەهەروەها کاریگەری بۆ یەکلابوونەوەی نێوان مەسیحی و میر، بەهۆی بیرازی دینیەوە «اصلاح الديني» کە ئەمەش گەشەکردنی سسیاسی سەر بەمیر دەردەخات وە سیاسەتی سەر بەئەو جیاکردنەوە گرنگەیە روودەدات لەنێوان دەسەلاتی سیاسی میرو دەسەلاتی کلێسەدا. لێرەوە پاشکۆبوونە کۆمەلایەتی‌یە ناوەکیەکان دەست پێ دەکات. مەبەستم ئەو وویستانەیە کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گەشەو پێش دەکەوێت - میر - شێوەیەك وەردەگرێت کەهەموو هێزەکانی سروشت و خواوەندەکانی پێ یە. کۆتایی ژیانی مرۆڤی سەر بە چوارچێوەکەش بەمیرە، دەسەلاتێکی کاریزمی لە ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ دەچەسپێنێ. کاریزمای کوردیش لەمە بەدەر نی یە، بەلام جیاوازی یەکی زۆر گەورە هەیە، سەرکردەکانی کورد، ئەقڵێتیان لە سەقامگیربوونی منێك کە کوردی بێت و سەر بەچوارچێوەو دەولەتی خۆی بێت بەدەرە، ئەقڵێتیان لە هەستی نەتەوایەتی بەدەرە.

هۆکار هەیە بۆ ئەمجۆرە ئەقڵیەتە، یەکێك لەو هۆکارە گرینگانە ئەوەیە کە سەرکردەکانیش پاشکۆی دەسەلاتە کۆلۆنیەکانیانن. خۆیان لەناو دەسەلاتی ئەم کۆلۆنیالیانەدا دەدۆزنەوە. وەك د.ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ «کورد هەقی ئەوەشی نەدراوەتێ کە بەکۆلۆنی کراو سەیر بکرێت». کورد ئەو جۆرە مێژوویەی لەکیس چووە کەوەك لە چاخی رابووندا - النهظة - هەبووە. زۆر لە کۆمەڵناس و مێژوو نوسان گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە دەولەت لەو چاخەدا پێش هەموو شتێ لە پەیمان بەستنی سەرۆکە دەرەبەگەکان لەدایك بووە. وە ئینجا پەیمان بەستنی بەرژەوەندی ناوچەگەری» ل٤٨، سوسولوجيا الدولة.

ئەم مێژووە پلە پلە لەلای کورد جێ هێڵدرا، کورد لەم ساتەدا نە دەتوانن لە سەر دروست بوونی دەولەت رێك بکەون و نە دەتوانن لەئەنجامی ئەمەوە بەرژەوەندی ناوچەگەری نەتەوایەتی دروست بکەن، کۆلۆنی کردن بەسەر کوردا زۆرە - لە رۆژهەلاتدا لە چواردانە کەمتر نین لە رۆژئاواش بەهۆی ئەم چوار ولاتەوە کۆلۆنی یەکی تری بۆ دروست کردوون، کەبەهۆی ئەمانیشەوە کالا کانیان لە نێو بازارەکانی کوردا هەیە. ئەو کالایانەش کاردانەوەیەکی گەورەن بۆ دروست کردنی بەپاشکۆ بوونی ئابوری کورد، کە کورد پابەستی ئەو کالایە دەبێت، نەدەتوانێت خۆی دوورخاتەوە لەو کالایەو نە هەولدانی پیشەسازی لەلا دروست دەبێت «واتە هەولدانی پیشەسازی»، ئەگەر دروستیش بێت ئەوا لە

چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەبێت.

ئەگەر باسی منی سەربە سروشت بکەین بەشێوەیەکی پسیکۆلۆژی ئەوا پێویستە بچینەوە سەردەمەکانی منداڵی. بۆ گەشەو نەشونماکردنی ئەو منەو چۆنیەتی پابەست بوونی بە سروشت و دواجار چۆنیەتی جیابوونەوە بەهۆی هەست کردن بە جیاوازی سروشت و جەستەی خودی خۆی. کە ئەمەش تێڕوانین و تێڕامان لەنێوان من بۆ سروشت دروست دەکات. دواجاریش دەست بەسەرا گرتنی من بۆ سروشت و بەکارهێنانی، ئەم بەکارهێنانەش زانست و توێژینەوەو خاوەنداریێتی تاکە کەس و شەڕانگێزی و دەسەڵات و سەربەستی خودو.. هتد بەرهەم دێنن.

من بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی یە، کە وەك یەکاڵاکەرەوەیەك وایە لەنێو ژیانی ناوەکی و ژیانی دەرەکی، کاتێك هەڵرژانێك لەنێو ئەم دوو جیهانەدا دروست دەکات. جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی ناوەکی و خود، من - پانتایەکی گەورە دەگرێت لە پەروەردەو گەشەی کۆمەڵایەتی دا، کە دەتوانرێ ئەم منەو گەشەکانی بەپێ ی قۆناغ لە ساتە وەختی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراودا دیاری بکرێت. لێرەدا تێڕوانین و کار کە دەرهەق بە سروشت دروست دەبێت و دەچێتە دەرەوەی سروشت. کەواتە من لێرەدا لەو پانتایەی سروشتدا کارناکات. لێرەوە چەند دەرەنجامێکی شارستانیەتی و پێشکەوتوو دەستگیر دەبێت، ئەویش کۆمەڵگای ئیش و دەسکەوت و پاشکەوت و دەست بە سەراگرتنی هەر لە سروشتەوە تاوەکو مرۆڤ خۆی دەگرێتەوە. ئەمەش کرۆکی ئەو چێژەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێت لەم قۆناغەدا، هەر لەم قۆناغە کرۆکەدا دەتوانرێ ئەو قۆناغە کۆتایی پێ بهێنرێت ئەویش بەپێ ی پرسیارێك، ئەگەر مرۆڤ خۆی هەست نەکات بووە بەو شتە یان ئەو کاڵاو دەستی بەسەرا گیراوە لەلایەن خۆشی یەوە «مرۆڤ»ەوە، چۆن هەست دەکات کە خۆی لەو تەڵەزگە بزر بوون و نەمانی مانای مرۆڤایەتی دا دەژێت؟. بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت ئەم قۆناغە پێویستە بۆ گەشەکردن‌و نەشونماکردنی کۆمەڵگاو کەسایەتی، کۆمەڵگا وەك ئەو دەسکەوتانەی کە دەرەنجامی دەگەیەنێ لەو گەشەکردنەو کەسێ تیانەش گەشەکردنی دەروونی و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە کەسێتی تووشی دەبێت.

□

# پەیمانی لۆزان و ترازیدیای چارەنووسی گەلی کوردستان

هاوڕێ عەلی پوور
مەهاباد

بەرایی :

دوا بەدوای ئەوەی مستەفا کەمال هەرەسی بە دەسەڵاتی عوسمانی واتە حکومەتی قوستەنتینەی سوڵتان هێناو جاڕی دەوڵەتێکی نوێی نیشتمانی داو لە زنجیرەیەك جەنگ و پێکدادان دەگەڵ یۆنانیەکاندا سەرکەوت و ئەزمیری لە چنگ یۆنانییەکان وەرگرتەوە، ئەمجارە بیری داواکردنەوەی ویلایەتی موسل لە سەری دا. «دوای ئەمە کە لە لایەنی جەهەتی رۆژئاواوە بەرامبەر بە لەشکری یۆنان سەرکەوتن و لە «٩»ی ئەیلولی ١٩٢٢ «ئیزمیر»یان گرتەوە، بڕیاریان دا بە پاککردنەوەی هەموو « ئەنادۆڵ»و لە «٢٠»ی هەر ئەو مانگەدا دوا نەفەری یۆنانییان لە ئاسیای بچووك «تورکیا» کردە دەرەوە»«١». بە شوێن ئەم سەرکەوتنە دەسەڵاتدارانی تورکیای نوێ کەوتنە پەلەپروزێی داواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ و پێیان وابوو کە ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە کۆماری تورکیاو دەوڵەتی تورکیا، ویلایەتی موسڵی بە شەڕ لەدەست نەداوە تا بەریتانیا هەقی ئەوەی هەبێ ویلایەتی موسڵ داگیر بکات. تورکەکان ئاوها چاویان لە ویلایەتی موسڵ بڕیبوو کە لایان ستەم بوو دەستبەرداری ببن و «بەو چاوەی کە فەرەنسزەکان تەماشای «ئەلیساس و لۆرەن»یان ئەکرد ئەیانڕوانییە «موسڵ»و بە هیچ جۆرێك لەو بیرەدا نەبوون کە دەستی لێ هەڵگرن و بە لایانەوە وابوو کە بەجێهێنانی «میساقی میللی» تورك بە سەندنەوەی «موسڵ» جێبەجێ دەبێ و دێتە دی»«٢».

لەلایەکی دیکە تاوسەندنی جولانەوەی نیشتمانی خوارووی گەلی کوردستان بە ڕێبەری شێخ مەحموودو دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی خواروو ئەو هێندە کەمال مستەفایان تۆقاندبوو کە زۆر لەوە دەترسا بەریتانیا نیازی ئەوەی هەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچەکە دابمەزرێنێ، نەخوازەش کە لە پەیمانی سیڤەر Sevresدا گەڵاڵەنامەی یاسایی ئەم دەوڵەتە ئەگەر دابمەزرابوایە هاوڕێ دەگەڵ یاسای نێودەوڵەتاندا قەوارەی خۆی وەردەگرت. بێگومان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر مستەفا کەمال و لەگۆڕنانی پەیمانی سیڤەرو گۆڕینی بە پەیمانێك کە خواستەکانی تورکیای مستەفا کەمال دەربڕێ خەونێکی گەورەی بوو تا «لە کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ئینگلستان و فەرەنگستان و ئیتالیا کە لە پاریس «کانوونی

دووەمی ١٩٢١» بەسترا، بڕیار درا کۆنگرەیەکی تایبەتی لە لەندەن بۆ چاوگێڕانەوە بە پەیمانی سیڤەر ببەسترێ»«٣». هاوڕێ دەگەڵ سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی بزووتنەوەی کەمالیستەکان، وڵاتە هاوپەیمانەکان ناچار دەبوون بۆ وەگیرخستنی بەخششێکی هەرچی زیتر، پشت لە چارەنووسی گەلانی بێ وڵات و بندەستەی ناوچەکە بکەن و تەنانەت لە وادەو پەیمانی درۆزنانەی نێودەوڵەتی خۆشیان پەشیمان ببنەوە «جا کاتێك هاوپەیمانەکان لەژێر گوشاری بزاڤی ناسیۆنالیستی کەمالیستەکان ناچاری ئەوە بوون تا چاو بە پەیمانی سیڤەردا بخشێننەوە، ئەوە بوو لە کۆنگرەی لەندەن کە لە «٢١»ی فیوریە ـ «١٤»ی ئازاری ساڵی ١٩٢١» بۆ چاوگێڕانەوە بە پەیمانی سیڤەر بەسترا، هاوپەیمانەکان بانگیان هەڵدا «کە ئەوان ئامادەن لەژێر ڕۆشنایی ڕاستییەکانی هەلومەرجی ئێستادا، لەو بابەتانە بکۆڵنەوە کە تایبەت بە کوردستان بوون»«٤». لەلایەکی دیکە ویلایەتی موسڵ وێرای دەوڵەمەندی بە نەوت و بەروبوومی کانزایی دیکە چ بۆ وڵاتی نوێی تورکیاو چ بۆ بەریتانیای کۆلۆنیالیزم ناوچە خاڵێکی ستراتیژیکی زۆر گرینگ بوو کە نەیاندەتوانی ئاوها بە ئاسانی دەستبەرداری ببن، «بەریتانیا دەیویست ویلایەتی موسڵ بکاتە سەرپردێك لەدژی یەکێتی شوورەوی»«٥». هەر لەم پێوەندانە بوو کە دوای ئەوەی حکوومەتی نیشتمانی بە ڕێبەری مستەفا کەمال جڵەوی سەرکردایەتی لە وڵاتدا گرتە دەست هەر زوو هێزە نیزامییەکانی تورکیا دزەیان دەکردە نێو سنووری کەوشەنی وڵاتی ئێراقی تازە دروست بوو و بە گژ هێزەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا دەچوونەوە. جوولانەوەکانی ئۆزدەمیری بە ڕەگەز چەرکەسی میسری لە ڕواندوز لە نیوەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢و داگیرکردنی شارۆچکەی ڕواندوزو هاندانی عەشیرو هۆزە کوردییەکان لە ناوچەکانی هەولێرو کەرکوك و سلێمانی و ناوچەکانی سەر سنوور دەگەڵ ویلایەتی موسڵ لە زاخۆو چەند ناوچەی دیکە لەو هەنگاو هەڵگرتنانە بوون کە تەواو دەسەڵاتی دەوڵەتی میترۆپۆلی بەریتانیایان هەراسان کردبوو. «بەریتانیا لەوە دەترسا کە هێز لە دژی مستەفا کەمال بەکار بهێنێ کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕووسیاوە پشتگیری لێدەکرا»«٦». مستەفا کەمال چاك لەوە تێگەیشتبوو بەریتانیای گەورە تازە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە هەموو وڵاتانی دیکە لەو شەڕە چوارساڵییەدا زیتر زیانی لێکەوتووەو باری ئابووری کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ئەو هێندە پەرپووت و نابووت نەبووبوو کە باس بکرێ، بەشێوەیەك بەریتانیا لەو شەڕەدا «نزیکی سێ چارەکی بەروبوومی نەتەوایەتی خۆی لەدەست دا کە هەمووی بەسەر یەکەوە ٨,٥ ملیار ژونەیهی ئەستەرلینی بوو کە ٧٠%ی لە زیانی ماددی فەرەنگستان زیتر بوو»«٧». بە بەراورد دەگەڵ زیانەکانی سەرجەم شەڕی چوارساڵەی جیهانیدا «زیانی بەریتانیا لەو شەڕەدا ڕێژەی ٢,٥ی سەرجەم زیانی ماددی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە زیانی تەواوی سەرجەم وڵاتان لەو شەڕەدا «٣٣٨» ملیار دۆلار بوو»«٨». ئەوەندە بەسە کە

بڵێین قەرزی دەوڵەت لە ساڵی ١٩١٩ واتە تەنها ساڵێك دوای وەستانی شەڕی یەکەم گەیشتە «٧٨٢٩» ملیۆن ژونەیهی ئەستەرلینی. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم راستییە ستاتیستیکییانە ستەم بوو تازە بەریتانیا خۆ لە شەڕێکی دیکە بدا دەگەڵ تورکیاو لەولای دیکە مستەفا کەمال وا توند خۆی بە یەکێتی شوورەوی پابەند کردبوو کە ئەگەر بەریتانیا بچووبایە کۆڕی شەڕ دەبوو دەگەڵ شوورەوی شەڕێ بکا. هەروا لەو سەروبەندەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، بازاڕی سەرمایەداری پاش ئەو قەیرانە قووڵەی کە لە ئەنجامی شەڕی چوارساڵە «١٩١٤ ـ ١٩١٨» تێیکەوتبوو، دەبوو خۆ لە جەنگ وەدوور بگرێ و کەمێك ئاسوودە بێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا ناچار ملی بۆ تورکیا داداو لەسەر ئەوە رێککەوتن بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەیەك لە لۆزان Lausanne ببەستن و کێشەکان لە رێگای دیپلۆماتییەوە یەکالا بکەنەوە، ئەوەبوو (لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ بەریتانیای گەورەو فەرەنگستان و ئیتالیا بۆ بەستنی پەیمانی لۆزان لە سویسرا حکوومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و گریك و رۆمانیاو یوگۆسلاڤیاو هەردوو حکوومەتی قوستەنتینییەی عوسمانی و حکوومەتی شورای گەورەی نیشتمانیی ئانکارایان بانگهێشت کرد. هەروا داوا لە یەکێتی شوورەوی و بولگارستانیش کرا تا لە گفتوگۆی دەربەندەکان ئامادە بن. وڵاتە یەکگرتووەکان بەشداریی لە کۆنگرەکە نەکرد، چونکێ ئەو شەڕی دژ بە تورکیای نەکردووە، بەڵام دوو چاوەدێری خۆی نارد دەگەڵ رێنمایییەکانی وڵاتەکەی تا لە هەڵوێستی دەوڵەتان لە بەرامبەری بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەنگوباسی دەوڵەتان لە هەمبەر هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان وەئاگا بن)«٩». ئەگەر چی حکوومەتی ئێراق بۆ ئامادەبوون لەو کۆنگرەیە بانگهێشت نەکرابوو کەچی وێرای ئەمە حکوومەتی ئێراق جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری و تۆفیق سویدی و یەکێك لە فەرمانکارەکانی وەزارەتی دادگایی بۆ ئاگاداریی حکوومەتەکەی هەنارد تا لەبارەی کێشەی موسڵ وەئاگا بن. نیازو مەبەست لەم کۆنگرە نێودەوڵەتییە باسکردنی کێشەی نێوان یۆنان و تورکیا بوو، هەروا پەیمانێکی دیکە دەگەڵ حکوومەتی تورکیای کەمالیست ببەسترێ کە شوێنی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە چونکێ کەمالیستەکان هیچ دەستێکیان لەو پەیمانی سیڤەرەدا نەبووە. کارەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە کێشەکانی ئێتنیکی «نەتەوەیی»و سیاسی وەك تەرافیاو دوورگەی ئیجەو چارەسازی کێشەی موسڵ و سیستەمی دەربەندەکان و کێشەی کەمە نەتەوەییەکان و کێشەکانی پابەند بە ئابووری و دارایی وەك قەرزە گشتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چاوەدێری کردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بێگانان.

## پاییزی حکوومەتی قوستەنتینە:

لە سەرەتای فیوریەی ساڵی ١٩١٨و لە گەرمەی گفتوگۆی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس فەلۆسی سەرۆك وەزیرانی یۆنان داوای ئەزمیری لە تورکیا کرد.

فەرەنسییەکان و ئینگلیسەکان داواکەیان بە پەسند زانی و، ئیتالییەکانیش دژایەتییان کردو دوای دەرچوونی وەفدی ئیتالیا لە کۆنگرە لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٨ لوید ژۆرج و کلیمنسۆ و ویلسن ڕێگەیان بە هێزەکانی یۆنان دا تا لە ١٥ی مایسی ١٩١٩ بە پاڵپشتی کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانی و فەرەنسەوی و ئەمریکائی ئەزمیر بگرن. لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠یش بەریتانیا پەیمانی سیڤەری وەسەر حکوومەتی قوستەنتینەی سوڵتانی تورکیا سەپاند. کە بەگوێرەی ئەم پەیمانە وڵاتی کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی یا وەکو کۆنفیدراڵی سەربەخۆ ئەگەر بە ریفراندۆم بڕیاری لەسەر بدرێ. هەروا دەبێ تا پێنج ساڵان ئەزمیر لەژێر دەسەڵاتی یۆنان بێ و دواجار بە ریفراندۆم چارەنووسی دیاری بکرێ و دەبێ تورکیاش لە دوورگەکانی یۆنان و ئیتالیا خۆش بێ و ئەرمەنستانیش ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروا دەبێ تورکیا دان بە ماندێتی سوریاو ئێراق و فەلەستین و سەربەخۆیی حیجازو میسرو سودان دابنێ، هەروا دەبێ تورکیا هەقی وەسەر قوبرس و مەراکیش تونس و لیبیادا نەبێ و چاوەدێری مافی کەمە نەتەوەییەکان بکات و زۆر کاروبارو هەنگاوی دیکە لە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکان هەڵبگرێ.

## رابوونی تورکیای کەمالیست

تا دەهات ئەستێرەی بزووتنەوەکەی تورکیای کەمالیست وەك جولانەوەیەکی رزگاریخوازو لائیکی laicismو دژە کۆنەپەرستی، زێتر لە جەنگەڵستانی تاریکی تورکیای لە شەڕ دڕاو پرشنگی دەهاویشت و کۆمەڵێك فاکتەری جیهانی و ناوچەیی لەمەدا لە پشت بزووتنەوەکەی مستەفا کەمالەوە بوون. یەکێتی شوورەوی تازە دروست بووی بۆلشەویك کە لە هەموو لایەك دەوری تەنرابوو و تاقە دۆستێکی دڵسۆزی نەبوو، بە هەموو شێوەیەك ئالیکاری و کۆمەگی بە بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال دەکردو پێوەندی ستراتیژی و سەربازی گەورەیان پێکەوە دەبەست. بەشێوەیەك کە هەردوولا وەك پێویستییەکی کاتی پێداویستییەکی زۆریان بە یەکترییەوە هەبوو. پەیدابوونی دۆستێکی وەك مستەفا کەمال بۆ یەکێتی شوورەوی کە زێتر لە «٢٧٠» میلیان پێکەوە بەندە، ئەخوازەش لەو سەروبەندەدا تورکیا بە دروشمی بریقەدارانەی لائیکی بوون «عیلمانی»و دژە کۆنەپەرستی و رزگاریخوازییەوە هەموو دونیای هەراسان کردبوو، بۆ یەکێتی شوورەوی ئەگەر دۆستێکی هەتاسەریش نەبێ، ئەوا هاورێیەکی بێ وەفا نابێ، بەجۆرێك کە «ئەودەم سۆڤیەت لە ئاستەنگێکی ئابووری و عەسکەری خەتەرناکدا رۆژگاری دەژمارد»«١٠». لەم پێوەندانەدا پێوەندی و هۆگری هەردوو لایان هێندە تاوی سەند کە بە ئاشکرا یەکێتی شوورەوی کاتێك لە «مایۆ و حوزەیرانی ١٩٢٠ چەند راپەرینێکی کۆمەنیستانە

لە چەند ناوچەیەکی هەمەچەشنەی ئەرمینایا بەرپابوو و ، حکوومەتی ئەرمەنستان سەرکوتی کردن ، مۆسکۆ لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئینزارێکی دایە کۆماری ئەرمەنستان و داوای لێکرد رێگە بە هێزەکانی کۆمۆنیست بدات تا لەرێگای ئاسنی ئەرمەنستانەوە تەماس دەگەڵ هێزەکانی مستەفا کەمالەوە بگرن»«١١». هاوکاری و یەکدەنگی شوورەوی و کەمالیستەکان ئاوها لەیەك نیزیك بوو کە ئەوەندە بەسە بڵێین کاتێك (رووسەکان لە رووی باکووری خۆرهەڵاتدا هێرشیان بۆ سەر ئەرمەنستان برد ، هێزەکانی مستەفا کەمالیش لەژێر چاودێری کازم قەرە بەکر پاشا لە رووی خوارووی خۆرهەڵاتدا هێرشیان بردو لە «٢»ی دیسەمبەری ئەو ساڵەدا حکوومەتی ئەرمەنستانیان رووخاند)«١٢». پێم وایە ئەم نموونەیە بەسە بۆ ئەوەی نیزیکی و پێوەندی نێوان شوورەوی و کەمالیستەکان باس بکەین . بۆیە مستەفا کەمال بە چەك و چۆلی رووسیای بۆلشەویکی و بە سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان هاوپەیمانەکان گرەوی سەرکەوتنی وەدەستهێناو بە پاڵپشت و رێگەپێدانی ئەمریکاش بوو بە گورکی ناوچەکە .

لە «١٦»ی مارتی ساڵی ١٩٢١ ، یەکێتی شوورەوی دەگەڵ کەمالیستەکان پەیمانێکی ئاشتی بەست و ئیتالیاش لە هەمبەر چەردەیەك ئیمتیازاتدا (ئەدالیا)ی جێهێشت . لە «٢٠»ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لە ئانکارا ، فەرەنسیەکان دەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان رێککەوتن و (کیلیکا)یان جێهێشت . دواجار شورای باڵای جەنگی هاوپەیمانەکان لە «١٠»ی ئابی «ئاگستۆس»ی ١٩٢١ جاڕی ئەوەی دا کە شەڕی تورکیاو یۆنانستان شەڕێکی تایبەتییەو بەریتانیای فەخیمەو فەرەنگستان و ئیتالیاو ژاپۆنیش خۆیان لێ وەدوور گرت .

«لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ ، شاندۆیەك «بعثة» لە ئانکارا بۆ پرۆسەی ئاشتی رۆیشتە لەندەن تا دەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیای گەورەو فەرەنگستان و ئیتالیا لە پاریس کۆببنەوەو لە کێشەی تورکیا . یۆنانستان بکۆڵنەوەو پەیمانی سیڤەر چاك بکەن . کاتێك لەو گفتوگۆیە بە هیچ نەگەیشتن ، کەمالیستەکان پەلاماری یۆنانستانیان داو چوونە نێو ئەزمیرو چەند سەربازی یۆنانیان بە دیل گرت و ئەوانی دیکەشیان لە زەوییەکانی تورکیادا دەرکرد)«١٣». نە بەریتانیاو نە فەرەنگستان لەدژی کەمالیستەکان هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرت . ناچار بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا لە مۆدانیا لە «١١»ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ داوای ئاگربەسیان کرد . لەوێدا مستەفا کەمال پەیمانی ئاشتی بە بەرنامەی لانی کەمی مافەکانی تورکیا ناسی و داوای زەوییەکانی کرەدەوەو داوای کرد بە تەواوی دان بە ستاتوی تورکیا دابنرێ .

## بانگی سەربەخۆیی تورکیا

لە «١»ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا ، شورای نیشتمانی گەورەی تورك یاسایەکی دانا کە هەر تەنیا خۆی خاوەندی دەسەڵاتی باڵایە لە سەرتاسەری وڵات و هەموو یاسایەك کە حکوومەتی قوستەنتینە لە «١٦»ی مارتی ساڵی

«١٩٢٠»ەوە دەریکردبێ بێ بایەخ و پووچەڵە. لە ٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢، رەفعەت پاشا جاڕی ئەوەی دا کە ئیدی حکوومەتی قوستەنتینە لە ئارادا نەماو لە ١٦ای تشرینی دووەمدا شورای نیشتمانی گەورە سوڵتان محەمەدی وەحیدەدینی شەشەمی بە خیانەت تاوانبار کردو رۆژی دوایی لە ١٧ی تشرینی دووەمدا بۆ دوورگەیماڵتا هەرای کرد. بەم شێوەیە تورکیای کەمالیست بوو بە تاکە حکوومەت لە تورکیاداو سەردەمێکی نوێ لە مێژووی تورکیا دەستی پێکرد.

## نەوت....و مەرگی پەیمانی سیڤەر

کوردستان وڵاتێکە لە دەوڵەمەندی نەوتدا هاوتای کەمە، کە داخی گرانم ئەم نەوتە زۆرە بۆ خودی کورد بووەتە شووم و بەڵای سەردەم، بەشێوەیەك کە نەوتی ویلایەتی موسڵ یەك لەو فاکتەرە گرینگانە بوو کە وای کرد پارچەیەکی خوارووی کوردستان بە ئێراقی عەرەبییەوە بلکێندرێ و چ تورکیاو چ کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاش لەسەر ئەم پارچە ئازیزەی نیشتمانی ئێمە ببێتە هەرایان. تا وای لێهاتبوو نەوتی ویلایەتی موسڵ لە کەلەکەی سەری هەموو وڵاتە هاوپەیمانەکانی دابوو و هەر لەسەر نەوت بوو کە چارەنووسی گەلانی بندەستی کوردو ئەرمەن و یۆنانییەکان پشتگوێ خرا. لێرەدا دەکارین بێژین کە «وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژی چوارەمی کۆنگرەی «لۆزان»دا لووتی لە کۆنگرە ژەنی و داوای کرد کە بابەتی نەوتی موسڵ باس بکرێ»«١٤». وڵاتە یەکگرتووەکان کە تازە خەریك بوو شوێن پێیەك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ خۆی بکاتەوە «بە قازانجی تورکیا چووە نێو کۆنگرەو تورکیاش پێشوازی لە هەوڵدانەکانی ئەمریکا کرد بۆ نوێکردنەوەی هەموو ئەو پەیمانە بەستراوانەی کە پێش شەڕی یەکەم بەسترا بوون، بۆیێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەدا بابەتی پرسی ئەرمەنییەکان و پرسی پاراستنی کەمە نەتەوەییەکان و مەسەلەی دادگایی کردنی بێگانەکان لە تورکیای Capitulation خستە بەردەم کۆنگرە. جا کاتێك تورکیا ئەم کێشانەی بینی لەوە پاشەگەز بووەوە کە ئیمتیازاتی نەوت بە کۆمپانیای نەوتی تورکیا «بەریتانی» TCP بدات و هەلێکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان رەخساند تا سوود لە پشکی نەوت وەربگرێ و بۆ لای خۆی بە کێشی بکات تا دواجار وڵاتە یەکگرتووەکان بەو بیانووەی کە یارمەتی هاوپەیمانەکانی داوە بۆ سەرکەوتن لە جەنگدا، چارەگێکی لە پشکی نەوتی موسڵ بۆ خۆی برد»«١٥». راکێشانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لای تورکیا سیاسەتێکی پراگماتیستانەی وردبین و زیرەکانەی مستەفا کەمال بوو بۆ هەمەچەشنە کردنی سەرچاوەکانی یارمەتی و کۆمەگی بۆ بزووتنەوەی کەمالیستەکان»«١٦». جا «کاتێك واشنتۆن بە لای تورکیا شکایەوە، هاوپەیمانەکان گوێیان بۆ خواستەکانی ئانکارا شل کردو

فەرمان درا تا یۆنانییەکان و ئەرمەنەکان کە مابوونەوە لە تورکیا دەربچن»«١٧». هەر بە هەمان شێوەش مەسەلەکانی پێوەند بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە لە بڕگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی پەیمانی سیڤەردا باسیان لێوە کرابوون لەبیرەوە چوون و «پشت لە پرسی کوردەکان کراو خرایە سەر رەفەکان و هەروەها سنووری نێوانِ تورکیاو ئەرمەنستانیش دیاری نەکران»«١٨». هاوپەیمانەکان هەر هەموویان رازی کران و ئیمتیازاتیان پێدرا تا گەیشتە ئەوەی هەموویان «وەك وڵاتە یەککگرتووەکان پشکیان لە نەوتی موسڵدا هەبێ»«١٩»و بێئەخلاقانە لەسەر چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بە رۆژی نیوەڕۆ ناکۆکییەکانیان چارەسەر کردو «بەریتانیا ماندێتی وەسەر ئێراقدا کرد. ئەو رێگا وشکانییەی کە بە هیندوستانی دەبەستێتەوەو بەردەوام بوو لەسەر دەست بەسەر داگرتنی کەناڵی سوێس و سودان و چەڵتووکە دەوڵەمەندەکانی ئەوێ»«٢٠». فەرەنگستانیش وەك بەریتانیا وێرای پشکی لە نەوتی موسڵدا، ماندێتی وەسەر سوریاو لوبناندا کردو ئیتالیاش بەردەوام بوو لە داگیرکردنی دوورگەکانی (ئەلدۆکانێز)ی یۆنانی«٢١». لە هەمبەر ئەم هەموو بەخششە زۆرو زەوەندەیە بوو هاوپەیمانەکان لەسەر خوێن و فرمێسکی گەلانی کوردو ئەرمەندا پەیمانی سیڤەریان لە گۆڕ ناو خستیانە تابووتی رەفەکانی ئەنجوومەنی گەلان و تاوانێکی وا گەورەیان بە تایبەت دەرهەق بە گەلی کوردستان کرد کە تا مێژوو بمێنێ پەڵەی شەرمە بە تەوێڵی نێوچەوانی سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەیانەوە. دەبێ چ لەوە شەرمەزاری تر بێت کە هاوپەیمانەکان گوێی خۆیان لە ئاست ئەو قەسابخانەیە کەڕ کرد کە مستەفا کەمال لە (سیمرنیا) بۆ یۆنانییەکانی نایەوە کە ئەوە بوو لە «١٣ی ئەیلولی ١٩٢٢ زیاتر لە سەد هەزار یۆنانی کوشت»«٢٢». خۆ لە کوردستانیش تاوانەکان هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن! ئەم هەموو تاوان و قەسابخانانە لەبەردەم بیرورای گشتی دەکران. بێ ئەوەی هاوپەیمانەکان هەروا بە یەکێتی شوورەوی کۆمۆنیست و پێشکەوتووخوازیش!!! ورتەیەکیان لە دەم بێتە دەرێ و بتوانن زار هەڵبڕن.

## کۆنگرەی لۆزان

لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ کۆنگرەی لۆزان کرایەوە. سەرۆکی وەفدی بەریتانی لۆرد کاریزۆنی سەرۆکی وەزیرانی هەندەران بوو، سەرۆکی وەفدی حکوومەتی تورکیاش پاشای سەرۆك وەزیرانی هەندەران و سەرۆك وەفدی ئەمریکاش ریچارد دواشیرچالیدی باڵوێزی ئەمریکی بوو لە ئیتالیا. کارەکانی کۆنگرێسەکە بۆ سێ لیژنە دابەش کران. لیژنەی هەوەڵی لۆرد کاریزۆن سەرۆکایەتی دەکردو تایبەت بوو بە کێشەکانی زەوی و کێشەی

کەمە نەتەوەکان و سیستەمی دەربەندەکان .

« لە ئێوارەی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ ، عیسمەت پاشا تکا لە لۆرد کاریزۆن دەکا کە گفتوگۆی ئاشکرا لەسەر داوای تورکیا بۆ ویلایەتی موسڵ دوا بخرێ تا هەردووك پێکەوە بیروڕای خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن »« ٢٣ » . دوای نامەو نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك . ئەوجا عیسمەت پاشای ڕێوی و تەتەری مستەفا کەمال بێشەرمانە بە کاریزۆن دەڵێ « کوردەکانی ویلایەتی موسڵ دەگەڵ تورکەکان هاریکاری دەکەن و کوردەکان لە شورای نیشتمانی گەورەدا نوێنەریان هەیە »« ٢٤ » . لۆرد کاریزۆنیش دەڵی ئێوە ئەوانتان داناوەو ئێمە شکمان لە شەرعییەتی هەڵبژاردنی ئەوان هەیەو هەتا هەندێکیشیان نەیانتوانی لە گفتوگۆی شورای نیشتمانی بەشداری بکەن چونکە زمانی تورکییان نەدەزانی)« ٢٥ » . دوای ئەوەی کە کاریزۆن و عیسمەت لە بارەی کێشەی موسڵ بە هیچ ئەنجامێك ناگەن ، تەنها ئەوەیان بۆ مایەوە کە کێشەکە بخەنە بەردەمی لیژنە تا بیروڕای خۆیان لە بەرامبەری کۆنگرەو جیهاندا ئاشکرا بکەن و ، داوا لە وەفدی تورك کرا تا تێڕوانینی خۆی بخاتە روو ، پاشدان دوای ئەوە وەفدی بەریتانیا تێڕوانینی خۆی دیاری بکات .

کاتێك لە گەرمەی کۆنگرەی لۆزاندا ململانێ و راکێش راکێش لەسەر ویلایەتی موسڵ گەرمەی بوو ، هەردوولا چ ئینگلیسەکان و چ تورکەکان پشتیان بە پێکهاتەی ئێتنیکی دانیشتوانی ناوچەکە دەبەست و ستاتیستیکی ئاوایان دەهێنایەوە کە دەگەڵ بیانووەکانیان جووت بێ . تورکەکان وایان دەبینی کە « کۆی سەرجەمی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ « ٥٠٢ » هەزار کەسەو کوردەکان رێژەی « ٢٨١ » هەزارو تورکەکان « ١٤٦ » هەزارو عەرەبەکان « ٤٣ » هەزارو گاورەکانیش « ٣١ » هەزار کەسێکن »« ٢٦ » . هەرچی ئینگلیسەکان بوون ئەوان وا بانگیان هەڵدەدا کە « کۆی دانیشتوانی هەموو ویلایەتەکە « ٧٨٥ » هەزار کەسە ، کوردەکان « ٤٥٤ » هەزارو عەرەبەکان « ١٨٥ » هەزارو تورکەکان « ٦٥ » هەزارو گاورەکانیش « ٧٨ » هەزار کەسێك دەبن »« ٢٧ » .

« لە ئێوارەی دوای نیوەڕۆی رۆژی ٢٣ی کانونی دووەم ، عیسمەت پاشا جارێکی تر بیانووی ئەوەی هێنایەوە کە پێویستە سیاسەتی ماندێت وەسەر ئێراق نەمێنێ و پارلەمانتێری کورد لە شورای نیشتمانی گەورەدا هەن و دەبێ ریفراندۆمێك بۆ یەکلابوونەوەی چارەنووسی ناوچەکە ساز بکرێ ، هەروەها وتی ئێمە داوای ئاشتییەکی دادپەروەرانە دەکەین و وەفدی تورکیش ئامادەیە قوربانی لەپێناو ئاشتی جیهانی بداو لە کۆتاییدا تکای لە وەفدی بەریتانی کرد کە ویلایەتی موسڵ وە تورکیا بداتەوە »« ٢٨ » . دوای ئەوەی کە لۆرد کاریزۆن گەیشتە ئەو قەناعەتەی وتوویژ دەگەڵ عیسمەت پاشا هیچ سوودێکی نییە . لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ ، نامەیەکی بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان Leage of Nations هەناردو ئیشارەی بۆ ماددەی یانزەمینی پەیمانی کۆمەڵەی گەلان کرد کە کێشەکە خەریکە کار لە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی دەکات و

هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانی دەحاو داوای لە سکرتێری گشتی کرد تا بابەتی کێشەی موسڵ بخاتە نێو لیستی کارەکانی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان لە پاریس کە نمایندەی بەریتانیا بە تەواوی کێشەکەیان بۆ روون دەکاتەوە.

«دوا هەوڵ و تەقەلا بۆ ڕێککەوتن ئەوەبوو کە کۆبوونەوەیەکی نارەسمی لە ژووری لۆرد کاریزۆن لە ئوتێلی بوریڤاج، لە لۆزان رۆژی یەکشەممەی ٤ی فیوریەی ١٩٢٣ لە کاتژمێری پێنج و چل دەقیقە بەسترا. لەم کۆبوونەوەیەدا نمایندەی بەریتانیاو فەرەنگستان و ئیتالیاو تورکیاش هەروا ئامادەی بووبوون. کاریزۆن بە گیانی هاوڕێیانە وتی: ئامادەم پەنابردنی کێشەکە بۆ بەر کۆمەڵەی گەلان یەك ساڵ دوا بخەم تا حکوومەتی تورکیاو بەریتانیا کاتی ئەوەیان ببێ گفتوگۆی برایانەو راستەوخۆ بکەن»«٢٩». بەمە پەیماننامەی ئاشتی نێوان تورکیاو بەریتانیا لە ٤ی فیوریەی ١٩٢٣ لە کۆنگرەی لۆزاندا لەلایەن حکوومەتی تورکیا رەت کرایەوەو هەرەسی پێهات و وەفدی تورکیا رۆژی ٧ی فیوریەی ١٩٢٣ گەڕایەوە تورکیاو لێرە بەدوا تا کێشەکان یەکالا دەبن، ئاگربەسی مۆدانیا کاری پێدەکرێ. پاش ئەوەی لە کۆنگرەی لۆزان هیچ کامێکیان بە هیچ ئەنجامێك ناگەن و ناچار «لە ساڵی ١٩٢٤ کۆنگرەیەك لە ئەستانە بۆ چارەسازی ناکۆکییەکان دەبەستن و، لەم کۆبوونەوەیەدا نمایندەی ئێراق و بەریتانیاو تورکیا ئامادەی دەبن و، بە هیچ ئەنجامێك ناگەن و کێشەکە بەگوێرەی ماددەی ٣ی پەیمانی لۆزان دەخەنە بەردەم کۆمەڵەی گەلان»«٣٠». تا دواجار هەردوولا سوور بوون لەسەر ئەوەی کێشەکە بگاتە بلیندگۆی کۆمەڵەی گەلان، تا لەوێوە چارەنووسی دوایی بۆ دیاری بکرێ و بەگوێرەی هەوەسی ئینگلیسەکان و تورکەکان، کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی تایبەتی پێکەوە نا بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوەو دواجار ئەو لیژنەیەی کە کۆمەڵەی گەلان پێکەوەی نابوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو زەوی و زارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ کە دەکەوێتە درێژ بۆوەی هێلی بروکسێل هەڵکەوتەی جوگرافی وای هەیە کە دەکرێ بە ئێراقەوە بلکێندرێ»«٣١». حکوومەتی تورکیا بەو ئەنجامەی کۆمەڵەی گەلان رازی نەبوو، هاوڕێ دەگەڵ رەوتی رووداوەکان مستەفا کەمال دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی پان - تۆرانیسم و هەموو یۆنانی و ئەرمەنییەکانی هەڵوەدا پێکردن و رووی لە کوردەکان ناو بە ئاگرو ئاسن کەوتە داپڵۆسینی گەلی کوردستان و تا «لە ناخەلێوەی ساڵی ١٩٢٥ گەورەترین شۆڕش بە ڕێبەری حیزبی تەعالی کوردستان هەڵگیرسا»«٣٢».

پان - تورکەکان بە ئاشکرا بە بیانووی ئەوەی گەلی کورد کۆمەگی لە ئینگلیسەکان وەردەگرێ، کەوتنە سەرکۆنەی بەریتانیاو بزاڤی نیشتمانی گەلی کوردستانیان بە پاشکۆبوون تاوانبار دەکرد. «بۆ مستەفا کەمال بە باشی ئاشکرا ببوو کە ئەو شۆڕشە دەستی ئینگلیسی تێدایە! وە دەیگوت! وڵاتی تورکیا لە مەترسی و خەتەر کەوتووە، کوردەکان لەلایەن ئینگلیسەوە هان

درابوون و لە پشتیوانی ئەوان کەڵك وەردەگرن... هاوکات لەگەڵ ئەو کارەساتە، رۆژنامەکانی تورك بە ئاشکرائی دەوڵەتی ئینگلستانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە یارمەتی گەری کوردەکانە»«٢٣»و شەپۆلی تیرو تۆقاندن سەرتاپای کوردستانی گرتووەو بە ئاگرو ئاسن کوردستانیان داپێژت «بەپێی هەندێ سەرچاوەش بژمان دەردەکەوێ کە تورکەکان تا شۆڕشەکەی کوردستانیان پێ کوژایەوە، پەنجا هەزار سەربازیان لێ کوژراو بۆ سەرکوت کردنی کورد، پتر لە شەش ملیۆن جونەیهیان تەرخان کرد»«٢٤». هاورێ دەگەڵ بەردەوام بوونی کێشەی ویلایەتی موسڵ، تورکیا هەر ملی نەداو دواجار کێشەکە گەیەنرایە دادگای نێودەوڵەتی لە (لاهای) تا لە ٢١ی تشرینی دووەم، دادگا رای خۆی بە دەستە جەمعی راگەیاند بەوەی کە هەردوولا دەبێ بەخۆیان بە رەسمی Officielle سنوورەکانیان دیاری بکەن، جا کاتێك تورکیا بە رای دادگا رازی نەبوو بڕیار درا لیژنەیەکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتی (سوێدییەك) لە ١٦ی کانوونی دووەم بۆ چەسپاندنی هێڵی برۆکسێل بە رەسمی پێکەوە بنرێ»«٣٥». تا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦، گفتوگۆی سییانەیی ئاشکارا لەنێوان ئینگلستان و ئێراق و تورکیا کراو لە ئەنجامدا تورکیا ملی بۆ داو لەژێر گوشاری بزاڤی گەلی کوردستاندا تورکیا لە تەموزی ساڵی ١٩٢٦ لە هەموو داوایەکانی خۆی لە ویلایەتی موسڵ خۆش بوو و «هەر لە ١٨ی تەموزی هەمان ساڵدا، تورکیا دان بەو دۆکۆمێنتە رەسمییە دادەنێ کە کۆمەڵەی گەلان لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ بڕیاری لەسەر داوە، لە هەمبەر ئەمەدا هاوپەیمانەکان شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردستانیان بۆ سەرکوت کردو تورکیا تەعویزی ١٠%ی داهاتی نەوتی موسڵی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ وەرگرت»«٣٦». تورکەکان زۆر لە بزاڤی کوردستان تۆقیبوون و مستەفا کەمال لە وتارێك لەبەردەم پەرلەماندا وتی: «لە هەموو شتێك گرانتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئینگلیزەکان لە کورد پشتیوانی بکەن و یارمەتییان بدەن، لەمێژە ئینگلیزەکان بۆ دژایەتی تورکیا کەڵك لە کورد وەردەگرن»«٣٧». تا ئەوەندەی بۆیان کراو توانیان دەمی ئینگلیسەکانیان چەور کردو پاش ئەوەی هەموو لایەکیان رازی کرد، بە قسەی بەهەشتی سەجادی گوتەنی «مایەوە سەر ئینگلیس، ئینگلیسیش لە پاش ئەوە کە تورکیا مەسەلەی (موسڵ)ی لەگەڵ براندەوەو موسڵی دایە، ئەویشی بەمە دەمکوت کرد کە ئەگەر هەر شتێك بکا، ئیتر ئەو دەنگ ناکا! بەم ئیشەی تۆپەڵی قوڕی دا بە دەم (لۆرد کاریزۆن)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسا»«٣٨».

## دوا ئەنجام

ئەگەر چاو بدەینە برگەکانی پەیمانی لۆزان، دەبینین لەبەر خاتری چاوی کاڵی مستەفا کەمال، هاوپەیمانەکان بە هیچ شێوەیەك تەنانەت نێوی

کوردستانیشیان لەم پەیمانەدا نەهێناوە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە لە پایانی پەیمانەکە دەڵێن دەبێ ریز لە مافە کولتووری و ئایینییەکانی کەمە نەتەوەکان بگیرێ، بۆیە پێم وایە د. ئیسماعیل بێشکچی دۆستی گەورەی کورد راستی بۆ چووە کە لەم بارەیەوە دەڵێ «یەکێك لە هەرە رووە بنەرەتییەکانی رێککەوتننامەکەی لۆزانی ١٩٢٣ بریتییە لە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان، لەبەرئەوە رێککەوتننامەکەی لۆزان دوو مانای بە تەواوی لێك جوودا دەگەیەنێت بۆ کوردەکان و تورکەکان. بۆ تورکەکان ئەم رێککەوتننامەیە مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بریتییە لە گەرانتی و زامنی دان پێنانانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تورکیدا. لەلایەکی ترەوە، ئەم رێککەوتننامەیە بۆ کوردەکان مانای پێکەوەلکاندنە، مانای بە داموودەزگا کردنی و کۆیلەیەتی و بە کۆلۆنی کردنە، ئەم رێککەوتننامەیە بریتییە لە دامەزراندنی سیستەمێکی کۆلۆنیالیستی نێودەوڵەتی» «٣٩». ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بێژین «کۆنگرەی لۆزان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەندەکانی پەیمانی (سیڤەر) و گەڕاندنەوەی رێکخستنی هەلومەرجی جوگرافی و سیاسی ناوچەکە بەسترا» «٤٠»، دوای سەرکەوتنی کۆنگرەی لۆزان و داپلۆسینی شۆڕشی گەورەی ساڵی ١٩٢٥ی کوردەکان، بۆرژوای تورك بێشەرمانە لەبارەی گرینگی گەورەی «یەك کەلتوور، یەك زمان، یەك نەتەوەو یەك دەوڵەت دەدوا» «٤١» و رۆژنامە پان ـ تورکیستەکان بە نموونە (ئیلری) بێشەرمانە نووسیویە: «ئەبێ بێگانەکان ـ واتە ئەوانەی بە رەگەز تورك نین ـ یا لەناو تورکیزمدا بتوێنەو یا بمرن» «٤٢». بۆیە ئێستاکە دەکارین بێژین کە پەیمانی (لۆزان) پەڵەی شەرمە بە نێوچەوانی هەموو هاوپەیمانەکان و بەتایبەتیش کۆلۆنیالیزمی بەریتانیای گەورە، کورتەی باس ئەوەیە «ئەوان پاش ئەوەی لە پەیمانی لۆزاندا مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان پێشێل کرد، کوردستانیان لەت و پەت کرد، لەنێو خۆیاندا بەشیان کردو بەم کارە پەچەیان لە رووی خۆیان هەڵماڵی» «٤٣». بەم شێوەیە پرسی مرۆ گەلی کوردان وەك هەمیشە ئەمجارەشیان بوو بە قوچی قوربانی بەرژەوەندی وڵاتە هاوپەیمانەکان و لێرە بە دواوە تراژیدیاو مەرگەساتی گەلی کوردستان هێندە زۆر بوون کە لە ژمارە نەیەن و ئەم خاکە جوان و دلگیرە بوو بە وڵاتی خوێن و فرمێسك و گریان.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

«١» رەفیق حلمی، یاداشت، کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی سێیەم، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەو پیاچوونەوەی پاکیزە رەفیق حلمی، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کورد، بەغدا، ١٩٩٢، ل: ١٠

«٢» هەمان سەرچاوە، لا :١٠

«٣» د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى. ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، بغداد، مطبعة فاق عربية، الطبعة الثانية، ١٩٨٤، ص :٢٥١

«٤» د. جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط الشاه، الطبعة الاولى، ١٩٩٠، بلا، ص :٩٠

«٥» هەمان سەرچاوە، ل :٩٠

«٦» د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية. لندن، ١٩٩٢، ص :٣١

«٧» ئەجات عەبدوڵڵا، سیستەمی باج سەندن لە کوردستانی خوارووودا ١٩١٤-١٩٢٢، رۆژنامەی نیشتمان، ژ «٣»، ٢٤-١١-١٩٩٢، لا : ٧

«٨» هەمان سەرچاوە، لا : ٧

«٩» د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، الطبعة الثالثة، بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٨

«١٠» گۆواری «رابوون»، ژمارە ٦، سوید، ل :٧١

«١١» د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٢، ص :٣٠

«١٢» هەمان سەرچاوە. ص :٣٠

«١٣» د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، الطبعة الثالثة، بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٧

«١٤» د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٢، ص :٣٢

«١٥» هەمان سەرچاوە. لا :٣٢

«١٦» ئەم سیاسەتە پراگماتیستییە زۆر کارامەو زیرەکانە بوو، مستەفا کەمال لە کاتێکدا پەیمانی ئاشتی و پێوەندییەکی گەرمی دەگەڵ شوورەویدا هەبوو، کەچی وەدوای راکێشانی واشنتۆندا دەگەرا، ئەم سیاسەتە وردبینانەیە داخی گرانم لەنێو بزاڤی نیشتمانی نوێ و هاوچەرخی گەلی کوردستاندا بەهێند هەڵنەگیراوە.

«١٧» د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٢، ص :٣٣

«١٨» هەمان سەرچاوە. لا :٣٣

«١٩» هەمان سەرچاوە. لا :٣٣

«٢٠» هەمان سەرچاوە. لا :٣٣

«٢١» هەمان سەرچاوە. لا :٣٣

«٢٢» هەمان سەرچاوە. لا :٣٠

«٢٣» د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، ص :٢٩

«٢٤» هەمان سەرچاوە. لا :٣٠

«٢٥» هەمان سەرچاوە. لا :٣٠

«٢٦» د . جرجيس حسن ، تركيا في الاستراتيجية الامريكية . . . ، ص :٨٩
«٢٧» هەمان سەرچاوە . ل :٨٩
«٢٨» د . فاضل حسين ، مشكلة الموصل ، ص : ٣٣
«٢٩» هەمان سەرچاوە ، ل :٢٩
«٣٠» د . جرجيس حسن ، تركيا في الاستراتيجية . . . ، ص : ٨٩
«٣١» هەمان سەرچاوە . ل : ٨٩
«٣٢» د . عبدالستار طاهر شريف ، الاحزاب والمنظمات الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ـ ١٩٥٨ ، الطبعة الاولى ، بغداد ، ١٩٨٩
«٣٣» كریس كۆچیرا ، مێژووی كورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە ، محەمەد ریانی ، تاران ، ١٩٩٠ ، ل : ١٤٤
«٣٤» د . عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی كوردستان ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : فەرید ئەسەسەرد ، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ، چاپی دووەم ، ١٩٨٥ ، ل : ٨٦
«٣٥» د . جرجيس حسن ، تركيا في للاستراتيجية . . . ، ل : ٨٩
«٣٦» هەمان سەرچاوە . ل : ٩٠
«٣٧» د . عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی . . . ، ل : ٨٤
«٣٨» عەلائەدین سەجادی ، شۆڕشەكانی كورد وە كۆماری عێراق ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٥٩ ، ل : ٥٣
«٣٩» د . ئیسماعیل بێشكچی ، كوردستان كۆلۆنیێكی نێودەوڵەتی ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : رێبوار رەشید ، هەولێر ، ١٩٩٣ ، ل : ٥٢
«٤٠» د . عبدالستار طاهر شريف ، الاحزاب والمنظمات الكردية . . . . ، ص : ٦٠
«٤١» هەمان سەرچاوە ، ل : ٦١
«٤٢» د . عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی رزگاری . . . . . ، ل : ٨٢
«٤٣» هەمان سەرچاوە . ل : ٧٧

# کوردو ئاڵای کوردستان

هیوا کاردۆیی

بەشێوەیەکی گشتی بەپێی بەڵگە دێرینەکان نیشانەی شێوەی ئاڵاو بەیاخ و دروشم لە کۆنەوە لەلایەن گەلانی وەك چین و ئێران و میسرو رۆمانەکانەوە بەکارهاتووە. ئاڵا لە کۆنەوە زیاتر لەلایەن کەشتی بازرگانی و جەنگی یەوە بەکارهێنراوە وەك نیشانەیەك بۆ ناسینەوەو ئاگاداری دان. بەڵام ئەو شێوە تازەیەی ئێستای ئاڵا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی لەکاتی جەنگی خاچەکاندا. لەو کاتەدا ئاڵای لەشکرەکانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان خاچ و رەمزو نەخشی تایبەتی خۆیانی پێوەبووە کە زۆریان لە دروشمی سەر قەڵغانەکانیانەوە وەریانگرتبوو. ئەم ئاڵا جەنگیانەش بۆ مەبەستی ناسینەوەی دۆست و دوژمن وە دیاری کردنی تیپە سەربازییەکان بووە، چونکە ئەو تیپە سەربازییانە لەزۆر وڵات و ناوچەی جیاوازەوە هاتبوون.
هەر لە زووشەوە موسڵمانەکان بەیاخی رەشی (پێغەمبەر)و سەوزی حەزرەتی (فاطمە)یان بەکارهێناوە کەزۆر جاریش وێنەی شمشێرو مانگ و ئایەتی لەسەر دەنەخشێنرا.
پاشانیش لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاڵا وەك ناسنامەیەکی دەوڵەتی جێگیربوو. تەنانەت تا ئەمرۆش هەندێك لەئاڵای دەوڵەتە ئەورووپییەکان خاچی نیشانەی مەسیحی لەسەرە. زۆر لە دەوڵەتە ئیسلامیەکانیش لە ئاڵاکانیاندا رەنگی سەوزو رەشیان هەیە، وێنەی ئەو داڵەی کە بووە بەدروشمی عێراقی عەرەبی و هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە دروشمەکەی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە وەریانگرتووە.
ئەمرۆ ئاڵا بریتییە لە پارچە قوماشێکی ئەندازەیی رەنگی سیمبوڵدار کە واتای تایبەتی هەیە بۆ ئەو لایەنەی کە کردویەتی بە نیشانەی خۆی. هەموو وڵاتێکیش «یاسای ئاڵا»ی هەیە بۆ دیاری کردنی ئەندازەو رەنگ و نەخشی سەر ئاڵاکەو شێوازی بەکارهێنانی. رەنگی ئاڵا بەپێی پێوانەی جیهانی رەنگ دیاری دەکرێت، چونکە هەموو رەنگێك چەند جۆرێکی هەیە لە کاڵ، تۆخ، تاریك یان گەش. ئاڵای دەوڵەتی بەپێی یاساو پێڕەوی تایبەتی لەکات و شوێنی خۆیدا هەڵدەکرێت و دادەگیرێت یان نیوە هەڵدەکرێت یان دەپێچرێتەوە. یاسای نەتەوەیی و نێونەتەوەیی تایبەتی هەیە بۆ هەڵکردنی چەند ئاڵایەك بە دارئاڵایەکەوە یان بە ئۆتۆمبیل و کەشتییەوە ویان تەرم پێداپۆشین، مرۆڤ نابێت دوو ئاڵا پێکەوە بەیەك دارئاڵاوە، یەکێك لەسەرەوەو یەکێك لەژێرەوە هەڵبکات، ئەو ئاڵایەی کە دەکەوێتەوە ژێرەوە واتا پلەوپایەی نزمەو سوکایەتی پێکردنە وە نیشانەی بەزینە لەجەنگدا، جوانیش نییەو نیشانەی بێ رێزییە

ئەگەر ئاڵای پیس و ڕەنگ چۆوە یا دڕاو هەڵبکرێت.

ئاڵا بەهەموو جۆرەکانییەوە زۆر ڕۆڵی گرنگ دەبینێ. ئاڵا بریتییە لە وەسیلەیەکی پێکەوە دووان و پەیوەندی و تێکۆشین. هەموو ئاڵایەك بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵێك مەبەست و واتا کە خوێندەوارو نەخوێندەوار لێی تێدەگەن. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەو مەبەست و واتایانە بە نووسین دەرببڕێت ڕەنگە جێگایەکی زۆر داگیر بکات و بە ئاسانیش مەبەست نەدات بەدەستەوە. بەهۆی ڕەنگ و نەخش و دروشمەکانی سەر ئاڵاوە مرۆڤ دەتوانێت گەلێك بابەتی وەك مێژوو، پیشەسازی، کشتوکاڵ، ئاستی شارستانیەت، ئاشتی و بیروباوەڕ دەرببڕێت. ئاڵا بەکاردەهێنرێت بۆ دەرخستن و بەشداری و پێشوازی کردنی میوان.

جۆری ڕەفتارکردنیش لەگەڵ ئاڵا کۆمەڵێك مەبەست دەردەبڕێت. بۆ نموونە سووتاندن و فڕێدان و خستنە ژێرپێوەی هەرچ ئاڵایەك نیشانەی دژایەتی و سوکایەتی کردنە بەخاوەنەکەی. بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی بەپێی شوێنەکەی نیشانەی ئاشتیخوازی یان شەڕ ڕاگرتن و خۆبەدەستەوەدانە. داپۆشینی تابووت بە ئاڵای دەوڵەتی واتا ئەو مردووە سەرباز یا کارمەندی دەوڵەتی بەرز بووەو لە وەزیفەدا مردووە. هەڵکردنی ئاڵا تا نیوەی نیشانەی پرسەیە، هەر کەسێك ئاڵای لایەنێك هەڵبگرێت یان ئاڵای مەدالیایی بکات بە بەرۆکییەوە یان کڵاوەکەیەوە واتا ئەو کەسە لایەنگرو سەربەدەستەی خاوەن ئاڵاکەیە. ئەگەر کۆمەڵێك مرۆڤ لەژێر سێبەری یەك ئاڵادا کۆببنەوە وە یا چالاکی بنوێنن واتا ئەو کۆمەڵە یەکگرتوون، هاوبیرو یەك باوەڕن و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە.

هەروەها هەڵکردنی ئاڵای هێزی دەریایی دەوڵەتی لەسەر کەشتی واتا ئەو کەشتییە جەنگی یەو چەکدارە، کەئەمەش زۆر بایەخدارەو دۆست و دوژمن وریا دەکاتەو. جاران زۆر لە کەشتییە بازرگانییەکان ئاڵای هێزی دەریایی دەوڵەتەکەیان لەسەر کەشتییەکانیان بۆ ترساندن و دوورخستنەوەی چەتەی دەریا لە هێرشبردن بەرزدەکردەوە، بەڵام ئێستا قەدەغەیە کەشتی مەدەنی ئاڵای هێزی دەریایی بەکاربهێنێ، تەنها کەشتی جەنگی دەتوانێت بەکاری بهێنێت.

کێ هەقی هەیە خاوەنی ئاڵا بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسانتر دەبێت ئەگەر ئێمە بەپرسیارێکی تر دەستپێبکەین و بپرسین: ئەمڕۆکە کێ ئاڵای هەیە؟

بەشێوەیەکی گشتی دەبینین هەموو دەوڵەتانی ( سەربەخۆو بن دەست )، ڕێکخراوە جیهانییەکان وەك کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبیەکان و ناتۆو خاچی سوورو ئەمنستی، زۆربەی کۆمپانیاکان بەگەورەو بچووکەوە وەك فۆلڤۆو مارسیدیس و... هتد، بەسەدان ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسی و ئازادیخوازو وەرزشی هەموو ئاڵایان هەیە.

ئەمڕۆ نموونەی لەو جۆرە ئاڵایانە لە کوردستاندا زۆرەو بەئاشکرا دیارە کە دەیان ڕێکخراوی جیهانی لە کوردستاندا کارەکەن ئاڵای خۆیان لەسەر

بیناکانیان ، چادرەکانیان و ئوتۆمبیلەکانیان هەڵکردووە بۆ مەبەستی ناسینەوەیان و دیاربوونیان .

زۆر دەوڵەت هەن فرەکۆمارین یا یەکگرتوون کە هەریەکە لە کۆمارەکانی خاوەنی ئاڵای خۆیانن . تەنانەت لەزۆر وڵات سەرکۆمارو سەرەك وەزیران و هەرێمەکان وپارێزگاکانیش خاوەنی ئاڵای خۆیانن و نیشانەو دروشمی جەنگی خۆیان هەیە ، شاو شاژن و شازادەو تیپی یاری و شەریکەی پۆست و تەلەگرافیش خاوەنی ئاڵای خۆیانن . یەکێك لە مەبەستەکانی شەریکەو کۆمپانیاکان لەبوونی ئاڵای خۆیاندا بۆ مەسەلەی پروپاگندەو دیاربوونە لە بازاردا .

بەرازیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەی ولایەتەکانیان چەندە ئەوندە ئاڵایان هەیە ، واتا هەموو ویلایەتێك ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە . فەلەستینییەکان دەوڵەتیشیان نییە ، بەڵام خاوەنی ئاڵای خۆیانن . هۆنگ کۆنگ نیمچە دەوڵەتەو لەژێر دەستی بەریتانیا دایە بەڵام ئاڵای خۆی هەیە . دوورگەکانی ئۆلاندی فینلەندی و گرینلاندی دانیمارکی دەوڵەتی سەربەخۆش نین و ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە ( هەردووکیان ناوچەی ئۆتۆنۆمین و ژمارەی دانیشتوانیشیان سەد هەزار کەس نابێت ) . نموونەی ئێجگار زۆر هەیە لەسەر ئەم بابەتە کە پێویست ناکات درێژەی پێبدەین .

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ئەو ئاڵایانە لایەنێکی دەرەکی دروستی نەکردوون یا دەزگایەکی جیهانی نییە ماف بدات یا ئاڵا دەستنیشان بکات بۆ لایەنێك . بەڵکو ئەو لایەنانە ئەو گەلانە خۆیان بەسەلیقەو بەپێی بۆچوونی سیاسی و کولتووری و مێژوویی و ئاستی شارستانیەتیان وە بەخواست و ئارەزووی خۆیان ئاڵایان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە وەك نیشانەو رەمزێکی ناسینەوەی خۆیان ، وڵاتان و خەڵکی جیهانیش پێشوازیان لێکردووەو پەسەندی ئەو رەمزەیان کردووە .

کەواتە ، ئێستا لەبەر رۆشنایی وەڵامی پرسیاری : ئەمرۆ کێ ئاڵای هەیە ، دەتوانین وەڵامی پرسیاری کێ هەقی هەیە خاوەنی ئاڵا بێت بدەینەوە .

بەدڵنیاییەوە دەتوانین تەئکید لەوە بکەین کە هەبوونی ئاڵا مافێکە شایستەی هەموو لایەنێکە وەك دەوڵەتی یەك پارچەیی یان یەکگرتوو و فیدراڵی ، هەرێم و پارێزگاو ، هەموو گەلێك ، رێکخراوێك و کۆمپانیایەك یان هەر گروپێکی تر مافی خۆیەتی خاوەنی ئاڵای خۆی بێت و هیچ شتێکی سەیرو ناقۆڵاش لەوەدا نییە . لە راستیدا سەیر لەوە دایەو جێگای پرسیارە ئەگەر ئاڵاو رەمزی خۆت نەبێت .

چەند نموونەیەك لە جۆرەکانی ئاڵا :

هەموو یەکێك لە دەوڵەتانی ئەمرۆ ( نەك هەر دەوڵەت بەڵکو هەموو گروپێك ، کۆمپانیایەك ، حیزبێك .... ) مافی خۆیەتی خاوەنی ئاڵایەك یا چەند ئاڵایەکی تایبەتی خۆی بێت بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی لەگەڵ دەوڵەتی تردا و دەرخستنی

ناوەرۆکی، بۆ نموونە مێژوویی و کولتوری خۆی.
بەشێوەیەکی گشتی شەش جۆر ئاڵای دەوڵەتی هەیە کە بۆ مەبەستی تایبەتی و جۆراوجۆر لە وشکایی و دەریادا بەپێی پێویست هەڵدەکرێت. هەموو دەوڵەتێکیش مافی خۆیەتی و دەتوانێت هەموو ئەم ئاڵایانەی هەبێت یان تەنها یەك ئاڵا بەکاربهێنێ لەبری هەموویان.
١. ئاڵای میللی ـ سڤیلی ـ (هاونیشتمانیان دەتوانن ئەم ئاڵایە لەسەر خانوو و بیناکانیان هەڵبکەن).
٢. ئاڵای بازرگانی (هاونیشتمانیان دەتوانن ئەم ئاڵایە لەسەر کەشتی و پاپۆری بازرگانی هەڵبکەن).
٣. ئاڵای هێزی دەریایی (لەسەر کەشتی هێزی دەریایی هەڵدەکرێت).
٤. ئاڵای هێزی وشکایی (لەسەر شوێنە سەربازییەکان و لەکاتی جەنگدا هەڵدەکرێت).
٥. ئاڵای دەوڵەتی (لەسەر شوێن و بینا دەوڵەتی و رەسمییەکان هەڵدەکرێت).
٦. ئاڵای نەتەوەیی (لەسەر کەشتی و پاپۆری دەوڵەتی نا سەربازی هەڵدەکرێت).
هەندێك وڵات وەك تورکیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها یەك ئاڵا بۆ هەموو ئەو مەبەستانە بەکاردەهێنن. بەریتانیای گەورە (٥) ئاڵای جیاوازی بۆ هەریەك لەو مەبەستانە هەیە، تەنها ئاڵای میللی نییە کە هاونیشتمانیان هەڵیبکەن، بەڵام بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەك ئاڵای نارەسمی ئینگلستان و سکۆتلاندو ئیرلەندەو ویلس هەیە. عێراقیش یەك ئاڵا بۆ هەموو مەبەستەکان بێجگە لە ئاڵای میللی بەکاردەهێنرێت.
هەروەها چەند جۆرێك ئاڵای تر هەن کە تایبەتن بەکەسێکی دەوڵەتی یا بەشێکی دەوڵەتێك، وەك ئەمانەی خوارەوە:
١. ئاڵای سەرۆك؛ وەك ئاڵای شا، سەرکۆماری (فەرەنساو ئەمەریکا)، سەرەك وەزیرانی (بەریتانیا)و ...هتد.
٢. ئاڵای نیمچە دەوڵەتی، هەرێمی، ئۆتۆنۆمی و پارێزگا...
نموونەش بۆ ئەوانە وەك یابان کە ٤٤ ئاڵای هەرێمی هەیە، نیمچە دەوڵەتەکان و هەرێمەکانی بەریتانیاش ١٦ ئاڵایان هەیە وەك ئاڵای هۆنگ کۆنگ و دورگەکانی فالکلاند.
ئێستاش لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە هەوڵدەدەین لەم پرسیارە بکۆڵینەوە:
ئایا گەلی کورد یان دەوڵەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە خاوەنی ئاڵای خۆی بێت؟
پێش ئەوەی هیچ وەڵامێك بدەینەوە، باشترە سەرنجی ئەو دوو را جیاوازە بدەین کە ئەمرۆ هەیە لەناو کوردستانی خوارووددا لەمەڕ بوون و نەبوونی ئاڵای کوردستانەوە هەیە.

١- هەندێك دەڵێن ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆی سیاسی خۆمان نییە ، ئاڵا نیشانەی جیابوونەوەیە لەبەر ئەوە ناشایستەیە ئاڵای تایبەتی خۆمان هەبێت .

٢- کۆمەڵێکی تر دەڵێن ئێمە گەلێکین و ئێستاش وڵاتێك و دەوڵەتێکی هەرێمی ئازادمان هەیە کە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆیەتی لەبەر ئەوە پێویستە ئاڵایەکی وەك ناسنامە هەبێت بۆ ناسینەوەو دیاربوونی .

پێش ئەوەی هەڵوێست وەربگرین لەو دوو بۆچوونە هەندێك راستی هەیە دەبێت وەیاد بهێنرێنەوە ، خەباتی دروستکردنی ئاڵا لەلای گەلی کورد شتێکی تازە نییە . هەر لەم سەدەیەدا لایەنی کەمی دوو بەڵگەی مێژوویی گرنگمان بەدەستەوەیە . یەکەم ئاڵاکەی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمرە ، دووەم ئاڵاکەی کۆماری کوردستانی مەهابادە . پێشتریش تا رادەیەك بەپێی هەندێك سەرچاوە دیارە کە لەلایەن میرنشینەوە کوردییەکانیشەوە ئاڵا بەکارهاتووە ، بەڵام چی بووەو چۆن بووە ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ هەیە کە من لێرەدا توانام بەسەریدا ناشکێتەوە .

بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرایە کە گەلی کورد دوای خەباتێکی خوێناوی ، سەرەتا لەگەڵ شۆڕشی ١٤ تەمووز لە دەستووری عێراقدا بۆی سەلمێنرا کە شەریکە لەدەوڵەتی عێراقدا ، دواتریش لەلایەن رژێمی عێراقەوە نیوەی کەمتری خاکی کوردستانی کرد بەناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد . مەبەستی من لێرەدا ناوەرۆکی ئۆتۆنۆمییەکە نییە بەڵکو دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە گەلی کورد : سنوور ، پایتەخت ، ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی بۆ دیاری کرا . تەنانەت ئەو ئۆتۆنۆمییە پوچەی رژێمیش کە بریتی بوو لە قەوارەیەکی ئیداری کارتۆنی مافی هەبوو خاوەنی ئاڵای خۆی بێت ، بەڵام پێی رەوا نەبینرا بوو .

خۆ ئەگەر ئاڵای تایبەتیشیان بەگەلی کورد رەوا نەدەبینی دەبوایە بەپێی دەستووری عێراق کە خەڵکی کورد شەریکە بەشە لە وڵاتی عێراقدا مۆرك و سیمای خۆی هەبوایە لەئاڵای عێراقیدا ، وەك وڵاتانی فرە نەتەوەیی یا فرە کۆماری تر . بەڵام دیارە ئاڵای عێراق ئاڵایەکی عەرەبییە نەك هی دەوڵەتی عێراق بۆیە هیچ مۆرکی کوردی و شەریکایەتی پێوە دیار نییە . پیاو هەر چۆنێك بێت ئەم مەسەلەیە لێکبداتەوە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە گەلی کورد مافی بوونی ئاڵای لێداگیر کراوەو خوراوە .

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر دوو بۆچوونەکە ، من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری لە بۆچوونی دووەم دەکەم ، کە ئاڵا بۆ دەوڵەتی کوردستان بەرەوا دەزانێت ، رای یەکەم بەهەڵە دەزانم ، چونکە ئاڵا بەشێوەیەکی بنەرەتی نەبەستراوەتەوە تەنها بە دەوڵەتی سەربەخۆی سیاسییەوە ، راستە ئاسایی دەکرێت ئاڵا ناوەرۆکێکی دەوڵەتی و سیاسی پێبدرێت بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر دەبێت وا بێت . بەڵکو وەك باسمان کرد هەموو وڵاتێك ، دەوڵەتێك و ناوچەی ئۆتۆنۆمییەك و گەلێك و گرووپێك ، کۆمپانیاو تیپی وەرزشی و ...هتد ، مافیان هەیەو دەتوانن

خاوەنی ئاڵای خۆیان بن. بوونی ئاڵاش نیشانەی جیابوونەوە نییە هەر وەك باسمان کردو ئاشکرایە دەیان دەوڵەتی فیدراڵی و نیمچە دەوڵەت و ویلایەت و ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگای دەوڵەتان هەیە کە خاوەنی ئاڵای خۆیانن و جیاش نەبوونەتەوە.

ئەمڕۆ کوردستان قەوارەیەکی هەرێمی، سیاسی و ئیداری خۆی هەیەو دەوڵەتێکی فیدراڵخوازەو حکومەت و پەرلەمانی خۆی هەیە کە بەرێگایەکی رەواو دیموکراسی هەڵبژێردراون، زۆر ئاساییە کە دەبوایەو دەبێت خاوەنی ناسنامەی خۆی بێت وەك هەموو مرۆڤێك، ناوچەیەك و وڵاتێك. پێویستە ناسنامەیەکی هەبێت بۆ بەکارهێنانی لە چالاکیەکانی خۆیدا لەناوخۆو دەرەوە لەکاتی بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونە لەگەڵ رژێم یان لەگەڵ وڵاتانی تردا، لەچالاکی وەرزشی و زانستی و سیاسی دا. بەشداریکەرانیش لەوانەیە نوێنەرو ئەندامی پەرلەمان و حکومەت یان تیپە وەرزشییەکان بن کە لەژێر ئاڵای کوردستاندا خۆیان دەردەخەن.

خۆ ئەگەر مەسەلەکە سیاسی و سەربەخۆیی بێت ئەوا پەرلەمان و حکومەتی ئەمرۆمان سەربەخۆو سیاسیشەو دژی حکومەتی ناوەندیشە. مەسەلەی سەربەخۆیی و ناسەربەخۆیی هیچ رێگر نییە. ئەی ئەگەر گەلی کورد سەدان ساڵە بۆ سەربەخۆیی خەباتی خوێناوی نەکردێت ئەی بۆچی خەباتی کردوە؟!

ئێستاش گەلی کورد تێدەکۆشێت بۆ چەسپاندنی ئەو سەربەخۆییەو شەریکایەتییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام نەك ئەو عێراقە شومەی جاران، ئەوە گۆڕ بەگۆڕ کرا، بەڵکو عێراقێکی تازە کە گەلی کورد تێدا سەربەست و خاوەن مافی چارەی خۆنووسین و شەرەف و شکۆمەندی خۆی بێت و رێزی لێبگیرێت. تەنانەت ئەو کاتەی عێراقی تازەی یەکگرتوو دەبێت ئاڵایەکی نوێی تری هەبێت. ئەم ئاڵایەی ئێستا سیمای کوردیی پێوە نییەو لەبەر چاوی خەڵکی رەش و سوك بووەو نیشانەی زۆرداری و ستەمی رژێمە، لەو ساڵانەی دوایی رژێم بۆ فرو فێڵ (الله اکبر)ێکی لەسەر نووسیوە. وەك زۆر لە خوا ترس بێت.

خۆ ئەگەر ئێمە بێینە سەر قسەی ئەو کەسانەی کە گەلی کوردو پەرلەمان و بە ئازاد ناناسن و بەشایستەی ئاڵای نازانن با بچن سەیرێکی لاپەڕەکانی مێژوو بکەن کە شاهیدە دەیان گەل هەبوون کە ئێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، پێشتر نا سەربەخۆ بوون و دەوڵەتیشیان نەبووە بەڵام خاوەنی ئاڵای خۆیان بوون و ئاڵایان کردبووە رەمزی یەکگرتن و بەرەنگاری خەبات بۆ سەرکەوتن.

لە فەرزێکدا ئەگەر هەر تاوانبارمان بکەن بەوەی کە گوایە گەلی کورد نیازی جیابوونەوەی هەیە. دەبێت بە راشکاوی دەریببڕین کە جیابوونەوە مافێکی رەوای خۆمان و هەموو گەلێکە کە بخوازێت جیاببێتەوە، ئەو مافە رەوایەو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی پێداناوە، بەڵام لەم هەلومەرجەی ئەمرۆدا گەلی کورد لە خوارووی کوردستاندا ئەو داخوازییەی بە واقعی و سەرکەوتوو نازانێ و نیازی جیابوونەوەی نییە.

گەلی کورد خودی خۆی بەڵگەی مێژوویی بەدەستەوەیە کە ئاڵا نەبۆتە هۆیەك بۆ جیابوونەوەی، نموونەی ئەمەش کۆماری مەهابادە کە خاوەنی ئاڵای خۆی بووەو جیابوونەوەشی نەدەخواست.

لەهەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت بۆ پەرچدانەوەی ئەوانەی کە لەوە دەترسێن لە زرووفەدا کورد جیاببێتەوە، ئەوا ئاڵایەك دروست بکات کە ئەوە دەربخات کە گەلی کورد گەلێکە لەگەلانی عێراق و شەریکەبەشە لە وڵاتەکەدا. ئاڵای بەریتانیای گەورە پێکهاتووە لە سێ ئاڵای جیاوازی ئینگلستان و سکۆتلاندو ئیرلەندە کە تێکەڵ کراون و ئەو ئاڵا هاوبەشییەی لێپێکهاتووە. زۆر وڵاتی فرە نەتەوەیی و فرە هەرێمی و نیمچەدەوڵەتی تریش هەن کە هەر بەو شێوەیە ئاڵای خۆیان داناوە. ئێمەش دەتوانین وەك ئەوان رەفتار بکەین.

هەروەها وەك باسمان کرد، ئاڵا فرە جۆری هەیە دەوڵەتی، میللی، نەتەوەیی و هێزی وشکایی و نیمچەدەوڵەتی و هەرێمی.... خۆ ئێستا لایەنی کەمی کەس ئینکار لەوە ناکات کە ئێمە میللەت و نەتەوەو نیمچە دەوڵەت نین، بۆ دەبێت هەموو گەلانی دنیا خاوەنی ئاڵای خۆیان بن و رەوا بێت بەڵام ناڕەواو ناشایستەیەو نابێت گەلی کورد ئاڵای خۆی هەبێت. بەڕاستی ئەو جۆرە قسانە سوکایەتی کردنە بە گەلی کورد کە سەدان ساڵە کوردستانەکەی کاول دەکرێت و قوربانی دەدات و خەبات دەکات بۆ مافی چارەی خۆنووسین و سەربەستی بەڵام بە شایستەی ئاڵای نازانن!

ئەگەر ئێمە دەترسین و بەخۆمان رەوا نابینین ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵیمان هەبێت با بەرەی کوردستانی ئاڵایەك بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان یان بۆ خۆی و بزووتنەوەی کورد دروست بکات وەك رەمزی یەککگرتن و خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد. باشە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەترسێت یا کەمتەرخەمی دەنوێنێت کە ئاڵای خۆی هەبێت. ئەمرۆ سەرکردەکانی کورد چەندین ئازایەتیان نواندووە کە دروستکردنی ئاڵا لەبەرامبەریدا هەر یاری منداڵانەیە! ئایا هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و بڕیاری مێژوویی فیدراڵییەکە ئاسانتر بوون لە هەڵبژاردنی ئاڵایەك!

لێرەدا دەبێت بەتوندی و راشکاوی رەخنە لەهەموو سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی خواروو لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بگیردرێت، چونکە مەسەلەی ئاڵایان بە گرنگ نەگرتبوو و نەگرتووە و کەمتەرخەمیان تێدا نواندووەو فەرامۆشیان کردووە، تەنانەت درێژەشیان بە ئاڵاکەی حکومەتی شێخ محمودی نەمر نەداوە... ئەمەش خەتایەکی گەورەیە!

ئێستا پەرلەمانی کوردستان رەسمییەن ئەو بڕیارەی بۆ نادرێت با خەڵکانی دڵسۆزو رۆشنبیرو شارەزاییانی کورد ئاڵایەك هەڵبژێرن بۆ کوردستان بە رێگایەکی نا رەسمی وەك ئاڵای میللی و نەتەوەیی گەلی کوردی کوردستانی

خواروو.

پێویستە ئەو راستیەش بوترێت کە خەڵکی ئەورووپی و ئەمریکی تەنانەت وەك دەوڵەتەکانیشیان بەشتێکی ئاسایی وەردەگرن ئەگەر گەلی کورد لە خوارووی کوردستان بەئاشکراو رەسمی ئالأیەك بۆ خۆی بەرزبکاتەوە. تەنانەت ئێستا ئەوان خۆیان ئالأی کۆماری مەهابادیان کردووە بە ئالأی کوردو شتێکی باویشە لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەو کتێبدا دەری دەخەن وەك رەمزێکی گەلی کورد وە بۆ دیاری کردنی ناوچەی جوگرافیای کوردستانی گەورە. لەلای کوردەکانی ئەورووپاو ئەمەریکا ئەم مەسەلەیە براوەتەوە، هەموو (بێجگە لە پ. ك. ك.) لەژێر سایەی یەك ئالأدا خەباتی گشتی خۆیان دەکەن، ئەوەش زۆر ئاشکرا دەرکەوت لە کاتی گێرانی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە لەندەن بۆ پشتیوانی لەگەلی کوردی ئاوارەی کۆرەوەکەی بەهاری ساڵی ۹۱. لەوئاهەنگەدا لەسەر شانۆکە ئالأیەکی گەورەی کوردستان لەناوەراستی هەموو گۆرانی بێژەکاندا بەدەستەوە گیرابوو، لەهەمان کاتدا سەدان لە بینەران ئالأی بچووکی کوردستانیان بەدەستەوە دەشەکایەوە ئەمەش زۆربەی جیهان بینیان. هەروەها ساڵی پاریش «( کۆمەڵەی بەریتانی بۆ جوگرافیای سیاسی) بەشێوەکی رەسمی دانی بەئالأی کوردستاندا نا» (بر. پەرەسێلکە ژمارە ۱، لاپەرە ۱۵).

سوودی ئالأ چیە بۆ گەلی کورد؟

ئێستا هەموو گەلانی جیهان وەك عورفوعادەت ئالأی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو ئالأیانەش رۆلێکی پراتیکی گرنگ دەبینن لەژیانی رۆژانەدا، لەبەر ئەوە بۆ گەلی کوردیش باشەو پێویستە وەك هەموو گەلانی دونیا خاوەنی ئالأی خۆی بێت. لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی جۆشدانی خەبات و رەمزی یەکخستن و یەکگرتنمان، هەروەها رزگارمان دەکات لە پارچەپارچەیی و لەوەی کە هەر پارتە بۆ خۆی ئالأیەك هەڵبکات. ئەمە کێشەیەکی گەورەی پر مەترسییە ئەگەر هەر لە ئێستاوە چارەسەری نەکرێت دوور نییە لەئاوەختدا نەبێتە یەکێك لە ناکۆکییە گەورەکان لەنێوان رێکخراوەکاندا، لەوانەشە رژێم بەکاری بهێنێت بۆ نانەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی. دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەندێك جار لە ئەورووپا ناکۆکی پەیدا بووە لەسەر ئالأ لەنێوان لایەنگرانی پ. ك. ك. و کوردەکانی تر بەگشتی، چونکە پ. ك. ك. ئالأی تایبەتی خۆی هەیەو لەهەندێك خۆپیشاندانا لە بارودۆخی نەگونجاودا هەوڵیاندابوو ئالأی (پ. ك. ك.) بەرزبکەنەوە هاوکات لەگەڵ ئالأی کوردستاندا. ئەو جۆرە ناکۆکیانە لەوانەیە بەشێوەیەکی نابەجێ و ترسناك لەنێوان رێکخراوەکانی ناو خوارووی کوردستان دووبارە ببێتەوە. لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵبدرێت هۆی ئەو ناکۆکیە لە کوردستانی خواروو لەناو ببرێت ئەویش بەنەخشاندن و بەرزکردنەوەی ئالأی دەوڵەتی کوردستان.

هەروەها دوور نیە ماوەی ساڵێك، دوو ساڵ یان زیاتر سەدام هەر لەسەر

حکوم بمێنێتەوە. ئەو کاتە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان ناتوانن بەو شێوەیە کاروباری کوردستان بەڕێوە بەرن. دەبێت ئامادە بن بۆ بەستنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان، تەنانەت بۆ جیابونەوەش. سبەینێ ڕژێمی عێراق نەڕووخاو شەڕ هەڵگیرسایەوە یان ڕووخاو ڕژێمێکی تری شەڕخواز هاتە سەر حوکم. ئایا لەشکری یەکگرتووی کوردستان لەژێر چ ئاڵایەکدا خەبات دەکات دژی ئەو ڕژێمە؟ ئەی لەژێر چ ئاڵایەکدا نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان دادەنیشتن لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ترو نەتەوە یەکگرتووەکاندا؟ ئەی کوردەکانی دەرەوەی کوردستان لەژێر چ ئاڵایەکدا تێبکۆشن بۆ ئەم پەرلەمان و حکومەتە. لەدەرەوەی کوردستان ئاڵای کوردستانی گەورە بەتەواوی بەدەردی حکومەتی فیدراڵی ئەم قۆناغە ناخوات و کاریگەر نییە بۆ خەبات و پشتیوانی پەیدابکردن. ئاڵای کوردستانی گەورە پیرۆزە بەڵام شتێکی گشتییە، ئەم پەرلەمان و حکومەتە تازەیە پێویستیان بەئاڵایەکی تایبەتی وەك ناسنامە هەیە بۆ ئەوەی جەوهەری مەسەلەکە یەکسەر دەربکەوێت. لەبەر ئەوە لەوبارودۆخەدا هەبوونی ئاڵا پێویستییەکی عەمەلی و حەتمییە.

بەداخەوە ئیحتیمالیش هەیە کە ئەم دەوڵەتەمان بڕوخێت. ئەو کاتە دەبێت گەلی کورد کۆڵبدات؟ یان دەبێت دووبارە درێژە بە خەباتەکەی بدات لەژێر ئاڵایەکی یەکگرتوودا کە هەموو یەکێك لە خوارووی کوردستان بەهی خۆی بزانێت و تێبکۆشێ لە پێناوی مافە ڕەواکانی خۆیدا؟

کەواتە هەرچۆنیك لێی بکۆڵینەوە دەبێت ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی کوردستان، ئەو بۆشاییەو ئەو نوقسانییەی نەبوونی ئاڵا پڕ بکاتەوە ئەویش بەدروستکردنی ئاڵایەك کە هەم بۆ هەلومەرجی ئەمڕو پێویستە وە هەم بۆ پاشەڕۆژیشەوە بۆ هەموو بارودۆخێك ئەگەر دەوڵەتەکە سەرکەوتوو بێت یان خوانەکردە جوانەمەرگ بکرێت بەپیلانی دوژمنان! واتا دروستکردنی ئاڵا زۆر سوود بەخشە، نیشانەی بەردەوامی نیشتمان پەروەرێتییە وە دەبێتە هۆی یەکگرتنمان و خاڵی هاوبەشی و درێژەدان و جۆشدانی خەباتی سەربەخۆیی تەواومان.

لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە پەرلەمان دەستەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێ بۆ ئەوەی کە بەووردی لەمەسەی ئاڵا بکۆڵێتەوە. یان پێویستە ریفراندۆمێکی بۆ بکرێت هەتا گەلی کورد ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی بدات بۆ هەڵگرتنی ئاڵا چونکە ئەم کارە لەوە گەورەترە کە تەنها بەکاری ڕێکخراوەکان بدرێتە قەڵەم.

دووبارە دەڵێم: گەلی کوردیش وەك هەموو گەلان مافی هەیەو پێویستە خاوەنی ئاڵای خۆی بێت، کە ئاڵاشی نەبووە کەمتەرخەمی و بێ بایەخی لەئەستۆی سەرکردەکانییەوە بووە.

ئاواتەخوازم بەو زووانە پەرلەمانی کوردستان ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە وە بە وتارێکی جوان یادی وتارە بەنرخەکەی سەرکۆمار قازی مەحەمەدی نەمر

بکاتەوە کە لە ئامەنگی هەڵگرتنی ئالاّی کۆماری کوردستاندا فەرمووی:

«ئەی گەلی بەڕێزی کورد ئەی پاڵەوانانی کوردستان، مەهاباد زۆر بەختیارە کە بۆ یەکەم جار لەم چەرخەدا ئالاّی رەنگینی کوردستان لە ناو ئاسمانیا ئەشەکێتەوە، دانیشتوانانی مەهاباد بەختیارترین کوردن لە کوردستانی مەزنا چونکە پێش لە هەموو کەسێك وا بەچاوی خۆیان ئەبینن کە ئالاّی کوردستان بەرز بۆتەوە وە ئەشەکێتەوە بە ئاسمانی مەهابادەوە.... هەزاران پاڵەوان و پێشەوایانی کورد لە رێگای ئەم سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئەم ئالاّیە کوژران و چوونە ژێر خاك لەئەنجامی کۆشش و فیداکاری هەموو گەلی کورد لەهەموو جیهاندا دانیشتوانی مەهاباد یەکەمین بەری ئازادی کوردستانیان وەگیر کەوت.. .ئەمڕۆ چرای ئازادی گەلی کوردمان هەڵگرتوە بەلاّم پاراستنی و مانەوەی ئەرکێکی زۆر گرنگە، ئەم ئالاّیە بۆیە هەڵکراوە کە نەیەتە خوارەوە ئەویش بەپشتیوانی ئێوە ئەزانین ئەی بەچکە شێرانی کوردستان وە ئەرکی پاراستنی ئەم ئالاّیە لە ئێوەیە ئەمەش پێویستی بە فیداکاری و گیان خۆبەختکردنە لە رێگایا... ئەی رۆلەکانی کوردستان روحی پاکی شەهیدانی کورد محاسەبەتان ئەکات بەرامبەر بەهەموو کورتی و سستییەکتان لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی کوردو ناوی کوردستانی پیرۆزدا...» (بڕ. کۆماری میللی کوردستان...لاپەڕە ١٠٠)

سوید، ئازاری ١٩٩٣

سەرچاوەکان:


١- گۆڤاری پەرەسێلکە، ژمارە ١، هەولێر ساڵی ١٩٩٢

٢- کۆماری میللی مەهاباد - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، مەحمود مەلا عزەت، چاپخانەی شەهید جەمال تایەر، چاپی دووەم، سوید ١٩٨٦.

3- Flags and Arms across the World, Whiteny Smith, 1980.

4- Flags, William G. Crampton,London 1988.

5- Flags, Eyewitness Guides, William Crampton, London 1989.

6- Flags Of The World, Edited by E. M. C. Barraclougtt C. B. E., R.N. and W.G. Crampton m. ed., London 1978.

# جیهان و شینی ئەزەلی

## دەریچەیەك بەسەر شیعری کوردستانی عیراقدا

نووسینی شاعیری ناسراوی ئێرانی
سەید عەلی سالحی
وەرگێرانی : سۆما

لە دورنەمایەکی کورتدا ، ئاوارەیی و کارەساتەکانی گەلی کورد بە جۆرێکی دڵتەزێن . . . دوای دارمانی ئەمپراتۆری عوسمانی گەیشتە ئەوپەڕ . هەر پارچەیەك لە جەستەی زادگای ئەم میللەتە ، لە ناو یەکێك لە هیلکاریە جوگرافییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تا ئێستا بە ژیانی نیوەسووتاوی خۆیەوە خەریکەو دلاوەرترین پەیامدارانی شین گێرانی ئەم دڵە لەت لەتە ، شاعیرانی ئەم مەڵبەندە غەمگینەیە ، ئەو شاعیرە تازانەی وەچەیەکی وەك صدقی الزهاوی ، عەبدولاّ گۆران و بلەند حەیدەری و هەژاری حیماسە بێژیان لە پشتەوەیە .

صدقی الزهاوی هەرچەند بە جۆرێکی حاشا لێنەکراو لە زەمانی خۆیدا لە حکومەتی بەغدا نزیك کەوتەوە ، بەلاّم شیعری ئەو ( بە زمانی عەرەبی و تورکی و کوردی ) گۆشەیەك لە فەرهەنگ ( کەلتوور )و ناوەرۆکی فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری پڕ کردۆتەوە . دوای زەهاوی ، عەبدولاّ گۆران کوڕی شاعیری مەزن سولێمان بەگ ، دڵی لە میللەتەکەی جیا نەکردەوەو دوای هێرشی ئەنگلیزەکان بۆ سەر عیراق ، بە ناچار کەوتە تێکۆشانی نیشتمانی و ماوەیەکیش لە سلێمانی بە مامۆستایەتییەوە خەریك بوو ، کەوتە زیندان ، رۆژنامەی «ژین»ی دەرکردو هەر خۆشی بۆ یەکەمین جار بووە بنیادنەرو ئالاّهەلگری شیعری ئازادو پێشڕەوی کوردی . ئەو شاعیرەی وەك ( نیما )ی«١» خۆمان کۆت و بەندی کێش و سەرروای کۆنی پچڕاندو ئاسۆیەکی تری لەبەر چاوی شاعیرەکانی دوای خۆی کردەوە . بالاّترین شێوەی دەربڕین ، وێنەو گێڕانەوەی شیعری کوردی لە کاکڵی شیعری ئەو شاعیرە داهێنەرەدا دەبیندرێ . عەبدولاّ گۆران لە کۆتایی ژیانیدا لە زانکۆی بەغدا بوو بە مامۆستای ئەدەب و زمانی کوردی و دوای دوو ساڵ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە سەری نایەوە . ئەو شاعیرە ژیرو ئەزمونگەرو داهێنەرو لێکۆڵەرەوەیە بەرهەمی وەك ( بەهەشت و یادگار ) ، ( فرمێسك و هونەر ) ، ( لاوك و پەیام )ی بەجێ ماوەو چەند بەشێکیان لەلایەن س .چ .ئەدمۆندز ( کوردناسی ئەنگلیزی ) کراونەتە ئەنگلیزی . تاوێ نەگەرا چەرخی موخالیف بە حیسابم و ، جیلوەی شانۆ«٢» .

بێگومان دەبێ چاوەروان بین شاعیرەکانی پەیڕەوی رێبازی ئەم شاعیرە

مەزنە خۆیان جیهانی نوێتر لە سیستەمی جیهانیی شیعردا بدۆزنەوە. هەروەك چۆن هەژار وابوو. (هەرچەند هەژار هی کوردستانی سەر بە خۆمانە)«٣».

شاعیرە کوردەکان لەبەر تایبەتمەندییە مرۆڤایەتی و ڕێبازە مولتەزیمانەکەیان، هەرگیز خۆیان نادەنە دەست. دنیای خەیاڵی بێ بارو پرۆسەی جوانی بەتەنیای وشە، ئەوەی هێڵی یەکگرتنەوەی زمان و گیانی داهێنەرانەی ئەو شاعیرانە دەکێشن، دەنگی هاوبەشی هەموویانە کە لە یەك گەرووی خوێناوی دەردەچن. نەخشەی بە کردەوە لەپێناو بەرەنگاریدا چ لە شیعرە کۆنکریتەکانی (شێرکۆ بێکەس)و چ لە شیعرە گەنج و لاواندنەوەبەسۆزەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا یەکێکە. هەروەها بلیمەتیتی تژی (ڕەفیق سابیر)و گیانی یاغی و قاوغ بە خۆمەڵنەگرتووی (عەبدوڵا پەشێو) بۆ من هەمیشە کازیوەیەکی خوێناوی و زەردەیەکی غەماوی لەودیو سێبەرەکانی پایزی کوردستان دێنێتەوە یاد. کوردستان هەر ئەوەندەی شاعیرەی نین، بەڵکو چەندانی تری درەخشانی هەن، چ ئەوانەی ناویان بەسەر دەرانەی ئاسۆوە هەڵواسراوە یان ونن یان لە تاراوگەدان! هەر لێرەدا پێویستە بڵێم (لەتیف هەڵمەت) ئەم شاعیرە تێکۆشەرە سیانزدە ساڵی تەواوە لە جلی سەربازیدا لەژێر چاودێری بەعسییەکانی عیراق دایە(!!.س). بەرۆژ ئاکرەیی (یەکێکی تر لەو شاعیرە تاراو گەییانە) لە نامەیەك بۆ نووسەری ئەم چەند دێرە نووسیویەتی: شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر باشن، بەڵام عەبدوڵا پەشێو لە مۆسکۆیە هێندە غەمبارو پەرێشانە ئیتر توانای قسەو دوانی نەماوە.

هەڵبەت توانای دەربڕین و شێوەی تێڕوانین لەلای هەریەك لە شاعیرە کوردەکان ناوەرۆکی سەربەخۆو زمانی تایبەت بەخۆی هەیە بەڵام هەستێکی هاوبەش لە هەموویاندا هەواڵی تایبەتمەندی یەکسان و وێکچووی قۆناغی ستەم دزاوتنی میللەتێك ئەدا.

بەرهەمهێنانی فرە Mass Production لە پرۆسەی کاری کولتووری (شێرکۆ بێکەس)و وزەی بیر Mind لای (لەتیف هەڵمەت)و بنیادگەرایی Rationalism دەروونی لەناو میعماری شیعری (عەبدوڵا پەشێو)داو شێوازی بابەتی ـ نوێ Funi-carra لە زمانی شیعری (ڕەفیق سابیر)دا ئەوانە هەموویان نیشانەی ئاشکرای کەسایەتی سەربەخۆیی زمان و ڕەوانی (نفس) شاراوەی ئەوانن لە بەرامبەر ناوەرۆکی شیعری خۆیاندا. هەڵبەت لە تێڕوانینێکی گشتیدا، لەبەر ئەو یەکگرتنە عاتیفییەی ریشەیی لە زەمیری ناخوداگای نەتەوەییدایە، گشتیان خاوەن یەك هەستی هاوبەشن و پردی پێکەوە بەستنی ئەم هەستە مرۆڤایەتییەش ئەو دیفاعەیە کە لە بەرژەوەندی میللەتەکەیان دەیکەن: واتە ڕاپەڕینی بەردەوامی واتاو پەیڤ بە ڕووی سەرکوتکەراندا.

شیعری کوردی، یەکانگیربوونەوەی چەندین بزووتنەوەی ئاشکرای کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە: بانگی سیاسی، نارەزایی، تاراوگە، ڕاپەڕین و نەبەرد، کە هەموو ئەم بزووتنەوە چەند سوێ و چەند لایەنانە. بەڵام هاوبەش ـ

لە دوو لاوە دەگەنە هەڵچوونی دامێنان: مرۆڤ و ئامانج. ئەم دوو کاروانە هاوزادو هاوهەنگاوی یەك نیەتی دیاریکراون، ئەویش بریتییە لە گۆڕان لە ئۆرگانیزم و شێوەی ژیانی مرۆڤی کورد. یەکێك لەو هۆکارە بەوەجانەی کە تا ئێستا مایەی مان و پاراستنی کولتووری ئەم میللەتە بووە، ئەم یەکسوویی و پێکەوە رۆیشتنەی هۆشمەندی نەتەوەیی بووە، ئەگینا کولتوورێك کە لە چەند لای جوگرافییەوە لە گەمارۆدا بووەو بەردەوام لەبەر هێرشی کولتووری نەتەوەکانی تر بووە، دەبوا تا ئێستا ناوەرۆکی میللی خۆی دۆڕاندبا. جا لێرەدا ئەگەر تەنیا لە زەمینی شیعر بتوژینەوە تێدەگەین شاعیرانی کورد لەجیاتی کەوتنە ژێر کارتێکردنی شاعیرانی سوریاو تورکیاو عەربی عیراق، تا رادەیەك ئەوان کاریان کردۆتە سەر ئەندێشەی شاعیرانی میللەتە دراوسێکانی خۆیان. بۆ نموونە شیعرەکانی (لوتفی ئۆزگوك)ی شاعیری تورکیا سێبەری ئەندێشەی شیعری شێرکۆ بێکەس بە لوتکەی وێنەکانییەوە ئەبیندرێ. شاعیرانی کوردستانی عیراق هەرچەند شاعیری زۆر لێهاتوو دراوسێی فەرهەنگیان بوون و لە نزیکیانەوە ژیاون و ئێستاش دەژین (وەك معروف الرصافي، احمد صافي النجفي، بدر شاكر السياب، محمد مهدي الجواهري، عبدالوهاب البياتي لە عیراق، عمر ابو ريشة، جورج صيدح، ئادونيس «علي احمد سعيد»، نزار قباني، غادة السمان لە سوريا، نازم حیکمەت و عثمان تورکای و... لە تورکیا) بەڵام هەرگیز بەشێوەیەکی دیارو شایانی باس نەکەوتوونەتە ژێر نفوزی شیعری ئەوان. ئەگەر بروانینە پرۆسەی پێگەیشتنی فەرهەنگی فەرمانڕەوایی میللەتانی دراوسێی نەتەوەی کورد، بۆمان دەردەکەوێ هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بێسنووری هونەری وتن و نووسین، تەنانەت لە زەمانی پەیام هێنەرە مەسیحییەکانی ئەورووپایی و ئەمریکایی لە لوبنان تا پەرەسەندنی وەرگێران بە هەموو بەشەکانییەوە، هەروەها رۆڵی لاوك و گۆرانییەکانی عەرەبی لە پێهەڵاگوتن و شین گێران و مفاخرەو هەجو، لاواندنەوەو پەندو نەقل تا دەگاتە بزووتنەوەی شیعری (شێخ ناصفی لوبنانی ۱۸۹۹)و داهاتنی نازك الملائكە لە عیراق، تا شیعری مهوس و موشحات تەنانەت پێش ئەوەش لە زەمانی فەرهەنگی رۆحییە رۆژهەڵاتییەکان و دامێنانی فاتمییەکان و جەنگی خاچ پەرستی و هێزی بەرفرەی کارتێکردنی (ابن أثير)و (ابن عربي)، ئەوانە گشتیان نەیانتوانی فەرهەنگی گەمارۆدراوی نەتەوەی کورد وەك زادگاکەیان پارچە پارچە بکەن.

جا ئەگەر هەندێك جار جۆرە نزیکییەکی ناچاری لەنێوان پەیامی شیعری کوردی لەگەڵ شیعری فەلەستینی (عزالدين مناصرة، محمود درويش، فدوى طوقان، سلمى الخضرا الجيوسي، جبرا ابراهيم جبرا) بەدی دەکرێ، ئەوە لەبەر چارەنووسی هاوبەش، دەردو کارەسات و ئاوارەیی وێکچووی دوو میللەتی کوردو فەلەستینیێە، نەك کارتێکردنی کولتووری عەرەب، ئەو کارتێکردنەی ئەگەر ببوبێتیش، جۆرە ئینسانییەکەی بووە. جاری وایە هەست دەکەم عەبدوڵا

پەشێو یان لەتیف هەڵمەت هاوشاری ئیمە سەزارو دەیڤید دیوب یان لانگستون هیوزن ، چ سزار ڤالخو ، گازەلای ئەمریکای لاتین ، چ شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیر ، هەموویان سەر بە یەك خێزانی مرۆڤن . چونکە لە زادگای شەریفترین شاعیرانی دنیا هەمیشە لە دوو خونچەی یەك لق ، یەکیان بۆنی بۆمبە کیمیاییەکان داوەو ئەوی تر بۆنی فرمێسك و خوێن و ئەڤین .

شیعری هاوچەرخی کوردی ، زۆر زوو زەمینەی هوشیاری بۆ خوێنەری خۆی دەرەخسێنێ ، ئەم پیوانەو تروسکەو مێتمایانەش ئەو شیعرانەن کە بەهۆی پەیوەندی بەرامبەرو بەشێوەی شهودی ، شێوازی عاتیفی رەچاو دەکەن . روانگەی شاعیری ئەمرۆی کورد وەك هەستێکی بەدیهی Intuition لەسەر شتەکانی دەوروبەری ( وەك ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی دوور لە شکانی روحی و قەیرانی سیاسی دەبیندرێت ) باس ناکرێت .

جێگۆرکێ کردن بە واتاکان ، خۆی زایدەی دەوروبەری زاڵە ( محیط حاکم ) : درەخت بۆ کوردان مانای حەشاردان ئەدا ، ئەشکەوت مانای پەناهگا ، رەوەز واتە سەنگەر ، رێگا واتە رۆیشتن تا نهایەت ، تا مەرگ ، سەفەر واتە تا راوگە ، زادگا واتە جگەری پارچە پارچە کراو ، خێزان واتە بیر هاتنەوەی زامدارترین خەون !.

لە دنیای شاعیرانی کوردا ، شینی ئەزەلی ئەو وێردەیە کە لەگەڵ شاعیر لەدایك دەبێ بەڵام لەگەڵ شاعیردا نامرێت بەڵکو بە ئەمانەتەوە دەسپێردرێتە جیلی دوای ئەو . لە دنیای شاعیرانی کوردا ، ئەڤیندارترین سات لە ( هەراس )و ( پشکنین )و ( خرۆشان )دا نوتفە ئەگرێ . کەواتە بەم جۆرە سیفەتانەو ئەم توخم و رووداو و چۆنیەتیە بلەزانەی رۆح ، دەبوا بە چاوەڕوانیەکی بالآترەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ شیعری نوێی کوردی بکەین . لەسەر بنچینەی ئەم زیادەڕۆیی ( مبالغة )یە لەو چاوەڕوانیەش دایە کە هەندێك جار وا دەزانین دەبێ لە هەر خێزانێکی کورد ، یانیس ریستۆسێك لەدایك بێت .

بوونی شاعیرانی کورد دەریاچەیەکی خوێنە ، نە مێژوو ، نە سروشتی دڵرەق توانای دەرمان و تیمارکردنی ئەویان نییە ، تەنیا ئەڤینی تاوانکوژی ئەوان نەبێ و هەر ئەوانیش قەرزدارانی شەرەفی ئەڤینن . لەم روانگەیەشەوە من لە شیعری چوار چهرە لە شاعیرانی کورددا ، بە دوای گومانی قسەو پێچ و پەنای میعماری و کەموکوری سترەکتوری و جێگۆرکێ و باشتر هەڵبژاردنی وشەکان نەگەڕاوم و ناگەڕێم ، بۆ ؟! لەو شوێنەی تێنوێتی هاوار ئەکا ، باس و خواس کردن لەسەر پێکهاتنی فۆرمۆلی هیدرۆژن و ئۆکسیژن لە زەمیندا ، گەرووی وشك و خوێناوی تەڕو دەرمان ناکات و شیفایان پێ نابەخشێت .

( شینی ئەزەلی ) تاکە ناونیشانێکە پڕ بە پێستی مانای شیعری خەڵکی کوردە ، جا ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی تردا هەندێك شاعیر لە دوای سۆژە ، بەشوێن ( ئیلهامی تێگەیشتن )دا دەگەڕێن ، لەناو میللەتی کورددا ، خواستە مەزنە ئینسانییەکان هیچ هەل بە شاعیر نادەن و دەیخەنە شێلگەو رێژنەی

مانا . بەرهەمهێنانی فرەی (شێرکۆ بێکەس)یش ریشەی لەناو ئەم ژیانە بە زاوزێیەدایە .

سروشتی بێ جێگرو دژوار ، تۆتکەیی کۆمەڵی گوند ، جوتیاری و ئاغایەتی ، بەردەوامیەتی نەریتە خێڵەکییەکان ، هەژارکردنی سەپێندراو ، پەرە نەسەندنی تەکنیك لە شارەکاندا ، راگواستنی زۆرەملێ ، ئاوارەیی ، خۆشەویستی بێ پایان بە خێزان ، لێسەندنی ئازادی ، سەرکوتکردن ، تەحەمولکردنی ژیانی سووتاو ، دڵەڕاوکێ ، نیگەرانی و تاراوگە ، زیندان و دوژمنایەتی بەردەوام ، ئەو وەسفانەو ئەم رووداوە قەدەری و جەبرییانە گشتیان دەوریان لە خولقاندنی شیعری کوردیدا هەیەو لە سەرهەڵدانیدا بنەماو هەڵسوڕێنەرن . شاعیرە کوردەکان سەختترین لوتکەی عاتیفە شارەزان ، هەر لەو رووەشەوەیە تەنانەت ئەگەر بۆ تایبەتیترین خواست و ئارەزوو و ئاواتی دەروونی خۆشیان شیعر بنووسن ، چونکە گەیشتوونەتە ئەو خاڵە هاوبەشە ئینسانییە لە ئایسان و پەرەدانی غەم و شادی ، زمانیان . . . دەبێتە پلوسکی (فوارە) یەکخستنی هەموو بوغزو ترسێك و ئەڤین و ئەڤینداران مرۆڤایەتی لەخۆیدا دەردەبڕێت .

## لەتیف هەڵمەت Latif Halmat

لەتیف مەحمود بەرزنجی کە شیعرەکانی بەناوی (لەتیف هەڵمەت) دەخوێنینەوە لە ساڵی ١٩٤٧ی زاینی لە گوندی کفری Kifri کوردستانی عیراق لەدایك بووە . بەرهەمی ژیانی پێنووسەکەی تا ئێستا بریتین لە :

خواو شارە بچکۆلەکەمان / ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر / پرچی ئەو کچە رەشماڵی کوێستان و گەرمیانمە / ئەو نامانەی دایکم نایانخوێنێتەوە / جوانترین ئاوایی / ئەو شیعرەی تەواو دەبێ و تەواو نابێ / فەلەستین هەمیشەنیشتمانی غەسان کەنەفانییە / سروودی چەوساوەکان / بووکەشووشە / سڵاو لەو وشانەی دژ بە تاریکی دەدەن / خۆشترین ئاواز .

لەتیف لەناو نیشتمانەکەی ، ئاوارەیی ئەکێشێ و سێزدە ساڵە لە جلوبەرگی سوپاییدا زیندانە ، ئەویش بەناوی سەربازو لە ئابلوقەی بەعسیەکانی عێراقدایە . ئەوەی لە ناوەرۆکی شیعرەکانییەوە وێمان دێت ، هەواڵی دوورخرانەوەی رۆحی ئەومان بۆ دوورترین شوێنی جوگرافیای عاتیفە پێدەگەیەنێ . خاوەن بیرێکی بە توانا کە زمانێکی خشتی هەس ، ئەستیلی حماسی لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا زۆرجار روخساری عاتیفی لۆرکاو ریستۆسمان دینێتەوە یاد ، یاغیبوونی عاشقانە ، کرێگای مەست ، تەقینەوەی بێوەختی رەوانی ، ئەوانە ناخی شیعرەکانی ، بەتایبەتی شیعرە کورتەکانی کە دەرخەری شاراوەترین رازە عاتیفییەکانی خودێکی سەرلێشێواوە . هەڵمەت

هۆشی پەنهانی مێژووی شەفاهی میللەتەکەی بە هەورەتریشقەیەکی گومان لێکراو لە مانادا رووت و قووت دەرئەخات و ئەو پلەیەش هەواڵ لە دەروونی سەخت و راستگۆیی ئەڤیندارانەی ئەو لە ئاست چارەنووسی مرۆڤانەی چەوساوە ئەدات:

هەموو شاکان ببیستن　　شاعیرێ دەیەوێ بدوێ
زریانەکانیش بوەستن　　نێرگزێ دەیەوێ بروێ
تفەنگەکان بێدەنگ بن　　منداڵێ دەیەوێ بنوێ

## شێرکۆ بێکەس Sherko Bekas

لە ساڵی ١٩٤٠ی زاینی لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق لەدایك بووە. کوڕی (فایق بێکەس)ی شاعیرە میللییەکانی کوردە. ئێستا یەکێکە لە پێشڕەوانی شیعری میللەتی کورد. کابرایەکی چرکارو ماندوونەزانە کە زیاتر وەك ئەدیبێکی جیهانی کەوتۆتە مێشکی هونەردۆستان. هەرچەند لە رەخنەو داستان و وەرگێڕاندا توانمەندەو لێهاتوویی و شایستەیشی لەم بارەوە هەیە بەڵام کاری شیعر چارەنووسی قەڵەمەکەی ئەنووسێ.

شێرکۆ بەو روخسارە گەنمی و چاوە روون و غەمبارانەی، وەك بڵێی دەیەوێ بە تەنیا وێژەری گشت ئاواتەکانی میللەتی خۆی بێت. سەخت کۆشی و شێلگیری ئەم شاعیرە جیهانییە لە دەست رۆیشتوویی بەسەر ئەدەبدا، شیعرو کولتووری فەرهەنگی کوردی، کەسایەتییەکی گەورەی پێبەخشیوە. هەرچەند من ئەو بە شاعیرێ دەزانم کە بە ئەندێشەی میعماری (شیعری تێگەیشتن = ادراکي) گەیشتووەو جیا لە عەبدوڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت بێ ئەوەی لە کوڵین و دڵەکوتێی عاتیفی و شهوددا نقوم بێت، لە ئاراستەکردنی ئەبژەکتیڤی ئەندێشەداوەك ئەندازیاری وێنەکێشی (هەندەسەی تەرسیمی) شیعر، بووەتە خاوەن پیشەی وتەو توانای بێ وێنەی ئەو لە دەرخستنی خواستە نەوتراوەکان، گۆشەنیگای بۆ شتەکان، سروشت، مرۆڤ، هەروا زەخیرەی زمان و خێرایی هۆشی شتێکی بێ هاوتایە. دوای عەبدوڵا گۆران، شێرکۆ بێکەس لە وێژەرو میعماری پێشڕەوی شیعری ئازادی کوردییە:

لە ناو کۆمەڵی کولتووری کورددا، شێرکۆ بێکەس هاوشانی (ئەحمەد شاملو)یە لە پانتایی ئەدەبی هاوچەرخی خۆماندا. بەرهەمەکانی دەوڵەمەندو فراوانن:

تریفەی هەڵبەست / کەژاوەی گریان / کاوەی ئاسنگەر / من تینویتیم بە گڕ

دەشکێ / ئاسك / كازیوە / دوو سروودی کێوی / پیرەمێردو دەریا / هەڵۆ .....

شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٨٧،٨ی زایندا خەڵاتی جیهانی (توخولسکی)«٤» کە میدالیای شانازی ئەدەبە، پێ بەخشرا (ئەوەش لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبی سویدەوە بوو بۆ ڕێزلێنان لە تەقەلای شێلگیرو پرکاری و ماندوونەناسینی ئەو). شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس تا ئێستا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی، سویدی، نەرویژی، عەرەبی، فارسی. فلۆرانسی ئیتالیا گەورەترین ئەنجومەنی مەدەنی، سیفەتی «هاوشاری» پێ بەخشی.

## عەبدوڵا پەشێو Abdulla Pasive

لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی زایینییە لە گوندی بەحرکە (بێرکۆت Birkot)ی سەر بە شاری هەولێری کوردستانی عێراق. لە زانکۆی مۆسکۆ دکتۆرای ئەدەبی وەرگرتووەو ماوەیەکیش مامۆستای زانکۆی (الفاتح) ی لیبیا بووە.

عەبدوڵا، لە چواردە ساڵەی تەمەنیدا بۆ جاری یەکەم دەستی بە ویردکردنی شیعر کردو شان بە شانی تێکۆشەرانی میللەتەکەی خۆی دەچێتە پاڵ هێزە پێشڕەوەکان. عەبدوڵا زەینێکی روون و زمانێکی ساکارو بەرفراوان و ئاسانی (نەك سەخت) هەیە. لەناو کۆڕی شاعیرانی هەستی (حسي)و شهودیدا ریزێکی زۆری لێدەگیرێ و پلەیەکی بەرزی بۆ دادەنرێ. بەرهەمەکانی:

فرمێسك و زام / شەونامەی شاعیرێکی تینوو / شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم / بتی شکاو....

عەبدوڵا پەشێو بیرێکی ناسك و وردبینی هەیەو حەزی لە هەڵبژاردنی ئاگایانەی «وشە» لە شیعردا نییە، وەك بڵێی شیعر هەویرەو لەبەر دەستیدایە، بە زمانی سادەی گفتوگۆی خەڵکی عام بەڵام بە ناوئاخنێکی دەوڵەمەندو قوول، بە سوڕمێنەری دەکەوێتە دروستکردنەوەی بابەتە دۆزراوەکانی عاتیفە: زیاتر بیر لە رۆحی شیعر دەکاتەوەو خۆی لە لەشی شیعر بە هەموو شێوەو تەوتنەکانیەوە دەپارێزێت. لە راستیدا لێدەگەڕێ شیعر خۆی خۆی روون بکاتەوەو هیچ جۆرە هەوڵێکی ئانقەست و کردەوەیەکی ئیدراکی لە میکانیزمی ساختومان و میعماری شیعردا نادات. زۆر هێدییە.

عەبدوڵا بە شێوەیەکی زەینی و نامیکانیکییانە، بایەخ بە رەوانییەتی هەڵسوڕانی وشە لەناو شیعرەکانی دەدات، بێ ئەوەی خۆی بە ئاشکرا دەخالەتی تیا بکات. چونکە دەزانێ شیعر رەنگدانەوەی پاکی و دڵسۆزی منداڵانەیە. شیعرەکانی ئەو شێوەیەکی تری گفتوگۆی ساکاری ئینسانییە، ئەوەی لە قسەو دیالۆگی رۆژانەدا باوە. ئەو تەنیا پەردە لەسەر رۆحی شاردراوەی هەست و

عاتیفە پەنهانییەکان ، لادەدات ؛ بە چەشنێکی ئەوتۆ دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی ، وا دەزانی تۆش ئەم سۆزە ، ئەم سۆزە ، ئەم هەست و نیگار دیمەن و دەربڕین و پەیامەت دەزانی بەڵام بەبیرت نەدەهاتەوە . ئەرکی خودایی شاعیریش هەر بریتییە لە یادهێنانەوەی زانیارییە لەبیرچوو و پەنهان و نادۆزراوەکانە بەشێوەی ئیشراقی .

عەبدوڵا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە کوردە هەرە خۆشەویستانەی ناو میللەتەکەی خۆی . لەم ساڵانەی دواییدا ئەگەر لە هەر کوردێکی شیعردۆست بپرسی کام شیعرەت لەبەرە ، دەڵێت « ئەگەر ئەمجارە بێمەوە »ی عەبدوڵا پەشێو !

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە :<br>
بەیانیان<br>
وەك بەرخۆڵەیەکی ساوا ،<br>
لەناو قەرسیلی پاراوا ،<br>
تل دەخۆم و گیایێکی تفت تیر تیر دەچووم ،<br>
تا کفت دەبم ،<br>
پێ و بەلەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم !<br>
سەرنج دەدەم ،<br>
زەرنەقووتە چۆن باڵ دەگرێ<br>
پەرەسێلکە کۆچەرەکان<br>
لەسەر تێلی کارەبای رێ ، چۆن ریز دەبن

## رەفیق سابیر Rafiq Sabir

ساڵی ١٩٥٠ی زاینی لە شاری قەڵادزەی کوردستانی عێراق لەدایك بووە . رەفیق سابیر عەینییەتی نوێ و رۆشنی شیعری ئافانگارد ( طليعي )ی کوردییە . ئەو شاعیرەی هەڵسەنگاندنی تازەی لە هەوای پڕ زاوزێی شیعری کوردی هەیە : سوورئالیستێکی یاغی کە ئامانجەکانی بزووتنەوە ئینسانییەکانی نەتەوەکەی خۆی بەوپەڕی شارەزاییەوە خستۆتە زمانی نوێی شیعر . سوورئالیزمی رەفیق هیچ رووی هاوبەشی لەگەڵ سوورئالیزمی رۆژئاوا « لە شیعردا » نییە . رەفیق سابیر یەکەمین شاعیری کوردە کە بە جۆرێکی بەرفراوان شیعری نوێی کوردی لەو دەنگۆیە قورتار کرد کە دەیگوت لە رووی « فۆرم »ەوە پێش ناکەوێت . هەروەك چۆن ( بەرۆژ ئاکرەیی )ش لەم رێگایەوە دەست لە کاردایە . رەفیق هەرچەند زۆر پشت بە پەتانسیەلی دیمەن ئەدات ، بەڵام هەرگیز فکری نەکردۆتە

قوربانی فۆرمی خالس :

تەنیا نەبووم
شەو تەرمێك بوو لەپەنامدا راکشابوو
کات : تەمو مژو ناڵە بوو ،
وڵات : چنگی گەرووی دەم ( با )
لە باڵای رۆحم ئاڵابوو .
تەنیا نەبووم
ئاگرێك بووم و نهێنی دەیگردمەوە
کتێبێك بووم و دەریا دەیخوێندمەوە .

رەفیق سابیر ( سوورئالیزم ) وەك شێوازێك بۆ پەرەپێدانی زانستی شاعیزانەو لە چوارچێوەی تەقەلایەکی بەرپرسانەی تێکۆشان و بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی ( ئازادی ) بەکار دێنێ ( نەك وەك ئەوەی لەم دەیەی دواییدا سیاوەشی کەسرائی دەیکرد ، چونکە کەسرائی ناوەرۆکی دەوڵەمەندی کردە قوربانی قسان ) . زەینی سابیر ئاگردانێکە پڕ لە پشکۆی رۆشەن وەك بڵێی بۆ تواندنەوەی سەهۆڵی بەفرە کاکۆڵیەکانی گشت زستانە بێ کۆتاییەکان ، گڕی لێ هەڵدەستێ . بەرفراوانترین گەرەکی شیعری رەفیق ، ئاشکراکردنی وزەی دەروونی ژیانە . رەفیق زاتی زەمان لە شیعری خۆیدا دەستبەسەرو دەرخواست ئەکا . خۆئاگایی سۆسیالیستی ، دیمەنێکی روونە کە بەشێوەی لەرینەوەی گڕگرتووی مانایی لە وێنە سوورئالیستەکانی رەفیق سابیردا دروست دەبن و دێنە بەرچاو . شیعری ئەم شاعیرە لەوێوە دەست پێدەکات کە شیعری شێکۆ بێکەس دەخرێتە ناو مێژووەوە . سابیر دەکرێ جۆرێك بێت لە تیرەی « رامبۆ » :

بەسەر رۆحمدا هەنگاو هەڵبێنە
کە ئاسۆ خەوبێ
کات زەردەگەڵاو
باران سەراب بێ
تۆ بمهەژێنە

هەرچەند زەین ، وەهم ، خوێن و رەشایی ، سەر کەلی بەرچاوی ناوەرۆکی شیعری سابیر پێکدێنێ ، بەلام لە وەهمی ئەودا ( بریسقانەوەی راستی ) دوا پەیامە . ئەوەش تایبەتمەندی هاوبەشی گشت بەرهەمەکانی ئەوە :

پشکۆکان دەگەشێنەوە / ریژنە / سوتان لەژێر باران / لاوکی هەڵەبجە .

شیعری رەفیق سابیر مژدەی وەرزێکی نوێ و دەرکەوتنێکی چونایەتی ترە ، دەرکەوتنی وەرزێك و هاتنی سەردەمێکی تر کە دەبوا لە شیعری میللەتی کورددا روویدات . هەڵبەت زەین روونی و توانای داهێنەرانەی رەفیق سابیر

بووەتە هۆی ئەوەی تا ئەم گۆڕانکارییە بەناوی ئەوەوە بناسرێت ؛ سوریالیستی یاخی !

ئەیلولی ۱۹۹۱

«۱» مەبەستی نیما یوشیج داهێنەرو پێشرەوی شیعری نوێیە لە زمانی فارسیدا . س

«۲» ناوی شیعرەکان لەگەڵ سەردێری شیعرەکانی گۆران تێك ناکەنەوەو دیارە ئەدمۆندز دەسکاری لە ناوەکاندا کردووە س

«۳» مەبەست کوردستانی ژێردەستی ئێرانە س

( کوردستانی خۆرهەلات هیچ رۆژێك لە رۆژان سەر بە ئێران نەبووەو بگرە ئێران و کوردستان دوو وڵاتی جیاوازن دەبوایە نووسەر خۆی لەم چەمکە دوور بگرتبوایە . رابوون )

«٤» ستیپێندیۆمی تۆخۆلسکی خەڵات نییە بەڵکو منحەیە Stependiom

تێبینی :

١. بەداخەوە دیوانی ئەو شاعیرە کوردانەی لەم وتارەدا ناویان هاتووە هەموویانم دەست نەکەوتن تاکو دەقی شیعرەکانیان بنووسمەوە . چونکە شیعرەکان کوردین جوان دەرنەدەچوو جارێکی تر لە فارسییەوە بکرێنەوە کوردی . بۆ پارچە هەڵبەستەکەی لەتیف هەڵمەتیش نازانم چەند نزیك لە دەقە کوردییەکە کردوومەتە کوردی .

٢. سەید عەلی سالحی شاعیرو رەخنەگرێکی ناودارو هاوچەرخی ئێرانییە .

# مافە ونەکانی رەگەزی (مێ)ی فڕێدراو بۆ دەرەوەی مێژوو

کەژاڵ ئەحمەد

«ئازادی ئافرەت» پێوانەیە بۆ ئازادی کۆمەڵ» پێچەوانەکەشی هەر راستە، ئەوجا بە حوکمی ئازادبوونی کۆمەڵەکەی خۆمان لەڕووی سیاسیی‌یەوە بە بەدەست هێنانی ئازادی سیاسی کە هەر لە تەقینەوەی راپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١)ەوە دەستی پێکردووە تا گەیشتۆتە قۆناغی دروست بوونی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ بەڵێ ئێمە (وەك نەتەوە) لەڕووی سیاسیی‌یەوە ئازادبووین بەڵام لەڕووی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و ئایدیۆلۆژی‌و ئازادی فەردی‌یەوە هەژارو وابەستەین. لە هیچکام لەمانەدا سەربەخۆنین هێندەی کە پاشکۆو دەست‌و پێ بەستراوین هەروەها گیرۆدەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانین بەپێی بەتوندی پەیوەست بوونی فیکرو کردارمان بە نەریتە باوەکان‌و رێنوماییە کۆنە زۆر توندڕەوەکانی مەزهەبەوە.

سەرئەنجام دەگەینە ئەوەی ئازادبوون لەڕووی سیاسیی‌یەوە بەس نیە بەتەنیا بۆ ئازادبوونی کۆمەڵگایەك (بە نێرو مێوە) وەلێ گرنگ لەوەدایە ئەم جۆرە ئازادییە بکرێتە خاڵێکی دەست پێکردن بۆ خولقاندنی گۆڕان‌و پێشکەوتن.

دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە ئازادییەی ئەمڕۆی ئێمە ئافرەتی لە کۆیلەی پیاوە کۆیلەکانەوە کردووە بە کۆیلەی پیاوانی ئازاد لەڕووی سیاسیی‌یەوە بەڵام نائازاد لە رووەکانی ترەوە. من بۆخۆم واقیعی ژیانی ئافرەتی کورد بەر لە راپەڕین‌و دوای راپەڕین هێندە جیاواز نایەتە پێش چاوم چونکە هیچ گۆڕانکاریی‌یەکی جەوهەری لە ژیانیاندا بەدی ناکرێت، «ئافرەت لە وڵاتانی رۆژهەڵات زیاتر بە حوکمی نەریت‌و پێوانگەکان دەچەوسێنرێنەوە نەك بە حوکمی یاسا».

لە ئەمڕۆی دوای راپەڕینیشدا حوکمەکانی نەریت‌و حوکمە زۆر توندەکانی شەریعەت کە لە رێگەی یاساوە پیادە دەکرێن هەروەکو خۆیان بەرقەرارن؛ بەرنامەو پرۆگرامی کۆمەڵگای دواکەوتوو بەردەوامە لە پێشکەش کردن‌و پەیڕەوی کردندا.

بەر لە راپەڕین ئافرەتانی ئێمە خۆیان لە دژایەتی کردنی رژێمی بەعسدا دەدۆزیی‌یەوە لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە خەبات کارێکە نێرو مێ دەکاتە هاوشانی یەکتر لەلایەکی تریشەوە چونکە رژێم لە سەپاندنی سزاکانیدا دەرهەق بە سەرپێچی کەران جیاوازی لە نێوانیاندا نەدەکرد. بەڵام دوای راپەڕین ئافرەتی ئێمە خۆی لە ئازادیدا بۆ نەدۆزرایەوە هێندەی کە ون بوو چونکە حیزبەکانی کوردستان‌و بەرەی کوردستانی‌و دواتریش پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم کە

سەرداری مەیدانی دەسەڵاتو مەیدانی سیاسی بوونو هەن نەك هەر بە یەكسانی نەیانڕوانیە نێرو مێو وەك یەك مامەڵەیان لەتەكدا نەكردنو بە یەكسانی كارەكانو بەڕێوەبردنی كارەكانیان نەخستە بەر دەستیان بەڵكو ئافرەت خرایە نێو چواچێوەیەكی تەسك تر لە چواچێوەی بەر لە ڕاپەڕین . بە ئاشكرایی دەركەوت سیاسەت لەم وڵاتەدا سیاسەتی پیاوە ، دەسەڵات هی ئەوەو كوردستان هی ئەوەو دەركەوت دنیاش دنیای پیاوە ئافرەت لەم نێوەدا پاشكۆیەكە تەنانەت ڕۆڵی خۆیشی بەباشی نمایش ناكات . ئەمە ئەو حەقیقەتەیە كە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا ئافرەتانی داچڵەكاند . خەڵكی لەمەڕ ئێمە دەشێ تەنیا ببینین چەند ئافرەتێك لە پەرلەماندا بەس بێت بۆیان بۆئەوەی لە هەموو بۆنەیەكدا بە شانازییەوە بڵێن ئەمە نیشانەی ئازادی ئافرەتی كوردو هێمای پێشكەوتنەو سیمایەكی شارستانیانەیە ، بەڵام دەتوانین بپرسین ئەو چەندەی بوونیان لە شوێنێكی گرنگی وەك هەڵبێردراوی جەماوەر ( پەرلەمان )دا ؛ هێمای شارستانیەتە تا ئەم ساتەوەختە چییان كردووە ؟ چییان لە ژیانی ئافرەتی كوردا گۆڕیوە ؟ یان چالاكیو بۆچوونەكانیان تا چ ڕادەیەك جێگای سەرنج بوون تا ئێستا ؟ تەنانەت بشپرسین ئایا لە ڕوانینو بۆچوونی پیاوانەیاندا هێندەی كەم تواناترین ئەندامی پەرلەمان بەتوانا بوون ؟ بەتەنیا ( بوون )ی ئافرەت لە پەرلەماندا گرنگ نیە یا هێندە تەسك بین نەبین خۆ لەژێر باڵی جەوری سەددام حسێنیشدا كە ڕژێمەكەی دڕندانەترینو خوێناویترین جۆرە ڕژێمە لە دنیادا ڕێكخراوی ئافرەتانە هەبوون هەروەها ئەنجوومەنی بەناو نیشتمانی عێراقیش ئافرەتی كارتۆنی لە خۆی كۆكردبۆوە ، بەڵام بوونو نەبوونی ئەمانە لە ئەنجومەندا چی بووە ؟ نەبوونیان چ كارەساتێكی بۆ وڵاتو وەزعی ئافرەتان دەخوڵقاند ؟ ئەی بوونیان چ سوودو خێرێكی دەبەخشی ئەوكاتەی كە بێ كارو بێ دادەهێنان دەهاتنو دەچوون ؟ نە فیكریان بەرهەم دەهێناو نە گۆڕانكاریان بەرپا دەكرد ؟ تكایە من لێرەدا بەهیچ جۆرێك مەبەستم بەراوردكردنی ئافرەتانی پەرلەمانی كوردستانی خۆمان نیە بە ئافرەتانی ئەنجومەنی بەناو نیشتمانی دوژمنەكەمان ، چونكە بەراوردكاری لەم بارەدا كارێكی نابەجێیە .

من مەبەستمە بڵێم ئەوكاتانەی ئافرەتان ڕێگایان پێ ئەدرێت لە هەڵسوڕاندنی كاروباری وڵاتدا بەشداری بكەن « وەك بوونیان لە پەرلەملتدا » ئەمە جۆرێكە لە ئازادی ئەگەر مەسەلەی گرنگ بەتگنیا ئازادی بوونی مێ بێ لە پەرلەماندا لای بەعسیش ئەو ئازادی بوونە هەیە ، كەواتە : كارو بەرنامەو هەوڵی جیاوازی ئەو ئافرەتانەی لە پەرلەماندان ئەمانە خاڵی جیاكردنەوەو دژایەتی كردنی ئەورەی نێوان پەرلەمانی كوردستانو ئەنجومەنی عێراقی دروست دەكەن ، لەڕووی ئەو لایەنەوە كە پەیوەستە بە كێشەی ئافرەتو بوونی لەو شوێنە گرنگەدا ، دیارە باسی لایەنی ترم نەكردووە .

ڕەگەزی مێ لە وڵاتی ئێمەدا پاش ڕاپەڕین خۆی لەو ڕێكخراوە بەناو

ئافرەتیو بەناو پیشەییانەشدا نەدۆزییەوە کە حیزبەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان گۆشیان کردوون، تەنانەت ئافرەتانی ڕێکخراوەکان خۆشیان لەو سنورە داخراو و شەرمناکە دەرنەچوون کە حیزبەکان بۆیان کێشاون «کاتێك کە دەڵێین حیزبەکان ئەوە مەبەستمان لە دەستەڵاتە سەددەرسەد پیاوییەکانی کوردستانی خۆمانە». چەند سەیرە.. لە نیشتمانێکی بەوێنەی کوردستان وێرانکراو و پڕ لە ئەرکدا.. کوردستانێکی تا ئێستاش گەمارۆدراو بە مەترسی ڕێکخراوە ئافرەتییەکانمان وادەزانن بە داگیرساندنی مۆمو دانانی گوڵ لە بۆنەکاندا ئافرەتان لە گێژاوی دواکەوتوویی دەردەهێننو بەم کارەی کە کار نیە نوێنەرایەتی ژنانو کچانی وڵاتەکەیان دەکەن«٢». پێویستیش ناکات نمونە بهێنمەوە بۆ دەرخستنی رادەی سستمە ڕێکخراوەکان چونکە لە هەموو شتەکانی تر بەرجەستەترو دیارترە. بۆخۆم یەکگرتنو یەك نەگرتنی ئەم ڕێکخراوانە بە مەسەلەیەك دانانێم چونکە تاك تاك بن یا کۆمەڵ ناتوانن ببنە نوێنەری ئافرەتان بەڵکو هەریەکەو بیەوێ یان نەیەوێ بەجۆرێك لە جۆرەکان پاشکۆی حیزبەکەی خۆیەتی. ئەم ڕێکخراوانە بە لەبارچوویی لە دایك بوون چونکە نە خاوەنی خەباتێکی فیکریی دیارو خەباتێکی چەکداریی دێرینو جەماوەرێکی ئافرەتی لەبەر چاو و دەسەڵاتێکی ئابووری سەربەخۆو ئاستێکی هوشیاریو رۆشنبیری ئەوتۆن کە ئەمانە ببنە هێمای زیندوبوونیانو شەرعیەتی دروست بوونو دانپێدانانو مانەوەیان پێ ببەخشێ. ئەگەر ئەمانە هۆکار نەبن ئەی گوایە هۆی چیە کە ناتوانن (یەك بن) لەکاتێکدا بۆ قۆناغی ئەمرۆی گەلەکەمان (یەك بوون) یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی بەپێوە راوەستانی ئازادیو حکومەتە ساواکەمان بە بۆچوونی من گیروگرفتە هەرە سەرەکیو گرنگەکانی ژنانو کچانی کورد لە چەند خاڵێکدا کۆبوونەتەوە کە بەدوای یەکدیدا دەیانخەمە روو، بە دڵنیایشەوە دەڵێم تا ئێستا هیچکام لە ڕێکخراوەکانو ئافرەتە نووسەرەکانو ئەوانی پەرلەمانیش سەرجەمی گیروگرفتەکانیان بەیەکەوە نەخستۆتە روو:

یەکەم/

چەوساندنەوەی رەگەزی مێ لەلایەن رەگەزی نێرەوە سەرەتایەکی مێژوویی ئاشکرای هەیە، سەرەتایەکی دوورو دێرین، لەو کاتانەوەی کە هێشتا هیچ چینو توێژێکی چەوساوە لە مێژوودا دروست نەبووە بەر لە دروست بوونی هەر چینو توێژێك ئافرەتی چەوساوە هەبوون کە بێگومان تاوانبارکردنو بچوك کردنەوەی شوێنو پایەی ئافرەتو دەرکردنی بۆ دەرەوەی مێژوو لە دوێنێوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو هێندە دێرینە بۆخۆی بووە بە مێژوویەك لە چەوسانەوە. میللەتی ئێمە کە زیاتر وەك میللەتێکی جەنگاوەر (محارب) ناسراوە ئەویش بەپێی کاری باوو باپیرانمان کە شوانکارەیی بووە هەر ئەمەش وای کردوە لە شوێنێکی دیاری کراودا جێگیر نەبنو گەرمیانو کوێستان بکەن

هەروەها پاراستنی ئەم جۆرە ژیانە ناجێگیرە هێزی چەك و مەچەك و بیری گەرەك بووە كە پیاوانی كورد ئەم ئەركەیان گرتۆتە ئەستۆ، ئەویش بە حوكمی دابەش كردنی كار ئافرەتان ژیانی داخراوو ئەركی بەخێوكردنی منداڵ و بەرێوەبردنیماڵیان كەوتە ئەستۆو پیاوانیش ئەركی بەدەست هێنانی نان و بوون بە جەنگاوەریان لەپێش بوو، (دیارە تەكوینی بایلۆجی جەستەی ئافرەت و جیاوازی لە تەكوینی بایلۆجی جەستەی پیاو رۆڵی هەبووە لە دابەش كردنی كارەكاندا بەو شێوەیەی كە باسمان كرد بۆ نمونە ئەگەر منداڵدان «رەحم» بكەوتایە جەستەی پیاوەوە دیارە ئەوسا كارەكان پێچەوانە دەبوونەوە).

پیاوان دوای ئەوەی رم و شمشێرو خەنجەرو چەكە سەرەتایی و سادەكانی تری ئەو كاتەیان داهێناو كەوتە دەستیان ئیدی هەموو شتەكان چونە خانەی موڵكایەتی ئەوانەوە كە بێگومان ئافرەتیش شتێك بوو لەو شتانەی وەك هەر كالایەك مامەڵەی لەگەڵدا دەكرا. ئێستا بە دڵنیاییەوە دەڵێم چەوسانەوەی ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان و بەگشتی لە ساتەكانی یەكەمینی دابەشكردنی كارەوە دەستی پێ كردووەو ئەو هەموو قۆناغانەی بڕیوەو گەیشتۆتە ئەم قەیرانەی كە ئەمڕۆ دەیبینین و تێیدا دەژین. دەشێ بپرسن بڵێن ئەی گوایە قۆناغی دایكسالاری (مادەرسالاری) قۆناغی زێڕینی دەسەڵاتی ئافرەتی نەبووە؟ من دەڵێم ئەم قۆناغە دەكەوێتە بەرلە قۆناغی دابەشكردنی كارەوە لەم قۆناغەدا كاری ئافرەت دیارو سەرەكی بووە كە ئەویش پاراستنی جۆر بووەو لەو قۆناغە مێژووییەدا گەورەترین و پێویست ترین كار بووە بەرامبەر بەمە هێشتا كاری پیاو ساغ نەبووبۆوە.

راستگۆترین وێنە لە مێژووی ئێمەدا كە بشێ بۆ دەرخستنی رۆڵی ئافرەتی كورد لە مێژووی كوردیدا ساتەكانی گرتنی قەڵای دمدمە لەلایەن عەجەمەكانەوەو شكانی شەخصی خانی لەپ زێڕین. ئا. لەو ساتە ترسناكانەدا هەڵوێستی ئافرەتی كورد خۆهەڵدێران بووە لەسەر قەڵاوە ئەویش بۆئەوەی نەكەونە دەست سوپای دوژمن ئەمە دەری دەخات ئافرەتانی ئێمە تا چ رادەیەك خۆیان داوە بە دەست ئەو حەقیقەتەوە كە پیاوان پارێزگاری ئەمانن ئەوكاتەش كە پیاوەكانیان تووشی نوشوستی دەبن ئەمان هیچیان بۆ نامێنێتەوە خۆكوشتن (ئینتحار) نەبێ.

دەركەوتنی ئافرەتی كورد لە مێژووی كوردا هێندەی هەڵبوون و كوژانەوەیە كە رێك هێندەی دەركەوتنی ئافرەتانی قەڵای دمدم بەسەر قەڵاوە دواجار خۆهەڵدانیان بۆ خوارەوەو هەپروون بە هەپرووون بوونیان لەسەر زەوی حەقیقەتە تاڵەكان. بۆیە هەوڵدان بۆ خولقاندنی گۆڕانكاری لە ژیانی مێینەی كورداو تێكەڵكردنەوەی بە مێژوو كارێكی هەروا ئاسان نیەو تەنیا بە قسەكردن ناگاتە ئەنجام. ئافرەتی ئێمە نەچوونەتە مێژووەوە یان چوون بۆئەوەی بمرن و هەرزوو بكوژێنەوە. ئەو ژمارە كەمە ئافرەتەی كە چوونەتە مێژوومانەوە (پیاو) پەساپۆرتیانەو پیاوی هەروا ئاسایش نا بەڵكو پیاوێكی ناودارو بە دەسەڵات.

بۆ نموونە حەپسەخانی نەقیب خوشکی شێخ مەحموودی نەمر بووەو خانزاد خوشکی میری سۆران بووە، ئافرەتیشمان هەیە چوونەتە مێژووەوە ئەویش دوای ئەوەی خۆیان کردە قوربانی لە ڕێگای نەمر کردنی مێژووی نێرینەدا وەك لەیلا قاسمو ئەختەری رەشۆڵ«٢». بە شێوەیەکی گشتی مێژووی ئێمە مامەڵەیەکی دڵرەقانەی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا کردووە کە تێکەڵی بوون هەمیشەش وەك شتێکی نامۆ بەخۆی مامەڵەی لە تەکدا کردوونو بواری فراوانی پێ نەبەخشیوون بەڵکو سنوری داناوە بۆ جووڵەیو زەمەنی مانەوەی ئافرەت لە مێژوودا هەمیشە چرکەیی‌و بەرقی بووە.

دووەم/

لای ئێمە بەرەی سیاسەتو شتەکانی تریش بۆ دواجارو بە توندی لەژێر پێی ئافرەتاندا راکێشراون؛ هیچکام لە مەیدانەکانیش هێندەی مەیدانی سیاسەت لە کوردستانی باشووردا خاڵی نیە لە رۆڵی ئافرەتو دیدو بۆچوونو قوربانی ئەو. یەکەمجار دین (بە درێژایی مێژووی بوونی)، ئەوجا سەرجەم حیزبەکان بە درێژایی مێژووی خەباتیان، پەرلەمانی ئێستاو حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێندەی کە پیاوان بە پاڵپشتی خۆیان دەزانن ئەو سەنگە بۆ ئافرەتان دانانێن.

ئەوەتا (کۆلێژی سەربازی) لە کوردستانی باشووردا کراوەتەو ئامادەگی خۆی نیشانداوە بۆئەوەیبیبێتە مەڵبەندی پێگەیاندنی سوپایەکی بەهێز تەنانەت ئامادەی ئیحتیواکردنی خەڵکانی غەیرەکوردیشی هەیە کەچی بەتەنیا قۆرخکراوە بۆ کوڕانو، کچانی کورد نەوەك قوتابی‌و نەوەك مامۆستا وەرناگیرێن وەك ئەوەی ئەمان بەدووربن لە هەستی نیشتمانپەروەری‌و لە رووی لەش‌ولارو ئەقڵیەوە کەمتربن لە کچانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵەو تەنانەت کچانی پەکەکەو ئەو کیژە ئەمریکیە نازدارانەی هاتنە بیابانی سعودیە بۆ وەستان دژی رژێمی بەعس‌و دەستدرێژی لێکردنی بۆسەر خاکی کوێت، یان ئافرەتانی موجاهیدینی خەڵقی بەدناو.

نیشتمان بەتەنیا تاپۆی پیاوان نیە تا بەتەنیا ئەوان خاوەنی بن، ئەوان مافی پارێزگاری لێکردنو شەهیدبوون لە پێناویدا خەڵاتیان بێت، ئەمەیان سەرەڕای هەموو بیانووێك بە کەم زانینی رەگەزی مێو حساب بۆ نەکردنیەتی. هەروەها روانینە بۆی لە دوور بینی ژەنگ گرتووی روانینە کۆنەکانەوە. خۆ هێشتا نیشتمانی ئازادی ئێمە لە قۆناغی ناسکی‌و نزیك لە تێکشکان دەرنەچووە. ئەو هێزە کارپێنەکراو و شاراوەیە کە ئافرەتانی پڕ لە چالاکی ئەم وڵاتەن دەشێ لە سبەینێدا شتێك لە چارەنووسە رەشەکان بگۆڕن وەك چۆن کارکردنو بەشداری کردنیان لەم بوارەدا هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئافرەتان دەبێت بۆ گرتنی شوێنی شیاوی خۆیان هەروەها هەنگاویشە بەرەو تێکەڵ بوونەوە بە مێژوو.

خۆی مێژووی ئێمە زیاتر مێژوویەکی سیاسیە جا نەبوونی ئافرەت لە بواری سیاسیدا نەبوونیەتی لە مێژوودا.

سێیەم/

لە سەرجەم کوردستانی ئازادا ئەرکە ئیدارییە سەرەکییەکانو میدارەکردنی شوێنە گرنگو هەستیارەکان لەدەست ئافرەتدا نین بۆ نموونە: پارێزگار، جێگری پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، ئەوقاف، زانکۆ، کتێبخانە گشتییەکان، سەرکردایەتی هیچکام لە حیزبەکان، سەرەك وەزیران، وەزیرەکان بە گشتی (وەزیری گەشتو گوزار نەبێ)، بەڕێوەبەری کارگەکان، گومرگەکان، حاکمی دادگاکان، بەڕێوەبەرانی گشتی تەلەفزیۆنی هیچکام لە حیزبەکانو تەلەفزیۆنی هەرێمیش، رۆژنامەو گۆڤارەکان، سەرنووسەری هیچ بڵاوکراوەیەك لە سەرجەم کوردستاندا ئافرەت نیە«٤» نوێنەرمان بۆ دەرەوەی وڵات، سەرۆکی یەکێتی نووسەرانو سەرۆکی لقەکان لە هیچ کام لە پارێزگاکاندا.

لە سەرجەم کوردستاندا دەزگا رۆشنبیریو زانستیو وەرزشییەکانیش ئافرەت لێپرسراوی گشتی نین تێیدا. دەزگاکانی ئاسایش، پۆلیس، مرور، خاڵین لە ئافرەت، بەڕێوەبەری پەیمانگاکان، سەرۆکی تیپە شانۆییەکان، تیپە وەرزشییەکانو... هتد.

کە ئەمە بۆخۆی وەلانانی ئافرەتەو سڕینەوەیەتی لەسەر نەخشەی ئەرکە مرۆڤایەتیەکان.

چوارەم/

لە پەرلەماندا ئافرەتمان هەن بەڵام تا ئێستا یاسایەکیان لە بەرژەوەندی ئافرەتانو بۆ گۆڕینی ژیانی چەقبەستوویان دانەڕشتووە. دەبێت یاسا بکرێتە پاڵپشتی ئافرەتانی بێ پاڵپشت بۆ نموونە:

- دەتوانرێ هەوڵ بدرێت بۆ دانانی یاسایەك لە کوردستاندا دژ بە بەکارهێنانی توندو تیژیی بەرامبەر بە ئافرەت. وەك دانانی یاسایەك کە مافی کوشتنی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە رەت بکرێتەوەو رابگیرێت جا کوشتنەکە بەهەر بیانووەك بێت وەك پاراستنی شەرەفو مەسەلەی ئەخلاق چونکە ئەگەر بێڕەوشتی (بەپێی روانینی کۆمەڵ)و لادان لە نەریتە باوەکان لە تاوانە گەورەکان بێت ئەوە (تاوان) هەر (تاوانە)و ئەوسا دەبێت ناڵێم هەموو بەڵکو نیوەی راستی پیاوانیشی بەدەستی ئافرەتان بکوژرێن.

پشتگیریکردنی یاساش لە کەسانی (مرۆڤ کوژ) جا بە هەر بیانوویەك بێت خۆی لەخۆیدا (نا یاساییە) چونکە ئەوەی کە دەستی دەچێتە خوێنی کەسانی بێ دەسەڵات و کەسانێك کە نەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن هەقی ئەوەیە بەسزا بگەیەنرێت نەك پشتگیری لێ بکرێت.

- دەتوانرێت لە مەسەلەکانی شووکردن و جیابوونەوەدا یاسا بەشێوەیەکی باشتر بخرێتە خزمەتی رەگەزی مێینەوە. جێگای داخە سووربوون لەسەر پەیڕەویکردنی هەندێ برگەی یاسایی کە مافی مرۆڤی تێدا پێشێل کرابێت بۆ

نموونە: ئەو ژنەی کە لە مێردەکەی جیادەبێتەوەو منالّ لە نێوانیاندایە ئەو منالە ئەگەر کچ بوو ئەوا بۆی هەیە تا تەمەنی (١٨) سالّی لەلای دایکی بمێنیتەوە (بەمەرجێك ئەو دایکە شوو نەکاتەوە ئەگەر چی باوکەکە ژنیشی هێنابێتەوە!) بەلاّم ئەگەر (کوڕ) لەنێوانیاندا بوو ئەوا باوکەکە بۆی هەیە هەر بەکۆرپەیی داوای بکاتەوە! ئەو کچەشی کە تا تەمەنی (١٨) سالّی لای دایکی دەمێنێتەوە مەسەلەی شووکردن و شوونەکردنی پەیوەستە بە ڕەزامەندی باوکیەوەو بەبێ ڕەزامەندی ئەو شووکردنی ئەم مومکن نیە.

- بەستنەوەی ئافرەت بە زنجیرێکی ئەستوورو پتەوی وەك (تەلاق) بەپێ ی یاساو ئازادیی پیاو لەکردنەوەو توندتر کردنی زنجیرەکەدا زۆرجار بەبێ پێشەکی و بە ئارەزوو لەلایەن پیاوەوە گرفتێکی گەورەی کۆمەلّگای ئێمەیەو دەتوانرێت وابکرێت کە ئافرەت بەوجۆرە ملکەچی پیاو نەبێت لەهەردوو مەسەلەی شووکردن و جیابوونەوەشدا.

- دانانی یاسایەك کە ڕێگە لە پیاوان بگرێت کەلە ژنێك زیاتر بهێنێن، دەشێ لای هەندێ ئافرەت (مەسەلەکە بەم جۆرە بکەوێتە ئەی بۆچی پیاوان بۆیان هەبێ چوار ژن بهێنن دەبێت ژنانیش بۆیان هەبێت چوار شوو بکەن!)نەخێر ئەمە ڕاست نیەو ئێمە نابێ هەلّەکان دووبارە بکەینەوە، بەلّکو دەبێت ژیان بەرێگای ڕاسترو جوانتردا ببەین.

پێنجەم/

تا ئێستا لەخۆمان نەپرسیووە بۆ چی لەسەر تاسەری کوردستاندا گازینۆیەك، یانەیەك، شوێنێکی گشتی تایبەت بەیەکتر بینینی ئافرەتان و ئافرەتان، یان ئافرەتان و پیاوان نیە؟! لەکاتێکدا لەبەغداو پارێزگاو شوێنەکانی سەر بە باشووری عێراق ئەم جۆرە شوێنانە زۆرن ئەم دیاردەیە زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتی فاشیانەی ئەوسای ڕژێم لە دژی ناوچە کورد نشینەکان کەبوونی ئەم جۆرە شوێنانە لەم ناوچانەدا مەترسی دروست دەکرد بۆ سەر ڕژێم. هەروەها دواکەوتوویی کۆمەلّگای کوردەواریش هۆکار بووە لەرێگەی وەرگرتنی ئەم یاسا ناتەواوو نا شارستانیانەدا. ئەم بێ شوێنیە زیانێکی دیاری هەیە بۆ سەر ڕەگەزی مێ هەر ئەوەش وای کردووە مێ بۆ بینینی هاوڕەگەزەکانی یان غەیرە ڕەگەزەکانی، توند ڕەوانە سەربکاتە سەر هاموشۆکردنی سالۆنەکان و هەولّ بدات بچێت بۆ هەموو ئاهەنگەکان تەنانەت پرسە ئامێنێ لە شارەکەی و دەرەوەی شارەکەشیدا کە ئەم نەچێت بۆی، هەروەها وای کردووە زۆری حەز لە بازاڕو سەیران و چوونە سەر شێخ و چوونە لای فالّچی و قاوەگرەوەو هەموو شوێنێکی قەرەبالّغ بێت. هەمیشەش ئەم دیاردەیە جێگای پرسیارو ماندووبوونی ئەو میوانە بیانیانە بووە کە هاتوون بۆ سەرانی شارەکانمان.

شەشەم /

رەگەزی مێ لەولاتی ئێمەدا وا پەروەردە کراوە کە پاشە رۆژو نیشتمان پەروەری و داهێنان و ئینسانیەت لە «شووکردن»دا ببینن و هیچی تر، کە شوشیان کرد لە منداڵبووندا بیبینن و هیچی تر، خۆی کچ لەلای ئێمە بۆ شووکردن گەورە دەکرێن. کە ئەمەش قاڵبێکی تەسکە روانین و هیوای کچان و ژنانی ئێمە تێیداترنجاوە. ئەو جۆرە پەروەردەکردنەش (مێینە)ی خستۆتە حاڵەتێك لە دژایەتی لەگەڵ خۆدا کردندا، تەرکیزکردنێکی زۆر لەسەر مەسەلەی شووکردن و منداڵ بوون. کردنی ئەم دووانە بە (غایە) پاشماوەی بیری سەردەمی دەرەبەگایەتی یە، ئاشکراشە کە بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی دەسەڵات لەو سەردەمەدا دارێژراون ئەمە وای کردووە ئافرەتان بەسەرو سیما زۆر شارستانی و بەبیرو بۆچوون دواکەتوو نا شارستانی بن. خۆی بێجگە لە هۆکاری ئەو هەستەی لەلای ئافرەت دروستکراوە کە نرخی مرۆڤانەی بەندە بە شووکردن و منداڵ بوونەوە، هۆکارێکی گەلێك گرنگتریش هەیە کە ناکرێت نەوترێت ئەویش (کبتی جنسي)یە، ئاشکراشە مەسەلەی شووکردن ئەم لایەنە تارادەیەکی باش لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا چارەسەر دەکات. هەروەها لێرە شتێك نیە بەناوی پەروەردەکردنی سێکسیەوە چونکە سێکس بۆخۆی بۆتە یەکێك لە تابوو. ەکان (محرمات) لەکاتێکدا کە «هەموو شتێکی شاراوە جێگای گومان و پرسیارلێکردنەو هەموو شتێکی دانەپۆشراو ئاسایی دێتە پێش چاو» ** . ئەم نەوێرانی تیشك خستەنە سەر کۆڵانە تاریك و پێچاوپێچەکانی ئارەزووی سێکسی و زیاتر تاریك کردنیشی بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ولاتی ئێمە خەڵکێك بن نەخۆش لەرووی دەروونی و بێ توانا لەرووی ئەقڵییەوە. ژیانی تاکەکانی ئێمەو بەتایبەتیش ژیانی ئافرەتان لێوان لێون لە سانسۆرو ترس و تۆقاندن و نەزانین. بەڵێ داپۆشراوە بە نەزانینێکی تاریك و نەوێرانی هەوڵدان بۆ زانین، کە هەمیشەش ئەم نەزانینە کارەسات و گیروگرفتی گەورەی خۆی بەدواوە بووە، کارەساتیش لەوەدایە سەرەرای ئەمانە ئافرەت هێمای سێکسە ئەوەتا (جول لافوریغ) دەڵێ «هەرگیز پەیوەندیەکی خوشك و برایانە بە ئافرەتانەوە نابەستێتەوە چونکە بە تەمبەڵی و خراپەکاری کردوومانەتە بوونەوەرێکی لاتەریك وامان لێکردووە هیچ شك نەبات ئەفسوونە سێکسیەکەی نەبێت» ***

حەوتەم/

ئافرەتان هەستی ئافرەت بوونیان ونکردووە چونکە کۆیلەیی نێو دنیایەکن سەردارەکانیان پیاوە. من وای بۆ دەچم هۆی ون بوونی ئەو هەستکردنە بە ئافرەت بوونەکە وای کردووە وەك کردارێکی بێ ئاگایی ئافرەتان بۆ چەسپاندنی ئافرەتیتی خۆیان گرنگییەکی بێ وێنەو لە پێویست بەدەر بەجوانی و شەنگیان دەدەن تا هۆکارە دەرەکییەکانیش توندتربن لە سرینەوەی

ئەم دا وەك رەگەز ئەم لەلای خۆیەوە کرداری گرنگی دانەکە خەست تر دەکاتەوە، ئەوسا دەبینین چۆن سالۆنەکان بەرناکەون و کتێبخانە گشتیەکان خالین لەئافرەت. هەمیشەش (مێینە)ی ولاتی ئێمە بەهۆی جۆری پەروەردەکردنەکەیەوە وا هەست دەکات خوێندنەوەو رۆشنبیری دووری دەخاتەوە لەوەی ئافرەت بێت. «ئافرەت بەمانای خۆتەرخانکردن بۆ ماڵ و مێردو منال بەتەنیا». هەمیشە ئافرەتی رۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەی بەرز وەك خراپترین نموونە بۆ (ئافرەت بوون)و ئافرەتی نێو ماڵ دەهێنرێتەوە. بەڵێ حوکمی کۆمەڵگایە ئێستا (کەژاڵ ئەحمەد) نمونەیەکی خراپە بۆ ئافرەتانی ماڵ و هەموو پیاوێ ناتوانێ وەك هاوسەری خۆی هەڵیبژێرێت. بۆیە زۆرجار بینیومانە هۆشیارترین ئافرەتمان زۆر بەسانایی دەست بەداری هەموو شتێك بووە تا ببێتەوە بەو ئافرەتە (سەنگینە)ی کە کۆمەڵگای دواکەوتوو دەیخوازێ.

مێینە ئەو کاتە تەواو ون دەبێ یان خۆی دەدات بەدەستەوە کە دەبینێ لەچواردەوریدا سەرجەم دەستەڵاتە باڵاکان و ئەوانەی کە لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی مرۆڤیشدان سیمای نێرینەو رەگەزی ئەویان پێ بەخشراوە. بەڵام مێینەی کورد تا ئەم ساتە وەختەش هیچ کارێك هەوڵێکی جدی هۆشیارانەو دیاریان نیە بۆ دۆزینەوەی خودە ون بووەکەیان. ون بوونی مێینەی کورد تا پلەیەکە نووسین کە لە پلە بەرزەکانی هۆشیار بوونە ئافرەتانی ئێمە لەو ئاستانەشدا ناتوانن خۆیان بن، ئەمە بۆ خۆی کارەساتێکە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری ئافرەتان پیاوانە دەنوێنن و بیرکردنەوەو رەفتار دەکەن یان زۆر بەئاسانی دەبنە سێبەریان.

هەشتەم /

بەنێرکردنی دنیاو دەوڵەت و سیاسەت و فەلسەفەو مێژوو .... شارستانیەت و رۆشنبیری و ... تر ژیان بەگشتی شێوازێکی نێرانەی وەرگرتووە کە ئەمەشی بۆ خۆی ئافرەتی تووشی نامۆبوون (ئیغتراب) کردووە. ژنانی ولاتانی پڕ لە چەوسانەوە دەوری پرۆلیتاریا دەبینن لە نیزامێکی سەرمایەداریدا چونکە ئەو منالانەی دەیانخەنەوە دەبێتە چەکێك دژ بە خۆیان هەر ئەو منالانەش کۆتەکانی دەست و پێ ی داکیان گرانترو ئەستورتر دەکەن پاراستنی جۆر کە تاکە کاری ئافرەتەو ئافرەتیش تەنیا بۆ ئەو کارە دەژی بۆ خۆی فاکتەرێکە لە دەرەوەی مێژوو کار دەکات.

پیاوانی مێژو بەتەنیا خۆیان دەچنە مالی مێژووەو داکیان لە تەکیاندا نایەت چونکە مێژوو کاری گرینگی بە دایکایەتی (وەك کار) نەماوە. دایکایەتی دایکی شێخ مەحمود بۆ نموونە چی یە لە مێژوی کوردا؟ تەنانەت دایکایەتی دایکی زەردەشت پێغەمبەر چی یە؟

هەردوو نووسەری عەرەبی بەناوبانگ (د. نوال السعداوي و باسمە کیال) لەو باوەڕەدان کە سروشت بێتاوانەو دەوروبەر تاوانبارە لە بەکۆیلەبوونی ئافرەت دا

وەلێ من لەگەڵ بۆچوونەکەی فەیلەسوفی وجودی بەناوبانگ ( سیمون دی بوڤوار )دام کە دەڵێ : ئافرەت چەوساوەی دەستی سروشتە تەنانەت بەلای منەوە چەوسێنەری یەکەمی ئافرەت ( سروشتە ) نەك ( پیاو ) . چونکە ئەو ئەرکانەی چەستەی ئافرەت خوڵقاوە بۆ ئەنجام گەیاندنیان حوکمی بە کۆیلەبوونیان داوە بەسەریدا بۆ نموونە : منالٚ بوون .. ئەو ئەرکانەیە کە ئافرەتیان گەیاندۆتە ئەم قەیرانەی کە ئێستا تێیدا دەژی . ( دیارە بە ئەنجام نەگەیاندنی ئەو کارانەی بە جەستەی ئافرەت سپێردراوە ئەوە وەستانە دژی سروشت ) ئەوجا بەحوکمی ئەوەی کردەی منال پەروەردەکردن و منال بەڕێوەبردن کارێکی داخراوە لەسەر خۆی و ئەرکی پیاوان لە دەرەوەی سنووری ماڵدایەو هەموو سروشتی پڕ لە نهێنی و بەرفراوان مەیدانەکەیەتی واتا دەرگایەکی کراوەی لەبەر دەمدایە بەسەر هەموو گەردووندا دەڕوانێت . ئەمەی وای کردووە هەنگاوە خێراکانی پیاوان ، ئافرەتانی زیندانی نێو ماڵ بەجێ بهێڵن و ئیدی هەر ئەو بەجێ هێشتنەشی بێ و ئافرەتان بە راکردنیش نەگەنەوە بەپیاوان . حکومی بە نێرکردنی مێینە خۆیشی گرتۆتەوە ئەوەتا گەیشتۆتە قۆناغێك لە چەوساندنەوە کە یان ئەوەیە ئازار دەچێژێ بەدەست ئافرەتێتی خۆیەوە یان ئەوەیە وەك نێرێك دەژی یان وەك نێرە قولێك .

نۆیەم /

خێزان ئینجلس ووتەنی : کە بەروبوومی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەو کۆیلایەتی ئافرەتی تێدا خەست بۆتەوەو ئافرەت پاشکۆی پیاوە تێیدا ، هەروەها منالیش لە نێو خێزاندا گیرۆدەی هەمان جۆرە دەردە گیرۆدەی حوکمی پەتریاکی شەخسی باوکە .

چەوساندنەوەی ئافرەت لە چوارچێوەی کۆمەڵگاداو لە چوارچێوەی خێزاندا ( کە بچوك کراوەی کۆمەڵگایە ) بەدرێژایی مێژوویی چەوسانەوە تان و پۆی دۆزەخەکەی ژیانی ئەو بوونەوەرە ئازاردراوە بووە کە پێ ی دەوترێت ئافرەت .

ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی ماڵ و پێکهێنانی خێزان بەتایبەتی لەوڵاتی خۆماندا یەکێکن لە کێشە گەورەکانی بەردەمی پێشکەوتنی ئافرەت و تێکەڵ بوونەوەی بە مێژوو . ئەو کاتەی کۆمەڵ بەشداری ئافرەت دەکات لە ئەرکە گرانە بێ بەرهەمەکانی نێو ماڵداو ئەمەش سەربەستی کارکردن و داهێنانی پێ دەبەخشێت لەدەرەوی چوارچێوەی ماڵدا گرفتی ئەم دابرانە دیارو تا بەرامبەرییە زەقەی نێوان نێرو مێ روو لە کزبوون و نەمان دەکات .

خێزان لە کۆمەڵگا دواکەتوو و پڕ لە چەوسانەوەکاندا لەسەر بناغەی دەسەلات و زەبرو زەنگ دامەزراوە نەك لەسەر بناغەی خۆشەویستی و تەبایی . تەنانەت خێزان بۆتە مەیدانی خراپ کردنی رەوشتی ئەندامەکانی نەك بە پێچەوانە ، تەنانەت خێزان لە وڵاتی ئێمەدا بۆتە مەیدانی لە مرۆڤ خستنی مرۆڤ کە راست وایە مەیدانی خوڵقاندنی مرۆڤ بێت . دەشێ بڵێین ... ئەم

کێشەیەی ئافرەت و زۆربەی کێشەکانی تریشی بەتوانایەکی ئابووری باش چارەسەر دەکرێن یان راستتر وایە بڵێین بەبێ تواناو سەربەخۆیەکی ئابوری کێشەکان چارەسەر ناکرێن ، بارووذۆخی کوردستانیش لە رووی ئابورییەوە لە ئاویلکەدایە . بەلأم هەر هیچ نەبێت دەبێ داواکردنی سەربەخۆیی ئابوری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و رۆشنبیری بەرنامەی سبەی ئافرەتانمان بێت .

دەیەم /

نەبوونی رێکخراوێکی ئافرەتی سەربەخۆ کەوا بەستەی هیچکام لە حیزبەکان و پاشکۆی هیچکامیان نەبێت .

یانزەم /

لێرەدا لە خالێکی گرنگ دەدوێم کە بوون و نەبوونی کێشەی ئافرەتی پێوە بەندە ئەویش مەسەلەی ( ئازادی )یە ، جارێ بەر لەهەموو شتێ دەمەوێت بڵێم کە جیاوازییەکی ئاسمانی و رێسمانی هەیە لە نێوان چەمکی ( ئازادی )و ( بەرەڵلأیی )دا ئەو تێکەڵ کردنەشم بەلاوە ناپەسندە کە بەرەوا دانراوە .

من لەو باوەرەدام کە هیچ ئازادییەك بەرەڵلأیی نیەو هیچ بەرەڵلأییەکیش ئازادی نییە ، هیچ ئازادیەك نابێتە هۆی بەرەڵلأیی و هیچ بەرەڵلأیەکیش نابێتە هۆی ئازادی .

مرۆڤ یان ئەوەیە ئازادە یان ئەوەیە بەرەڵلأیە ، یان ئەوەیە ئازادییەکی مەعقول پیادە دەکات یان ئازادییەکی نامەعقول ( نەك بەرەڵلأیی ) ، مرۆڤ لە حالەتی بەرەڵلأییدا پەیوەست نیە بە هیچ سیستم و یاسایەکەوە تەنانەت بە ئینسانیەتی خۆشی یەوە بەلأم لە حالەتی ئازادیدا مرۆڤ مولتەزیمە بە کۆمەڵێك سیستم و یاساوە لەسەرووی هەموویانەوە مرۆڤایەتی ویژدانە .. مرۆڤ لە ئازادیدا بەرپرسیارە .

رەگەزی مێ لە ولأتی دواکەوتووی ئێمەدا چەمکی ئازادی زۆر تەسك دەبینن ، ئەگەر چیش هەموو کێشەکەی لە وشەی ئازادی )دا خەست بۆتەوە .

ئافرەتی کورد وا دەزانێت ( ئازادی ) لاسایی کردنەوەی رۆژئاوایە یان لەوە دایە کە خۆی بنێرێنێت ( خۆی بکاتە نێر ) جیاوازی نێوان رۆژهەلأت و رۆژئاواش ئەوەیە لە رۆژهەلأت ئازادی نیە وەلێ لە رۆژئاوادا بۆچوونێکی ( غادة السمان ) بەپەسەند دەزانم کە بینووسم ئەویش ئەوەیە دەلێت : ئازادیی لە جیهانی رۆژئاوادا ئازادییەکە خۆی خۆی دەسرێتەوە ئازادیی مردنە بەو شێوەیەی کە خۆت بتەوێ چونکە کەس بواری ئەوەو کاتی ئەوەی نیە رێگات لێ بگرێت ، ئازادی گوێ پێ نەدانی کۆمەڵە پێت . ئازادییەك کەلە دان پێدانان بە بوونتدا سەرچاوەی گرتبێت ....

ئەمە وەزعی ئازادییە لەسەرتاسەری جیهانداو دیارە لەلای ئێمە کێشەکە قووڵترە بەتایبەتی بەنیسبەت ئافرەتەوە ، گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە وشەی

( ئازادی ) لە مێشکیاندا تعارض بکات لەگەڵ یاسا توندەکانی مەزهەب و پێودانگەکانی کۆمەڵگای خۆمان ، هەر ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئافرەتانمان نەوێرن تەنانەت خۆشیان لە قەرەی لێدوان لەم باسە بدەن چونکە یەکێکە لە ( قەدەغەکراوەکان ) محرمات . ئەمانیش بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ڕێزیان لێ بگرێت . بۆ ئەوەی قسەیان نەیەتەسەرو خەونی شووکردنیان نەکەوێتە خەتەرەوە یان مێردەکانیان ، پیاوەکانیان لەدەست نەدەن تەنانەت خۆشیان لە بیرکردنەوەش دەبوێرن چونکە هەمیشە ئەوەیان لەیاد بووە کە ئەوەی خۆی دەدات لەقەرەی ( قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگا ) تەنانەت بەبیرکردنەوەش دەبێت باجی گەورە بدات . لەلای ئێمەوە واباوە ئەوەی دەربارەی کێشەی ئافرەت بنووسێت یان بدوێت خێرا تاوانبار دەکرێت بەوەی کە دژی پیاوە لە کاتێکدا کە ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەو بیانوو هێنانەوەیەکی نا بەجێیە بۆ ڕێگرتنەوە لە هەوڵی ئافرەتان بوۆ تیشك خستنە سەر کۆڵانە تەنگژەکانی کێشەکەی خۆیان بێ شك ئێمە لە کاتی باسکردنی کێشەکەماندا دووچاری بەشەر هاتن دێین لەگەڵ دەسەڵاتدا چا بە حوکمی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە پڕ لە جەورو ستەمە دێرینە لە دەستی پیاودایە ، بێ مانایە تاوانبار بکرێن بەوەی کە دژی پیاوین هەروەها هیچ هۆکارێکی فیسیۆلۆجی نیە کە دوژمنایەتی لە نێوان نێرو مێدا بی سەپێنێ . هەندێ هەن دەڵێن هۆکاری سایکلۆجی هەیە بۆ ئەم دوژمنایەتیە ئەویش بەپێ ی ( علم النفس ) واتە مەیدانی شی کردنەوەی دەروونی ( فرۆید )ی بەلام وەك سیمون دی بوڤوار دەڵێ : کارەساتەکە لەسەر ئاستی ( سێکس )ی نیە هەرگیز لەوباوەڕەدا نیم غەریزەی سێکس چارەنووسی مرۆڤایەتی دەست نیشان بکات .

ئەو کۆمەڵگایەی کە پیاو یاساو نەریتەکانی داڕشتووەو ئافرەت بەکەمتر دانراوە لەو یاسایانەدا واتە بەکەمتری دادەنێ لەخۆی ، ئافرەت ناتوانێت ئەمە بسڕێتەوە بە تێك شکاندنی دەسەڵاتداریتی پیاو نەبێت لەبەر ئەوەیە لەگەڵیدا بەشەڕ دێت و بەوەش هیچ شتێك ناکات بەرگری کردن لەخۆ نەبێت و هەوڵدان نەبێت بۆ ئازادی و گێڕانەوی مافی زەوت کراوی . بێگومان ئێمە وەك نەتەوە لەکاتێکدا کە لەگەڵ حکومەتی بەعسدا وەك دەسەڵات بەشەڕ هاتین خۆ دژی نەتەوەی عەرەب نەبووین و دژایەتی عەرەبمان نەدەکردو ناکەین وەك رەگەز ، کێشەکە لە نێوان دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات دایە . دژایەتی کردنی هەر مرۆڤێکیش هەر لەبەر ئەوەی نێرە یان مێ روانینێکی شەڕەنگێزی نا زانسی و نا ئەقڵییە .

دواجار دەڵێم : لەپێناوی ئەرکی گەورەی بەردەوام بوونی ژیان لەسەر زەوی و پاراستنی جۆرو پێشکەوتندا ، زۆر بە وریاییەوە هەوڵ بۆ یەکسانی دەدەین ، یاسای ژیانە دەبێ لەگەڵ نیوەکەی تری جەستەی خۆماندا بەشەڕ بێین تا گوێڕایەڵیان بکات و چی تر خیانەتی مێژووییمان لێ نەکات . ئای لەو دوژمنە کە ناتوانین لە جەنگدا بیکوژین چونکە خۆشمان دەمەودەست دەمرین ، مەحاڵیشە دەریان بکەینە دەرەوەی ژیانمان چونکە جەستەیەك ناکرێت بە دوو

بەشەوەو دوو بەشی جەستەیەکیش هەرگیز بەتەنیا ناژین .

تاکە ڕێگا تەحەدی کردنەو هەقیش لای ئێمەیە ، ئێمەی تاسەر ئێسك ئازاردراو .

١٩٩٢

* بەکارهێنانی وشەی «ئافرەت» لەم باسەدا بە مانای سیاسی نیەو بەلای منەوە کێشەی نێوان وشەی «ژن»و «ئافرەت» کێشەیەکی زمانەوانیەو زمانەوانەکان بۆیان هەیە بەلایەکیدا بخەن ڕاستیش نیە مەعنای سیاسی پێ ببخەشرێ .

** دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ئەم باسە بەر لە چالاکییەکانی ئەم دواییەی یەکێتی ژنانی کوردستان نووسراوە .

*** وتەیەکی کاك بەختیار عەلی یە لە کۆڕێکی بیستم .

## سەرچاوەکان:


- الثالوث المحرم الدين ، الجنس ، الصراع الطبقي ، بو علي ياسين
- الجنس الاخر والمرأة بين الحب والزواج ، سيمون دى بوڤوار
- ئافرەت و ژانی لەدایك بوونێکی نوێ ، هەڤاڵ کوێستانی
- اصل العائلة ، انجلس
- سايكولوجية المرأة ، باسمة كيال
- جەستە جاتنای کوچکردنە ، غادة السمان
- الزواج والاخلاق ، برتراند رسل
- حق المرأة ، عزيز السيد جاسم
- المرأة والجنس ، د ، نوال السعداوي
- اصل الفروق بين الجنسين ، و : بو علي ياسين


□

# چەند سەرنجێك دەربارەی کەسایەتی ژن و پیاوی کورد

نەزەند بەگی خانی

کۆمەڵی کورد لەرووی کۆمەلایەتیەوە لەسەر بنچینەی ستەمکـــاری دامەزراوە . بەهەمان شێوەش ، پەیوەندی ژن و پیاو بنچینەیەکی ستەمکارانەی هەیە . مەبەستمان لە ستەمکاری بوونی پەیوەندییەکی یەك لایی وکوێرانەی پڕ لە چەوساندنەوەیە بەبێ بوونی هیچ مەرجێکی دیموکراسی . هەر دیاردەیەك مەرجی دیموکراسی لە پاڵ نەبێت شێوەیەکی تایبەتی ستەمکارانە وەردەگرێت .

تا ئێستاش پەیوەندییە خێڵەکیەکان زۆر بەئاسانی لە کۆمەڵگای کورد هەستیان پێدەکرێت . لە دێهاتەکان ، لەناو ژینگە کشتوکاڵیەکان ، لەبەر سادەیی دەروونی دێهاتی ، پەیوەندییەکان سادەن و ژنی لادێیش ستاتویەکی کارگەر و بێبەشی هەیە . لەسەر ئاستی بەرهەم هێنانیش ، ئەگەر چی ئەمڕۆ پەیوەندی ئاغا و رەنجدەر نەماوە ، بەڵام ڕیشە کۆنەکە لە ئەخلاق و سایکۆلۆژی خەڵك دا هەرماوە ؛ ئاغا هەر ئاغایە و جووتیار ورەنجدەریش تابعیەتی ئەخلاقی خۆیان بزرنەکردوە . هەمان ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی ئەستورتر لە شارەکان هەستی پێدەکرێ .

گرنگە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم دیاردانە لەچاوی بێگانەیەك ( واتە چاوی ئەویتر ) ەوە بخوێنینەوە . زۆربەی ئەو ژن و پیاوە رۆژنامەنووس و ئەوانەی کە لە ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان کاردەکەن و لەم دووسێ ساڵەی دوایدا سەردانی کوردستانیان کردووە لەم بارە خێڵەکیەی کۆمەڵگای کورد دەدوێن ، بەتایبەتی لەو شێوەیەی کەلە پەیوەندی ژن وپیاودا ڕەنگی داوەتەوە . بەرای ئەمانە پیاو لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کورددا دکتاتۆرە و ژنیش هاوولاتیەکی بەستەزمان و دابڕاو لە گشت مافێکی مرۆڤایەتی . ئەوەسەرەرای ئەوەی کە ژن ڕۆڵیکی چالاکیان هەیە لە ژیانی ڕۆژانە و زۆربەی پیاوانیش پاسیڤن ( واتە بێجووڵەن ) .

ئەرکی ژن دوو ئەوەندەی ئەرکی پیاوە . ئەم بارە کۆمەلایەتیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە . لەساڵی ١٩٣٢ فیلمێك لەسەر کوردە ئێزیدیەکانی سۆڤیەت لەلایەن دەرهێنەرێکی ئەرمەنی دەرهاتووە ، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەخاتە ڕوو . بەیانیان زوو ژنان لەخەو ڕادەبن و دەست دەکەن بە ئاوکێشان و ئاگرکردنەوە و نانکردن و ماڵ پاککردنەوە و مەڕدۆشین و تەشی رستن و تەونکاری و چنین و ... هتد ، پیاوەکانیش لەسەر سەکۆی چایخانە و پشت دیواری ماڵەکان کۆدەبنەوە و تەزبیح بادەدەن و قسە دەکەن . زۆربەی ئەو گەرۆکە بیانیانەی کە لە سەدەکانی ڕابردوو هاتوونەتە کوردستان

باسی ئەم دیاردەیە دەکەن.

ئەمڕۆ، ئەگەرچی پیاو لە شارەکان بەهەندێ کاروبارەوە خەریکە، بەڵام زۆربەی کارەکان لەئەستۆی ژنانە. ژنی کورد ئەمڕۆ بە ڕادەیەکی باش بەشداری لە پێکهێنانی داهاتی خێزان دەکەن و لە ماڵەوەش ڕۆڵی منداڵ بەخێوکەر و کارەکەریان هەیە. سەرەڕای ئەمانەش هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دژی ژنن.

ئەم بارە لە تەواوی وولاتانی ڕۆژهەلات، ئیسرائیلی* لێدەرچێت، هەستی پێدەکرێت.

ئێستا، بۆ ئەوەی باسەکە گرێدەینەوە بە کەسایەتی ژن و پیاوی کورد لەخۆمان دەپرسین پیاو چییە؟ یاخود، جەوهەری مرۆڤی نێر چییە؟.

ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی راستییە زانستی و پزیشکییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەوە دەڵێین یەکەم مەرجی بوون بە نێر بوونی کرۆمۆسۆمی ( XY )یە کە لە ژندا ( XX )ە. بەڵام بوونی ئەم کرۆمۆسۆمە هۆیەك نیە بۆ دیاریکردنی نێر و بوونی بە خاوەن پایەیەکی بە هێز لەناو کۆمەڵگادا. بەڵکو کەسایەتی پیاو دەستکردی کۆمەڵێك فاکتەری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییە.

هەر لەیەکەم ڕۆژی لە دایکبوونەوە نێر و مێ بەرە و ڕووی باروودۆخێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری تەواو جیاوازدەبنەوە. نێر کە پەیوەندی سەرەکی و پلەیەکی لەگەڵ مێیە ( واتە دایکی )، هەر زوو لەسەر ئەوە ڕادەهێنرێ لە سروشتی خۆی دوور کەوێتەوە و مەرجی کەسایەتیەکی دەستکردی بەسەردا دەسەپێنرێت. ئەم سەپاندنە سەرەش وای لێدەکات بکەوێتە دژایەتیکردن لەگەڵ ڕەسەن و سروشتی خۆی. بەپێی کۆمەڵێك سەرچاوە کەسایەتی ژن لە کەسایەتی پیاو ڕەسەنترە چونکە ژن ناچارناکرێ بکەوێتە ناو دژایەتیکردن لەگەڵ سروشتی خۆی و مەرجی کەسایەتیەکی دەستکردی بەسەردا ناسەپێندرێت.

گۆنتەر گراس لە وەڵامی «نێر چییە؟» دا دەڵێ :«نێر شوێنی ئەشکەنجەیەکی پڕکێشەیە، گەمەی سەرمایە، شانۆی ئازار و نا ئومێدییە». ئێلیزابێث بادینتێر دەڵێت :«نێر تەنها لە چەند ساتێکی ژیانیدا نێرە، بەڵام مێ بەردەوام مێیە».

بوون بە پیاو هەر لە منداڵییەوە خۆی دەسەپێنێت :«ببە بە پیاو». ئەم داخوازییە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە پیاو لە سروشتی خۆیدا نێرایەتی نییە، بەڵکو پێیدراوە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بوون بە پیاو پێویستی بە ڕەنج و تێکۆشان هەیە، بەڵام خاسیەتی مێینە شتێکی سروشتییە و پێویستی بە هەوڵدان و دەرخستن نیە. پیاو دڵنیا نیە لە ناسنامەی نێرانەی خۆی بۆیە هەول دەدات بۆ سەلماندن و پیشاندانی. لەم هەوڵەیشیدا پشتی بە یاسا کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان قایمە. زمانی ڕۆژانە کارێکی زۆر دەکاتە سەر دروستکردنی سایکۆلۆژی نێر :«ببە بە پیاو»، «پیاوەتیت تیابێ»، «دەڵێی ژنی» یان «حەمە

ژنانە»، ئەم قسانە کە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، تەنانەت لەلایەن ژنان خۆیشیان دووپات دەکرێتەوە، پیاو دەخاتە ناو کێشەی گەڕان بە دوای هێزی نێرانە. هەروەکو سیمۆن دوبوڤواغ دەڵێت: «کوڕ کە لە دایکدەبێ نێر نیە، بەڵام دەیکەن بە نێر». واتە نێرایەتی حاڵەتێکی بایۆلۆژی نیە، بەڵکو بنیاتنانێکی ئایدیۆلۆژییە.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا پیشاندان و خستنەڕووی نێرایەتی ئەو دەورە گرنگەی ئێرەی نەماوە، بەڵام نێر لەناو کێشەیەکی سایکۆلۆژی گەورەدا دەژی کە بریتییە لە کێشەی نێوان پێویستیەکانی نێر لە خستنەڕووی نێرایەتی لەگەڵ نادیاری ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی ئەم خستەڕووە دەدەن. لەساڵانی هەفتا، بە هۆی پیادەکردنی دیموکراسی و بێداربوونەوەی ژن، لە زۆربەی وولاتانی ئەوروپا و لە ئەمریکاش بەهای نێر تا ڕاددەیەکی زۆر دابەزی، ژن پیاوی نێرخوازی پەسەند نەکرد و تاوانباریشی دەکردن بە توند و تیژی و ستەمکاری، پیاوانیش بۆ سەرەنج ڕاکێشانی ژنان خاسیەتی خۆیان گۆڕی و بەرەو نەرمی و هێمنی و ناسکی چوون. واتە ئەو خاسیەتانەیان لەناو خۆیان دەچاند کە بەهی مێ ناسراون. کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژنان هەر هەموویان، بە ڕۆشنبیر و ئەزان و نەخوێندەوارەکانیشەوە نرخی پیاو لە نێرایەتی دا دەدۆزنەوە. بۆ ستایشکردنی و هەڵسەنگاندن دەڵێن: «بەڕاستی پیاوە، یا پیاوانەیە» سیفەتی «پیاوەتی» بووە بە ئاوڵناوێکی باو بۆ مەرج و ستایشکردن. زۆربەی ژنی کورد لەگەڵ ئەوە دانین کە پیاوەکانیان لەماڵەوە کاربکەن و هاریکاریان بکەن لە قاپ شوشتن و منداڵ بەخێوکردن، هەر خۆیان پێی دەڵێن «حەمە ژنانە». «پیاوەتی» واتە نێرایەتی، ئەو نێرایەتیەی کە ژنی کورد لە پیاوی دەوێت تاکە چەکی پیاوە بۆ چەوساندنەوەی ژن. بۆیە ئەو ژنانەی کە ئالۆدەی دەستی ئەو بیرە باوانەن دەبێ لە هەموو کەس زووتر بە ئاگابێنەوە.

نەبوونی دیموکراسی و دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەمیشە یاریدەدەرن بۆ دروستکردنی ئەو هەل و مەرجانەی کە نێر لە سایەیدا دەبێ بە ستەمکارو ژنیش بە ستەمدیدە. ژن لە ڕێگای پەروەردەکردنی منداڵ بنیاتنەری یاسای ئەخلاقییە لە کۆمەڵگا، کەچی بە مرۆڤی پلە دوو دێت. نێریش کە خۆی لە هێز و توند و تیژیدا دەدۆزێتەوە پشتگیری لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوریانە دەکات کە دەستکردی ئایین و دواکەوتوویی ئابوورین. ئەم توند و تیژییەی پیاو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ. لەو شوێنانەی کە نێرایەتی باوە و وەکو ئایدیال و شتێکی ئەفسووناوی سەیر دەکرێ توند و تیژی نێر زیاتر زاڵە. (ئەو توند و تیژییەی نێر لە زۆر لایەندا ڕەنگ دەداتەوە، وەکو لێدان، دزی کردن، دەستدرێژی کردن.. .هتد تا ئێستاش لە زۆر شوێن بۆ ئەوەی پیاو هەست بە نرخ و هێز بکات و لە بەرچاوی خەڵك بە هایەك بداتە خۆی هەڵدەستێ لە ژنەکەی دەدات). یاساکانیش هەمیشە لە بەرژەوەندی پیاون،

(چونکە ئەوانیش دەستکردی بیری نێرن) ، بۆیە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی ژن بەر پەرچ دەکرێتەوە و فەرمانی ئەخلاقیشی لەسەر دەدرێت . زۆر جار دەوڵەت ڕێگای داوە بە تاکە کەس (باوك ، برا ، کوڕ ، مێرد) ئەم فەرمانە ئەخلاقیە بەجێبێنن بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك .

لەم بارودۆخەدا پەیوەندی ژن و پیاو هەمیشە لاسەنگ دەبێت و وەکو پەیوەندی نێوان بەندی و دکتاتۆرێك لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیاندا نیە .

هۆشیاری و دەوڵەمەندکردنی کەسایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری چەند مەرجێکی گرنگن بۆ دروستکردنی سیستەمێکی ئەخلاقی نوێ و مرۆڤ پەروەر . دروستکردنی ئەم سیستەمە ئەخلاقیە بە تەنها ئەرکی ژن یا پیاو نیە ، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەردووکیانە . هەستکردن بە لێپرساوی بەرامبەر بە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە کاتێك دروست دەبێت کە ژن و پیاو قەناعەت بهێنن کە هیچ کامێکیان بە بێ ئەویتر ناتوانێت بژیت . پیاو دەبێ لە باڵەخانەی نێرایەتی بێتە خوارەوە و خۆی بخاتە شوێنی ژن تا هەست بەم نایەکسانی و چەوساندنەوە باوە بکات . پیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە پێوانەیەك و ژنی پێ دەپێورێ ، زۆربەی ژنانیش لەبەر نەزانی و دواکەوتوویی وەکو نموونەی بەرزی مرۆڤایەتی و وەکو ڕەهایەك سەیری پیاو دەکەن و لە ئەوانەوە خۆیان دیاری دەکەن .

دامەزراندی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو سایکۆلۆژیەتە و شکاندنی ناسنامەی نێرایەتی و لەناوبردنی هۆیەکانی چەوساندنەوە و بەنزم سەیرکردن و کۆیلایەتی . ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا ئەم سیستەمە دیموکراسییە لەبارە و لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا پیادەکرێت ، پیاو لە ڕۆژئاوا شانازی بە ناسنامەی نێرایەتی خۆیەوەناکات و وەکو ئایدیالیش سەیر ناکرێ . ژنیش خودێکی سەربەخۆیە و خاوەنی خۆیەتی . ئەو بارەی ئەوروپا هەندێ جار دەبێتە هۆی دروستکردنی سایکۆلۆژی نێرانە و نێرخواز کە داوا لە ژن دەکەن ڕۆڵێ سروشتی خۆی لە کۆمەڵدا ببینێت . لە ڕاستیدا سروشت هیچ ڕۆڵێکی تایبەتی نەداوە بە ژن تا بە ڕۆڵێ سروشتی ژن ناسرابێ ، بەڵام ئاشکرایە کە بەرزی و سەربەخۆیی کەسایەتی ژن بە ڕووانینی ئەو نێرخوازانە هەڕەشە لە ناسنامەی نێرانە دەکات . سەربەخۆیی و بەرزی کەسایەتی ژن لە ڕۆژئاوا کاریان کردۆتەوە سەر دامەزراندنی ئەو سیستەمە ئەخلاقیەی کە لە سایەیدا پەیوەندییەکان بنچینەیەکی مرۆڤانە و یەکسانیخواز وەردەگرن . ئەگەر چی تا ئێستاش لە زۆر بواردا ژن بە نزمتر سەیردەکرێ . بۆ نموونە لە فەرەنسا ، لە هەندێ کاردا ، بۆ هەمان سەعاتی کارکردن و هەمان ئەرك کرێی پیاوان لەهی ژنان زیاترە . کە ئێدیت کرێسۆن کرا بە سەرەك وەزیری فەرەنسا خەڵکێکی زۆر لە سیاسەتمەدار و فەرمانبەرانی دەوڵەت کەوتنە گلەیی و ڕەخنەگرتن لە فرانسوا میتێران . ئەو باری خۆ بەزل زانی و نایەکسانیە بەرامبەر بە ژن لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانەدا هەیە ، بەڵام

پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی دیموکراسی لە ئەورووپا بارێکی وەهای لە بەردەم ژناندا خولقاندوە هەردەم هۆشیار بن و بەبێ ترس بێنە مەیدان و بچنە چاوی پیاوان و پارێزگاری لە مافی خۆیان بکەن. یاسای ستەمکاری لە پەیوەندی ژن و پیاودا نەماوە و هەردوو لا ئەندامی پەرلەمانن، سەرەك وەزیرن، مامۆستان، پزیشکن، پارێزەرن، کرێکارن، بەڕێوەبەری ناوماڵ و بەخێوکەری منداڵن. کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە یەکسانی و دیموکراسی دوو هۆکاری نادیارن لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکدا، ژن لە پاڵ ئەوەی کە لە دەرەوە بەپێی هەندێ مەرجی سەپێنراو کاردەکات و لەگەڵ پیاو بەشداری لە پێکهێنانی داهاتی خێزان دەکات، لەماڵەوە بەندە و کارەکەرە و پیاوەکەش ئاغایە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو پیاوانە کە لە ڕاپەڕاندن و بە جێهێنانی کاروباری دەرەوە و ناوەوە نیوەی توانای ژنانیان نیە، خۆیان بە زانا و شارەزاو بەهێز دادەنێن و ژنەکانیش بە لاواز و بێدەسەڵات دەدەنە قەڵەم. ئەگەر ژنی کورد هۆشیار بێت و خاوەن خودێکی سەربەخۆ و کەسایەتیەکی کامڵ بێت، ئەوە دەبێ بڵێت «نەء» یا ئەو «نەء»ەی ژن هەوڵێك بێت بۆ ڕووخاندنی ئەو سیستەمە نادیموکراسی‌یە و هەنگاوێك بێت بۆ بنیاتنانی یاسایەکی مرۆڤانە و یەکسانیخواز. ئەمڕۆ، لەزۆربەی خێزانی کوردیدا دڕان و نەگونجان هەیە، بەڵام ناکاملێ کەسایەتی ژن و نامۆشیاری ڕێگای ئەوەی لێگرتووە سنورێك یا چارەسەرێك بۆ ئەم دڕان و نەگونجانە دابنێت. ئایا لە سەدا چەندی ژن و مێردی کورد لە بوارەکانی سێکسی و کارگێڕی و کەلتوری و ماتەریالی دا گونجاو و سەرکەوتوون؟ نەگونجان و ناسازی لە هەریەك لەم بوارانە دەبێتە هۆی دروستبوونی درزێك لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرددا کە لە ئەنجامدا گەورە دەبێت و دەرچوون لێ ئەستەم دەبێت. لەوانەیە جیابوونەوە لە بەرژەوەندی هەردوولایاندا بێت، بەڵام ناکاملێ و نەبوونی جورئەت و ئازایەتی لە بەرەوڕوو بوونەوەی یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان چۆکی پێدائەداو لەپێناوی ڕێزگرتن لە یاسا و نەریتە دەستکردەکانی پیاوان، درێژە بەم ژیانە دراوە دەدەن. لەوانەیە نەبوونی گفتوگۆیەکی مەوزوعیانە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەر ئەم ژنە یا پیاوە بخاتە ناو تەنهاییەکی کوشندەوە. زۆربەی ژن و مێردەکانی کۆمەڵگای ئێمە هۆگری یەکترین، یەکتریان خۆش ناویت، نەبوونی خۆشەویستیش واتە سەرەتای تراژیدیا.

لەهەر شوێنێك کە چەوساوە و زۆردار هەبوو، پێشکەوتن سست دەبێت و گۆڕانەکانیش لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار دەکەنەوە. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئەو زۆردار و چەوساوەیە (پیاو و ژن) ە بەرپرسیاری چارەنووسی مرۆڤایەتین، بۆیە هۆشیاری و بێداربوونەوە و بەرپەرچکردنەوەی ئەو پەیوەندییە خوار و خێچەی نێوانیان، واتە بنیاتنانی سیستەمێکی مرۆڤانە کە هەموو سیستەمە نایەکسانەکانی تر بەتاڵ دەکاتەوە.

ژن و پیاو لەسایەی ئەو سیستەمە دیموکراسی و مرۆڤپەروەرە دا دوو قەواری تەواو و سەربەخۆن. کەسیان ئەویتر تەواو ناکات، کەسیان بار نیە بەسەر ئەویترەوە، کەسیان پاشکۆی ئەویتریان نیە، کەسیان ستەمکار نیە و ئەویدیکەش ستەمدیدە. هەریەکەیان خودێکی تەواو و سەربەخۆ و کامڵە و بەرپرسیارە بەرامبەر بە چارەنووسی مرۆڤایەتی.

کۆمەڵی ئێمە نموونەیەکی پڕاوپڕی سیستەمی پاتریارکی‌یە و نێر لەسایەیدا خاوەن بەهایەکی خودایی‌یە کە دەستکردی کۆمەڵێك کۆدی کۆمەڵایەتی و ئایینی‌یە. لەناوبردنی ئەو بەها خوداییە بەلای زۆربەی ژنانەوە نەشیاوە و دەبێتە هۆی دروستبوونی ناهاوسەنگی لە کۆمەڵگا. زۆربەی پیاوانیش خۆیان لە ئاستی ئەم بیرکردنەوەیەدا دەبینن و ژن وەکو ئامرازێکی ڕووت بۆ تێرکردنی ئارەزووە کاتیەکانیان بەکار دەهێنن و حسێبی مرۆڤی بۆ ناکەن و هەموو ڕك و توورەیی و ناتەواوی خودی خۆیانی بەسەردا دەشکێننەوە.

لە ڕووی ئابووری‌یەوە، سەرەڕای نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری چەسپاو و تێکچوونی باری دارایی و بڵاوبوونەوەی بێکاری، ژنی کورد لە باشووری کوردستاندا، کەم تا زۆر خاوەنی ستاتوویەکی سەربەخۆیە. ئەم تێکچوونی باری دارایی و بێکاری‌یە کارێکی ڕاستەوخۆی لە پیاو کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان کەوتوونەتە ماڵەوە و بێکارن، بەڵام لەو سیستەمە پاتریارکیەی کوردستان بوونیان لەناو خێزان و لەتەك ژن پێویستی‌یەکی دەروونی گەورە تێردەکات. ئەمە دیسان دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و نزمی کەسایەتی ژنی کورد. لەبەر ئەوەی هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و ئایینی‌یەکان دژی ژنن، ژن دوولەت بووەو باوەڕی بەخۆی نیە. هەروەکو لە پەندێکی کوردیدا دەڵێن: (ژن دامەنی خۆی لێ بەلایە). واتە سێکسی مێ لە کۆمەڵگای ئێمە خاڵی گومان و ناتەواوی و شەڕە. بەتەنها بوونی ژن لەلای ئێمە وەکو ڕووتی وایە لەسەر شەقام و دەبێتە شوێنی هەموو جۆرە توانج و ڕەخنە و هێرش و هەڕەشەیەك کە هەندێ جار مرۆڤی لەسەر دەکوژرێت. بۆچی هەروەکو عبدالخالق مەعروف دەڵێت دەبێ هەموو شەرەفی ژن لەناو گەڵیدا کۆبێتەوە؟ تەنانەت شەرەفی پیاویش بۆناو گەڵی ژن دەگەڕێنرێتەوە. ژن بەهۆی ئەو یاسا ئایینی و کۆمەڵایەتیانەوە وەکو مرۆڤ، وەکو خودێکی سەربەخۆ سەیر ناکرێت، بەڵکو بە نیوە مرۆڤ و بێدەسەڵات و لاواز دراوەتە قەڵەم. ئایا دەبێ ژن لەم بارەدا چی بکات؟ ئایا دەبێ چاوەڕێی یۆتۆپیایەك بکات کە تیایدا حسێبی مرۆڤی بۆ بکرێت؟ گۆڕینی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و کەلتوری‌یە بەندە بە باری سیاسی و ئابووری وڵات و ناوچەکەشەوە. لە ڕۆژهەڵات تێرور باوە و پیادە دەکرێت. سیستەمە سیاسی‌یەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەسەر بنەڕەتی توند و تیژی و نایەکسانی دامەزراون. باوەڕ لەنێوان دەوڵەت و هاووڵاتیدا نیە. ئایین و سیاسەت، یەك بۆ مانەوەی ئەویتر، پێکەوە فەرمان دەگێڕن. مافەکانی تاکە کەس هەمیشە پێشێل

کراون لەم باری تێرۆر و نا یەکسانی‌یەدا باری دارایی و خۆشگوزەرانی خەڵك لەبەرچاو ناگیرێت. هەژاری کاری کردۆتە سەر هەژاری مێشك و کەسایەتی. تاك ( فرد ) لە کۆمەڵگای ئێمەدا حسێبی بۆنەکراوە و پشتگوێ خراوە، بۆیە باوەڕی بەخۆی نیە و ئامادەیی پشتبەخۆبەستنی تیانیە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە دیاردەی بە کۆمەڵ ژیان و بە کۆمەڵ بیرکردنەوە و بە کۆمەڵ ڕۆیشتن و بە کۆمەڵ قەراردان خۆی ڕەپێش بکات. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: «لە ڕۆژهەڵات مرۆڤ چەوساوەیە» کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قسەکەی ئەنگلس کە دەڵێت: «ژن پرۆلیتاریایە لەناو خێزان، ئەگەر پیاو جارێك چەوساوە بێت، ئەوە ژن دوو جار چەوساوەیە».

ئەو چەوساندنەوەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لەسەرانسەری جیهان بە پلەی جیاجیا پیادە دەکرێ. ئەمرۆ لە وولاتانی ڕۆژئاوادا ژن خاوەنی سەدەها کۆمەڵەی جیاجیان بۆ پاراستنی مافەکانی خۆیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتیان. دۆخی خێزانیش لەبارە بۆ پەیڕەو نەکردنی جیاوازی ڕاستەوخۆ لە نێوان نێر و مێدا. من بە پێوانەی نێر ناپێورێ و ئەو بەها ئایدیالیەی نیە کە لە ڕۆژهەڵات دا هەیە. بۆ مەدح کردنی پیاو ناووتری «بەڕاستی پیاوە»! پیاوەتی و شەڕەفی پیاو لە ناوگەڵی ژندانیە. شەڕەف زاراوەیەکە هیچ بوونێکی نیە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا، ئەخلاق ( مۆرال )یش لە ڕاستگۆیی و پیادەکردنی یەکسانی و بەجێهێنانی کاروبار و دەستپاکی و دڵسۆزیدایە. هەروەکو دەشبینین مرۆڤی ڕۆژئاوایی پێش‌دەکەوێ و ژیانی خێزان و میللەت و دەولەتەکەشی دەگۆڕێت. کەچی لە ڕۆژهەڵاتی ئێمە کە بێشکەی شارستانیەتە ڕۆژ بە ڕۆژ مرۆڤ تغرۆ دەبێت و فەلسەفەی جەنگ و توورەیی و شەرەف باوە. ڕۆژانە دەوڵەت بەرامبەر بە هاوولاتی و پیاو بەرامبەر بە ژن تاوان دەکەن و لێپرسینەوەش نیە، یاخیبوون و هەلگەڕانەوەی ژنانیش بەرامبەر بەم بارە نامرۆڤایەتی و داواکردنی ماف و یەکسانی بەرووانینی پیاو تاوانێکی گەورەیە و سزای لەسەرە.

ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ئەم بارە لێکبدەینەوە، ئەوە لە ئەنجامدا دەلێین پیاوی ڕۆژهەڵاتی لاواز و نادڵنیایە، باوەڕی بەخۆیی و بە هیچ کەسێك نیە، هەمیشە ترس و گومان زاڵە بەسەریا، بۆیە هەردەم حەزدەکات ژنەکەی بپارێزیت، بیشارێتەوە، دایپۆشێت و فەرمانی لەسەر بکات و وەکو ئامرازێك بەکاری بهێنێت. ژنیش لەبەر ناهۆشیاری و نەبوونی بە خاوەنی خۆی دژی مافەڕەواکانی خۆی وەستاوە و پێویستیەکی دەروونی گەورەش بۆ ئەم پیاوە نەخۆشانە تێردەکات. لە ئەنجامدا هەردوولا نەخۆش دەبن. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤێکی نەخۆشە، تەنها هۆشیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری دەتوانن ئەم بارە ترسناکە بگۆڕن. هۆشیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریش پێویستیان بە بناغەیەکی دیموکراسی هەیە. پیاوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لەهەموو کەس زیاتر پێویستیان بە گۆڕان هەیە بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە

دیموکراسی و ئابووری‌یەی کە لەسایەیدا ژن و پیاو پێکڕاو بەبێ جیاوازی ڕۆڵی خۆیان بنوێنن و یاسا کۆمەڵایەتی و کەلتووری‌یەکان بەیاسای مرۆڤپەروەر و یەکسانیخواز بگۆڕن.

جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە کە ئەرکی سەرشانی ژنان بەر لەهەموو شتێك دەوڵەمەندکردنی کەسایەتی و خودی خۆیانە وەکو مرۆڤ، ئەمەش هەڵبەتە پێویستی بە هۆشیاری و ڕۆشنبیری‌یەکی فراوان هەیە. دەبێ ژن بزانێت کە پیاو لە کۆمەڵگای ئێمە چ وەك باوك، برا، یا مێرد بۆ لەبەر چاوگرتنی نەریت و یاساکان هەمیشە مافی ڕەوای ژن وەکو مرۆڤێك پێشێل دەکەن و بەرپرسیاریشن بەرامبەر بەم بارە نامرۆڤایەتیەی کە ژنی کورد ئەمڕۆ و سەدەها ساڵە تیایدا دەژێت. ئەگەر ژن خۆی بێت تاوان نیە. هۆشیاری ژنان و پیادەکردنی یەکسانی واتە دابینکردنی ژیانێکی دیموکراسی و ڕووخاندنی سیستەمە پاتریارکی.

ئەمڕۆ کوردستانی باشور لە بارودۆخێکی زۆر تایبەت و ناسکدا دەژی. لەسەر ئاستی سیاسی کۆمەڵێك فشاری جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی لەسەرە و لە بارێکی هەلواسراوی سیاسیدا دەژی، خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی ۲۰ ساڵ سیاسەتی شۆفێنی بەعس و هەشت ساڵ جەنگی عێراق و ئێران و دوای بە دوای ئەوەش جەنگی کوێت، بەرەڕووی کۆمەڵێك مەرجی ئابووری و ژیاری سەخت بوونەتەوە. ئەم هەموو هۆکارە نێگەتیڤانە بەیەکەوە کۆمەڵگای کوردیان شێواندووە و هەڵوەشاندۆتەوە. پەیوەندی و ڕووخسارە خراپەکانیان سەرخستووە و وایان لێکردوە بە شێوەیەکی سروشتی پێش نەکەوێ. ئەم ڕووخسارە نێگەتیڤانەش زیاتر لە پەیوەندییەکانی نێوان خەلك و نێوان ژن و پیاودا دەبینرێ. پیادەکردنی دیموکراسی مەرجی بنچینەیی ڕزگاربوونە و هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ هەموو میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. ئەمڕۆ کوردستانی عێراق خاوەنی کۆمەڵێك مەرجی بوون بە دەوڵەتە، بەڵام مەرجی بنچینەیی کە بوونی ژێرخانێکی ئابووری چەسپاوە نادیارە. هەڵبەتە نادیاری ئەو هۆکارە سەرەکیە دەگەڕێتەوە بۆ فشارە جیهانی و ناوچەیی‌یەکان. مرۆڤی کورد، بەتایبەتی ژنی کورد، ئەمڕۆ بەرە و ڕووی بەرپرسیاری‌یەکی مێژوویی گەورە بۆتەوە. ئەمڕۆ دەبێ ژنی کورد لەهەموو ڕۆژێك زیاتر خۆی بێت و هەوڵ بدات کۆد و یاساکانی بە شێوەیەکی مرۆڤانە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. لەو ساتە ناسك و پڕلەلێپرسراوی‌یە مێژوویی‌یەدا دەبینین ژنی کورد خۆیان دابەشکردووە بەسەر چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێك و بەناوی خۆیانەوە قسەناکەن. هەروەکو چۆن کۆدی کۆمەڵگا مرۆڤی دابەشکردووە بۆ ژن و پیاو، کۆدی حیزبایەتیش ژنی دابەشکردووە بەسەر چەند ڕێکخراو و کۆمەڵەیەك. بوونی ئەو هەموو کۆمەڵە و یەکێتی‌یە کە بە ناوی ژنان یا ئافرەتانەوە قسە دەکەن بەڵگەی ئەوەن کە ژن خۆی نیە، بەڵکو پاشکۆیە و لەسەر ئەو هێڵکاری‌یە دەڕوات کە پیاوان لەسەرەوەبۆی دەکێشن. هەرشتێکیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت نارەسەنە.

ئێمە پێویستمان بەوەیە لە بچووکترین خاڵی نێگەتیفی خۆمانەوە دەست پێبکەین نەك لەلافیتە و دروشمەکانەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم گۆڕانی ئایدیۆلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی واتە گۆڕانی بەها باوەکان، گۆڕانی نەریتە باوەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی.

---

* ئەمڕۆ لە دەوڵەتی ئیسرائیل، بە پێی سیستەمی دەوڵەت کە سیستەمێکی دیموکراسی‌یە ژن خاوەنی هەموو مافێکە و هەموو بوارێك بۆ خۆپێگەیاندن و پشت بەخۆبەستن لەبەردەمیان کراوەتەوە و لەهەموو ئەرك و کارەکانی دەوڵەتدا تەنانەت لە سەربازی کردنیشدا، بەشداری دەکەن.

# ئاغاو کۆیلە

نووسینی: د. نەوال سەعداوی
وەرگێڕانی: ئارام گوندی

ئەم جیهانەی ئێمە زۆر بەخێرایی لەلایەنی پێشکەوتنی زانستی و زۆر بەسستیش لەلایەنی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەنگاو هەڵدەگرێ، بەم شێوەیە بۆشایی نێوان پێگەیینی ئەقڵی و ماددی لە لایەك و پێنەگەیینی کۆمەڵایەتی و ئینسانی لەلای دیکەدا هەروا زیتر دەبێ.

هەردوو شەڕی جیهانی، یا وەکو ئەو شەڕو شۆڕانەی کە ئێستاکەشی دەگەڵ دابێ لە چەند ناوچە هەمەچەشنەی جیهاندا درێژەی هەیەو هەڕەشەو گورەشەی شەڕی سێیەمی جیهانی لێ دەکرێ تەنها لە ئەنجامی گەشەی ئەقڵ و زانست و داڕمانی ویژدان و ئینسانیەتی کۆمەڵی مرۆیی بووە. ئەو کۆمەڵەی کە بەربەرەکانێ لەسەر چاوچنۆکێ و خاوەنداریێتی دەکەن و هەوڵئەدەن هەرچی زیترە وەبن دەست بێخن. کۆمەڵێك کە بەهای بازرگانی وەسەر بەهای ئینسانی دا زاڵ بووەو بەهای کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد بەبڕی ئەو شتانە پێوانە دەکرێ کە «هەیەتی» نەوەك بەهۆی ئەوەندەی کە هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆمان دا خاوەنداریێتی بووەتە هۆکاری دوژمنکاری و خۆپەرستی و بەردێکی گەورەی سەرە ڕێگای پێشکەوتنی ئینسانی یە، مرۆ وادەبێ زەوی یا ئەپارتمان یا ئەمرازەکانی بەرهەمهێنان یا وەکو هەر شتێکی دیکەی دەبێ، بەڵام دڕندەترین خاوەنداریێتی، خاوەنداریێتی مرۆڤ بۆ مرۆڤە.

زانیومانە کە لەمێژوودا چلۆن ئاغاکان خاوەنی کۆیلەکان بوون و کۆیلەش بەپارە دەکڕاو دەفرۆشرا. جا کاتێك کە ئاغایەك کۆیلەیەکی دەکڕی ئەوا ئەو کۆیلەیە بەبێ هیچ مافێك دەبووە خزمەتکاری ئەم ئاغایەو نەیدەتوانی جێ ی بهێڵێ تەنها ئەگەر لە حاڵێکدا ئاغایەکە رەهەندەی بکردایە، یاوەکو لەبازاڕی کۆیلە فرۆشاندا بەئاغایەکی دیکەی بفرۆشتبایە. ئەرکی کۆیلەش گوێ ڕایەڵییەکی لە ڕادە بەدەرو بێسنوور بوو و ئاغاش هەقی ئەوەی هەبوو کە هەرچییەك بەکۆیلە بکات، بێئەوەی کەسێك لەسەری وەدەنگ بێ، بەنەشتەر

هەردوو گونی کۆیلەی لەبن دەردەکێشا تا لەپیاوەتی دەخست و بەردەستی خانمی ئاغاکەی دەکرد بێ ئەوەی ئاغا هیچ لێ ی بترسێ. خاوەنداریێتی پیاو بۆ ئافرەت هیچێکی وای لە خاوەنداریێتی ئاغا بۆ کۆیلەکان کەمتر نی یە. پیاو بە پێشەکی یەکی مارە بڕی ئافرەتەکە دەکڕێ و گەلاڵەی مارەبڕی یەکە هەر لەهەوەڵ بڕگەی پێلەسەر ئەوە دادەگرێ کە ژن مولکی پیاوەکەیەتی و دەبێ لە رادەبەدەر گوێڕایەڵی بێ. ژن لە ماڵدا بەبێ هیچ هەقێك خزمەتی پیاوەکەی دەکا. جا ئەگەر نارازی بوو یا بۆڵە بۆڵێکی کرد یا نەخۆش کەوت یا کەنەفتە بوو ئەوا دەیفرۆشێ و بەهەقی تەواوی خۆی تەڵاقی دەدات.

دەمەوێ لێرەدا دەقی یەکێك لە بڕگەکانی ماددەی یاسای ژن هێنان لە کۆمەڵەکەی خۆماندا بهێنمەوە کە ئەویش ماددەی (٦٧)ە کە دەڵێ «نابێ نەفەقە بەژن بدرێ ئەگەر بەخۆی بەبێ هیچ هەقێك ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە جیابێتەوە، یا وەکو ناچار بوو کە ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر بەمەرجێك پیاوەکە دەستی لەمەدا تێکەڵ نەبێ، هەروا هیچ هەقێکی نەفەقەی ناکەوێ ئەگەر بەند کرابێ جا ئەگەر بەبێ تاوانیش گیرا بێ، یا وەکو زیندانی کرابێ، یا زیز بووبێ، یا هەڵگەڕابێتەوە، یاوەکو کەس و کاری ڕێگەی ئەوەی لێبگرن، یا وەکو لەبارێکدا بێ کە نەتوانێ وەك ژن سوودمەند بێ».

هیچ گومانی تێدا نی یە کە ئەم دەقە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرای چەشنی پێوەندیی نێوان ژن و مێردایەتی یە کە زۆر لە پێوەندیی نێوان ئاغاو کۆیلە دەچێ، بەڵکو کۆیلەش لەژێر یاساو داب و رێ و رەسمی کۆیلەیی دا ئەگەر نەخۆش بکەوتبایە چارەسازی دەکراو ئاغایەکەی تا چاك دەبۆوە مزی چارەسازی یەکەی دەژمارد. هەرچی ژنە ئەم هەقەشی نی یە. جا ئەگەر نەخۆش کەوت و نەیتوانی خواستی سێکسی یانەی پیاوەکەی وەدی بێنێ ئەوا پیاوەکە دەتوانێ هەیدێ ی لێ بکاو بیکاتە دەرەوەو هەقی نەفەقەکەشی لێ بخواو ناچار لە شەقامەکان دەبێ سواڵ بکات و بسوڕێتەوە، یاوەکو دەبێتە سۆزانی هەروا ئەگەر ئەو ژنە جا ئەگەر بەخۆڕایش زیندانی کرا یا وەکو پیاوێك دەستدرێژی کردە سەری و هەتکی پێ کرد ئەوا پیاوەکە هەقی هەیە دەریکاتە دەرەوەو هەقی نەفەقەکەشی پێنەدات.

هەروا ئەگەر ژنەکە جوانی لاوی خۆی لەسەر پیاو و منداڵەکانی داناو دواتر پەکی کەوت یا کەنەفتە بوو یا نەخۆش کەوت یا نەیتوانی هەموو

ئیلتیزاماتەکانی ژن و مێردایەتی وەجێ بگەیەنی و کەوتە حالێك کە وای لێهات نەتوانرێ وەکو ژن سوودمەند بێ ئەوا مێردەکەی هەقی ئەوەی هەیە تووڕی هەڵدات . دەربڕینی «کە نەکرێ وەکو ژن سوود مەندبێ» نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندی ژن و مێردایەتی لەبنەوان و بناخەدا لەسەر سوود وەرگرتنی پیاو لە ئافرەت و چەوساندنەوەی بەشێوەیەکی دڕندانە سەرچاوە دەگرێ ، کەزۆر دڕندانەترە لە چەوساندنەوەی کارفەرماکان بۆ کاری کرێ گرتەکان یا ئاغایەکان بۆ کۆیلەکان بە شێوەیەك کە کێماسی بوو کۆیلە لە حاڵێکدا کە نەخۆش بێ بفرۆشرێ . هەرچی ژنە کاتێك کە نەخۆش دەکەوێ «بە گوێرەی دەقی یاسای ژن و مێردایەتی» دەبردرێتە لای کەس و کاری تا چارەسازی بکەن چونکێ مێردەکەی بەر پرسیار نی یە لەم چارەسازی‌یەدا .

هەروا گوتەی «ئەگەر خۆی ئەو رێگایە بگرێ» چەشنی ئەو پێوەندیە رادەگەیەنێ کە لەنێوان پیاو و ژن دا هەیەو هەر ئافرەتەکە خۆی ئەو رێگایە دەگرێتە بەرو پیاویش لەو بارەدا ئەو هەوایە وەردەگرێ ، هەروەك ئەوەی کەل و پەلێك یا شتێك وەربگرێ ئاوەهایە . کاتێك ئافرەت بەبێ هۆ یا وەکو لەبەر هەر هۆیەك بێ تەلاق دەدرێ تەواو وەکو هەر شتێك کەلە پێشتر وەکار هێنرابێ، لەبازاڕی مارەیی دا نرخی دادەبەزێ ، لەباسێکدا دکتۆر سید عویس راوێژکاری مەڵبەندی نەتەوایەتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و تاوانکاریەکان لەبارەی گرینگترین ئەو هۆکارانە دەدوێ کەبەرەو رووی رێکخستنی منداڵ نانەوە دەبێ لە کۆمەڵەکەمان داو دەڵێ : گرینگترین ئەو هۆکارانە دابەزینی پایەی ئافرەتی میسری یە لەبەر ئەم هۆیانە :

- چونکێ خانەوادەی میسری خانەوادەیەکی باوکسالاری‌یە نەوەکا دایکسالاری و دواتر هەر نێرینە بەرپرسیارن و منداڵ بۆ باوکیان دەگەڕێتەوە نەوەك بۆ دایکیان .

- چونکێ مێینە دەبێ ببنە (خانمی ماڵەوە)و دواتر نەخشی کۆمەڵایەتی‌یان لەودیو خێزان تا دوا رادە دیاری کراوە (کچ چارەنووسی ماڵە) گووتەیەکی میللی یە .

- چونکێ مێینەی میسری لە هێندێك کاروباری ترسناك بێبەش کراون و ئەو کارانە تەنها بۆ نێرینانە ، بۆ نموونە (وەك کاروباری فەرمانڕەوایی و دادپەروەری و ئایینگەری و قازی یەتی و سەربازی و پۆلیسی بوون) .

- چونکێ مافی مێینەی میسری لە چەند ساڵانیکی دیاری کراودایە کە بەرەزامەندی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن .

چونکێ ئافرەت بۆ خزمەتی پیاو مێرد دەکات و چەمکی خزمەت لێرەدا هەموو ئەو نەخشانە دەگرێتەوە کەدەبێ ژن یاری پان بکات وەکو نەخشی کارکردنی ماڵەوەو نەخشی دایکێتی و دەوری ئەشقبازی . . . هتد .

- چونکێ پایەی مێینەی میسری دادەبەزێ ئەگەر شوو نەکات یا ببێتە «قەیرە» .

- چونکێ مێینەی میسری تووشی ئاڵوگۆڕی بازاڕو بازارکاری دەبێ و مارەیی یەکەی بەگوێرەی ئەوەیە کە کچ بێ یا شووی نەکردبێ ، چۆن ئەگەر کچ بێ ئەوا نرخی بەرزە ، جا ئەگەر تەڵاق درابێ یا وەکو لەخۆ گەڕابێتەوە ئەوا نرخی هەرزانترە ، قوڕ بەسەر ئەو مێینەی کە لەکاتی خۆی شوو ناکات «قەیرە»یە ئەوا نرخی ئەو هەر مەپرسە دەبێتە پوش برنج .

- چونکێ مێینەی میسری لەزۆر جاردا بەزۆر بەشوو دەدرێ .

- چونکێ ژن لەدیدی پیاوان دا تەنها «کەل و پەلێکە» .

- چونکێ ژن لەباوەشی پیاودا لەژێر مامەڵەکارییەکی بەرباد دەژی کە مامەڵەیەکی ئاقلمەندانەی دەگەڵ دا ناکرێ و بەرگەی ژن بەسەر داهێنان و هەموو چەشنە سووکی یەك دەگرێ ( شووت و تێهەڵدان ) لەپێناوی پاروە نانێکدا تاوەکو لەژێر سێبەری پیاودا بحەسێتەوە «سێبەری پیاو نەوەك سێبەری حەوشە» گوتەیەکی میللی یە .

- چونکێ ژن لەترس و تۆقینی تارمایی هەوێ دایە .

- بەشێوەیەك مێینەی میسری ئەگەر کوڕی نەبێ تەلاق دەدرێ ، یا وەکو هێندێك جار هەر بە بێ هۆ تەلاق دەدرێ .

- بەشێوەیەك کە نێوی مێینەی میسری ئەگەر ژن بێ یا دایك بێ خۆشەویست نییە .

- بەشێوەیەك کە منداڵی نێرینە لەلای دایك و باوکیان بەنرخ ترە .

- بەشێوەیەك کە خانەوادەی میسری ئەگەر بەرێگایەك دابڕۆن و پیاوێکی خانەوادەیان دەگەڵ دابێ دەبێ لەدوای ئەو بڕۆن .

- بەشێوەیەك چەمکی ( ژن )و ( ژنانی ) زۆر وە خراپ بەکاردەهێنن و ئەگەر بەنێرینەی بێژن واتای جنێودان هەڵدەگرێ .

- بەشێوەیەك كە مێینەی مێرد كردوو هەقی جیابوونەوەی نیە تەنها ئەگەر بەخۆی خۆی پێگەیاندبێ و چارەنووسی بەدەست خۆی بێ كە ئەمەش زۆر دەگمەنە .
- بەشێوەیەك كە مێینەی میسری بەگوێرەی ئەسڵ و نەسلیان داخوازی دەكرێن .
- بەشێوەیەك كە نابێ كچانی میسری لە ساڵێكی دیاریكراو لەمەڵ و مەرجێكی دیاریكراودا تێكەڵ بە نێرینان ببن .
- بەشێوەیەكی وا دەنۆڕنە ئافرەت كە كەم ئەقڵ و كەم ئایینن .
- بەشێوەیەك كە ڕێژەی ژنانی كارگەری كارمەندی میسری ڕێژەیەكی كەمە .
- بەشێوەیەك كە ژنانی كارمەندی میسری و نا كارمەندەكانیش لەژێر دەسەلاتی نێرینەی میسری دان لەزۆربەی كاتدا . جا ئەگەر وا دابنێین كە كچە گوندیەكانی میسری كار دەكەن ، ئەوا ئەوانیش لەمەڵ و مەرجێكی كلۆلدا كاردەكەن و ئەوانیش لەژێر دەسەلاتی نێرینەدان .
- بەشێوەیەك كە بەشە میراتی مێینان كەمترە لە هی نێرینە ، بۆیە ڕێگە لە مێینانی نزیك ناگرن لە میرات وەرگرتن دا .
- بەشێوەیەك كە ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو مێینان ڕێژەیەكی زۆر بەرزەو لە هێندێ ئاوایی میسری دا وادەبێ دەگاتە ١٠٠٪ یا كەمێك لەوە كەمترە .

هەروەك چۆن ئەوەی كۆیلەكان دەبوو داوێن پاك بوونایە لەكاتێكدا خزمەتی حەرەمەتی ئاغایان دەكرد . ئاوا كچان لەكۆمەڵەكەمان و لە زۆر كۆمەڵی دیكەدا پرۆسەیەكی نەشتەركاری یان بۆ دەكرێ كەزۆر لەخەساندن دەچێ تا داوێن پاكیان وەسەردا بسەپێنن . هەركە كچە دەگاتە تەمەنی نۆو دە ساڵی و پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی پێگەیین «مامان» دێ و هەردوو قاچی دەگرێ هەروەك چۆن مریشك لەپێش كوشتنەوەدا دەگرن ، ئاوا دەیگرێ و بە موسێك «مێتكە»ەكەی ڕیشەكێش دەكات . ئەم پرۆسەیە خەتەنە یان سوننەتی كچانی پێ دەڵێن و تا ئەم دوایی یەش لەنێو كۆمەڵەكەمان دا باو بوو و ئێستاكەشی دەگەڵ دابێ هێندێ خێزان كچەكانیان هەر سوننەت دەكەن .

زۆرجاران بانگیان كردووم تا ژیانی هێندێ لەو كچانە ڕزگار بكەم كە لەئەنجامی ئەم پرۆسە دڕندانەیە تووشی دەبوون . مامانەكە لەبەر نەزانی و باوەڕی بەوەی ئەگەر مووسەكە چەند لەنێو گۆشتەكە روو بچێ و مێتكەكە لە

بێخەوە هەڵبکێشێ ئەوا ئەوەیان داوێن پاکی کچەکە دەستەبەر دەکات و هەرچی زێتره لەژیانی سێکسی دا خۆ وەدوور گرتنێکی گەورەتری دەبێ . مووسی تیژ تووشی خوێن بەربوونێکی بێ ئامانی دەکردن و لەهێندی باردا کچەکە پێش ئەوەی بتوانرێ رزگار بکرێ ژیانی خۆی لەدەست دەدا . بێگومان مامانەکە هیچێکی وای لەبارەی پاکژکردنەوە نەدەزانی و مووسی پیس لە زۆربەی باردا دەبووە هۆی سووتانەوەو مەوکردن و هەرچی هێندەمەی دەروونی ئەو پرۆسە پیشەیی یە بوو بۆ سەر منداڵێکی چکۆلە بێگومان گەلێ زۆر بوو . وێنەی ئەم کوشتارگەیە چکۆلەیە لەیادوەری منداڵەکە دەماو دەبوو بەهۆی چەند کێشەی زۆری وەك ساردی سێکسی لە ژیانی ژن و مێردایەتی کەوای لە پیاوەکە دەکرد ناچار تووشی لەرێ لادانی سێکسی و خو بەتلیاك گرتن بێ .

هێندێ کۆمەڵی دیکە زۆر درندانەتر لەپرۆسەی ریشەکێش کردنی میتکە بە پرۆسەی دیکە ژنانیان دەخەساند ، ساڵی ١٩٥٥ پزیشکێکی تازە دەرچوو بووم رۆژێکیان بۆ هەوەڵ جار ئافرەتێکی سودانیم پشکنی ، دیم تەواوی ئەندامەکانی دەرەوەی زاوزێ یان ریشەکێش کردووەو هیچ شوێنێکی نەماوە تەنها شەقارە برینێکی کۆن نەبێ کە کونێکی چکۆلەی خڕی تێدا ماوە بۆ دەرچونی خوێنی بێنوێژی . ئاشکرایە کونێکی ئاوەها چکۆلە دەگەڵ یەکەم منداڵ بووندا هەڵدەدرێ و ئافرەتەکە یەخەگیری خوێن بەربوونێکی توند یا چەند ماك و لێپیس کردنێکی ترسناك دەکات .

مێژوو لە هەموو چاخەکان و کۆمەڵەکاندا پڕی یە لە زۆر بەڵگەی جۆراو جۆری وا کە نیشانی دەدا چلۆن کۆمەڵی پیاوان رێگەیان بەخۆ داوە تا جەستەو دەروونی ژنان بەنێوی داوێن پاکی بشێوێنن . مێژوو پشتێنەی داوێن پاکی بەخۆوە دیوە . ئەم پشتێنەیە لە کانزا دروست دەکراو ئەندامەکانی زاوزێ ی ژنانیان پێ دادەپۆشی و دوو کونی تێدا بوو یەکێکیان لەلای کونی میزکردن بۆ میزکردن بوو ئەوی دی لەلای کونی کۆم بۆ پیسایی کردن بوو .

« دیزمۆند مۆریس » لەکتێبەکەی خۆی « مەیمونی رووت » دەڵێ : مێژوو سەردەمانێکی ئاوای بەخۆی بینیوە کە ئەندامەکانی زاوزێ ی دەرەوەی ژنان بەهۆی دەمبووزی کانزایین یاوەکو بەهۆی دەرزی و داو لەلایەن مێردەکانیان دەدوران . هەروا دیزمۆند مۆریس نووسیویەو باسی پیاوێك دەکات کەوا چلۆن ئەو پیاوە دوو کونی لەمەردوو لالچکی دەرەوەی ( ئەندامی ) ئافرەتەکە کردووەو

قوفلێکی پۆلایینی لێداوەو پاش تەواوبوونی هەر پرۆسەیەکی سێکسی وەك چۆن دوکانەکەی گال دەدا ئاوها قوفلی لێدەدا . رەنگە هێندێك کەس لە ئاست ئەو راستی یە مێژوویيانە سەرسام بن ، بەلام پێم وایە سەرسامی یەکان دەرەوێتەوە کاتێ ئەوە وەبیر بێننەوە کەوا چلۆن لە مێژوودا لەسەردەمانێك کۆمەڵ رێگەی بەوە دەدا کچان هێشتا هەر زیندوو بوون زیندەبەچاڵ بکرێن .

هەموو ئەمانە بەنێوی داوێن پاکی و ئەخلاق دەکران . ئەو کۆمەڵەی کە میتکەی کچان دەبڕێ لەوە گەیشتووە کە میتکە هەستیارترین ئەندامی لەزەتی سێکسی ئافرەتەو دواتر ریشەکێش کردنی میتکە وا دەکا ئافرەتەکە زۆر لەو هەست و نەستە سێکسیانەی لەدەست بچێ و بۆیە زۆرتر لە سێکس دا خۆ وەدوور دەگرێ و داوێن پاکی بۆ پیاوەکەی دەستەبەر دەکات . جا ئایا ئەم پرۆسەیە لەنێوەرۆك و نەژادەوە لە پرۆسەی خەساندنی کۆیلەکان ناچێ ؟ ئایا ئەوە نیشانەی ئەوە نی یە کە پیاو خاوەنی ئافرەتە وەك چۆن کۆیلەکان ؟ بەلام خاوەنداریێتی کۆیلەکان بەپێ ی یاسا قەدەغەکران . هەرچی خاوەنداریێتی ژنانە ئێستاکەشی دەگەڵ دابێ زۆربەی هەرە زۆریان بەگوێرەی رێ و شوێن و داب و نەریتی ژن و مێردایەتی و جیابوونەوەو گوێڕایەڵی هێشتا هەر کۆیلەن .

لەکاتێکدا کۆمەڵ داوێن پاکی دەچەسپێنێتە سەر ژنان و دەیان خەسێنێ و هەواو هەوەسیان لێدەکوژێ ، ئەوا پیاو لەو سەرەوە بۆ خۆی ئازادە ، داوێن پاکی بەسەر ئەودا ناسەپێ ، بەڵکو زێتر هانی دەدا تا چێژ لەهەموو هەواو هەوەسەکانی خۆی وەربگرێ ، بەهەوەسی خۆی ئەو ژنەی بیەوێ دەیهێنێ و منداڵان ئاوارەو رەهەندە دەکات و رژێم و یاسای پاراستنی شارستانیو یاسایی و ئەخلاقیش دەیپارێزێ . قوڕ بەسەر ئەو ئافرەتەی کە بەفریو و تەفرەی پیاوان هەڵدەخەڵەتێ بەوەی کە دەیکاتە هاوسەری ژیانی و دەبێ هەست و نەستی خۆی دابرزێنێ و چەپتیان بکاو بەرگەی رەدەوونان و فریوەو پەیمانی پیاوان بگرێ . تا وای لێهاتوە ئافرەت واز لە بەهاکانی دەروونی خۆی بهێنێ وەك هەر ئینسانێك و واز لە راستگۆیی هەست و نەستی خوی بیەنێ تا بۆ خۆی شەرافەتمەندی لەبەر دیدی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات . ئافرەت لە درۆو دەلەسە گەیشتووەو دەزانێ چلۆن مامەڵە دەگەڵ کۆمەڵ دەکات هەروەك ئەوان دەگەڵی دەکەن ، دەزانێ چلۆن پیاو رەزامەند بکات و مومارەسەی سێکسی دەگەڵدا دەکا بێ ئەوەی کچێتی یەکەی لەدەست بدات و دەزانێ چلۆن خۆی بەپەیمانی مارەبڕی

بفرۆشێ و تا هەتا هەتایە خۆشەویستی راستەقینەی خۆی بچەسپێنێ، یاوەکو بەنهێنی مومارەسەیان بکات.

هاتە مەتەبەکەم (عیادة)و لە گیروگرفتێکی زۆری دەروونی دابوو، کچێکی تەمەن بیست ساڵە یەکێك لە خزمەکانی خۆی خۆشدەوێ و هاموشۆی ماڵەوەیان دەبێ، هەست بەخۆشەویستی دەکات و کورەکە پەیمانی دەداتێ بیهێنێ دوای ئەوەی کە فلاتێك (شقة) دەدۆزیتەوە. رۆژێکیان کورەکە دەچێتە ماڵەوەیان هەر تەنها کچەکە لەماڵ دەبێ، کچەکە کەف و کوڵی هەستی هەڵدەچێ و دەیەوێ دەگەڵی رابوێرێ بەڵام بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو هێشتا شوی پێ نەکردوە بۆیە رێگە بەخۆی نادات. کورەکە بەنارەزایی وە پێ ی دەڵێ خۆشەویستی راستەقینە ئەوەیە کەهەردووك بەویست و خواستی خۆیان بن و بەقسەو رێگەپێدان و ویستی یەکێکی دیکە نەبێ. کچەکە بە قسەکانی کورەکە باوەر دینێ و جا بەراستی کچەکە خۆشی دەویست و لەمەدا پێوەندی سێکسی دەگرن. کچەکە دەشێوێ بەڵام کورەکە دڵنیای دەکات کە دەیخوازێ. بەڵام کورەکە نایخوازێ هەروەك زۆر جاری وا رویداوەو دواتر کورەکە بەکچەکە دەڵی: من ئامادەنیم کچێك بیەنم پێش شوکردن خۆی خستبێتە بەردەستی کوران هەتا ئەگەر ئەو کورە خۆشم بێ.

ئافرەتەکە توشی هێدمەیەکی دەروونی بوو بوو کە کچان لە ساتە وەختی ئاوهادا تووشی دەبن. دەشێ ئەو ئافرەتە باوەری بە پیاوان نەمێنێ و هەروەك چلۆن بە درۆو فریودان، مامەڵەی دەگەڵ کراوە ئاوها مامەڵەیان دەگەڵدا بکات. بەڵام ئافرەتێکی دەروون بەهێزو خاوەند کەسایەتی بوو و زۆر باوەری بەخۆی بوو و رێزی هەست و نەست و راستگۆیی خۆی لەلابوو و ئەوەش کە یارمەتی دەدا ئەوەبوو کە کاری دەکردوو بێ ئەوەی پێویستی بەوە بێ کە پیاو بەخێوی بکات. کاتێك کورێك هاتە پێشەوە تا بیخوازێ و هەستی پێکرد کە خۆشیدەوێ وای بەچاك زانی پێش ئەوەی شووی پێ بکات نهێنی یەکەی پێ بڵێ تا پێکەوە ژیانی راستگۆیانەو شەرافەتمەندانە وەسەر ببەن، وەلێ کورەکە رێزی راستگۆیی کچەکە ناگرێ و هەرزوو لێ ی دەداو دەروا. کچەکە هاتەوە لام و دەپرسێ چار نی یە دەبێ درۆ بکەم تا بتوانم شوو بکەم. پێم گوت لەراستگۆیی خۆت مەیەخوارەوە بەهەر نرخێك بێ جا ئەگەر ئەو نرخەش شووکردن بێ و دەبێ

بەدوای پیاوێك دا بگەڕێ ی کە ئاسۆی بیرکردنەوەو هەست و نەستی لەڕێ و ڕەسم و دابی ڕواڵەتی بەرزتر بێ و ڕیزی ڕاستگۆیی و هەست و نەستت بگرێ .

هەقی پیاو لە لەززەتی سێکسی لە دیدی کۆمەڵ دا هەقێکی پیرۆزە ، بۆیە دەبێ دەستەو چێ و هەرکاتێك ویستی بەردەستی بکات . هەرچی ئافرەتە ئەوا ئەرکی پیرۆزی وەجێهێنانی ئارەزووەکانی پیاوە هەر کاتێك بیەوێ و ئافرەتیش هیچ هەقێکی نی یە کە هەست بە لەززەت وەرگرتن بکات . ئەگەر رووشیداو هەستی پێکرد ئەوا دەبێ ئەم هەستە خەفە بکا . ئەندامی سێکسی پیاو لەروانگەی کۆمەڵ دا نرخ و بەهای خۆی هەیەو توانستی سێکسی پیاویش نرخ و بەهای خۆی هەیە ، هەرچی ژنە ئەوا دەبێ بەهۆی چەپاندن بەدرێژایی ژیانی لە ساردی یەکی سێکسی دا بژی کە کۆمەڵ هیچ بایەخ و گرینگی پێ نادا و پێ ی هەراسان نابێت . ئەندامی سێکسی ئافرەت لەنێو کۆمەڵ دا هیچ نرخێکی نی یەو بەڵکو کۆمەڵ چەند نێوی تری لەو ئەندامانە ناوە تاوەکو ببنە وەسپێك بۆ سووکردن و دزێو بوون . هەروەك چۆن کۆمەڵ ڕیزی ئەندامەکانی پیاو دەگرێ ئاواش ڕیزی ئەوە دەگرێ کە ئەو ئەندامانە دەیرێژن و بەچاوێکی ڕێزەوە دەنواریتە سپێرم و بە بربرەی ژیان و ئاوی زیندەگی دادەنێ . بێگومان ئەم شلەیە ئەو هێندە سپێرماتوزواوەیان تێدایە کە هەر تەنها یەکێکیان دەگەڵ هێلکەی ئافرەتدا یەك دەگرێ و کۆرپەلەی لێدروست دەبێ .

وێرای ئەوەی کە سێرماتوزواو هێلکە لەڕووی پێکهاتنی کۆرپەلەدا یەك نرخیان هەیە بەڵام کۆمەڵ لەڕووی نرخ و گرینگیەوە وەك یەکیان دانانێ وەك چۆن هەموو شتێك کە پێوەندی بە پیاو یا ژن هەبێ نا یەکسانن . لەکاتێکدا کۆمەڵ سپێرم بەرز دەگرێ و پێ ی پیرۆزە . ئەوا وەك خوێنی پیس و بێ ئابڕوویی دەنواریتە خوێنی بێ نوێژی بوون ، دەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم خوێنی بێ نوێژی یە لەهەر جارێك دا هێلکەیەکی تێدایە کە یەك لە هێلکەدانەکان هەر مانگی جارێك دەری دەدەن . هەروا هیچ خوێنێك نی یە پێ ی بڵێن خوێنی پیس چونکە خوێنی ئینسان هەر خوێنە چ جای ئەگەر لەسەری دابێ یا لەجگەری ، یا لە ئەندامەکانی زاوزێ ی دابێ . جا ئەگەر ڕێژەی دووەم ئوکسیدی کاربۆن لەنێو خوێندا بەرز بۆوە کە بەخوێنهێنەرەکان دا دەروا ئەوە مانای وانی یە کە ئەم خوێنە پیسە ، بەڵکو بەشێوەیەکی زانستی خوێنی نە ئۆکسینجراوی پێ دەڵێن تا

دەگەڵ خوێنی ئۆکسینجراوی ناو خوێنبەرەکانی جیابکەینەوە کە ڕێژەیەکی زۆرتری ئۆکسجین تێدایە.

بێگومان خوێن بەنرخترین شتێکە لەنێو جەستەی ئادەمیزاد، کە ئەمەیان دەگرێ بەڕاستی پێ ی بڵێین ئەکسیری ژیان. چونکێ بەو هۆیە ئادەمیزاد خۆراك وەردەگرێ و شانەکانی نوێ دەبنەوەو بەبێ ئەو ناتوانێ بژیی. وێرای ئەوەی کە ئەو خوێنەی لە زامی مل یا وەکو پەنجەکان دێ، هەرهەمان ئەو خوێنەیە کە لە منداڵدانی ژنان دێ لە کاتی بێنوێژی بووندا. سەرباری ئەوەش کە خوێنی بێ نوێژی بوون هێلکەی تێدا هەیە، هەرچی خوێنی هەوڵە بە خوێن دادەنرێ و وەك هەر نرخێکی خوێن سەیری دەکرێ، هەرچی خوێنی بێنوێژی یە بە شتێکی نەگریس و بێ ئابڕوویی دادەنێن. هێندێ پیاو لەو باوەڕەدان کە تەنها چاك و چۆنی کردنیان دەگەڵ ئافرەتانی بێ نوێژ (حەیزە) لەشیان پیس دەکا یا دەست نوێژیان دەشکێ. باوەڕی باوی پیسی ئافرەت لەکاتی بێنوێژی بوون لەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا خوێن پەیوەست بوو بە کارەسات و بریندار‌بوون و شاڵاوی ئاژەڵی دڕندەو مردن، هەروا لە پاشماوەکانی ترسی کۆن ئەوە بوو کە پیاو لە بەرامبەر دیاردەی خەساندنی ئافرەت هەستی پێ دەکرد، هەر ڕۆژەی چەند جارێك سپێرم دەرێژدرێ، هەر جارێکیش ملیۆنەها سپێرماتۆزوای تێدایەو هەر تەنها یەکێکیان لە حاڵەتی پێوەندی سێکسی لەگەڵ ئافرەت دا بەرهەمی دەبێ و باقیمەندی ملیۆنەکانی دیکە دەمرن، بێ پێوەندی گرتن دەگەڵ ئافرەت دا ئەم ملیۆنەها سپێرماتۆزاوانە، دەردەهاوێژرێن بۆ دەرەوەو هیچیان ناپیتێن هەر وەکو لە حاڵەتی شەیتانی بوون و دەستپەڕ گەلێکی دیکەدا.

چونکێ لەروانگەی کۆمەڵ دا سپێرم نرخێکی بەرزی هەیەو کەمبوونی ئەم شلە بەنرخەش لەشساخی هەرزەکارەکان دادەڕەتێنێ بۆیێ لێرەدا بیرۆکەی ترساندنی هەرزەکارانی نێرینە لەوە سەرچاوە دەگرێ تا دەستپەڕ لێ نەدەن یا زۆر شەیتانی نەبن، هەڵەی ئەم بیرە ئاشکرا بوو، چونکە لەدەستدانی ئەم شلەیە بەهۆی دەسستپەڕ یا شەیتانی بوون لەش لەهیچ شتێکی گرینگ بێبەری ناکات. چونکێ هۆرمۆنی نێرینە کە هەردوو جووتە گون دەری دەدەن ئەویان شتێکی گرینگەو دەگەڵ سپێرم دا ناهاوێژرێتە دەرەوە بەڵکو دەستەوجێ دەچێتەوە نێو خوێن بەم شێوەیە لەدەست دانی سپێرم بەهۆی دووبارەیی شەیتانی بوون یان

دەستپەڕ هیچ زیانێکی بۆ ئادەمیزاد نی یە بەڵکو سوودمەندو لەش ساخی یە.

نا یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بە ئاشکرا لەو جیاوازییە گەورەیەدا خۆی دەنوێنێ کە لەبارەی دیاریکردنی وەچە زیادبووندا دەیکەن. لە هەموو کۆمەڵەکانی سەرووی جیهاندا ژنان قورسایی گەورە هەڵدەگرن و هانیان دەدەن تا ئەو بڕە زۆرە حەبی منداڵ نەبوون بخۆن بێئەوەی بایەخ بەوە بدەن کە ئەوەیان چ شوێنکاریکی لەش ساخی وەسەر جەستەو دەروونی ئافرەت دا هەیە. هەموو ئەوەی کەلای ئەوان گرینگە ئەوەیە کە چارەسازی یەك بۆ ئەو کێشەیەی زیاد بوونی دانیشتوان بدۆزنەوە کە هەڕەشە لە ئابوری کۆمەڵ دەکات. چەند ساڵێ دوای بەکارهێنانی ئەو حەبانە لەلایەن ئافرەتانەوە پێش ئەوەی زاناکان پێ ی بزانن دەرکەوت کە ٣٠%ی ژنان توشی خەمۆکی دەبن وێرای ئەوەی کە تووشی چەند ماکی ئۆرگانیکی و دەروونی دیکە دەبن کەوا دەبێ کەم تا زۆر تووشی ژنان دەبێ. هەرچی پیاوە ئەوا ئەو هیچ شتێك تەنانەت قورسایی‌یەکی کەمیش لە زۆربەی جاردا هەڵناگرێ. جا کاتێك کە یەکێك پێشنیاری ئەوە دەکا با پیاوان لەگەڵ ژنان لەهەڵگرتنی بەرپرسیاری و قورسایی دیاریکردنی وەچە زیادی دا هاویەك بن و زاناکان بەشوێن هۆکارێك بگەڕێن کە دیاریکردنی وەچە زیادەیی لەلای پیاوان بێ هەروەك ئەوەی لەلای ئافرەتان دەیکەن، چەند دەنگێکی بەرز بە نارەزایی یەوە بەرز دەبنەوە. لەزۆر وڵاتاندا لە دژی پرۆسەی پاکژکردنەوەی رووکەشی پیاو کە لەهەمبەر ئەوەدا پرۆسەی پاکژکردنەوەی ژنان هەرچی زێترە مەترسی زێترو ئاڵۆزترە، چەند نارەزایی و ئەپۆزسیون گیران کە هەر هیچ نەبێ بێدەنگ بن و گرنو لە پیاوان نەگرن.

فەرهەنگۆك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | سپێرماتۆزوا : حیوان منوي | |
| بێنوێژبوون : الحیض | | میتکە | : البظر |
| چەپاندن | : الکبت | مەتەب | : العیادة |
| سپێرم | : السائل المنوي | هێدمە | : الصدمة |

سەرچاوە :

ئەم باسە لە کتێبی (المرأة والجنس ـ د. نوال السعداوي، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بغداد، الطبعة السادسة، ١٩٨٩، ص: ١٠٩ـ١٢٠) کراوە بەکوردی.

# جەردە زن ناشیرینەکان

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە : فەرهاد پیربالّ

ناگەن بە حیزو رێگری ئێمە لە مولکی رۆم
عەللامـــەی ویلایەت و شێخی ویلایـەتی
ح . ق . کۆیی

لەکۆتایی سەدەی حەقدەهەمدا پاشای فەرەنسا ، یەکێك لە راوێژکارەکانی خۆی بەناوی پیتۆن دی توورنەفۆرت ، کە دکتۆرو پرۆفیسۆرێکی چاپووك و زانا بوو ، دەنێرێتە جیهانی رۆژهەلاّت : بۆ ئەوەی لێکۆلّینەوەی زانستی و سۆسیۆلۆژی و سەربازی لەبارەی ولاّت و نەتەوانی رۆژهەلاّت ئەنجام بدات و بۆ پاشای بێنێتەوە ، ئەم پرۆفیسۆرە ، لە سەفەرەکەی خۆیدا ، سەر لە باکووری رۆژهەلاّتی کوردستانیش دەدات . ئەم چەند دێرەی خوارەوە ، پوختەی گرینگترین تێبینی و یاداشتەکانی ئەون کە لەبارەی گەلی کورد نووسیونی .

پیتۆن دی توورنەفۆرت PITTON DE TOURNEFORT ، راوێژکاری پاشای فەرەنسا ، ئەندامی کارای کۆری زانیاریی پاشایەتی ، دوکتۆری پزیشکی لە زانکۆی پاریس ، پرۆفیسۆری رووەکناسی لە باخچەی پاشای فەرەنسا بیروەریەکانی گەشتنامەکەی خۆی لە سێ بەرگ کتێبدا لە سالّی ١٧١٧دا لە شاری لیۆن چاپکردووە . بەرگی دووەمی کتێبەکە ، کە ئەم چەند دێرەی لەبارەی کورد. تێدا نووسراوە ، ٤٤٠ لاپەڕەیەو دەیان وێنەی جوان جوانی تێدایە .«١»

ناوبراو سەفەرەکەی خۆی لە ئەستەمبوڵەوە دەست پێکردووە ، بەقەراغ دەریای رەشدا چۆتە ئەرمینیا ، ژیۆرژیا ، لەوێشەوە هاتۆتەوە سەر سنووری ولاّتی فارس (ئێرانی ئەمڕۆ) ! واتە نەهاتۆتە ناوجەرگەی کوردستان و تەنیا وێراوێرای سنووری کوردستان (بە باکووری رۆژهەلاّتی تورکیای ئەمڕۆدا) رۆیشتووە : چاوی تەنیا بەکوردە کوچەرەکانی شاری قارس و ئەرزەڕۆم کەوتووە ، یانیش لە نزیك سەرچاوەکانی رووباری فورات .

باشتر وایە گوێ لە خۆی رابگرین . لە لاپەڕە ٢٦٧دا دەلێ :

کوردەکان Curdes یان میللەتانی کوردستان Peuples du Curdistan کە بە بنەچە دەگەڕێنەوە سەر کالدیە کۆنەکان Caldèen بە دەوری ئەرزەڕۆمدا بلاّوبوونەتەوە . تا بەفرو رەنووی بەفری چلّەی زستان ناچاریان نەکات دانابەزنە خوارەوەو هەر لە چیاو چۆلّەدا کاروانچیە بەستەزمانەکان رووت دەکەنەوە .

ئەم کوردانە، ئەو یەزیدیە ڕەواندانەن کە حەشتەبایەك چیە دینیان نیە، بەلام بە عادەت باوەڕیان بە یەزید Jasid یان بە مەسیح Jesus هەیە. کورد تا ڕادەیەکی زۆری ئەوتۆ لە شەیتان دەسلەمینەوە کە لەترسان ڕێزی دەگرن بۆئەوەی خراپەیان لەهەمبەر نەکات. ئەم بەدبەختانە هەموو ساڵێك کۆچ دەکەن بەرەو لای مووسڵ یان نەینەوای تازە، تا دەگەنە سەرچاوەکانی زێی فورات.

ئەم کوردانە دان بە فەرمانڕەوای هیچ پاشایەك نانێن. تورکەکانیش هیچ سزایەکیان نادەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر کوشتن و دزیش بیانگرن: تەنیا جەریمانەیەکی بەقەد شتە دزراوەکانیان لێ وەردەگرن. گەلێك جاری وا هەبووە لەگەڵ ئەو دزو کاروانبڕانە کەوتوونەتە گفتوگۆی ئاشتیخوازانەش، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو جەردانەی کە زۆر بەهێزن یان زۆر دڕن.

هەموو کاروانەکانی ڕۆژهەلات ناچارن بە ئەرزەڕۆم دا تێپەڕن، چونکە ڕێگاکانی حەلەب و بەغدا، ڕاستە کورتن، بەلام ئەو عەرەبانە داگیریان کردوون کە دژ بە تورکەکان ڕاپەڕیون و بوونەتە فەرمانڕەوای ئەو دەشت و دەرە.

لە نیوەڕۆی ٦/١٩ بەرێ کەوتین بۆ ئەوەی بچین سەر لەو چیا بەرزانە بدەین کە دەکەونە ڕۆژهەلاتی شاری ئەرزەڕۆم. بەفر جارێ بەئاستەم توابۆوە. ئێمە دەبووایە ئەو سەفەرەمان زۆر بەئاگادارییەوە بکەین، چونکە ئەو کوردانە ئاژەلی زۆر بێ قەیدو شەڕتن، تەنانەت تورکەکانیش بە هیچ نازانن: هەر هێندەیە هەلیان بۆ بڕەخسێ تورکەکانیش وەکو خەلکی تر ڕووت دەکەنەوە، هەر چۆنێك بێ، ئەم جەردانە نە مل بۆ (بەگلەربەی) کەچ دەکەن، نە پاشاش. کە پیاو دەشیەوێ بچێ بیانبینێ یان کە تەشریفی ناسینی ولاتەکەیان دەکات، دەبێ پەنا بەرێتە بەر هاوڕێکانیان.

هەر کاتێ لەوەڕگاو مێرگی مەلبەندێکیان هەمووی تەواو کرد، دەچن بنەو بارگەیان لە مێرگێکی دیکەدا هەلدەخەن. ئەو کوردانە لە جیاتی ئەوەی، وەك کالدییەکان کە بە بەرەبابی خۆشیان دەژمێردرێن، بچن خۆیان سەرقالی زانستەکانی گەردوون Astre بکەن، دەچن ڕاوەڕووتی کاروانان دەکەن. ژنەکانیشیان شیرێژو پەنیر دروست دەکەن، منداڵ بەخێو دەکەن، سەرپەرشتیی مەڕو مالاتان دەکەن.

ئێمە لە کاتژمێر سێی بەیانی ٦/٢٢ مەلبەندی دێرەسۆرمان بەجێ هێشت. ژمارەی کاروانچییەکانمان زۆر نەبوو، دەبووایە بچین داوا لە مەتران بکەین کە لەگەلمان بێت، یانیش واز لە بینینی سەرچاوەکانی فورات بێنین. بەلام ڕاستی یەکەی، ترسی نەدەویست. خۆ کورد زەلام ناخۆن: تەنیا ڕووتیان دەکەنەوە.

بەم شێوەیە، غەمی هیچمان نەبوو، تەنیا برسیێتی و سەرما نەبێ. ل«٢٦٩»

دووای نیو سەعاتە ڕێیەك پیرەمێردێکی هاوڕێی مەتران، لەگوندێکی جوانی سەر رووباری فوراتدا بەگەلمان کەوت. ئەم پیرەمێردە چاکەی زۆری لەگەلمان کرد. ئێمەی دلنیا کرد لەوەی کە زۆر بەباشی زمانی ئەو کوردانە دەزانێت و

زۆر برادەریشی لەناو ئەو شاخ و داخانەدا هەیە کە دەمانویست پێیاندا بڕۆین. ئیدی پێویستی نەدەکرد لەهیچ بترسین، مادام ئێمە پیرەمێردێکی برادەری مەترانمان لەگەڵدا بوو.

بەناو چەندین دۆڵ و خەرەندی جواندا ڕۆیشتین، فورات بەناو دارو درەختەکانیدا مارپێچەی دەکرد. گیاوگۆڵ گەشەیان کردبوو. ئێمە واماندەزانی کە ئەو گیاوگۆڵانە لەناو شاخاندا گەش و بژترن، کەچی چەند بەرەو ژوورتر سەردەکەوتین زیاتر دەکەوتنە ژێر بەفرەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دیمەنەکە تا بڵێی دڵگیر بوو. ئەو ئاوەڕۆو سۆلاڤانە کە لە هەموو لایەکەوە دادەڕژێن دیمەنێکی تا بڵێی نازدارو لەبەر دڵیان دروست کردووە. پیاو ناتوانێ ئەو هەموو تاڤگەو سۆلاڤە جوانانەی ناو ئەو شاخە گەردەنکەشانە بژمێرێت و وەسپ بکات.

ئێمە لەو کاتەدا، کە ترسی ناوی کوردمان Curde بەتەواوەتی لەبیر چووبۆوە، چووین چەند تاسە ئاوێکی سازگاری سەرچاوەکانی فورات بخۆینەوە.

تەنیا یەك شت هەستی سلوکی ئێمەی دەشەپرزاند ئەویش ئەوەبوو کە جار بەجار دەماندیت چەند کوردێك بەسەر سوارەوە لێمان دەهاتنە پێش بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمە چ جۆرە ئادەمیزادێکین. من نەمدەزانی داخوا شەراب بوو یانیش ترس کە وایلێکردبووم یەك کەس بە دوو ببینم. چونکە هەرکاتێ ترس دەروونیی دادەگرتین، دەبووایە پەنا بەرینە بەر زمانی سۆز.

مەتران و پیرەمێردە برادەرەکەی چەند هەنگاوێك بەپێشمان کەوتن و هێمایان بۆ کردین کە ڕاوەستین. دووای یەکەم خۆ پێناساندن، کە ئەوەندەشی نەخایاند، کوردەکان هەموویان تێکڕا بەرەو رووومان هەنگاویان هەڵهێنا. دەستیان کردە تەق تەق و زەنگ لێدان بەسەر نازانم چ شتێکەوە.

وەك ئەو خەڵکە سلۆکانەی کە بەترسەوە هەست دەکەن قسەیان لەسەر دەکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی کوردەکان جارجار قەڵماسنگی نیگایان تێدەگرتین، ئێمە لەخۆمانەوە کەوتبووینە لەترزە. خۆ گومانیشمان لەوە نەبووە کە مەتران ئێستا دەچی پێیان دەڵێ کە ئێمە هاتووین لێرە بەدوای رووەکاندا دەگەڕێین و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو رووەکانەی دەوروبەرمان چێدەکەین.

دەمانویست قسەکانمان بەو هەنجەتە درێژ بکەینەوە. ڕاستیەکەی، ئێمە قسەمان لەبارەی ئەو حاڵەتە غەمگینەیی خۆمانەوە دەکرد کە تێی کەوتبووین. بە لاتینیەکی زۆر شەق و پەق قسەمان دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەك وەرگێڕەکانمان هەست بە شتێك بکەن. ل«٢٧١»

گفتوگۆی نێوان مەتران و کوردەکان، ئەگەر چیش درێژ بوو، بەڵام ئێمەی نائارام نەکرد. دیرەسۆر لە ئێمە گەلێك دوورکەوتبۆوەو تازە نەماندەتوانیی بۆی بگەڕێینەوە. کێ ناڵێ ئەم کوردانە، کە عادەتیان بوو خەڵك بخەسێنن نەیاندەویست دەسخەڕۆمان بکەن؟

کاتێ تەرجومانە ئەرمەنیەکەمان هاتە لامان و پێی گوتین کە کوردەکان پارچە پەنیرێکیان داوەتە مەتران، ئیدی دڵمان کەمێک ئۆقرەی گرت. لە هەمان کاتدا پیرەمێردەکە چووە پێشەوە بۆئەوەی دۆلکە شەرابێك ( ئاوی ژیان ) بەدەستەوە بگرێت و پێشکەشیان بکات. داوامان لە کابرا کرد بۆ ئەوەی بزانین داخوا مەسەلە چیە، ئەویش لە وەڵامدا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی کە ئەو کوردانە زەلامی زۆر دڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە پێویست ناکا لە هیچ شتێك بترسین، هەروەها وتی کە ئەو ئاشنایەتیە کۆنەی لە نێوان ئەواندا هەیە، ئەو ڕێزە دینیەی کوردەکان بۆ مەتران، وامان لێدەکا کە لە هەموو ڕوویەکەوە سەلامەت بین. ڕاستیەکەشی، دوای ئەوەی کوردەکان شەرابەکەیان خواردەوە، کشانەوە. مەترانیش بە ڕوویەکی خۆشەوە گەڕایەوە لای خۆمان. ئیدی ئێمەش کەوتینە سوپاسکردنی ئەو هەموو چاکانەی کە ئارخاینی کردین و لە هەڕەشەو جنێوی ئەو گورگە قەپێنەرانە بەدووری خستینەوە. ئیدی دەستمان کردەوە بە گەڕان بەدووای ڕووەکەکانی خۆمان. ل« ٢٧٢ »

داوامان لە مەتران کرد کە ئەگەر بکرایە بچووینایە لقەکەی دیکەی ڕووباری فوراتمان بدیبا، کە لەولاتر دەڕژایە ناو هەمان لقی یەکەمەوە. بەزەردەخەنەوە پێی گوتین کە کوردەکانی ئەو مەڵبەندە ئاناسێت؛ جگە لەوەش لەوێ هەمان زێ و کانیی چەشنی پێشوو دەبینن. ل« ٢٧٢ »

ئەو پیاوە خێرەومەندە، پاشان چوو خواحافیزی لە کوردەکان بکات و هەندێکی دیکە لە شەرابەکانی ئێمەیان بەسەردا دابەش بکات: ئێمە ئەگەر لەگەڵ ئەو نەبووینایە ئەم کارەی ئەومان هێندە بەپەسەند نەدەزانی و حەزمان نەدەکرد کە تەنانەت هەر لەماڵەکانیشیان نزیك بکەوینەوە. ل« ٢٧٣ »

ماڵەکانیان ڕەشماڵی گەورە گەورەی فراوان بوو، لە چادری قاومیی تۆخی زۆر ئەستوور دروستکرابوون. ئەو چادرانە، تا بڵێی توندو تۆڵ، وا دروست کراون کە بەتەواوەتی ئەم جۆرە ماڵە گەڕۆکانە دابپۆشن. شوورەکانیشیان، کە بەجەستەی ماڵەکان دادەنرێت، شێوەیەکی چوارگۆشەیی فراوانیان هەیە، بە کۆڵەگەداری ئەستووری بەقەد بەژنی زەلامێك ڕاگیراون. ژوورەوەش حەسیری زۆر باشیان تێدا ڕاخراوە.

کاتێ دەشیانەوێ بگوازنەوە، دەبێ ئەو ڕەشماڵانەیان وەکو پەردە Paravent بپێچنەوە، ئیدی دەگەڵ قاپ و قاچاغ و منداڵەکانیان دەیانهاوێتە سەر پشتی چێڵ و گامێشان. منداڵەکانیان بەو سەرمایە هەر ئەوەندە ماوە بڵێ ی ڕووت و قووتن، جگە لەبەفراو هیچی دیکە ناخۆنەوە، یانیش ئەو شیرە گەرمەی کە تازە لە گوانی مانگاوە دێتە دەر. ئەو کوردانە زۆر بەمقەیەتیەوە چێڵ و مانگا لەگەڵ خۆیان دەگێڕن بەڵام چێشتیان زۆر ساردو سڕە.

ئەوەتا، کورد، کە هەمیشە مێگەلەکانیان ڕەپێش خۆیان دەدەن، لەم چیاوە بۆ ئەو چیا، ئاوها دەژین.

لە مێرگی خۆش خۆشدا لەنگەر دەگرن، بەڵام هەر لەگەڵ مانگی ئۆکتۆبەردا

چێیان پێ لەق دەبێت و دەبێ لێژببنەوە بەرەو کوردستان، یانیش بەرەو میزۆپۆتامیا.

پیاوەکانیان سوارچاکی چاپووکن، تا بڵێی هۆگری ئەسپن، بەڵام لە رمب زیاتر هیچ چەکێکی دیکەیان نیە. ژنەکانیان لەکاتی کۆچبارانددا، هەندێك بەسەر ولاغەوە، هەندێکی دیکەشیان بەسەر پشتی چێڵەوەن.

لەناکاو دیتمان کۆمەڵێك لەو خەڵکە سەیرانە (proserpine?) بەرەو رووممان شالاویان هێنا، دەیانویست مەتران ببینن، ورچێکیشیان پێ بوو و لەگەڵ خۆیان دەگێرا. هەندێکیان ئەنگوستیلەیان لە پەنجە بوو و دەیانگوت کە لە نوقرە narrine دروست کراوە. پاشان تێگەیشتین کە ئەو ئەنگوستیلە لە پەنجانە تازە بووك بوون. کچی تا بڵێی چوست و چاپووك، بەخۆوە، نێرە کچ، بەڵام زۆر ناشیرین بون. لەباری فیزیۆنۆمیەوە جۆرە شەرەنگێزیەکیان پێوە دیارە، چاویان هێندە گەش نیە، دەمیان تا بڵێی بە قەڵشتە، پرچ رەش وەکو Jay (?دەم و چاوشیان ئاردین، پەڵ پەلاوی. ل« ٢٧٤ » بەڵام سەرەرای هەموو ئەم شتانەش، ئەوەتا ئێمە واین لە ولاتی مەعریفەتدا pays d' erudition، وەك جەنابی Mr. SGR دەڵێ، لەناو خەلکی proserprines، لەناو کورداندا. ل « ٢٧٤ »

ئێمە وا تێدەگەین کە گەراوینەتەوە ئەوروپا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبینین لە شاری قارسین. ئەمە دووای سێ سەعاتە رێ رۆیشتن. قارس دوایین مەڵبەندی تورکیایە لەسەر سنووری ولاتی فارس، کە تورکەکان پێی دەڵێن عەجەم Agem. ل« ٢٩٢ ».

تان Tan وشەیەکی کۆنی کلیتە Clete کە واتای ولات pays دەگەیەنێ. ئەم وشەیە لە هەموو رۆژهەلاتدا بەکاردێت. خەڵك دەڵێن (کوردستان)، (هیندستان)......هتد، بۆ گەیاندنی مەبەستی (سەرزەمینی کورد یان خاکی کورد)، (سەرزەمینی هیند یا خاکی هیند)..هتد. ل « ٣٠٠ ».

ژنە ژێوژژی هیچ ناشیرینیەکیان تێدا بەدی ناکرێ. دەتوانن زۆر شۆخ و جوان خۆ بنوێنن، لەچاو ئەو ژنە کوردانەی کە لە دەروبەری سەرچاوەکانی رووباری فوراتدا بینیمانن. ل« ٣٠٢ »

دووای چوار سەعاتە رێ گەیشتینە قارس. تاکو ٨.٢٢ بۆ چاوەرێکردنی یاوەرێکمان لەوێ ماینەوە. خەڵقانێکی زۆری کورد هاتبوونە ئەو ناوە بۆ ئەوەی رەشماڵ لەناو چیاکانی شاری قارسدا، لەسەر رێگای بەرەو ئەرزەرۆم، هەڵبدەن. ئێمە لەبەرئەوەی چیتر مەترانی ئەرمەنیمان لەگەڵ نەمابوو بۆ ئەوەی بێتە ناوبژیمان، هاتینە سەر ئەو باوەرەی کە لەوانەیە. ئەگەر کاروانێك بەو ناوەدا تێنەپەرێت. ئەوا ژیانمان بکەوێتە لەترکزە. لە رێرەوەکەدا کەوتینە چاوەرێکردن. لە کۆتاییدا فەرمانرەوای ئەو ناوە دڵمانی دایەوە و تەنانەت داوای کرد کە سێ یا چوار کەسێکمان لەگەڵ بنێرێت و لەهەموو مەترسییەك قوتارمان بکات. بەم شێوەیە لە ٨.٢٢ قارسمان بەجێ هێشت و بەگەڵ

کاروانێکی بچووك کەوتینو کەوتینە ڕێ . ل« ۳۷۷ »

لە ۸ـ۲٤ ( چەرچیباشی ) کە فەرمانی لە پاشای قارسەوە پێگەیشتبوو کە بۆ پاراستن و گواستنەوەی گەنجینەی پاشا چەند پیاوی دەوێ با هەڵیانبژێرێت ، چوو لەناو گوندەکانی ئەو شاخ و داخانەدا سێ کەسی چەکداری باشی هەڵبژارد . ئەو سێ کەسە بەجارێك زەوقیان تێك داین ، چونکە دەیانگوت گوایە کوردەکان هەواڵی گەنجینەکەیان زانیوەو دێنە سەر ڕێگامان . ئەم هەواڵە بۆ سبەینێ گەشتبۆوە تاقمە جەردەیەکی دیکەش . بەڵام هەر چونێك بێ ، کاروانێکی شەست کەسیی تورك لە دوو سەد کوردێك نەدەسڵەمانەوە . چونکە ئەو کوردانە جگە لە ڕمب هیچ چەکێکی دیکەیان پێ نەبوو . لەکاتێکدا کە تورکەکانی لەمەڕ خۆمان تفەنگی زۆر باشیان پێ بوو ، دەمانچەش .

ئەو ڕۆژە بەرێ نەکەوتین ، چووین لە گوندی قەقز Kekez بنەو بارگەمان ڕاخست و لێی پالکەوتین . پاشان ، نۆ سەعات درەنگتر ، ئنجا کەوتینە ڕێ .

بەدرێژایی شەو ، لەژێر تیشکی مانگەشەودا ، هەر بەڕێوەبووین . لە کاتێکدا کوردەکان لەژێر ڕەشماڵەکانی خۆیاندا لەخەودا بوون . ئیدی بەم شێوەیە لە ۸ـ۲٦ ، لە کاتژمێر نۆی بەیانیدا بەسەلامەتی گەیشتینە مەنزلگا . ل« ۳۸٤ »

پاریس ۲۰ـ۷ـ۱۹۹۳

سەرچاوە :

- Pitton DE TORNEFORT: Relation d' un Vouage du Levant,
V.II, Lyon: 1717. [AB. 11-10: کۆدی لە لانگزۆ

# کوردستان لەسەردەمی سەدام حوسێن دا

نوسینی: پیتەر وو. گابرێث
ئازاد حمه شەریف له ئینگلیزی یەوه وەریگێڕاوه

تێ بینی: ئەو بیروڕایانەی لەو وتارەدا دەربارەی بزوتنەوەی سیاسی کوردو سەرکردەو سیاسەتمەدارانی کورد داهاتووه هیچ پەیوەندی بەڕوانین و بیروڕای وەرگێڕو گۆڤارەکەمانەوه نی یه؛ چونکه وەرگێڕ هەوڵی داوه بەئەمانەتەوه ئەم وتاره بکاته کوردی بۆ ئەوەی میللەتی کورد بزانێت له هەندەرانەوه بێگانەکان چۆن تەماشای بزوتنەوەی سیاسی کوردو سەرکردەکانمان دەکەن. مەخابن ئەو جێگایانەش که خاڵی بۆ دانراوه، دیاره لەبەر ئەوەیه حەزمان نەکرد شتێك بڵاو بکەینەوه که بۆنی لایەنگیری پێوەبێ، تکا دەکەین لەم تێبینی‌یه وەئاگا بن.

دەستەی نوسەران

«ئەم نوسینه راپۆرتی دەستەیەکی تایبەته خراوەته بەردەم لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاو له نۆڤێمبەری ۱۹۹۱دا له چاپخانەی دەوڵەتی ئەمریکی له واشنتۆن له چاپ دراوه.»

نامەیەکی هەناردراو
۲٦ی نۆڤێمبەری ۱۹۹۱

بۆ پایه بەرز: «کلایبۆرن پێڵ»
سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی یەکانی دەرەوه؛
سەناتۆری ئەمریکی له واشنتۆن (20510).Dc

سەرۆکی بەرێز:
شەش مانگ لەمەوبەر چارەنووسی کوردە عێراقی یەکان کەوته ناو کارنامەی نێو دەوڵەتی له ئەنجامی ئەو ئازاره مرۆڤانه مەزنەیان کەدوا بەدوای شکست هێنانی یاخی بوونیان به رووی سەدام حوسێن دا هاته کایەوه. دەست تێ خستنی نێو دەوڵەتی لێ نەگەڕا کارەساتێکی مەزنتر رووبدات، بەڵام خەڵکی

کوردستانی عێراق لە مەترسی یەکی گەورەدا دەمێننەوە. لەسەر قسەی بەرێزتان، لە سێپتێمبەردا گەڕامەوە کوردستان بۆ هەڵسەگاندنی بارودۆخی ئەوێ.

لەنێوان ٤-١١ی سپتێمبەری ١٩٩١دا بەناو ئەو ناوچانەی عێراقدا گەشتم کرد کە بەدەست کوردەوە بوون. ئێستا ناوچە رزگارکراوەکان پتر لە ٨٠%ی خاکی نیشتەجێ یی کوردستان پێك دێنێت، من بەرەو خوار تا (هەڵەبجە)و بەرەو رۆژهەڵات تا (حاجی ئۆمەران) کە دەکەوێتە سەر سنوری ئێران چووم، لە باکووریشەوە تا ئەو سێ گۆشەیە چووم کە لەوێ سنووری ئێران و تورکیا پێك دەگەن، لەلای رۆژئاواشەوە تا ئامێدی، دهۆك و زاخۆ کە سنووری تورکیاو سوریا پێك دەگەن.

چوار جار لەخەتی عێراق پەڕیمەوە، دووجاران جلی کوردیم کردبووە بەر بۆ بینینی شارە قەوغاکانی هەولێرو سولەیمانی.

لەم راپۆرتەدا چەند بکرێ هەوڵ دەدەم وێنەیەکی هەمە لایەنی بارودۆخی کوردستانی ئەمڕۆ بخەمە روو.

ئەم گەشتەم بۆ نەدەکرا بەبێ یارمەتی و هاوکاری و هاورێ یەتی زۆر لە کوردە عێراقی یەکان، لەوانە خانەخوێ یەکەم جەلال تالەبانی، سەرۆکی ی.ن.ك. مەسعود بارزانی، سامی عەبدولرەحمان، هۆشیار زیباری، کەریم خانی برادۆست و شێخ موستەفای زینوێ و د. عەبدولکەریم رەئووف و هۆشیار ساسان کە لە راپەڕینی ئازاردا بەسەلامەتی بەناو کوردستاندا گەڕاندمیان و رابەرم بوون، هەروا سوپاسی ئەوان و ئانیا عەلی حەسەن و ئەرمان بەهائەدین دەکەم.

دڵسۆزتان
پیتەر وو. گالبریث

---

«ئێمە بردراین بۆ جێگایەك، ئاومان درایێ، چاومان بەسترابۆوەو لەناو پاسیان دانانیەوە. من چاوی خۆم کردەوەو قۆرتم بینی. سەربازەکان پاڵیان نابن بۆ ناو چاڵێك. کەدەستیان بەتەقە کرد، گوللەیەك بەبن پیلم کەوت. بەغار چوومە لای سەربازێك. ئەفسەرەکە لە سەربازەکە توڕە بوو و هاواری کردێ، «فرێ ی بدەوە ناو قۆرتەکەوە.» تەقە دەستی پێ کردەوەو گوللەیەکم بەپشتی کەوت.»

تەیموور عەبدوول ١٥ ساڵ.

# کورتەی ئەنجامە سەرەکی یەکان

کوردستان وڵاتێکی تێك و پێك دراوە ـ لەوێ ملیۆنان مرۆڤ لەسەر لێواری مان و نەماندا دەژین. بەلای کەم، (٦٠٠) هەزار کەس بێ ماڵ و حاڵن و کە زستان نزیك دەبێتەوە چاوەڕوانی کارەساتێکن. خۆراك و دابەشکردنی ئەو خۆراکانە تێرایی خەڵك ناکەن و بێ گومان تا دێ بارو دۆخەکە بەرەو خراپی دەچێت. خەڵکی کورد لەبەردەم هێرشی نوێ ی سوپای عێراقی ماونەتەوە.

کوردە یاخی یەکان بەلای کەمەوە ٨٠%ی خاکی کوردنشینی عێراقیان لەدەستدایە. یەکێتی یە قرپۆکەکەی بزوتنەوەی کوردایەتی عێراق رەنگە لێك بترازێت بەهۆی ئەو جیاوازی یە توندو تیژانەی کەوتۆتە نێوان سەرکردەکانەوە لەسەر مۆرکردنی رێکەوتنامەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ سەدام حوسێن.

عێراق خۆی لە سزای سەپێنراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوێرێت بەهۆی ناردنە دەرەوەی شمەك بۆ ئێران و تورکیاو ئوردن. کۆمەڵێکی زۆر لە ئامێری دروستکردنی عێراقی، ماشێنی رێگا دروست کردن و ئامێری کارگەکان بۆ ئێران ئاوا دەکرێن. سووتەمەنی و کەرەسەی تر رەوانەی تورکیا دەکرێن، وا دیارە ئوردن هەم یارمەتی عێراق دەدات خۆ لەم سزایانە ببوێرێت و هەم ئاڵوگۆڕی دارایی لەگەڵا دەکات.

کوردستان وڵاتێکە بە هێواشی ترسناکی چارەکە سەدەیەك لە حکومی بەعس ئاشکرا دەکات. لە زۆر شوێنی کوردستاندا، وا گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدەدرێنەوەو ئێستا بەڵگەی بەهێز دەردەکەون کە نزیکەی (١٨٢،٠٠٠) کورد گوایە دەگوێزرێنەوە بۆ خوارووی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا، کەچی بە سووك و سانایی کوژران. تێکدانی روخساری کوردستان گەیشتۆتە هەموو گوندو شارێکی بچووك. پارچەیەکی گەورەی کوردستان ئێستا لەبەر لوغم بێ دانیشتوان کراوە.

پۆلیسی نهێنی عێراق (ئەمن) تۆمارێکی زۆرو زەبەندی چالاکی یەکانی خۆی جێ هێشتووە ـ تەنانەت تۆماری ئازاردان و کوشتنیش. هەروەها پۆلیسی نهێنی بەکاسێتی ڤیدیۆ وێنەی خۆیان گرتووە لەکاتی ئازاردانی خەڵك دا، لە ئیعدام کردندا، لە کاتی ئابڕوو تکاندنی کیژە کوردان دا. کوردە یاخی یەکان ئەو بەڵگە نامانەیان لەدەست دایەو خەریکن رێکی دەخەن. تا بیخەنە بەردەستی ئەو لایەنانەی پشتگیری لە راگرتنی تاوان دژ بەمرۆڤایەتی دەکەن.

بۆ ئەوەی کورد لە هێرشێکی دیکەی عێراق بپارێزرێن، پێویستە هێزە هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتی ئەمریکا، بەروونی نیازی خۆی ئاشکرا بکات لەبەکارهێنانی هێزی ئاسمانی خۆی بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئەو ناوچانەی بەدەست کوردەوەن. هەروا دەبێ ئەوەش بەهەند هەڵگیرێ کە پێشمەرگە کوردەکان کەمێك یارمەتی سوپاییان بدرێت تا توانای بەرگری لەخۆ کردنیان بەهێز بکرێت. ئەم یارمەتی یانە کەرەسەی یەدەك و

زەخیرەی جەنگی ئەو ئامرازە سوپاییانە دەگرێتەوە کە کوردە یاخی یەکان دەستگیریان کردووەو دەکرێ هەندێکیان لەو کۆمەڵە چەکە عێراقی یانەدا دەست بکەوێت کە عێراق لە گۆڕەپانی شەڕی کوێت لێ ی بەجێ ماوە .

## ١ـ کوردستانی ئیمڕۆ : وڵاتێکی وێران کراوە

### آ ـ سەرنجێکی خێرا :

یەکەمین جارە لەمێژووی کورددا کەوا کوردی عێراق دەستیان بەسەر زۆربەی خاکی کوردستانی عێراقدا گرتووە . کوردستانی رزگارکراو هەر لە سنووری سوریاوە تا ئێران درێژ دەبێتەوەو بگرە ئەو ( پەناگە ئاسایش )ەش دەگرێتەوە کە هاوپەیمانەکان دروستیان کردبوو ؛ سێ گۆشەی زاخۆ ـ دهۆك ـ ئامێدی و وێڕای ئەوەش ناوچەیەکی گەورەتر لەلای رۆژهەڵات دەگرێتەوە . هەولێرو سولەیمانی کە دووانن لە گەورەترین سێ شارەکەی کوردستان بەدەست شۆڕشگێرە کوردەکانەوەیە . ئەو ناوچەیە بەرەوخواروو درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە هەڵەبجەی شوێنەواری هێرشی گازی کیمیاوی ١٩٨٨ .

کوردستان وڵاتێکی وێرانکراوە . رژێمی عێراقی بەرێك وپێکی هەموو گوندێکی کوردستان کە لە ( ٣٩٠٠ ) گوند پترە تەقاندۆتەوە یان تەختی کردووە . بەرنامەی گوند وێران کردن پتر لە دوو ملیۆن کەسی لە کوردستانی چوار ملیۆن کەسی دا بێ ماڵ و حاڵ هێشتەوە . لە رۆژهەڵاتەوە رژێمی عێراقی شارەکانی چوارتا ، حاجی ئۆمەران ، سەید سادق و قەڵادزێ ی تەقاندەوە . نیوەی پتری هەڵەبجە وێران کراوەو تا رادەیەکی زۆر بێ دانیشتوان ماوەتەوە . وەختی خۆی دەیان هەزار کەس بە زۆرداری لە «گوندە هاوچەرخەکان»دا جێ نشین کراون کە هەر دەڵێ ی «خێوەتگای گیراوان»ە ، ئەوانە وا ئێستا لە کەلاوەی ئەو شارانەدا دەژین .

ئێستا خەڵکی کوردستان رووبەرووی کارەسات دەبنەوەو کە زستان نزیك دەبێتەوە پتر لە ( ٦٠٠،٠٠٠ ) کەس بێ شوێن و جێگان ، داهاتی بەروبوومی چێندراوی ١٩٩١ لە هەندێ پارچەی کوردستان چاك بوو ، بەڵام هەندێ ناوچەی تر هەر نەشکێڵرابوو ، جێگای دیکەش لەبەر مین دەستی لێ نەدراوە . بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان نەخۆراك بەشینەوەی ناوخۆیی و نە بەرنامەی فریاکەوتنی نێو دەوڵەتی یان پێ دەگات . رەنگە برسێتی تەنگ بەخەڵکی هەڵچنێت کاتێك خۆراکە داکراوەکان تەواو دەبن و لە زستاندا رێگاکان دەبەسترێن .

لە لایەنی سوپایی یەوە ، کورد بە نەپارێزراوی لەبەرامبەر هێرشی نوێ ی سوپای عێراقی دەمێننەوە . لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە ( کوردە یاخی یەکان ) پتر لەسەد هەزار ( ١٠٠،٠٠٠ ) چەکداری هەیە. ئەوەی راستی بێت ، هەموو

پیاوێکی لەش ساغی کوردستان چەك هەڵدەگرێت ـ بەڵام توانای خۆپاراستنیان سنووردارە ئەویش لەبەر کەم مەشقی و کەم زەبت و رەبتی و کەمی رێك و پێك خستن لە نێوان دەستەکانی پێشمەرگەو کەمی کەرەسەی یەدەك بۆ ئەو کەل و پەلە قورسە جەنگیانەی گرتوویانە هەرچەندە کوردەکان رەنگە بتوانن ناوچە یەگجار چیایی یەکان بپارێزن، بەڵام ناتوانن بە توانای خۆیان شارەکان بپارێزن. بۆ پاراستنی ناوچەو دانیشتوانی ئێستایان، پێشمەرگە پێویستی بە پاراستنی ئاسمانی (air cover) هێزە هاوپەیمانەکان هەیەو وێرای ئەوەش پێویستی بە بەتینکردنی توانای خۆ پارێزیان هەیە. ئەگەر پێشمەرگە نەتوانن پارێزگاری لە خەڵکی کوردستان بکەن، رەنگە کوشتارێکی نوێ و کۆڕەوێکی مەزنی دی بەرێوە بێت.

لەلایەنی سیاسییەوە، کوردەکان گەیشتوونەتە یەکگرتنێکی تەنك و ناسك لە نێوان پارتە کوردی یە سەرەکی یەکان و سەرەك هۆزەکان. لەگەڵ ئەوەش دا، جیاوازی گەورە لە نێوان مەسعود بارزانی( سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پ.د.ك.)و جەلال تاڵەبانی (سەرکردەی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ی.ن.ك.)دا بەردەوامە لەسەر مەسەلەی مۆرکردنی رێك کەوتنامەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ سەدام حوسێن. ئەگەر ئەم جیاوازی یە چار نەکرێت «..............................................................................

..............»، بزووتنەوەی کورد دابەش دەبێت. ئەو بڕیارەی کوردەکان لە ئازاردا دایان بۆ مەسەلەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ میری دا، بووە هۆی شەقکردنی یەکێتی هێزی بەرهەڵستکاری (Opposition) عێراقی و تا ئێستا هەر دابەشبوونێکی کورد بێگومان خەونی هێزی بەرهەڵستکاری عێراقی بۆ دامەزراندنی میری یەکی جێگرەوە لەسەر خاکی کوردستان لەبن و بنۆتکەوە هەڵدەتەکێنێت.

لە کۆتایی دا، دەڵێم کوردستان وڵاتێکە وا خەریکە لە ژێر ئازاری (٢٠) ساڵەی فەرمانڕەوایی سەدام دا راست دەبێتەوەو دەردەکەوێت. گۆڕی بەکۆمەڵ لەزۆر ناوچەی کوردستاندا وا هەڵدەدرێنەوەو ئێستا بەڵگەی باوەڕ پێ هێن دەردەکەون کە پاش ساڵی ١٩٨٨ (١٨٢,٠٠٠) کورد گوایە دەگوێزرێنەوە بۆ خوارووی عێراق کەچی بەسووك و ئاسانی کوژران. لەگەڵ رزگار بوونی کوردستان، کوردەکان گەلێ تۆماری دەزگا ئاسایشی یەکانی عێراقیان کەوتۆتە دەست، لەناو ئەوانیشدا هی ئەمن و موخابەرات و ئیستخبارات و پۆلیسی نهێنی هەیە ئەم بەڵگەننامە گیراوانە کە کاسێتی ڤیدیۆیان تیایە ئەوەیان لەسەر تۆمار کراوە کە چۆن بەشێوەیەکی بەرنامەدار کورد دەکوژن، چۆنن ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن و چۆن بە زۆرەملێ ئابڕووی کچ و ژنانی کورد دەبەن.

## ب ـ بارودۆخی رامیاری و سوپایی:

هەرگیز ئەوەندە خاکەی کوردستانی عێراق نەکەوتۆتە دەست کوردان؛ ئەمڕۆ کوردە یاخی یەکان ناوچەیەکی وایان لەبەردەست دایە کە هەر لەو شوێنەی

رووباری دجلە دێتە ناو عێراقەوەو هەردوو سنووری عێراق ـ زاخۆ ـ دهۆك ـ ئامێدیش دەگرێتەوە ( ئەو شوێنەی کە نیسانی پار هێزە هاوپەیمانەکان پەناگەی ئاسایشیان لێ دامەزراند بوو ) هەروەها ناوچەیەکی لەمە گەورەتریش لەلای رۆژهەڵاتەوە بە درێژایی سنووری ئێران ، ناوچە رزگارکراوەکان بۆ لای خوار تا هەڵەبجە درێژ دەبێتەوەو لە رۆژئاواش دەگاتە سولەیمانی و هەولێر . بەلای کەمەوە ئێستا ٨٠٪ی خاکی کورد نشین لە عێراقدا لەبەردەستی پێشمەرگە دایە .

کوردستان بە قۆناغ رزگارکراوە . لە ٨ی ئازاری ١٩٩١دا« ١ » پێشمەرگە بە هاوکاری سەرۆك هۆزو جاشەکان ـ کە هێزی بەکرێگیراوی کوردی سەدامی بوون ـ یاخی بوون و ئەمەش بەڕاستی کوردستانی خستە بەردەستی کوردەوە . ئەم یاخی بوونە لەهەفتەی جەژنی رەممانە (Easter)ی ئازاردا بەهۆی هێرشێکی دڕندانەی سوپای عێراقی بە توندی سەرکوت کرایەوە . لەم هێرشەدا ، سوپای عێراق تا سەر سنووری تورکیای رامالی ، شارەکانی دهۆك و زاخۆو سەرسەنگ و ئامێدی گرتەوە ؛ لەلای رۆژهەڵاتیشەوە سوپای عێراق هەردوو شارە دەشتایی یە گەورەکانی کەرکوك و هەولێرو پاشتریش سولەیمانی گرتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، لەشەڕی ٥ـ٧ی نیساندا ، هێزێکی ( ی.ن.ك. ) کە ( کۆسرەت رەسوڵ ) سەرکردایەتی دەکرد تانکە عێراقی یەکانی سەر رێگای نێوان سەلاحەدین و شەقلاوەی راگرت« ٢ » . لە شەڕێکی دیکەی گرینگدا ، لە رۆژهەڵاتی سولەیمانی دا سوپای عێراق لە چیای ئەزمردا وەستێنرا . بەم جۆرە ، لەلای رۆژهەڵاتەوە ، ژمارەیەك لە شارە گرینگەکانی کورد وەکو شەقلاوە ، رەواندوز ، هەریر ، دیانا ، رانیەو شارە رووخاوەکانی چوارتاو حاجی ئۆمەران و قەڵادزێ هەرگیز نەکەوتنە دەست عێراق . ( تێبینی : لە دەقەکە لەجێ ی لاپەڕە « ٣ » نەخشەی کوردستان هەیە ) . لە ناوەڕاستی نیسان دا ( واتە نیسانی ١٩٩١ ـ و ) ، ئەمریکاو بەریتانیاو فرەنساو هۆڵەندا بەنەخشەیەکەوە خەریك بوون کە پێشتر سەرەك وەزیرانی بەریتانیا ، جۆن مێجەر پێشکەشی کردبوو بۆ دروستکردنی پەنناگەیەکی ئاسایش لەدەوروبەری زاخۆو دهۆك و ئامێدی ؛ تەنانەت دوای کشانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لە تەمووزدا ، سوپای عێراق هیچ هەوڵێکی نەدا بێتەوە ناوچەی پەناگەی ئاسایش .

لە تەمووزدا زنجیرەیەکی دی راپەڕینی خەڵك لە هەردوو شاری هەولێرو سولەیمانی دەستی پێ کردەوەو ئەمەش ئەو شارانەی ( کە هەریەکەی نزیکەی ملیۆنێك کەسی تیا دادەنیشت ) خستەوە بەردەستی یاخی بووەکان . لە تەمموزەوە تا سپتێمبەر ، باروذۆخێکی ناجورو نالەبار لەگۆڕێ دابوو و پێشمەرگە دەسەڵاتدار بوو و سوپای عێراقیش دەوری شارەکانی گرتبوو .

لەلای رۆژهەڵاتەوە سوپا رێ بە پێشمەرگە دەدات لەشارەکان نزیك ببنەوەو لەخەتەکانی بپەڕنەوەو لەوکاتەدا پێشمەرگەو سەربازی عێراقی لە شەقامی هەردوو شارەکاندا پیاسەیان دەکرد . لە سپتێمبەردا ، کە لە خەتی عێراقی

پەڕیمەوە بۆ سولەیمانی ، سەربازە عێراقی یەکان لەلای رۆژهەلاتی شارەکە لە جێگای خۆیان دەکشانەوەو رێ یان بۆکوردەکان چۆل دەکرد . پاشتریش سوپای عێراق لە رۆژهەلاتی هەولێر کشایەوە .

بەم جۆرە ، لە کۆتایی سپتێمبەردا ، هەموو ناوچە خەلك نشینەکانی کوردستانی عێراق ( جگە لە شاری کەرکوك ) لەژێر دەستی کوردا دابوو . هەرچەندە لایەنە کوردە جۆربەجۆرەکان لەناو بەری کوردستانی عێراق دا یەکیان گرتبووە ، بەلام دەسەلاتی راستەقینە لەدەست پارتە سیاسی یەکانی کوردو هۆزو خێلە کوردەکانە . هەردوو پارتی سەرەکی سیاسی کورد ، پارتی دیموکراتی کوردستانی ( مەسعود بارزانی )و یەکێتی ی نیشتمانیی کوردستان ( جەلال تالەبانی )ی . ( پ .د .ك . ) لەرۆژی لە دایك بوونی مەسعود بارزانی دا کە دەکاتە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لەلایەن باوکی یەوە دروست کراوە ، واتە لە سەردەمی دامەزرانی حکومەتە تەمن کورتە سەربەخۆکەی کۆماری مەهابادی باکوری ئێران . لەلایەنی مێژوویی یەوە ، ئەم پارتە لەسەرووی هەمووانەوە دێت و ناوچەی ( پ .د .ك . ) ( پەناگەی ئاسایش )ی جاران و خاکی سەر سنووری تورکیا دەگرێتەوە « ..............................................................

...................................................................................

.....» .

لە سالی ١٩٧٦دا ، ی .ن .ك . لەلایەن جەلال تالەبانی یەوە دامەزراوە ئەویش هەر رەنگدانەوەی رابەرەکەیەتی ، تالەبانی تا بلێی مرۆڤێکی زیرەکو خۆشی لەوە بە دوور گرت خۆی بکاتە سەرۆکی هۆزی تالەبانی ، لەو سالانەی دوایی دا ، تالەبانی دەنگی دیپلۆماسی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو . بەو زمانە ئینگلیزی یەی کە لەناو چیا خۆی لێ فێرکردووە ، پەیوەندی یەکی بەتینی لەگەل سەرکردە رۆژاوایی یەکان و هۆکانی راگەیاندن پەیدا کردووە . ئەوی یەکجار سەرنج راکێشیشە ئەویە ، سەرەرای ئەو گومانەی کە تورك بەرامبەر بزووتنەوەی کورد هەیانە ، ئەو پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەل ( تورگۆت ئۆزال )ی سەرۆکی تورکیادا پەیدا کردووە ، سەرنجام ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی بارودۆخی جیۆپۆلیتیکانەی بزووتنەوەی کورد .

سێ یەم رەگەزی هاوکێشەی کورد سەرۆك هۆزەکانن . ژمارەیەکی زۆری کورد خۆ دەبەنەو سەر هۆزە جۆر بەجۆرەکانیان ، سەرەرای هاوچەرخاندنی (modernization) خێراو بەرنامەی رژێم بۆ بەشداری کردن ، سەرۆك هۆزەکان کاریگەری یەکی دیاریان هەیە . تا راپەڕینی ئازار زۆر لەو سەرۆك هۆزانە سەرو سەوداو کارو باریان لەگەل سەدام حوسێن رێك دەخست ؛ لەو رێکخستنانەدا پارەیەکی زۆرو زەبەندیان پێ دەبەخشرا لەباتی پشتگیری سیاسی و چاروباریش بۆ پشتگیری سەربازی دژ بە پێشمەرگە . ئەو سەرۆك هۆزانە زۆرجار سەرکردایەتی میلیشیای ناوچەیی سەدام پەروەریان دەکرد ؛ کە بە جاش ناسرابوون . بەلام هەر بادانەوەی ئەو جاشانە بوو کە لە سەرەتای ئازاردا بووە

هۆی سەرکەوتنی سەرەتای راپەڕینی کورد . ئەگەر واش دانرا کە بڕیاری دوا رۆژی کوردستان بەبێ ئەوان بڕایەوە ، ئەوەی ئاشکرایە سەرۆك هۆزەکان ئێستا کۆمەڵەیەکی هۆزی یان پێك هێناوە بۆ کارتێکردنی سیاسی .

بڕیاری سەرەکی لەلای کورد ئەوەیە ئاخۆ رێکەوتنامەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ سەدام حوسێن بەئەنجام بگەیەنن یان نە . گفتوگۆ بۆ ئەم رێکەوتنە هەر لەمانگی نیسانەوە دوابەدوای راپەڕینە شکست خواردووەکە دەستی پێ کرد ، چا وەك ئێستا دەردەکەوێت . پڕۆژەی ئەو رێکەوتنامەیە ئۆتۆنۆمی یەکی راستەقینە لەسەر کاغەز بەکورد دەبەخشێت لەگەڵ ئەوەشا جیاوازی گرینگ هێشتا هەر ماوەتەوە . لە روانینی کوردەوە ، لە هەموویان گرینگتر مەسەلەی دیارکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردە . کورد دەڵێن دەبێ ئەو ناوچە مێژوویی یە کوردیانەشی لەگەڵدا بێت کە لە نزیکی سنووری سوریان و ئەوانەی خوارووی رۆژهەلاتیش کە ئێستا « بەعەرەب کراون » ( لەئەنجامی سیاسەتی میری بەوە کە ناوچە کوردی یەکانی چۆڵ دەکردو عەرەبی لەجێ دادەنان ) ، هەروەها ( کەرکوك )ی شاری هەمە رەگەزیش . عێراقی یەکانیش لەلای خۆیانەوە ، زۆر بەتوندی ئەوە رەت دەکەنەوە کە دەست لە هەر پارچەیەکی ناوچە بەعەرەب کراوەکان هەڵگرن دووەم مەسەلەش پەیوەندی بەسەرنەکەوتنی سەر نەسوڕمێنی سەدامەوە هەیە کە هیچ بەڵێنێکی دیاری نەداوە بۆ هێنانەدی دیموکراسی لە عێراقدا .

ئایا دەکرێ بەتەواوی باوەڕ بەوە بکرێت سەدام خۆ بەو رێکەوتنامەیە دەبەستێتەوە تا کورد گیانبازی ئەوەی بۆ بکەن و ئیمزای بکەن ؟ ئەگەر بەتۆمارەکانی بێ بەڵێنی رێکەوتنامەی پێشووی سەدام دا بچینەوە ، هەر ئەو مەسەلەیە نەك ناوەرۆکی رێکەوتنامەی ئۆتۆنۆمی کە کورد بەمەسەلەیەکی سەرەکی دایدەنێت . نە مەسعودبارزانی و نە جەلال تاڵەبانی باوەڕیان بە رژێمی بەعسە یان کەیفیان بەچارەیان دێت .

بارزانی کەم بڕوای بەگفت و بەڵێنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەرامبەر بەکوردەمەیە ، تەنانەت لەوە کەمتریش بڕوای بە ئەمریکا هەیە . ئەو زۆربەچاکی ئەوەی ساڵی ( ١٩٧٤ )ی لەبیرە کاتێ هێنری کیسنجەر بۆ حکومەتی فۆرد کاری دەکرد کە چۆن هانی یاخی بوونی کوردی داو پاشان کە چی دی بڕوای پێ نەما چۆن یارمەتی لێ بڕین . ئەوسا کە یاخی بوونی کوردان شکستی خوارد ، بارزانی و خێزانەکەی کەوتنە دوورە وڵاتێکی دوورو درێژو باوکی تووشی شێرپەنجە هات ، ئا ئێستا بارزانی یەکان وا دێنەوە « ................
......................... » . بارزانی
هیچ خۆشەویستی یەکی بەرامبەر سەدام لەدڵدا نی یە : ئەو سەدامەی براکانی کوشت . ( بارزانی بەخۆی پێ ی گوتم : وا مەزانە حەز بەوە دەکەم لەگەڵ

بەعسییەکان بێت) بەڵام ئەو بڕوای وایە ئەو ڕێکەوتنامەیەی ئێستا سەدام مێناویەتە پێشەوە دوارۆژێکی چاکتر لەوە بۆ کورد دابین دەکات کە پشت بەیارمەتی نا دڵنیای دەرەوە ببەستێت. جا وەك زۆر کورد، مەسعود بارزانی لەشەڕ و جەلال تاڵەبانی هیوای وایە، لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهان، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەردەوام دەبێت لەکارکردن بۆ بەرژەوەندی کورد، ئەو لەو باوەڕەدایە کەهەر ڕێکەوتنامەیەك لەنێوان صەدام و کوردا ڕەنگە لە بایەخدانی جیهانی بە مەسەلەی کورد کەم بکاتەوە ئەو بایەخدانە زەحمەتە جارێکی دی بەگوڕ بخرێتەوە. لەبەر ئەوەی هەر لەوە دڵنیایە کە سەدام سەرەنجام ئەو ڕێکەوتنامەیە هەر هەڵدەوەشێنێتەوە، تاڵەبانی بڕوای وایە تاقە ڕێگەی بەکار بۆ کورد ئەوەیە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دی هێزی بەرەنگاری عێراقی و کۆمەڵگەی جیهانی کار بکات بۆ وەرگێڕانی سەدام حوسێن.

تا ئێستاش سەرۆك هۆزەکان و زۆربەی پارتە بچووکەکان دژی پێکهاتنن لەگەڵ سەدام. لەگەڵ ئەوەشا ڕەنگە ئەو هەڵوێستە بگۆڕێت ئەگەر پشتگیری نێو دەوڵەتی نەمێنێت، یان ئەگەر سەدام ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوە سەر پیشەی جارانی بەکڕینی پشتگیری سەرۆك هۆزە پتر نەرمەکان. باوەڕی خەڵکی لەنێو کوردی ناوچە ئازادکراوەکاندا، وەك دەردەکەوێت و ئەوەندەی من لێی بزانم، هەر هەموویان بەتووندی دژی هەر ڕێکەوتنێکن لەگەڵ سەدام. ڕقی خەڵك دژی بەعس هەر لەبەرزبوونەوەدایە، چونکە زۆربەی کوردەکان ئەندامی خێزانەکەیان بەهۆی دارو دەستە سەرکوتکەرەکانەوە لەدەست چووە، بۆیەش وا هەستی خۆیان دەردەبڕن» ..............................................

..........................................................................................

.............».

## ج - پێویستیە سوپاییەکان:

پێشمەرگە، هێزی سوپایی کوردە یاخییەکان، پتر لە سەد هەزار پیاوی چەکداری هەیە. ئەوەی ڕاستی بێت هەموو نێرێکی پێ گەییوی کوردستان چەك بەدەستەو خۆی بە پێشمەرگە دادەنێت. (پێشمەرگەش واتە: ئەوانەی بەرە ڕووی مەرگ دەبنەوە)

لەلایەکەوە پێشمەرگە سوپایەکی یاخی هەرە بەتوانایەو زۆر لە سەرکردەو جەنگاوەرەکان ژیانی لاوییان لە چەکداریدا بەسەر بردووە. دیسپلینیان چاکەو هەست بە لێپرسراوی یان قووڵەو ورەیان بەرزە هەرچەندەش زۆر لەو پێشمەرگانە پارەیەکی وا وەرناگرن و خێزانەکانیان (کەم دەبینن)و کەم یارمەتییان دەدەن. هەست بە هاوڕێیەتیەکی دیار لەنێوان پێشمەرگەی پارتە جیاکان دەکرێت و پەیوەندی کارکردن لە نێوانیان توندو بەتینە. کە لەگەڵ (د. عبدالکریم رئووف)ی فەرمانداری (ی ن ك.) بەهەر لایەکی کوردستانی

رزگارکراودا دەگەڕام، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو لەهەموو نوختەکانی پشکنیندا، د. رؤوف دەناسرایەوە، جا هەر پارتێك لەوێ بوایە، هەر چەندەش ئەو هیچ نیشانەیەکی هەڵنەگرتبوو و دەستەی ئێمەش بەسانایی بەرێ دەخرا.

هەندێ پێشمەرگە خاوەن بڕوانامەی پەروەردەیی بەرزن؛ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانم بە ئینگلیزی دەدوان؛ چەندیشیان خاوەنی بڕوانامەی پزیشکی، ئەندازەیی و بڕوانامەی دی بوون. وەك پەیامنێرو میوانە رۆژئاواییەکان لە راپەڕینی ئازاردا تێگەیشتوون کە پێشمەرگە یەگجار ئازان چونکە لە هەندێ حاڵەتدا، گیانی خۆیان بۆ پاراستنی میوانەکانیان بەخت کردووە بەڵام پێشمەرگە وەك هێزێکی جەنگاوەر گەلێ کەم و کوڕیشیان هەس؛ ئەو کەم و کوڕییانە بەتایبەتی لە راپەڕینی ئازار شکستی هێناوە دەرکەوت. چونکە پێشمەرگە هەر یەکەی سەر بە پارتی سیاسی و هۆزی جیاجیان، هەڵبەندگیرییەکی ئاشکرای فەرماندەیی نیە؛ ئەوەش مەسلەی رێکخستنی کرداری سوپایی وەزحمەت دەخات و ئاسان نیە رێگا لە داورودەستەی خراپەکار بگیرێت، وێڕای ئەوەش پێشمەرگە کەم و کوڕییان لەلایەنی کۆکردنەوەو کاروکردەی ئیستخباراتی هەیە. شەوی ٣٠ـ٣١ی ئازارم لە دهۆك بەسەر برد؛ وا پێ دەچوو کە هیچ یەکێکیان ئاگایان لەوە نەبوو کە سوپای عێراق وا لەدەوروبەری شارەو خۆی ئامادە کردووە بۆ هێرشی زووی سەرلەبەیانی، بەهەمان شێوەش، پێشمەرگە پێشبینی لە هێزو توانای گوازتنەوەی هێرشی عێراقی نەدەکرد لەسەرە هەفتەی رەمەزانەدا. لە کۆتاییدا، وا پێ دەچێت بەگشتی پێشمەرگە چەکەکانیان سووك بێت هەرچەندەش زۆر چەکی قورسیان لەمیری دەستگیر کردووە بەڵام کەرەسەی جەنگیان کەمە تەنانەت بۆ تفەنگەکانیشیان؛ هەروا کەرەسەی یەدەك و زانیاری بەکارهێنانی چەکی قورسیان کەمە.

بۆ پاراستنی گەلی کورد لە هێرشی نوێ ی عێراقیدا، پێویستە توانای خۆپارێزی پێشمەرگە بەتین بکرێت. هێزی هاوپەیمانەکان دەستیان بەسەر گەلێ چەکی سوپایی عێراق داگرتووە کە لەکوێت لێی بەجێ ماوە؛ جا دەکرێ لەو کەرەسانە کوردەکان زەخیرەی خۆیان و کەرەسەی یەدەك بۆ بەکار خستنەوەی تانك و خۆمپارە هاوێژە گیراوەکان وەدەست بخەن. هەر هیچ نەبێت ئەگەر واش دابنێین ئەو کەرەسە سوپاییە عێراقیانە (بدرێتە عێراقی تر نەوەك ئەوانەی لەکیسیان چووە) بەهیچ جۆرێك شکاندنی ئەو فەرمانەی نەتەو یەکگرتووەکان نیە کە پەیوەندی بەقەیرانی شەڕی کەنداوەوە هەیە.

هەروا پێشمەرگە پێویستیان بە مەشقی سەربازی و یارمەتی دارایی هەیە، ئەوان بەتایبەتی پێویستیان بە مەشق کردن هەیە لەسەر تانك و ئەو چەکە قورسانەی تر کە لەبەر دەستیان دایەو هەروەها پێویستیان بە تەکتیکی جەنگی ئەو چەکانەیە. زۆر بوونی ژمارەی پێشمەرگە بەم جۆرەو بەرپرسیاری دەست

بەسەراگرتنی ناوچەی وا فراوان، باری دارایی سەر شانی ئەو پارتانەی یارمەتی پێشمەرگە دەدن گران کردووە، سەرکردە کوردەکان ناتەواوی دارایی خۆیان بە (١٢) تا (١٥) ملیۆن دۆلار لە هەرمانگێکدا دادەنێن؛ چونکە ئەو پارەیە پێویستە بۆ ژیاندنی پێشمەرگەو خێزانەکانیان؛ بۆ کرینی زەخیرەی جەنگی؛ هەروا بۆ یارمەتی لەشکرانی لە زۆرانبازی سوپاییدا.

ئەوەی پێویستە بۆ پاراستنی گەلی کورد مانەوەی پاراستنی ئاسمانی ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانە. هێزی جەنگاوەر لە بنکەی ئەمریکی لە (ئینجەرلیك)ی تورکیا بەسەر کوردستانی رزگارکراودا دێن و دەچن تا هێڵی پانی (٣٦)و بەرپەرچی چەکی ئاسمانی عێراق و هێرشی سەر زەمینی دەدەنەوە. لە خوار هێڵی (٣٦)ەوە عێراق خەریکی پشکنین و دەست درێژی کردنە سەر ناوچە کوردیەکانە. لەم هێرشە بچووکانەدا بگرە هەلیکۆپتەر بەکارهاتووەو بۆردومانی خەڵکی مەدەنیشی تێدا کردووە. لە سپتێمبەردا، عێراق لەو هێرشەی کردەیە سەر کویسنجق کە شارێکی گەورەیەو دەکەوێتە باکووری هێڵی (٣٦)ەوە تەنانەت هیلیکۆپتەریشی بەکارهێنا. لە تاقە شەوێك دا، پتر لە (٤٠٠٠) کەس ئاوارەبوون. ئەگەر ئەو دەست درێژیانە رانەگیرێن، رەنگە ئامانجی پاشتری عێراق شارە قەوغاکانی رۆژهەلآت بن وەك هەولێرو سولەیمانی؛ جا هێرش بردنە سەر ئەو شارانە سەر لەنوێ قەیرانێکی دی ئاوارەبوون دروست دەکاتەوە. ولآتە یەکگرتووەکان دەتوانێت خۆ لە گیروگرفتانە بەدوور بگرێت ئەگەر بەرەسمی پاراستنی ئاسمانی خاکی کوردستان بۆ خوارووی هێڵی (٣٦) درێژ بکاتەوەو ئەوەش روون بکاتەوە کە تا هەرەشە لە کوردان بکرێت لەلایەن سەدام حوسێن و رژێمەکەیەوە پاراستن دەمێنێتەوە تا رژێمی سەدام مابێت، کێشانەوەی پاراستنی ئاسمانی، مانای بانگهێشت کردنی عێراقە بۆ کوشتارێکی نوێ لە کوردستاندا.

## د. پێویستە مرۆڤایەتیەکان:

ئەمرۆ کوردستانی عێراق ولآتێکە ژیانی لێ گەیشتۆتە سەر قەراغ هەر رێك و راست، یەك ملیۆن کورد یان پتریش، بەبێ ئەوەی ساپیتەیەك بەسەر سەریانەوە بێت، بەبێ بارێکی تەندروستی و ئاوی خاوێنی تەواو و بەبێ خۆراکێکی مسۆگەر دەژین. زستانیش ئازاری ئەو مرۆڤانە دوو قات دەکاتەوەو گەلێ کەس بەرەومەرگ رادەپێچێت.

لە نیسانی (پار)دا زۆربەی کوردەکانی عێراق بەرەو سنووری تورکیاو ئێران هەلآتن. ئەوقەیرانە مرۆڤایەتیەی دەستبەجێ بەهۆی ئەو راکردنەوە هاتە کایەوە تەنگانەیەك بوو کە هەر رۆژێك نزیکەی (١٠٠٠) کەس دەمرد ئەوەی راستی بێت ئێستا ئەوقەیرانە بەسەر چووەو لەسایەی (کاروباری فریاگوزاری پێشکەشکردن)و ئەوبەرنامە مرۆڤانەیەی فریاکەوتن کە پنتاگۆن رێکی خستبوو، هەموو کوردەکانی سەرسنووری تورکیا چیایان جێ هێشت. هەندێ ئاوارە لەسەر

سنووری ئێران دەمێننەوە، لەو شوێنەی کە (کاروباری فریاگوزاری پێشکەشکردن)یان پێ نەگەیشتووە، بەڵام لەوێش زۆربەیان لە چیا گەڕاونەتەوە.

زۆربەی ئاوارەکانی پێشوو گەڕاونەتەو ماڵ، بەڵام کەمینەیەکی تەواو لەوانە ناتوانن یان نایانەوێ بگەڕێنەوە. دانیشتوانە کوردەکانی گەورەترین شاری کوردستان کە (کەرکوک)ە ڕێیان نەدراوە بگەڕێنەوە، ڕژێمی عێراق دەیەوێت ئەو شارە شەڕ لەسەر کراوە، بە کێڵگە نەوتەکانی دەوروبەریشیەوە بکاتە شارێکی عەرەبی تەواو. بە قسەی ئاوارەو سەرکردە کوردەکان؛ ناوچە کوردییەکانی ئەو دەوروبەرە تەقێنراونەوەو لە هەمان کاتدا عەرەب هان دەدرا نیشتەجێ بن. وەدەرنانی کورد لە (کەرکوك) بەشێکە لە هەڵمەتێکی گەورەتری بە عەرەب کردن، کە ئەمەش بە ئاشکرا ناوچە مێژووییە کوردنشینەکانی لە عێراق کەم کردۆتەوە. ئەوانەی ناگەڕێنەوە ئەوکەسانەن کە ڕژێمی عێراق بەزۆری لەو «گوندە هاوچەرخ)انەدا نیشتەجێی کردبوون دوای ئەوەی لە ئەنجامی تەقاندنەوەی گوندەکانیان بێ ماڵ و حاڵ ماونەتەوە. ئەو گوندە هاوچەرخانەی لەلای ڕۆژئاوای دەشتی کەرکوك و هەولێر بەخراپی دروستکراون، لایەنی تەندروستی یان تێدا ناتەواوەو ئیشیان کەمەو هەلی کارکردنیش بۆ دانیشتوان کەمە. هەندێك گوند، ئەگەر زۆربەشیان نەبێ، بە تەڵدڕك دەورەگیراون و کورد بەزەحمەت دەتوانن لێی بێنە ژوورو لێی دەربچن. ئەم گوندە هاوچەرخانە هێشتا لەبەر دەستی عێراق دان و خەڵکی نیشتەجێی ئەوێ وایان پێ باشترە بگەڕێنەوە گوندە وێرانکراوەکانی خۆیان نەك ئەو شوێنەی دەڵێی (خێوەتگای گیراوان)ە.

ئاوارەکانی کەرکوك بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی بەرەو ئێران دەچێت چادریان هەڵداوە یان لە هەندێ کوێرە شار گیرساونەتەوە. ئەم دانیشتوانە شارستانە چین مام ناوەنجیە خۆیان لەوە ڕاهێناوە بەژیانی ناچاری UN (نەتەوە یەککگرتووەکان) ڕازی ببن و پشت بە ئاوی ڕووباری چیا ببەستن بۆ شوشتن و خواردنەوەو ئاوڕێژی. پێویستی هەرە سەرەکی بۆ ئاوارەکانی کەرکوك چادری زستانەو گەیاندنی خۆراکە.

هەندێك گوندی کە دەگەڕێنەوە گوندە وێرانەکانیان دەکەونە خۆو خەریکی بنیات نانەوە دەبن. بەڵام زۆریان لەبەر ناسەقامگیری ئەو دۆخە ڕامیاریەی لە کوردستان دایە حەزناکەن بنیاتی بنێنەوە. شتێکی سروشتییە، ئەوان لەوە دەترسن ئەگەر دروستی بکەنەوە، ڕەنگە میری سەر لەنوێ ماڵیان لێ تێك بداتەوە. هەندێکی تریان حەزدەکەن خانوو دروست بکەنەوە، بەڵام دارایی ئەوەیان نیە. لە کۆتاییدا، نا دڵنیایی موڵکداری زەوی و تخووبی ئەو زەوییانە لەو گوندو شارە وێرانکراوانەدا ڕێ لە هەوڵی دروستکردنەوە دەگرێت.

دوورترین پارچەی کوردستان کە پێ ی دەڵێن سێ گۆشەو لەوێ سنووری تورکیاو ئێران پێك دەگەن. ئا لەوێ هۆزێك بەسەرۆکایەتی (کەریم خان)ی سەرۆك هۆزی ئەو ناوچەیە بەپێش هەمووان کەوتوون لەدروستکردنەوەی

خانووە بەردینەکانیان کەریم خان دەسەڵاتی پێشینەی خۆی بەکارهێناوە بۆ براندنەوەی ناکۆکی زەوی وزارو ڕێکخستنی ئەو کەرەسانەی پێشکەش کراون بۆ دروستکردنەوە. ئەم ناوچەیە چاوەڕوانی زستانێکی سەختە، لەوێ و لە شوێنانی تر کە سەرۆکە پێشینەکان کاربەدەستن، ڕەنگە وەزعیان زۆر چاکتر بێت لەبەشە پتر هاوچەرخ کراوەکانی دی کوردستان.

تەنانەت لەو ڕۆژگارە درەنگەی ئەمڕۆدا، یارمەتی دەرەوە بۆ هەوڵی دروست کردنەوەی گوندەکانی کوردستان دەتوانێت ئازاری ئەو خەڵکە لە زستاندا کەم بکاتەوە. بەهەر حاڵ، کوردە بێماڵەکان زۆر پێویستیان بە یارمەتیەکی درەنگ وەختە تا لەو مانگە سەرمایانەدا دەربچن. دروستکردنەوەی سەرتاسەری کوردستان بەشێوەیەکی پێویست چاوەڕوانی چارەسەریەکی سیاسی یە

هـ - بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق ڕێی پێدراوە تەنیا خۆراك و دەرمان لەدەرەوە بێنێت. وەك لەمەرجی بڕیاری (٧٠٦)ی ئەنجوومەنی ئاسایش هاتووە، جگە لە فرۆشتنی نەوت عێراق ناتوانێت هیچ بنێرێتە دەرەوە. بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێت زۆربەی ئەو بڕیارە سزاییانە لەسەر سنووری ئێران شکێنراون و تا ڕادەیەکی کەمتریش لەسەر سنووری تورکیا ئەو سزایانەی لەسەر ئەو دوو سنوورە شکێنراون ڕەنگە کاڵ ببنەوە ئەگەر لەگەڵ ئەوانەی سەر سنووری ئوردن بەراوردیان پێ بکرێت.

حاجی ئۆمەران شارێکی وێران کراوی ناو چیایە لەسەر سنووری ئێراندا، چیاکانی دەورووبەری ئەو کەلاوەیە بەمین چێنراون و بەلای کەمەوە حاجی ئۆمەران دوو سەعات لەهەر شارێکی نەرووخێنراوی عێراقی دوورە. کەچی لە حاجی ئۆمەراندا، میلێك لە هێڕوەی سنوور گەورەترین کۆمەڵ لە کەل و پەلی بنیات نانەوەو ئامرازی خاك گوێزەرەوەی جیهانی دەبینرێت. لە ماوەیەکی کەمدا، پتر لە (٣٠) گەلابەم بینی. ئەم مەکینانە دروستکراوی ڤالڤۆ، کۆماتسۆ، کاتەرپیلەرو کاواساکی خاوێن و چاك بوون. بەدرێژایی ئەو جادەیەی بەرەو سنوور دەچوو ئەو مەکینانە ڕاگیرابوون و ئەو ناوەیان پڕ کردبۆوە. کوردەکان ئەوەیان بۆ روون کردمەوە کە چەندین کارگە بەتەواوی چاوەڕوانن بەرەو ئێران بە قاچاغی ئاوا بکرێن.

لەو بەڵگانەی حاجی ئۆمەران دیارە عێراق ژێرخانی خۆی بە نرخی خۆڵ دەفرۆشێتە ئێران. ئەوەی کەمتر روونە ئەوەیە کێ لە عێراق ئەو شمەکانە دەنێرێتە دەرەوەو کێ قازانجیان لێ دەکات. هەندێك لەو شمەکە نێرداوانە بریتین لەو شتانەی کە دەستە جیاجیاکانی کورد لە میری عێراق یان پرۆژەکانی سەربەمیری کوردستانیان گرتووە. هەندێکیشیان زۆر بەسادەیی مەسەلەی بازرگانی کەل و پەلی دزراوە. زۆریشی، ئەگەر زۆربەش نەبێت، ئەو بازرگانیە وا پێ دەچێت ژێرخان و شمەکی ترن لەناوچەکانی بەردەستی میری عێراقەوە بەناو خاکی کوردستاندا (هەڵبەتە بەدانی ترانسیتێکی چاك) بەرەو ئێران ڕەوان

دەکرێن.

تاڵەبانی و سەرکردە کوردەکانی تر نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بەسزای شکێنراو دەربڕی و هەنگاویان ناوە بۆ وەستاندنی بازرگانی بەناو حاجی ئۆمەراندا. تاڵەبانی لەوە نیگەرانە کە کوردستان زۆر کەل و پەل و ژێرخانی خۆی کە پێویستی پێ دەبێت بۆ بنیات نانەوەو هەڵساندنەوەی ئابووری یەکەی لەدەست دەدات. لەگەڵ ئەوەشا، فەرمانی وەساتاندنی بازرگانی زۆر بەتەواوی پشت گوێ خراوە چوکە کاروان بەشەو نەك بەڕۆژ بەرەو ئێران بەڕێوەیە. هەروەك شێخ (مصطفی)ی زینوێی سەرەك هۆزی ناوەی حاجی ئۆمەران رونی کردەوە: «لەبەر سەدامە بێ کارو بێ خۆراکین، ئەگەر ئیشمان هەبێت ئەو کاروانانەی بەرەو ئێران بەڕێوەن رادەگرین»

لەسەر سنووری تورکیادا، سزاکان لەسەر ئاستێکی زۆر لەوە کەمتر وەلادەنرێن. بەدرێژی چەند میلێك، لۆری و بارهەڵگر لەمەردوو بەری خاپوور ریچکەیان بەستووە لەنێوان سلۆپی و تورکیاو زاخۆو عێراق. زۆری ئەو بازرگانیەی دێتە ناو عێراق خۆراکەو نەتەوە یەککگرتووەکان رێ ی پێداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لۆریانەش دوایی نەوت دەبەنە دەرەوە (بۆیە تانکی گەورەی سووتەمەنی لەژێرەوەی ئەو لۆریانەی بەرێگای عێراقدا دێن و دەچن دروستکراون؛ چونکە نرخی گالۆنێك گازۆلین یان دیزل لە عێراق چوار سێنتە کەچی لە تورکیا پتر لەدوو دۆلارە). ئەوان شتی قاچاغی دیش دەبەنە دەرەوە، من خۆم لۆریەکی پڕ خوریم بینی دەچووە تورکیا.

زۆر لەو لۆریانەی لە سنووری عێراق ـ تورکیادا دەپەڕنەوە بەخێوەت داپۆشراون. کوردەکان دەستیان بەسەر سنووری بەری عێراق داگرتووەو کۆکردنەوەی باج لەو کاروانانە سەرچاوەی سەرەکی یارمەتی دارایی پارتە کوردی یەکانە هەر بۆیەش ئەوان حەز بە پشکنینی بارەکە ناکەن و هیچ شمەکی قاچاغ راناگرن.

سەرکردەکانی هێزی بەرەنگاری عێراق زانیاری وردیان لەبارەی ئابووری ئوردنەوە هەیەو باوەڕیان وایە ئوردن نەك ئێران خراپترین شکێنەری سزاکانی نەتەوە یەککگرتووەکانە. ئەگەر چی نووسەری ئەم باسە بازرگانی نایاسایی لەگەڵ ئوردن نەبینیوە، بەڵام سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی لەخوارەوە باسکراون چەند ساڵێکە بەتەواوی جێگای متمانەو باوەڕ بووە.

بە شێوەیەکی روونتر، وەك دەگێڕنەوە ئوردن رێگا دەدات بەرهەمی یۆریا، گۆگردو نەوتی پاڵاوتەو ژێرخانیش بە ماشێنی گەورەو ئامێری خۆڵ گوێزەرەوەشی بەناودا رەت بێت. ئوردن بە لێژنەی سزاکانی نەتەوە یەککگرتووەکانی راگەیاندووە نەوت لە عێراق وەردەگرێت لەجیاتی ئەو قەرزانەی عێراق لەمەو پێش لە ئوردونی وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشا، واپێدەچێت کە ئوردن قەرزی نوێ بداتەوە عێراق، بۆیەش لەراستی دا عێراق قازانجێکی مادی لە فرۆشتنی ئەو نەوتە وەردەگرێت. وێرای ئەوەش، دەڵێن ئوردن رێگا دەدات

سەرلەنوێ نەوتی عێراق بنێردرێتە دەرەوە بۆ لوبنان! ئەمەش هەر لە قازانجی مادی عێراقە.

دوکانەکانی (عومان) مافوورو خشڵی عێراقییان تیایەو خەڵکی بە نائومێدی دەیفرۆشنەوە بۆ کڕینی خواردن و پێویستەکانی تر. لەوەش سادەو ساکارتر دەڵێن نوێنەرێکی (عودەی) کوڕی سەدام، وا لەپایەتەختی (ئوردن)ەو رێ خۆش دەکات بۆ فرۆشتنی ئۆتومبێلی لە کوێت دزراوو شمەکی تری قاچاغ لە عێراقەوە.

دەڵێن بانقی رافدەینی عێراقی دۆلار لە بازاری ئاشکرا لە عومان دەکڕێتەوەو لەوێ بەکاروباری پارە گۆڕینەوە خەریکن.

شکاندنی سزاکان رێ بەسەدام حوسێن دەدات لەفەرمانڕەوایی بمێنێتەوە، بە فرۆشتنەوەی وەبەرهەم هێنراوەکانی (استثمارات) چەند دەساڵێك بۆ ئێران و ئوردن، عێراق پێی دەکڕێت خۆراك و دەرمان و بابەتی خۆش گوزەرانی بێنێت بۆ داورودەستە هەڵبژاردەکەی پاسەوانی کۆماری و ئەو دەستە سوپاییەی یەگجار گرینگەو لەبن دەستییەتی بۆ راگرتنی بەغدا. ئێستاکە، خەڵکی عێراق کەمێك قازانجیان لە شکاندنی ئەو سزایانە وەدەست دەکەوێت چونکە دەتوانن پێویستییەکانیان بکڕن بە فرۆشتنەوە دەرەوەی سامانە تایبەتییە کەلەکەکراوەکانیان. بەڵام لە ماوەیەکی درێژدا، شکاندنی ئەو سزایانە، یارمەتی رژێم دەدات لە حوکم بمێنێتەوە کە دەبێتە بارێکی قورسی سیاسی و ئابووری لەسەر شانی خەڵکی عێراقەوە. شکاندنی ئەو سزایانە بەم ئاستەی ئێستا رێگا بە سەدام دەدات خۆی پێ رابگیرێت و دارو دەستە سەرکوتکەرەکەی دەهێڵێتەوە، بەڵام کە سامانی خێزانە عێراقییەکان کەم دەبێتەوە، خەڵکی رەمەکی ناتوانن دەستیان بگاتە شتی لەدەرەوە هێنراو. هەروا لەبەر زۆر ناردنە دەرەوەی ژێرخان، عێراقی دوای سەدام زۆر هەژارتر دەبێت.

## و- ستراتیژیەتێکی دژ بە سەدام:

تا سەدام حوسێن و رژێمی بەعسەکەی لە دەسەڵات بمێننەوە، هیچ جۆرە ئاسایشێك بۆ کوردو هیچ جۆرە ئاشتی یەك بۆ عێراق نایەتە دی. سەدام دەتوانێت لەدەسەڵاتی پێش شەڕی جیابێتەوە. تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیشدا، عێراقییەکان بەسووکی باسی سەدام دەکەن و بیر لە ساڵێك لەمەوبەریان ناکەنەوەو هێزی بەرەنگاری عێراقی دەڵێت شانەی چالاکی لە سەرانسەری وڵاتدا هەس.

ستراتیژیەکی پلان بۆ دانراوی دژ بەسەدام رەنگە پتریش جێگای پێ لەق بکات. ستراتیژیەتی وا دەبێ سێ رەگەزی تێدا بێت، یەکەمیان: دەبێ سزای نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی بسەپێنرێت. ئەمەش توانای سەدام هەڵدەتەکێنێتەوە بۆ یارمەتی دانی دارو دەستە سەرکوتکەرەکەی و رەنگە پاشتر

ئەوانیش بچنە پاڵ خەڵکە نارەزاکان . لەوانەیە سەپاندنی سزای توندتر بە تایبەتیش سزای ڕێ لێ برینە بۆ نەناردنە دەرەوەی قاچاغ ، ببێتە هۆی بەتێن کردنی ئەو ئاواتەی کە لەوانەیە سەدام بە بڕیاری (٧٠٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکان قایل بێت . ئێستا سەدام هیچ ئارەزوویکی سەردانەواندنی نیە چونکە ئەو هەم دەتوانێت بناغەی دەسەڵاتی خۆی بەتین بکات و هەم ئازارو چەرمەسەری خەڵکی عێراق بەکار بێنێت بۆ ناچارکردنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ شلکردنەوەی سزاکان ، سزای بە توندی سەپێنراو وەزعەکەی پێشوو ناخۆشتر دەکات . دووەم : هۆی کاریگەر لە ستراتیژیەتی دژ بە سەدام ، یارمەتی سیاسی و سەربازی یە بۆ هێزی بەرهەڵستکاری عێراقی . لە راستیدا ، ئەم جۆرە یارمەتیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆکوردان دەچیت ، خۆ چەشنی ئەو یارمەتیانەی یەگجار پێویستن پێشتر باسی لێکراوە . لەو کاتانەی ئەو جۆرە یارمەتیانە توانای کوردان بەتین دەکات بۆ بەرگری لەخۆ کردنیان ، رەنگە ئەوە بەجۆرێکی راستەو خۆ نەبێتە هۆی یاریدەدانی هێزی بەرگری بۆ لابردنی سەدام . بە هەرحاڵ ، ئەم جۆرە یارمەتیانە تا ئەو رادەیە وا لە کوردان دەکات نەیەڵن رژێمی سەدام بگاتە پارچەیەکی گەورەی عێراق ، ئەمەش لە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی ئەو کەم دەکاتەوە . رەگەزەکانی ناو سوپا رەنگە دوایی بەو ئەنجامە بگەن کە دابەش نەبوونی عێراق پێویستی بە گۆڕانێك لە رژێما هەیە .

تاوانبارکردنی سەدام حوسێن و هاوڕێکانی لەسەر تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دوا رەگەزی ستراتیژیەتی بەتین کراوی دژ بەسەدامە . مەسەلەی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە بەشەکەی دی ئەم راپۆرتە باس کراوە . بەبێ هاتنە دی گۆڕانێك لە رژێمدا ، زۆر زەحمەتە دەست بەسەر سەدام و هاوڕێکانی دابگیرێت و هەر کاروکردەیەکی یاساییش پڕە لە مەسەلەی دادوەری گرینگ ، مەسەلەی تاوانبارکردن تەنانەت ئەگەر دادگایەکی نەتەوەیی و وڵاتێکی هاوپەیمانیش بێت نەك لە دادگایەکی نێو دەوڵەتی دانەنراویشدا هەر دەبێتە دەگەیەکی گرنگ دژ بە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی سەدام . ئەم جۆرە تاوانبارکردنانە بەروونی ئەوە بە عێراقییەکان نیشان دەدات کە هەرگیز رێگا بە وڵاتەکەیان نادرێت بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی تا رژێمی بەعس لە حوکمدا بمێنێت و ستراتیژیەتی ئێستای سەدام بەهیوای دەربازبوون لەبن ئەو سزایانە بە هیچ جۆرێك ناگاتە سەر .

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەیەکەم بزوێنەری ئەو تاوانبارکردنانە دابنرێت یان ئەگەر ئەو تاوانبارکردنانە لناو دادگایەکی وڵاتە یەکگرتووەکان بکرێت ، کاریگەری سیاسی ئەم کارە مەزنتر دەبێت . سلبیەتی ئەمریکا لەکاتی راپەڕینی جەماوەری عێراق لە ئازاردا زۆر کەسی عێراقی هێنا سەر ئەو باوەڕەی کە ئەمریکا پێ ی باشترە سەدامێکی بێ هێزکراو لە حوکما بمێنێتەوە . سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو هەوڵەیدا بۆ تاوانبارکردنی سەدام و هاوڕێکانی بە تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی روونترین نامەی

شیاو دەنێرێت کە دەبێ سەدام بڕوات ، بەبڕوای زۆر کەسی عێراق ، هێشتا مێژووی ناردنی ئەو نامەیە نەهاتووەو نادیاری هەڵوێستی ئەمریکا یارمەتی ئەو سەرنجە دەدات کە هێشتا ئەمریکا پشتگیری ڕژێم دکات لە حکوم بمێنێتەوە .

## II میراتی مەرگ: حوکمی عێراق لە کوردستاندا

### آ. سەرنجێکی خێرا :

کوردستان وڵاتێکە بە هێواشی ترسناکی چارەکە سەدەیەك لە حوکمی بەعسیان ئاشکرا دەکات . بەڵگەی بەرچاوی خراپەکارییان لەهەموو شوێنێکەوە دیارە ؛ هەزاران گوندی ڕووخێنراو ، کەلاوەی پەرش و بڵاوی شارۆچکەکان ، ژوورێکی ئازاردانی ساختمانی پۆلیسی نهێنی و گۆڕی بەکۆمەڵ ، هەروا بەڵگەی مرۆڤانەش لەو بارەیەوە زۆرو زەبەندە ؛ بەسەرهاتەکانی ئەوانەی ماون ، تۆمارە پڕ وردەکاری یەکانی پۆلسیی نهێنی عێراقی ؛ کاسێتی ڤیدیۆی خەڵك ئازاردەرەکان لەکاتی ئازاردان و ئابڕووتکاندن و کوشتنی خەڵکی دا . بەسەردانێکی نۆ ڕۆژی هەرگیز ناکرێ ئەو هەموو بەڵگانەی تاوانکاری و دەسدرێژی تۆمار بکرێت . ئەوانەی خوارەوە ، بەهەر حاڵ سەربوردەی کەسی و چیرۆك ئامێزن تەنها تۆزقاڵێك لە حوکمی عێراق لە کوردستاندا دەردەخات لەبەر ڕۆشنایی حوکمدانی ئەو چاودێرە ، بەڵگەی بەرچاوو ڕاستەقینە هەن بۆ پشتگیری کردن لەوەی کە عێراق تاوانکاری دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستاندا کردووە . دانانی ئەم مەسەلەیە لەبەردەم ڕای گشتی پێویستی بە سۆراغ کردن و تۆمارکردنی پترە .

### ب ـ قەڵادزێ و شارە ڕووخاوەکان :

ئوتێل و خواردنگەی قەڵادزێ مایەی شانازی ناوچەی بازرگانی تازەی قەڵادزێیە ؛ خواردنگایەکە کەبابی تازە برژاوی بەرخ لەگەڵ نانی کوردی و جۆرە خواردنەوەیەکی لە دەرەوە هێنراودا پێشکەش دەکات . هۆڵی مەلەوانی (قەڵادزێ)ش لەو بەری جادەکەوەیە . لەو سەری شەقامە گشتی یەکەوە خواردنگایەکی هەیە (لیستی خواردنەکان لە قەڵادزێ دا وەك یەکن) و لەولاش ریزە دوکانێك هەیە ، لە خواردنگاو ئوتێلی قەڵادزێ دا ، ئەوان حەز دەکەن کەبابی خاوبرژت بۆ بێنن چونکە باش برژاندنی کەباب پێویستی بە دارێکی زۆرەو ئەوەش دەگمەنە .

هەڵبەتە ، هیچ بێگانەیەکیش نایەوێت گۆشتی خاوەبرژ لەقەڵادزێ بخوات . ئوتێل و خواردنگا ئاوی بۆریان نیە ؛ کارەبایان نیەو سارنجۆکیان نیە . سەر زەوی خواردنگاو مێ تاقە ژووری ئوتێلەکە هەر پیسی یە . ئوتێل و خواردنگاو هۆڵی مەلەو دوکانەکان بێ بنمیچن ؛ سەربانی ئەوانە بە پەلك و چیلکە گیراوەو دەرگایان پێوە نیە ، خاوەن دوکان شەو و ڕۆژ خەریکی ئیش و کارن تا بژین ؛

دەنا خەڵك زۆر بە نا ئومێدی مەژارن تا بیانەوێ ئەو شمکە کەمانە بۆ فرۆشتن دانراوە لێك بدزن .

دوو ساڵ لەمەو بەر ، قەڵادزێ شارۆچکەیەکی رۆژهەڵاتی عێراقی بوو ئەگەر لەگەشانەوەشدا نەبوو بێت ، پڕکار بوو . پتر لە ( ١٠٠ ) هەزار کەسی تیا دەژیاو لەو دە ساڵەی دوایی دا لە ئەنجامی سیاسەتی عێراقی بە خێرایی گەورە بوو . بۆ پاراستنی هێمنی لە کوردستاندا ، میری عێراق لە ساڵی ( ١٩٧٥ )دا کەوتە دانانی بەرنامەیەك بۆ چۆلکردنی ( ٢٠ )کم بەدرێژایی سەر سنووری ناوچەکانی عێراق . پاشتر ، لە ناوەڕاستی ( ١٩٨٠ )کاندا بڕیارێك درا بۆ وێرانکردنی هەموو گوندەکانی کوردستان . ئەو خەڵکانەی لەئەنجامی سیاسەتی چۆلکردنی ئەو گوندانە بێ ماڵ و حاڵ مانەوە چوونە شارەکانی وەکو قەڵادزێ یان گوندی بەهاوچەرخ ناوبراو . کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراقی دابوو لە نزیك ئەو شارانە دروست کرابوون . هەندێ لەو گوندە هاوچەرخانە دەڵێی ( خێوەتگای گیراوانن )و بە تەڵدرك دەورەدراون وە مافێکی کەمی دەرچونیان هەیە ، خۆ ئەوانەی دەوروبەری قەڵادزێ هەر زۆر بەربادن . بۆ جێگیرکردنی دانیشتوانی زۆربەوی قەڵادزێ و گوندە هاوچەرخەکانی دەوروبەری ، میری عێراق خوێندنگایەك و نەخۆشخانەیەکی بچووکی دروست کرد . پاشان لە ساڵی ١٩٨٩دا میری بڕیاری دا قەڵادزێ لەسەر رووی زەوی بسڕێتەوە تیپەکانی سوپای عێراقی چوار دەورەی شاریان گرت و تەنیا چەند کاتژمێرێك مۆڵەتی دانیشتوانی شار درا کەل و پەل کۆبکەنەوە ، کە چۆل کرا ، سوپا بەڕێکی و پێکی هەموو خانوویێك ، هەموو دوکانێك و هەموو فەرمانگەیەکی لە قەڵادزێ تەقاندەوە .

خەڵکی قەڵادزێ وا گەڕاونەتەوە شار . لەنێو ئەو پلوکە بەردانەدا دەژین و ئاوی خاوێن و لایەنی تەندروستیان کەمە . هەستی شڵەژاوی نائومێدی بەسەر خێزانەکانی قەڵادزێ دا زاڵە . کوڕێکی گەنج کە لەگەڵ خێزانەکەی لە ٨ x ١٠ م کەلاوەی ژوورێکی رووخاودا دەژیت ، نانی رۆژانەی خۆی وا وەسف کردووە : بەرچاییمان تەماتەیەو فراوین ناخۆین و نانی شێومان تەماتەیە . لە خانوویەکی رووخاوی تردا ژنێکی گەنج چاوەڕێ ی منداڵی سێیەمی بوو منداڵەکانی پێشووی لە نەخۆشخانە ببوو ، بەڵام ئەمجارە دکتۆری نەدیبوو وە هیچ تەمای بەوە نەبوو ئەو منداڵەی لە هیچ جێگایەکی دی ببێت بێجگە لەو خانوە رووخاوە . کاتێك لێ ی پرسرا بۆ لە قەڵادزێ ماوەتەوە ، وەڵامێکی وەك هەر کەسێکی دی ئەمەبوو « ئێمە خەڵکی ئێرەین و پێمان خۆشترە لێرە بمرین نەك لە شوێنێکی دی بژین »

زۆربەی دانیشتوانی قەڵادزێ سەربانێکیان بەسەر سەرەوە نیە بێجگە لە عیسمەت کەریم و خێزانەکەی کە زۆر بەختەوەرن ؛ چونکە ئەوان هەر لەزووەوە گەڕاونەتەوە شارەکەو ژوورێکیان لە خوێندگایەکی رووخاو دەست کەوتووە . لەبەر ئەوەی فەرمانگە گشتییەکان بە چیمەنتۆو شیشە دروست کراون ، دینامێت

ئەو سەربانە پانانەی پارچە پارچە کردووە نەك ووردو خاش . دووەم نهۆمی خوێندنگاکە بەسەر یەکەم قاتی رووخاوەوەیەو سەربانەکە کەم تا زۆر ساغەو ئەشکەوتێکی دروست کردووە کە دەتوانیٚ بە شیشە قایمەکانی ئەو جەك گەلە جیمناستیکیە بگەیێتە سەرەوە . ئەوێ لە وردەو پلوکە بەرد خاوێن کراوەوەتەوە ، سەر زەمینە چیمەنتۆ لێژەکە جێگایەکی فراوان بۆ خەوتن و ژیانی نزیکەی (٢٠) ئەندامێکی خێزانێك دەبێتەوە . قەراغەکانی لە (٤) فیت بەرزتر نابێ بەلاّم لە ناوەڕاستەوە بەرزی بنمیچەکە دەگاتە (٧) فیت .

تاقە گیروگرفتی ئەم ماڵە گەرم و گوڕە ئەوەیە یەك لای کراوەی هەیە کە ئەمەش وای لەو ژوورە کردووە لە هاویندا گەرم و مرۆڤ خنکێن بێت . ئەم زستانە ، هەڵمە دووی سۆپای نەوت هەڕەشەی خنکان لەهەموو ئەندامانی ئەو خێزانە دەکات .

قەلاّدزێ یەکێکە لە کۆمەڵێك شارۆچکەی روخێنراو ، سەید سادق ، چواتاو حاجی ئۆمەران هەمان وێنەی رووخاندن و نا ئومێدی دەخەنە روو . وێڕای ئەو شارانە ، رژێمی عێراقی هەموو گوندێکی کوردستانی وێران کردووە . لەگەڵ ئەو گوندو شارانەشدا کەلەپووری رۆشنبیری هەزاران ساڵەی شارستانی لەبەین چوو . مەسیحیەت زوو هاتوتە باکووری عێراق و ئێستا لەئەنجامی هەڵمەتی وێرانکارانەی عێراقدا کلێساکانی سەدەی پێنجەم و مزگەوتی دێرینەش وێرانکراون ؛ خۆ قەلاّو خانووی سەدەکانی ناوەڕاستیش تیا چوون . رژێمی عێراقی ئەو پارە زۆرەی لە خوێندنگاو فەرمانگە گشتیەکان خەرج کردبوو بەبادا . گۆڕستان و درەختی بەرداری هەندێ گوند جێ هێڵران ؛ هەندێ جاریش ، ئەفسەرە عێراقیە کینە لەدڵەکان ئەو شوێنەوارانەی ژیانی کۆمەلاّیەتیشیان رووخاند ئەو دارتەلانەی بۆ گوندو شارەکان کێشراون لە وایەر رووتکراونەتەوەو چیمەنتۆ لە گەرووی بیرەکان کراوە یان ژاراوی کراون و بە چەشنی لەشکرەکانی رۆمانی لە کارثێج سەدام حوسێن خوێی بە زەوی کوردستان وەرکرد .

ج - هەڵەبجە لەسەرخۆ ترسناکی خۆی ئاشکرا دەکات :

لەکلکەی خوارووی خاکی کوردان دا ، لەو سەری دەشتێکی فراوانی داکشاو بەرەو ناوجەرگەی خاکی عەرەبی عێراقی ، شاری هەڵبجە هەلکەوتووە ، یاخود کەلاوەی ئەو شارەیە ماوەتە . لە ساڵی ١٩٨٨دا ، هەڵبجە بووە رەمزێکی سەردەم بۆ درندەیی رژێمی سەدام حوسێن . لە ١٦ی ئازاردا ، فڕۆکە عێراقییەکان شاریان بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد ، چونکە ئەوسا بەیارمەتی کوردە یاخی یەکان کەوتبووە دەست ئێرانییەکان . پتر لە (٥) هەزار منالٚ و ژن و پیاو لەو هێرشەدا مردن ، دوای ئەو هێرشە تەلەفزیون و وێنە گرانی ئێرانی چوونە

ناو شارو وێنە روون و ئاشکرای ئەنجامی ئەو هێرشەیان گرت. لەم وێنانەدا وێنەی پیاوێکی رەق هەڵاتوو کە ویستویەتی بەخۆو ساواکەیەوە رابکات، وێنەی کیژە کوردێکی فۆتە لەسەر کە دەم و چاوی ئاوساوە لەیەکەم قۆناخی دارزین دا ئەم وێنانە دونیایان تۆقاند. سەرەڕای ئەوش، عێراق لە ماوەی چەند رۆژێك دا شارەکەی گرتەوەو زۆر کەم بیسترا لەبارەی ئەوەی پاشتر قەوما.

رژێمی سەدام حوسێن کەوتە سڕینەوەی بەڵگەی تاوانەکانی. لە ساڵانی ١٩٨٩ ـ١٩٩٠دا ئەوانەی مابوون لە هەڵەبجە گوازرانەوەو دەستەی وێرانکار هاتنە ناو شار. تا (٢)ی ئابی ١٩٩٠ ئیش و کارو باریان هەر تەواو نەبوو نیوە هەڵەبجە وێرانکرابوو. هەڵەبجە شوێنێکی خەفەتهێنە، خانووەکانی یەك ژووری قووڵن یان پێشایی خانووی رووتن و لەپشت ئەویش هەر پلووکەو وورده بەردە. نیشانەکانی مەینەتیەکەی ١٩٨٨ پڕی ئەو ناوەن. لە تاقە ماڵێك دا، دوو خێزان مردوون و ناویان لەسەر ئەم بەرو ئەبەری دیواری هۆڵەکە نووسراوە، کوردەکان ژێر زەمینێکیان بەم میوانە نیشان دا کە (٤٨) کەس خۆیان تیا شاردبۆوە تا لەوێ بمرن کە گازی ژاراوی گەیشتە بنی بنەوە. ئەم ژێر خانە لۆك کرابوو چونکە دکتۆرە فەرەنسییەکان خەڵکیان لەمەترسی مەرگ ئاگادار کردبۆوە. لە ناوەوەیدا، هێشتا جل و بەرگ لەسەر زەوی کەوتبوون و بۆنی مەرگ ئەو ناوەی پڕ کردوەو. لە خانوویەکی تردا، پیاوێك پارچەی بۆمبی کیمیاوی نیشان دام، هەروا بۆمبێکی دی نیشاندام وا پێ دەچوو کە نەتەقیبۆوە. زۆر لەوانەی ئێستا لە هەڵەبجە دانیشتوون ئاوارەی شوێنی ترن. لەسەر ژێرزەمینی مەرگ خێزانیکی خەڵکی کەرکوك دامەزراون. هیچ جێگایەکی دییان نەبوو لێی بژین. موحەمەد ئەندازیارێکە لەبەغداوە، ئەوەی روونکردەوە کە ترسناکیەکانی ساڵی ١٩٨٨ وا ئێستا دەردەکەون. جوتیاران کە کێڵگە لە دەوروبەری هەڵەبجە دەکێڵن پەیکەری ئێسك لەناوگیای بڵند دەدۆزنەوە. کە خەڵکی خانووە رووخاوەکانی هەڵەبجە چاك دەکەنەوە لاشەی مرۆڤی ١٩٨٨ دەدۆزنەوە. موحەمەد عەرەبەو لە سوپای عێراقدا پلەیەکی بەرزی هەبوو؛ هەرکە فەرمانی پێکرا ناوچە کوردیەکانی کەرکوك وێران بکات، سوپای جێ هێشت. لەباتی ئەوەی لوولەی چەك بکاتە خەڵك نیشانەی لە شتی لابەلا دەگرت. لەترسی ئاشکرابوون و نالەباری بارودۆخ، هەڵاتە ئێران ئێستا لە هەڵەبجە دەژی و پشتگیری لە مەسەلەی دژ بە سەدام دەکات و نیگەرانە بۆ خێزانەکەی کە لە بەغدای بەجێ هێشتووە.

موحەمەد لەگەڵم هاتە گۆڕستانێکی دەرەوەی هەڵەبجە. لەوێندەرێ، لەناو گۆڕی بەکۆمەڵدا، قوربانیەکانی گازی ژەهراوی ١٩٨٨و دەستڕێژییەکانی تر نێژراون. هەندێ شوورەی بەرد کە تازە لە دەوری هەندێ گۆڕ دروستکراوە. کێڵەکان لیستی ناوی ئەو خێزانەیان لەسەرە کە لەوێ نێژراون. بە درێژایی خەندەکێك، جل و بەرگ و پێڵاوی لە قوڕ وەردراوی ئەوانەی لەوناوە نێژراون کەوتووە. کەدەستم کردە وێنەگرتنی ئەو خەندەکە، کوڕێك لێی پرسیم ئاخۆ دەمەوێ قۆرتێکم بۆ لێبداو وێنەی هەندێ ئێسکی ژێر خۆڵ بگرم. تەنانەت کە

ئەشم ویست ، پیاوێکی کورد بەهەردوو دەست قۆمەتێك پیسی هەڵدایەوەو دوو کەللە سەری دەرهێناو لەسەر قەراغی خەندەکەی دانان . ئەوانە کاسە سەری بچووك بوون ، هی منداڵان بوون و ئەم دیمەنەش هەر زۆر خەفەتهێن بوو .

گۆڕی بەکۆمەڵ لەدەرەوەی زۆر شاری کوردستان هەن ئەگەر لە هەموویان نەبن هێندێکیان قوربانیەکانی هەڵمەتی ئەنفالی ١٩٨٨ن و هەندێکیشیان هی هەڵمەتی چۆلکردنی لەمەوبەرن . گۆڕە تازەکانیش هی قوربانیەکانی سەرکوتکردنەوە دڕندانەکەی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ن .

د. بارەگاکانی پۆلیسی نهێنی سولەیمانی :

لە شارەکانی عێراق دا بەبێ جیاوازی گرینگترین ساختمان هی ئەمنە یان ئاسایشی ناوخۆیە . هەڵبەتە هیچ کەسێك مەودای سەردانکردنی ئەو دەزگا یاساغانەی نیە بێجگە لەو بەدبەختانەی کەبەبێ دەستی خۆیان سەرەنجامیان بەوێ دەگات .

سولەیمانی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی عێراق شارێکی دلأراو رێك و پێك و دانیشتوانی دەگاتە ملیۆنێك و نزیکەی هەر هەمووی کوردن . لە سەردانی پێشوومدا ، ساڵی ١٩٨٧ ، خەریك بوو وێنەی بازارە رەنگینەکەم دەگرت ، بەبێ ئاگا رووی کامیرام کردە لای شتێکی یاساغ . پیاوێکی ئەمن لێم هاتە پێش و ویستی بمگرێت . سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیەی سەفەرم کە ئیشی خزمەتگوزاری بێگانان بوو بەپەلە هات کەوتە بەینەوەو مەسەلەکەی بڕیەوەو زوو بەزوو شارەکەم جێ هێشت .

لەم گەشتەما ، ئەو هەولەم بۆرەخسا سەر لەجێ مەبەستی پێشووم بدەم کە بارەگای ئەمنی سولەیمانی بووە ئەم ساختمانە چوار نهۆمیە ، لە شەڕی توندو تیژی ١٠ی ئازاری ١٩٩١دا گیرابوو خەڵکی کورد سووتاندبوویان . بەڵام گڕی ئاگریش نەیتوانی بوو شوێنەواری ئەوەی لەناوەوە رووی دا بوو بسڕێتەوە .

پاش رەت بوون بە فەرمانگە کارگێڕیەکانیدا کە هەموویان تاڵانکرابوون سەردانیکەر دەگاتە ناو حەوشەیەکی شوورەداری بەرز کە بە تەڵدرك سەری گیراوە . لەلای دەستە راستی ئەو سەری حەوشەکەوە ژوورێك هەیە ، لەلای سەرەوە چەند قولابێك بە بۆڕی شۆڕکراونەتەوە . لە بنەبانی ئەو ژوورە کورسییەکی سەیر لەسەر مێزێك دانراوە . ئەحمەد ، کە خوێندکاری کۆلیژی ئەندازەیە بەشداری شەڕی گرتنی ئێرەی کردووە ، ئەو ئامانجی ئەو قولاپ و کورسییەی بۆ روونکردمەوە .

گیراوەکە بەرووتی دێننە ژوورەوەو لە پشتەوە دەستی بەستراوەتەوە . ئینجا گیراو لەسەر ئەو کورسییەی دادەنێن و لە پشتەوە قۆڵی بەو گورسیەی بەوێ شۆڕ بۆتەوە بە قولابی بنمیچ دەبەستنەوە . ئا بەم وەزعە لە گیراوە رووتەکە

دەپرسنەوە. ئەگەر ئەنجامەکەیان بەدڵ نەبوو، یان ئەگەر ئەمنەکان سوک و ئاسان وایان هەست کرد، کورسییەکە لەسەر ئەو مێزە فڕێ دەدرێت و زیندانییەکە لە بۆشاییدا دەلەقێتەوە بەدەم ئازارێکی مەزنی شان و پیلی تازە لە باریەك چووی دا. دەشێ چەند قولابێکی تر بە بۆڕی بنمیچەکەوە بکرێن تا گیراوی تر بێننە سەر کوررسی یەکە وێڕای ئەوەش، وایەری کارەبایی لەو ژوورە هەیە کە لە هێنەکەی گیراوو دەخرێت. ئەحمەد دەڵێت ئەو تەزووە کارەبابییە کاری خۆی دەکات بەوەی وایەرێکی دی دەخرێتە ناو دەمی گیراوەوە.

چەند کونجێك لەو سەری دی حەوشەکەوە هەن. لەوێنش شیشە بەندی ئاسایی دالآنەکە بەربەست دەکەن؛ تەنها ناوە ناوە پەنجەرەی بچووکی بەرز هەن، ئەو کونجانە گەورو بچووکیان جیایە بەڵام هەر هەموویان تاریك و دڵتەنگ کەرن. بە هەرحاڵ مەترسی گەورە لە ژمارەی ئەوانەیە کە لەهەر کونجێکدا کەڵەکە کراون. بەپێی قسەی ئازادکراوەکان، هەندێ لەو کونجانە ئەوەندەی تێ پەسترابوو کە گیراوەکان تەنیا دەکرا بە پێوە بووەستن، مەسەلەی تەندروستی وەك دەردەکەوێت ناتەواوەو خۆراکی گیراوان وەك دەڵێن زۆر کەم بووە.

لە ژێرخانی ئەو ساختمانەدا خەڵکیان لەناو دەبرد. لە ژووری ئازاردانداا کە دەکەوێتە بنە بانی زیندانەکە، پاشخانێك هەیە لەلای کوردان بە «ژووری گان» ناسراوە. کچ و ژنە کورد دێنرێنە ئەو پاشخانەو لەوێ ئەمن بە زۆرە ملێ ئابڕوویان دەبەن، پاشان ئەمنەکان دەرپێ و ژێرپۆشی ئەو قوربانیانە بەبزماری دیواری پاشخانەکە هەڵدەواسن وەك یادگاری ئەو کارە مەزنەیان. ئیمڕۆ سەر زەوی ئەو پاشخانە بریتی یە لە ئاتەك و دەرپێی کیژە کوردان. ئەحمەد گوتی کە ئەو بەشەی زیندان ئازادکرا، کچێکی کوردی دوانزە ساڵان لەوێ بوو.

کاتێك بارەگای سەرەکی ئەمنی سولەیمانی رزگارکرا، کوردەکان چەند گیراوو بەڵگەی زیندووی تاوانەکانی پێشوویان دۆزیەوە. ئەو ئەمنانە وەك گیستابۆ بریتی بوون لە بیرۆکراتی زۆر شارەزا. ئەوان فایلی هەموو زیندانیەك و هەموو ناڕازییەکی گومان لێکراویان لایە، وێڕای ئەوەش، تۆماری وردو درشتی ئازاردان و دوا حاڵەتی تاوانبار کردنشیان لایە. هەروا ئەو ئەمنانە بە ڤیدیۆ وێنەی خۆیان گرتووە لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان. لە سولەیمانیدا، کوردەکان کاسێتێکیان لەو کاسێتە ڤیدیۆییە زۆرانەی گرتبوویان نیشان دام. لەو کاسێتەدا. ئەمنەکە ئەوەی روونکردەوە کە گوایە تاقیکردنەوەیەك لەسەر دەرمانێکی راست دەکات کە لەبەغدا دروستکراوە پیاوێکی کاملی یەکجار رەتاویان هێنا ژوورەوەو لەسەر کورسیەکیان دانا. دەسبەجێ لەسەر کورسی کەوتە خوار. ئەمنەکان بڵندیان کردەوە سەر کورسی و دەربارەی پەیوەندی خۆی بە مرۆڤێکی ناڕازی گومانبار پرسیاریان لێ کرد. دیسان کابرای گیراو لەسەر کورسیەکە کەوتە خوارەوە. ئەمنەکان دیسان دایان

ناوە سەر کورسیەکەو بەزللە لێیان دا . بەڵام لەسەر خۆ . پیاوە دەرمانخواردووکە هێشتا نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکەیان بداتەوە هەر نەشیتوانی سەر بەرز بکاتەوە سەرەنجام بردیانە دەرەوە .

ئەو کاسێتە هەر هیچ نەبوو ئەگەر بەوانەی دیکەی کورد گرتبوویان بەراورد بکرێت . هەندێ کاسێتی ڤیدیۆ ئازاردانی جەستەیی و لەناوبردنیان لەسەر تۆمار کراوە . ئەمنەکانی سولەیمانیش بەخۆیان وێنەی خۆیان گرتووە لە کاتی سواربوونی ئافرەتان لە پاشخانەکەدا . رەنگە ئەو کاسێتانە تەنیا بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن هەڵگیرا بن .

پێشمەرگە لەمانگی ئازاردا ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەو کاسێتی ڤیدیۆییان لە بارەگاکانی پۆلیسی سەرانسەری کوردستاندا وەدەست کەوتووە . لەبێ بەختی خۆیان ، هێندێك لەو بەڵگەنامانە کەوتەوە دەست عێراقیەکان کە لە دوادوایی ئازارو سەرەتای نیساندا کوردستانیان گرتەوەو هێندێ بەڵگەنامەی تریش لەکاتی هەڵاتندا تیا چوون . کوردەکان بەخۆشیان هێندێك کاسێتی ڤیدیۆو بەڵگەنامەی تریان لەسەر سنووری ئێران سووتاند نەوەك ئەو شتانە بکەونە دەست پۆلیسی نهێنی ئێرانی ( کە بەکەڵکی ئێرانیەکان دەهات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پارتە کوردیەکانی ئێران و هی عێراق ) . بەڵام هێشتاش پێشمەرگە بڕێکی زۆر تۆمارو کاسێتی ڤیدیۆی ئەمن و دەزگاکانی هەواڵداری /ئاسایشیان لایە . ئەوانەی بەڵگەنامەی تاقانەی بایەخداری تاوانە بەکۆمەڵەکانیان تێدایە ، بەڵگەی تۆمارکراوی واباوەڕ پێهێنن چونکە لە لایەن تاوانکارەکان خۆیانەوە هاتووە .

ئەگەر عێراق کوردستان بگرێتەوە ، مەترسی گەورە ئەوەیە کە ئەو هەموو بەڵگەنامانە لەناوبچن . لەبەر گرینگی مێژوویی ئەو بەڵگەنامانە بۆ کوردان و هەروەها لەبەر بایەخی ئەوانە ئەگەر لەداهاتوودا رژێمی عێراق کاروکردەی یاسایی لەدژی کرا چونکە تاوانی لە دژی مرۆڤایەتی کردووە ، پێویستە ئەو بەڵگەنامانە لە دەرەوەی عێراق بپارێزرێن .

رەگی رق و کینەی کوردان دژی رژێمی عێراق و پۆلیسی نهێنی زۆر قووڵە . کە لە بارەگای فەرماندەی پێشمەرگەی سولەیمانی دانیشتم ، بینیم کۆمەڵە پیاوێکی چەکدار چوونە ناو خانوویەکی نزیك . هەر لەوێ پێم گوترا ، ئەوە تەرمی سەرۆك هۆزێکی ناوچەکەیەو لەگەڵ عێراقیان هاوکاری کردووە . رۆژی پێشتر بەشێوەیەکی نادیار کوژراوەو پیاوە چەکدارەکانی دوای تەرمەکەی جاشەکانی بوون .

بەڵام ئەحمەد چیرۆکێکی تۆڵەی بۆ گێڕامەوە کە تەنانەت خۆیشی سڕکردبوو . لە ئازاردا کە کوردەکان بارەگای سەرەکی پۆلیسی نهێنی سولەیمانیان رزگارکرد ، ئەو کاتە ئەمنەکان خەریکی کوشتنی زیندانییە زیندووەکان بوون ، خەڵك لەکاتی کوشتندا بەسەریان داچوون و زوو بەزوو ئەمنەکانیان کوشت پاش دەمێکی تر ، ئەحمەد بەسەر پیرێژنێك داچوو کە لە

تەرمێکی هەڵدەداو دەیگەست و شەقی لێ دەدا. خەڵك رایانکێشاو پێیان گوت بۆ پەلاماری لاشەی پیاوێکی مردوو دەدات. پیرێژن دێتە قسەو دەڵێ: «ئەو کابرایە سێ کوڕی لەبن ئەشکەنجەو ئازاردا کوشتووم، ئەرێ هەقی خۆم نیە وای لێ بکەم؟»

## هـ - هەڵمەتی ئەنفال:

لە شەقڵاوەدا تەیموور عەبدول بەهێمنی و سەبرەوە لە ماڵێکی گیراودا بۆ جەلال تاڵەبانی دانیشتووە. بەخۆو بە شەرواڵە فش و فۆڵە خاکی یەکەی، وەك پێشمەرگەیەکی گەنجی جەنگاوەر دێتە بەرچاو. بەچاوە گەش و بزە شیرینەکەی، نە برینی جەستەیی و نە هی دەروونی سێ ساڵ لەمەو بەری پێوە دیارە.

ئێستا تەیموور (١٥) ساڵانە. کە دوانزە ساڵان بوو، تانکی میری هاتە گوندەکەی (گوڵەجۆ) کە لەنزیك کفریە. ئەمەی خوارەوە ئەو بەسەر هاتەیە کە پاشتر روویداوە:

«خەڵك هەڵاتنە مەلاسوورە کە گوندێکی ترە، لەوێوە جاش گرتمانیان و ئێمەیان بردە شوێنێکی دی. پاش دە رۆژ، ئۆتومبێلی سوپای عێراق ئێمەی گوازتەوە (گزاوە) کە دەکەوێتە نزیك بەنداوی دوکان. لەوێ پیاوەکانیان لە ژن و منداڵ جیاکردەوە. من لەگەڵ ژنان مامەوە. هیچ خواردنێك نەدەدرا بەپیاوان، بۆیە ژنان هەندێ نانیان لەسەر تەلدرك بۆ پیاوان فرێ دەدا. دەمان بینی پیاوەکان دارکاری دەکران. رۆژێکیان هەموویان رووتکرانەوەو بە تاقی دەرپێ قوتە مانەوەو بەزیل بردران. چی تر نەمان بینینەوە.

دوای مانگێك، من و منداڵان و ژنانی تر، خراینە ناو باسێکەوە بەرەو سنووری سعودیە بەرێ خراین. گەشتی باس رۆژێکی پێ چوو نە نانمان درایێ و نە ئاو. لە رێگا ژن و منداڵێك مردن. من لەگەڵ دایکم و سێ خوشکم و سێ پوورم بووم.

ئێمە بردراین بۆ جێگایەك، ئاومان درایێ، چاومان بەسترابۆوەو لەناو باسیان دانراینەوە. من چاوی خۆم کردەوەو قۆرتم بینی. سەربازەکان پاڵیان ناین بۆ ناو چاڵێك. کە دەستیان بەتەقە کرد، گوللەیەك بە بن پیلم کەوت. بەغار چوومە لای سەربازێك. ئەفسەرەکە لە سەربازەکە توورە بوو و هاواری کردێ: «فرێ ی بدەوە ناو قۆرتەکەوە». تەقە دەستی پێ کردەوەو گوللەیەکم بە پشتی کەوت.

کیژێك لەناو قۆرتەکە بوو، نەمردبوو پێم گوت: وەرە، با پێکەوە هەڵبێین. کچەکە گوتی: دەترسم؛ کە سەربازەکان تەقەیان وەستاندو دەستیان بە قسان کرد، ئێمە لە قۆرتەکە رامان کرد. بەلام کیژەکە نەدەهاتە دوێ و یەکێك ئەوی گێڕایەوە. کیژەکە تەمەنی نزیکەی ١٥ ساڵ بوو و ناوی سەرگوڵ بوو و دانیشتووی هەوارەبەرزە بوو.

من لە هۆش خۆم چووم. ئەوان چاڵەکانیان پڕ کردەوە. من دەستم بە ڕۆیشتن کردو گەیشتمە ماڵە عەرەبێك. سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە. ئەو عارەبانە خزمێکیان لە سەماوە هەبوو و منیان بردە ئەوێ. یەکێکیان برین پێچ بوو و دەرمان و شاشی برینی بۆ هێنام. برین پێچەکە لەگەڵ هێزی بەرهەڵستکار کاری دەکرد سوپا پێ ی زانی و ئیعدامیان کرد. ماوەی سێ ساڵان لەگەڵ ئەو ماڵە عارەبە مامەوە

کوڕێکی ئەو ماڵە عارەبە لە سولەیمانی سەرباز بوو و ئەم بەسەرهاتەی بۆ برادەرێك گێڕابۆوە. برادەرەکەی مامی (خاڵمی) دۆزیەوەو گەڕامەوە باکوور.

تەیموور یەکێکە لەو زیندووە کەمانەی کە لە هەڵمەتی لەناوبردنی عێراقی ڕزگاریان بووە. ناوی هێمایی و پڕرازی ئەو هەڵمەتە (الانفال)ە و لە ئایەتێکی قورئان هاتووەو بەو پێ یە بەتاڵانبردنی ژن و موڵکی گاورانی حەلال کردووەو ناوەکەشی سروشتی ئەو هەڵمەتە دەردەخات. هەرکە باری سوپایی لە کوردستاندا ڕووەو لێژی بوو لەبەرەو کۆتایی هاتنی شەڕی عێراقی - ئێرانی دا، سەدام (علی حسن مجید)ی ئامۆزای خۆی کردە فەرمانڕەوای ناوچەی کوردستان. پاشان مەجید فەرمانێکی دەرکرد کە بەزمانێکی وا گوترابوو هەر زۆر بە سەیری فەرمانی «ڕەشەباو تەم» (strum und nebel)ی نازی یەکانی بیر دەخستینەوە. لەو فەرمانەی دا، هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشەیی لە کوردستاندا کردە ناوچەی تەقەی ئازاد کە نابێ مرۆڤ و گیانەوەری تێدا بژی. لە ڕەشەممەی ۱۹۸۸دا سوپای عێراقی کەوتە بزووتنەوە بەرەو ناوچەی تەقەی ئازادو کەوتنە خڕکردنەوەی خەڵکی مەدەنی. وا پێ دەچێت زۆربەیان هەمان چارەنووسی خێزانی تەیموور عەبدولیان بە چاوی خۆیان دیبێت. پاشان لە ئۆگستی ۱۹۸۸دا عێراق دەستی کرد هێرشی گازی ژاراوی بەسەر گوند نشینەکانی ناوچەی تەقەی ئازادا. هێرشی گازی ژاراوی وەستا دوای ئەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی «یاسای لەهێشتنی کۆمەڵ کوژی»ی دەرکرد، کە ئەویش لەژێر چاودێری (سەناتۆر کلایبۆرن پێل) دابوو و داوای سەپاندنی سزایەکی توندی دارایی و بازرگانی بەسەر عێراقدا کردبوو.

ئەم سزایە هەڕەشاویانە عێراقیان ترساند لە بەکارهێنانی چەکە هەرە بەهێزەکەی هێرشی (الانفال)، بەڵام یاسای سزای پێشنیار کراو نەخرایەکار لەبەر نارەزایی میری (ریگان)و هەڵمەتی (الانفال)یش هەر بەردەوام بوو.

سەرکردە کوردەکان سەر ژمێری مردووانی هەڵمەتی (الانفال) لەنێوان (٥٠) هەزار کەس تا (١٨٢) هەزار کەس دادەنێن، ئەوان تا ئێستا لیستەی دە هەزار کەسی تیاچوویان نووسیوەتەوە؛ هەرکە هەوڵی پتریش دەدرێت بۆ تۆمارکردنی بەڵگەکانی هەڵمەتی (الانفال)، سەرژمێری مردووان ڕوو لەزیادی دەکات. یەکێك لەمەرجە سەرەکیەکانی ڕێکەوتنی پێشنیازکراوی ئۆتۆنۆمی نێوان بەغداو کوردەکان بریتیە لە بەردانی هەر هەموو زیندانییە سیاسیەکان. لەگەڵ

ئەوەشدا ، هەر کە سەرکردە کوردەکان مەسەلەی گیراوانی هەڵمەتی ئەنفالیان بردە پێشەوە ، زۆر بەساکاری پێ یان گوترا : « هەر گیراوێکی پێش ۱۹۹۰ لەبیری خۆتان ببنە دەرەوە ، ئەوانە بوون بە مێژوو »

## و- مینەکانی حاجی ئۆمەران :

( رۆ ماك گراث ) رقی خۆی پێ نا خوریتەوەو دێژیت : « هەر بەڕاستی ئەو خەڵکە لەناو کێڵگەی لوغمدا دەژین . تۆ ئەو قوتیلکە تەلدارانەی ئەوێت لێ دیارە . هەر دەست لەتێلەکە بدەیت لوغمەکە ۲ر۱م لەهەوادا بەرز دەبێتەوەو پاشتر دەتەقێتەوەو هەزاران پارچە ساچمە بەهەموو لایەکدا پەرت و بلاودەکاتەوە . ئەو لوغانە پێکدی بەستراونەتەوە . یەکێکیان بتەقێتەوە ، هەوو دەتەقنەوە . ئەو خەڵکە هەر گوێ بەو لوغمانەش نادەن . خەڵکی ئەو ناوەیان کردۆتە ئاودەست و رۆژێك کەسێك ئەو لوغمانە دەتەقێنێتەوەو سەرپاکی ئەو چادرگایەی ئاواران تیا دەچێت . من بە ( لیژنەی باڵای نەتەو یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان ) (UNHCR)ی ( دیانە )م گوت کەوا ئاوارەکان لەناو کێڵگەی لوغمدا دەژین ، ئەوانیش پێمیان گوت : « نابێ ئەوان لەوێ بژین » ، رقی ( رۆ ی ماك گراث ) لەبەر چادرگایەکەیەکی ئاوارانە لەسەر سنووری عێراقی . ئێرانی نزیك حاجی ئۆمەران . زۆربەی ئاوارەکان خەڵکی کەرکوکن و لەناو رەبیە جێهێلراوەکانی عێراقدا دەژین . ئەو رەبیانە بەلوغم دەورە دراون ؛ هەردوو جۆرە لوغمی لێیە . بەتەل و جۆرە بچووکە پلاستیکییەکە . هەندێك لوغم بە وریایی دانراونەتەوە ، بەلام وادیارە ئەوانی تر بەپەلە دانراوتەوە کە ئازاری سوپا کێشایەوە .

ئەم ئاوارە کەرکوکیانە بابەتێکی تایبەتن . ئەوان ئەو جێگایەیان بۆ ژیان هەڵبژاردوە کە یەکێکە لەو سنوورە هەرە درندانەو سوپاییانەی چەرخی نوێ . ( ئەو ئاوارە تایبەتیانە لەسەر سنوور دەمێننەوە . چونکە ژیانێکی کۆڵە مەرگی بە ئاچاغچیەتی تۆی گوڵە بەرۆژە بەسەر دەبەن . لەبەر ئەوەی خەڵکی کەرکوکن ، ناتوانن بچنەوە ماڵ و هیچ سەرچاوەیەکی دی ژیانیان نیە ) . بەهەر حاڵ ، کێشەی لوغمەکان پتر کێشەیەکی گشتی یە .

( رۆ ی ماك گراث ) پسپۆرێکی کەرەسەی جەنگی ئوسترالیەو لەلایەن رێکخراوی ( چاودێری رۆژهەلاتی ناوەڕاست )ەوە نێردراوە بۆ چاوخشاندنێك بە کێڵگەکانی لوغم لە کوردستاندا . ئەوەی ئەو دۆزیەوە ئومێد بڕ بوو . پاش راگواستنی گوندە کوردیەکانی ناوچە بڤەکان ، عێراق ئەو ناوچانەیان بە لوغم چاند تا کەس نەگەڕێتەوە ئەوێ . لە ئەنجامدا ، بەشێکی هەرە زۆری ناوچە چیاییەکانی کوردستان بۆ نیشتەجێبی ناشێن . ماك گراث ، لەو باوەڕەدایە کە هەندێ ناوچەی لەوەڕی چیایی دەکرێ لەمین پاك بکرێتەوە ئەگەر کوردان مەشق بدرێن چۆن کێڵگەی لوغم نیشان بکەن و لەمین پاکیان بکەنەوە . هەروا

دەڵێت ، هەندێ ناوچەی دی هەرگیز پاك ناکرێتەوە .

لە ئەنجامی گەڕان بەناو کوردستاندا ، مرۆڤ بەتووندی هەست بە لوغم دەکات . مرۆڤ پێی ناکرێت بەناو وێرانەی ناوچەی ( بارزان )دا بگەڕێت کە گوندی بنەماڵەی بارزانییە ، چونکە ناو و دەرەوەی گوند بەمین چێندراوە . هەرجارەی مەسعود بارزانی بێتە سەردانی وێرانەی ئەو خانووەی باوکی دروستی کردبوو ، لەوناوەدا پیاسە ناکات .

چیاکانی رۆژهەڵاتی سولەیمانی و نزیك پێنجوێن جوانن بۆ تەماشا ، بەڵام مەرگ بەخشن گەر پیاسە بکەیت بەناویانا . بارانی بەهاران هەندێ ئەو لوغمانەی چیا دەشۆرن و لەگەڵ لێزمەی وەرزانە دەڕژێنە ناو رووبارەکانی کوردستان . لەو چەند ساڵی ئاییندەدا ، کوردەکانی ناوچە ئاسایشەکان ، بەلوغمی دەسخەڵەت دەمرن .

مین چاندن لەگوندو دێهاتەکانی کوردستاندا ، ڕوویەکی دیکەی ستراتیژیەتی سەدام حوسێنە بۆ چۆڵکردنی دێهاتی کوردستان . لە ڕوانینی ژینگەییەوە ، ئەمە کاریگەریەکی سەیری هەیە . گیانەوەری کێوی ، کەوا دەزانرێ لەمێژە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نەمابن ، دێنەوە ئەو هەوارگەیەی مرۆڤی لێ دەرکراوە ، سەردانکاری ناو دێهاتە بەمین چێنراوەکان ، دەتوانن خەرتەلی مەزنی ( شێزان Shezan ) کە جۆرە خەرتەلێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بناسنەوە ؛ هەروا دەڵێن ورچ و گورگ ژمارەیان روو لە زیادیە ؛ وا پێ دەچێت لوغمەکان کەمتر لە مرۆڤ هەڕەشە لە ژیانی گیانەوەرە کێویەکان بکەن وەك لە مرۆڤی دەکەن .

رق و کینەی ( رێ ی ماك گراث ) لەو کۆمپانیا ئەورووپیانەیە کە ئەو لوغمانەیان فرۆشتۆتە عێراق و وەك ئاشکراشە گوێ بەوە نەدراوە عێراق چۆن ئەو لوغمانە بەکاردێنێت . ماك گراث لەو باوەڕەدایە عێراق لەدانانەوەی ئەو لوغمانەدا یاسای جیهانی شکاندووە . بۆ نموونە ، شکاندنی ئەو رێکەوتننامە لەو لایەنەوەیە کە دەبێ کێڵگەکانی مین دیار بکرێن و بەکارهێنانیان یاساغ کراوە لەو شوێنانەی خەڵکی مەدەنی پێ بریندار دەبن . هەروا ماك گراث بڕوای وایە ئەو کۆمپانیایانەی ناردووشیانە زانیوویانە مەسەلەکە هەروایە . ماك گراث گوتی ئەو وای پێ باشە داوا لە کارگێڕانی لوغم بەرهەم هێنان بکرێت بێنە کوردستان و بەرهەمەکانیان لاببەن . هەروا گوتیشی ( بەزەردەخەنەوە پێشنیازی کرد ) کە ئەو مەشقیان پێ دەکات و رەنگە هەموو شتێکی پێویست بەو کارگێڕانە نەڵێت .

## ز. تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی :

مادەی ( ٦ )ی پەیماننامەی دادگای نۆرینبێرگ تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی وا پێناسە دەکات : « کوژتن ، لەناوبردن ، بەکۆیلە کردن ، لەوڵات بەدەرنان یان هەر کارێکی نامرۆڤانەی دی کە دژ بە دانیشتوانی مەدەنی بکرێت پێشی شەڕو لەکاتی شەڕدا ، یان هەرچەوساندنەوەو جەزرەبەدانێکی دی لەسەر بناغەی

سیاسی ، رەگەز یا ئایین لەکاتی بەجێ گەیاندنی هەر تاوانێکەوە یا هەرچی پەیوەندی بەتاوانەوە هەبێت . جا ئەمە بە شکاندن یان نەشکاندنی یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە بێت کە کاری پێ دەکات » .

رەفتاری سەدام حوسێن و هاورێکانی لە کوردستاندا . لە وڵات بەدەرنانی کوردە مەدەنییەکان ، لەناوبردنی بەکۆمەڵ ، بەکارهێنانی گازی ژاراوی دژی گوند نشینە کوردەکان ، ئازاردانی رۆتینی ، چۆڵکردنی ناوچەی فراوان . بێ گومان دەگەنە ئەو پێوانانەی کە لەپەیمانی نۆرینبێرگ وا هاتووە . ئەو تاوانانەی لە کوردستاندا کراون چ بەژمارەی قوربانیەکانی و چ لە ئاستی وێرانکردن دا زۆر لەوە پترن کە مێژە عێراقیەکان لە کوێت دا کردیان . هەڵبەتە ئەو تاوانانەی کە لە کوردستاندا کراون بەشێکن لەو تاوانانەی رژێمی بەعس دژی گەلی عێراق کردوویەتی . زۆر لەمێژە زۆرینە شیعیەکەی عێراق دەچەوسێنرێنەوەو سەرکوتکردنەوەی یاخی بوونی ئازاری ۱۹۹۱ لە خواروودا هەر یەگجار درندانە بوو ، لە کاتێکدا ئێستا خوارووی عێراق بەتەواوی دەرگای جیهانی دەرەوەی لێ داخراوە ، زۆر بەڵگەی بە کۆمەڵ کوژتن و بەد رەفتاری بەردەوامی دیکە هەن وەك لەناو بردن و ئازاردان .

پەیماننامەی کۆمەڵ کوژی وا پێناسەی کۆمەڵکوژی دەکات : « سەرجەمی هەر کارێکە لەوانەی خوارەوە بەنیازی لەناوبردنی بەشێك یان تێکرای کۆمەڵێکی نەتەوەیی و تیرەیی (ethnical)و رەگەزی (racial)و ئایینی بەشێوەیەك کە ( ) ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بکوژێت (ب) ئازارێکی جەستەیی یان دەروونی (mental) مەزن بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بگەیەنێت ؛ (ج) بە ئەنقەست بارێکی ژیانی وا بەسەر ئەو کۆمەڵەیەدا بسەپێنێت کە ببێتە هۆی لەناوبردنی جەستەیی هەموویان یان بەشێکیان . »

رەفتاری عێراق لە کورستاندا وەك دەردەکەوێت گەلێ نیشانەی تاوانی کۆمەڵکوژی تێدایە . وێرای کوژتن و ژاربارانی کوردان ، سیاسەتی بەعس و بەتایبەتیش وێرانکردنی گوندو شار ، لەوە دەکات ویستبێتی کوردەکان بەرەبەرە لە پارچەیەکی بچوکتری عێراقدا بگیرسێنێتەوە . تاوانی کۆمەڵکوژتنی نازییەکانیش هەرگیز یەکسەر دەستی پێ نەکرد ؛ بەڵکو ئەویش بەزنجیرەیەك هەنگاوی بچووك دەستی پێ کردوو تەنهاساڵەکانی پاشتر بە ژووری گازو چادرگای لەناوبردن گەیشت . لۆجیکی سیاسەتی سەدام حوسێن بەرامبەر بەکورد لەوە دەکات بەرەو چارەسەری خۆی بچێت . دەست تێخستنی جیهانی بوو شەڕی سەدامی دژی کورد راگرت ؛ بەبێ چاودێری دونیا ، ئەو شەڕە دەست پێ دەکاتەوە .

« ۱ » مێژووی راپەرینی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ بە دروستی لەو مێژووە دەستی پێنەکردووە کە نووسەر ئیشارەی پێداوە ، بەڵکو سەرەتای راستەقینەی ئەم

مێژووە پیرۆزە رۆژی « ٤ی ئازاری ١٩٩١ »ە - رابوون -
« ٢ » مەبەستی نووسەر : شەڕی گەورەی دەربەندی گۆڕێیە

تێبینی : ناوی سەرچاوەکە بە ئینگلیزی :

(Kurdistan in the Time of Saddam Hussein)

A staff Report to the Committee on Forign Relations of the United States Senate
Washington, 1991
(U.S. Government Printing Office)

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 9 -1994



Editor in chief

*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Technical Editor

*Dylan Dersim*



Sweden

100!-

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 9- 1994



یەکەمین دیرۆکنووسی کورد- میر شەرەفخانی بەدلیسی